تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

د. شاکر نابولسی

لەبارەی کوردو عیراق و چەند پرسێکی فکری و سیاسیەوە

وەرگێرانی: عەدالەت عەبدوڵلا

لەبارەی کوردو عیراق و
چەند پرسێکی فکری و سیاسییەوە

نووسینی
شاکر نابولسی

وەرگێڕانی
عەدالەت عەبدوڵڵا

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)
سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١
کۆڵانی: ٤٤
ژ. خانوو ـ ١

www.hoshiari.org
govarynovin@yahoo.com

* ناوی کتێب: لەبارەی کوردو عیراق و چەند پرسێکی فکری و سیاسییەوە

* نوسەر: شاکر نابولسی

* وەرگێڕانی : عەدالەت عەبدوڵڵا

* دیزاینی ناوەوەو بەرگ: ئەمیرە عومەر

* تیراژ: (١٠٠٠) دانە

* ژمارەی سپاردن: (١١٩٩)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی وەزارەتی رۆشنبیری

* ژ. زنجیرە: (٢٩٦)

* لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری ی. ن. ک

ناوەڕۆك

بابەت	لاپەڕە
پێشەكی / شتێك لەبارەی ئابولسیەوە	٥
ئەسكی یەكەم / لەبارەی كوردەوە	
- مافی ئێپرسینەوەی كورد، لەچەتەكان!	١١
- كورد لەگفتوگۆی عەرەب دا	١٧
- هۆنۆكۆستی بەعسییانە	٢٥
- بۆ ئەوەی شاڵاوەكانی ئەنفال دووبارە نەبنەوە	٣٢
- مانگی ڕەوپێكردن و ئازادكردن	٣٨
- دۆزی كورد لەفكری نوێی ئوردنیدا	٤٣
- بۆ ڕزگاركردنی عیراق، قەرەزاوی: (پیاوە پێویستەكە)، هاوار بۆ كورد دەب!	٤٩
- بەئاگاهاتنەوە لەمەسەلەی كورد	٥٧
- چۆن ئەتوانین پشتیوانی لەگەڵی كوردی سوریا بكەین؟	٦٤
ئەسكی دووەم / لەبارەی عیراقەوە	
- شەڕی ئەهلی عیراق، خەون و وەهم	٧٥
- ئایا بەراست، یەكبوونی عیراق لەدابەشبوونیدایە	٨٢
- ئێمەین دزەكانی عیراق نەك ئەمریكا!	٩٠
- گەلێك، كە ئاشتنی زۆردارەكەی خۆی ڕەت دەكاتەوە!	٩٦
- سوود و زیانەكانی هەڵواسینی سەدام	١٠٤
- دوواین مەچی ئەمریكا بۆ عیراق	١١١
- لەرەچەتەی بیكەر- هەملتۆندا، كەمیە چارەسەر؟	١١٩
- میوەی حەرامكراو	١٢٧

- لیبراڵە ڕەشبینەکان ١٣٤
- دانبەخۆدا بگرن، جەنگ هێشتا کۆتایی نەهاتووە ١٤٣

بەشی سێیەم: چەند بابەتێکی فکری و سیاسی

- بۆچی داگیرکردنی کولتورییان بۆ ئێمە، سەرکەوتنی بەدەست هێنا؟ ١٥٣
- تیرۆریزم و تاوانی ڕووناکبیران ١٦٠
- بۆچی گەلانی عەرەب وەك سەگەکەی دیستۆفیسکی - یان لێهاتووە؟ ١٦٨
- ئایا کۆلۆنیالیزم دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی عەرەبی؟ ١٧٦
- ئایا تیرۆریزم ڕەگ و ریشەی کۆمەڵایەتی هەیە؟ ١٨٢
- کۆمەڵگای مەدەنی، کلیلی دیموکراسیی تەندروستە ١٨٩
- هەردوو شێخ و دیالۆگی کەڕەکان ١٩٥
- پاشەڕۆژی کۆمەڵگەی مەدەنیی عەرەبی، چییە؟ ٢٠٢
- هەندێ لەمتاستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتنی شارستانیمان ٢١٠
- ئێران، بەرخێکی کەم حەماس دەکرێ ٢١٦

بەشی چوارەم: گفتوگۆیەکی فکری - سیاسی

- عیراقی نوێ و جیهانی عەرەبی و نەتەوەی کورد ٢٢٣

پێشەکی

شتێك لەبارەی نابولسییەوە

سەرەتای ئاشنابوونمان بە نووسەر و بیرمەندی لیبرالیستی عەرەب د. شاکر نابولسی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٨ .لەو مێژووەوە یەکێکین لەو خوێنەرانەی کە لەگەڵ خوێندنەوەی هەر وتارێك، لێکۆڵینەوەیەك، کتێبێکی ئەم نوسەرو بیرمەندەدا، پێش هەر شتێك، هەستمان بەدەنگێکی ئازاد، راشکاو، رەخنەگر، ناراسیست، کردووە، ئەمە لەرۆژگارێکدا کە دەزانین ژمارەی ئەو نوسەرە عەرەبانەی لەئاوازی رەگەزپەرستانەدا نوقم نین و دەتوانن بەرووی کێشە و قەیرانە گرگرتووەکانی ئەمڕۆی جیهان و ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا بکرێنەوە، یان تێڕوانێکی قوڵتریان بۆ هاوکێشە و رووداوەکان هەبێت، ئێجگار کەمن. کەمیشن ئەوانەی بوێرن پێچەوانەی شەپۆلی رۆشنبیریی سیاسیی تەقلیدیی عەرەبی یان هۆشیاریی سیاسیی رەسمیی دەوڵەت بیربکەنەوە و بنووسن، جیاواز لەو دید و گوتارە ئایدیۆلۆژییە ناسیۆنالیستییەش سەیری مرۆڤ و کۆمەڵگە و جیهان بکەن کە بەشێکی زۆری نوسەرانی عەرەبی تێدایە.

خەسڵەتێکی تری نابولسی کە لەزۆر نوسەری تری عەرەبی جیادەکاتەوە، رەخنەگرتنی بەردەوامێتی لەسیستمی حوکمڕانێتیی ولاتانی عەرەبی. کەم رژێمی عەرەبی هەیە. نابولسی راشکاوانە قسەی لەسەر ستەمکاری و پێشێلکردنەکانیان لەبوارەکانی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان و مافی مرۆڤدا نەکردبێت. لە هەر کۆمەڵگایەکی عەرەبیدا ئازادی کەوتبێتە بەر هەڕەشەوە، ئەو دەستبەجێ وەك نوسەرێکی

لیبراڵخواز، دەنگی هەڵبڕیوە، لەکوێشدا ستەمکاری و دیکتاتۆرییەت ئامادەبوو بێت رەخنەی توند و رادیکاڵانەی خۆی لێ گرتووە. رەنگە هۆکارێکی سەرەکیش بۆ گێرسانەوەی لەتاراوگە و بەتایبەت لە وڵاتە یەکگرکرتووەکانی ئەمریکا و دووریی لەنیشتمانی خۆی (ئوردن)، هەر پەیوەندیی بەو روحە ئازادیخوازە یاخییەوە هەبێت کە هەیەتی و، ستەمی ئەو دەسەڵاتە عەرەبییانەش کە رێ نادەن ئازادانە بیربکاتەوە و بنوسێ و هەڵوێست وەربگرێت. کەلەپوری نوسینەکانی نابولسی لەسەر رژێمی بەعس لەعیراقدا (١٩٦٨-٢٠٠٣) و، لەپێناوی گەلانی عیراق و داکۆکی کردنی لەگەلی کورد و پشتگیریی کردنیشی لەپرۆسەی ئازادی، کەلەپورێکی رۆژنامەنووسی و رۆشنبیریی دەوڵەمەندە. من بەدرێژایی پێنج ساڵی رابردوو، واتە لەگەرمەی دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادیی عیراقەوە ٢٠٠٣/٤/٩ هەمیشەو بەپێی بوار و توانا و کات چاوێکم لەسەر ئەو ئەدەبیاتە میدیایی و رۆشنبیرییەی جیهانی عەرەب بووە کەتایبەت بوون بەم رووداوە گرنگە. لەو ئاستەدا جگە لە بیرمەندانی وەك هیشام جەعیز، کەنعان مەکیە، عەلی حەرب، بورهان غەلیون و فوئاد عەجمی وهەندێ ناوی تر، هیچ نوسەرێکی تری دیاری عەرەبم نەدیوە وەك د. شاكر نابولسی رەخنەی لەستەمکاریی بەعس گرتبێ و خاوەن تێگەیشتنێکی جیاواز بێت بۆ روخانی ئەو رژێمە. نابولسی لەگەڵ ئەم رووداوە مێژووییەدا دەست بەنووسینی دەیان و سەدان وتار لەکەناڵ و رۆژنامە وسەکۆ و ماڵپەرە جیاوازەکاندا دەکات بۆ ئەوەی لەم پرۆسەیەدا ئازادبوونی گەلانی عیراق بەرووداوێکی گرنگ بنرخێنێ، بۆ ئەوەی لەناو هەڵای ترسیش لەداگیرکاریی ئەمریکا ئەو دەسکەوتە مێژووییە بەکەم نەگیرێت کە رزگاربوونی عیراقییەکانە لەدیکتاتۆرترین رژێم لەدنیادا. ئاستێکی تری فکری نابولسی

بیرخستنەوەی کێشەی کوردە لەعیراق و داکۆکیکردنێکی ویژدانییانە و ئاکارییانەیە لەم کێشەیە، دواتر هەڵوێستوەرگرتنی رەخنەگرانەش لەزۆر برگەی مێژوویی کەلەدوای پرۆسەی ئازادیی عیراقەوە دێنەگۆڕێ.هەموو ئەو سەرمایە ئەخلاقی و رۆشنبیریەش کەئەم نوسەرە بۆ خۆی کۆی دەکاتەوە و بێباکانەش رووبەڕووی تۆمەت و هەرەشە و ناو و ناتۆرەی نوسەرە قەومەجی و توندڕەوەکان دەبێتەوە،ئارەزوویەکی گەورەی لا دروستکردین بۆ ئەوەی، بەهەر شێوەیەك بێ، پەیوەندیی پێوە بکەین.

سەرەتای پەیوەندیمان ساڵی ٢٠٠٦بوو، ئەمەش بەهۆی پۆستی ئەلکترۆنی و تەلەفۆنەوە، دواتر رێککەوتین دیالۆگێکی دوورودرێژ ئەنجام بدەین و لەسەر چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بەعیراق و کورد بدوێن. ئەو دەستبەجێ ئەم بیرۆکەیەی قبوڵکرد تا دواتر کار گەیشتە ئەوەی لەسەر کۆنتراکتێکی رۆژنامەوانی رێکبکەوین کە بریتی بوو لە نووسینێکی هەفتانە بۆ رۆژنامەی رۆژانەی کوردستانی نوێ و وەرگێرانی بابەتەکەش لەلایەن بەندەوە.

دوای ئەو رێککەوتنە کەخۆشبەختانە بەخەمخۆریی هەردوولامان و هاریکاریی گەورەی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بەزوویی چووە بواری جێبەجێکردنەوە، سەرەتای هاوینی ٢٠٠٧یش بوارێك هاتەپێش لەنزیکەوە یەکتر ببینین، ئەویش بەبۆنەی میوانداریکردنیەوە لەلایەن دەزگای ئەلمەدا بۆ فێستیڤاڵی ساڵانەی مەدا کە ئەو جارەیان لەهەولێر سازکرا، بەر لەو بەروارەش دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوت لەشاری زیورخ-ی سویسرا بەیەك بگەین بەتایبەت دوای ئەوەی کە دەواتنامەیەکی رەسمیم لەرێکخراوی داکۆکیکردن لەکەمینە نەتەوایەتییەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە پێگەیشت بۆ ئەوەی وەك نوسەرێکی کورد بەشداری بکەم.هەڵبەت ئابولسی

زۆری بەلاوە مەبەست بوو کە بەشداربین و لەوێ بەدەیان ناوی تری عەرەب ئاشنابیم کە دیدێکی ئینسانی و ئەخلاقییان بۆ کێشەی کورد هەیە، بەلام لەلایەك لەبەر خراپی باری ئاسایشی شاری بەغدا کە باڵوێزخانەی سویسرا-ی لێیە و درەنگ گەیشتنی داوەتنامەکەش لەلایەکی دی، ئەو سەفەرەمان سەری نەگرت، بەلام ئەوەی سەرێگرت درێژەکێشانی کۆنتراکتەکەمان بوو لەگەڵ نابولسی کە خۆشبەختانە تارۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامە بە گۆڕانکارییەکی بچووکەوە، ئەویش وەرگێرانی وتارەکەیەتی لەلایەن دوو رۆژنامەنووسی هاوکارمان لەکوردستانی نوێ کە ئەوانیش دلاوەر عوسمان و ئاری عەلی غەریب ـ ە، ئەمەش بەبۆنەی سەرقاڵبوونی منەوە بەکاری رۆژنامەنووسیی تری رۆژنامەکەوە.

ئەوەی لەم کتێبەدا دەیخوێننەوە بەشێکە لەکۆی ئەو وتارانەی نابولسی کەلەسەر عیراق و کورد نوسیوینی وبەندە وەرمگێراون. بیرۆکەی بەکتێبکردنی ئەم وتارانەش پشتگیری و پشتیوانیی نابولیسی-شی بەدەستهێناوە، بێگومان ئامادەیی دڵسۆزانەی مەکتەبی بیروهۆشیاریی(ی.ن.ك) یش بەچاپکردنی، هەڵوێستێکە جێی رێز و پێزانینمانە. ماوەتەوە بڵێم وتارەکانی ناو ئەم کتێبە لەسات و کاتی جیاجیادا نوسراون، بەشێکی ئەو بابەتانەش کە ئەم کتێبە لەسەریان نەوەستێت کۆتاییان هاتووە یان یەکلابوونەتەوە، بەلام ئەوەی تیایدا بەزیندوویی دەمێنێتەوە دوو شتە، یەکەم: هەڵوێستی ئازادیخوازانەی نوسەر و بیرمەند خۆی، دووەم: سیستمی بیرکردنەوەو تێڕوانینی لەئاست کێشەو قەیران ورووداو و دیاردەکانی ناو جیهانی کورد و عیراق و جیهان.

عەدالەت عەبدوڵلا

بەشی یەکەم

لەبارەی کوردەوە

مافی لێپرسینەوەی کورد، لە چەتەکان ..!

– ١ –

بواری ئەوە نییە مشتومڕ بکرێ لەسەر ئەوەی کە لەهاوولاتیبوونی عیراقییانەداو لە دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵیی عیراقیش لەپاشەڕۆژدا، کوردی عیراق تازە بوونەتە هاوبەشی سوننەو شیعە و هاوبەشی مەسیحییەکان و تەواوی نەژاد و مەزهەب و پێکهاتەکان. کورد هەقی خۆشیانە وەکو خەڵکی دی لە هاوولاتیانی عیراق هاوبەش–ی کارابن لە یشتمانی عیراقدا و، سامانی عیراق و دەسکەوتەکانی بپارێزن و لەسەر هەر ینارێکی عیراقیش بە لێپرسینەوەی ورد لە بەرپرسانی حکومەتی ناوەندی پرسنەوە. بە عەقڵەوە ناچێ و قبوڵیش ناکرێت کە حکومەتی ناوەندیی یراق لە ژێر باری بەرپرسیارێتیی ئەو گەندەڵی و دزینانەدا نەبێت کە بەغدا ەم ڕۆژگارەدا بە خۆوەیان دەبینێت و ئەوەیان دووپات کردووتەوە کە ئەوە

ئێستا هەندێ لە بەرپرسانی عیراق خۆیانن کە دزی لە عیراق دەکەن نەک داگیرکەری ئەمریکی یان بەریتانی. ئەو ئابڕوچوون و بۆنە پیسانەش کە لوت توشی هەڵامەت دەکەن و رۆژانە لە بەغداوە دێنە دەرێ ئاماژە بەوە دەکەن کە نوخبەی سیاسیی عیراق کە لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست لە قەیرانێکی ئەخلاقی و قەیرانی بوونی پرەنسیپی سیاسیی شەریفانەدان و، بگرە روخانی سەدام و ئازادبوونی عیراق خراپییەکانی نوخبەی سیاسیی جیاواز-ی عیراقی ئاشکراکرد. دوای هیچ جەنگێکی ئازادکردنی هیچ گەلێکیش لە گەلانی مێژوودا رووی نەداوە گەندەڵی و دزی هەبێ وماڵی گشتی بەتاڵان ببرێ، بەڵکو زانراوە کە گەلانی ئازاد و رابەرانی ئەم گەلانە لە هەر ماوەیەکی رابردوو پەرۆشتر بوونە بۆ نیشتمان و پارە و پوولی نیشتمان، چونکە نیشتمان لە دوای هەموو شەرێکی رزگاریخوازانە دەبێتە موڵکی هاوولاتیان نەک هی فەرمانڕەوا ستەمکارە گەندەڵەکان. هەموو هاوولاتییەکیش، جا بەرپرس بێت یان نابەرپرس. هەست دەکا کە ئیدی نیشتمان ماڵی ئەوە و پێویستە پارێزگاری لێبکا و لە دژی چەتەکان و رێگەکانیش بەرگریی لێ بکات.

– ٢ –

چاودێرانی ناو عیراق و دەرەوەی عیراق و ناو نیشتمانی عەرەبی و دەرەوەی، پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد کە تالانکردن و راو و رووت و گەندەڵی لە بەغدادا بگاتە ئەو رادەیەی کە ئێستا هەیە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی ئەو نوخبانەی کە بە دوای فەرمانڕەواییکردنی بەغدادا هاتن لەو نوخبە ئاینییە رۆشنبیر و خوێندەوارانەن کە لە خوای خۆیان و لە

ویژدانیان دەترسن و لەو هەقەش کە نیشتمان و خەڵکەکەیان هەیانە. بەڵام کە عیراق ئاوا وەربچەرخێ بۆ بانکێکی بەتاڵانبراو و، بۆ کێڵگەی گەندەڵی و، بۆ گۆڕەپانی ئاژاوە و، بۆ قەسابخانەیەکی رۆژانە بۆ عیراقییەکان، ئەوە دەبێ کورد لە ئاست حکومەتی بەغدادا هەڵوێستێکی روون و راشکاوانەی هەبێت.

تەنها ئەوە بەس نییە بۆ لێپرسراوان لە هەرێمی کوردستاندا کە لە بواری داراییدا لەسەر ئەو دزینانەی کە لە گیرفانی هەموو عیراقیەکان و لە ناویاندا کورد دەدزرێت، لە بەرپرسانی بەغدا بپرسنەوە، بەڵکو لەسەر لێپرسراوان لە هەرێمی کوردستان و رابەری هەردوو پارتەکە: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێویستە کە لەسەر ئەو لەبندەستدەرچوونەی باری ئاسایش و ئارامی و، لەسەر ئەو ئاژاوە ئەمنییەی بەغداش، کە وەك بڵێی نە دەسەڵات و نە دەوڵەت و نە حکومەت لە بەغدادا نەبێ کە وا نییە، لە بەرپرسانی بەغدا بپرسنەوە. دیارە هەرێمی کوردستانیش بەشێکی گەورەیە لە عیراق، ئەوەی لە رووی رزگارکردن و بوونی هێزی بیانیشدا لەعیراقدا روویداوە ئەوە لە هەموو عیراقدا و بە هەمان شێوە روویداوە. لەم رووەوە سەیربکەن کە کورد چۆن توانییان باشییەکانی رزگاربوون وەربگرن و خراپییەکانی بخەنە لاوە. تەماشاش بکەن کە کورد چۆن سوودی لە رزگاربوون وەرگرت بۆ بونیادنانی هەرێمەکەیان لە کوردستان، ئەو هەرێمەی کە ئومێد دەکەین لە پاشەڕۆژدا کوردی تورکیاش (کە ٥٠٪ ی کوردە لە جیهان و بە ژمارە ١٣,٥ ملیۆن کەسە) و کوردی ئێران (کە ٢٤٪ ی کوردە لە جیهاندا و بە ژمارە ٦,٦ ملیۆن کەسە) و کوردی سوریا (کە ٥٪ ە و بە ژمارە ١,٥ ملیۆن کەسە) پەیوەندیی پێوە بکەن. تەماشا بکەن کە چۆن هەولێریش بە هەوڵی رۆڵەکانی و هۆشیارییان

و واقعبینیی سیاسییان سوودیان لەو دەرفەتە سیاسی و ئابوورییە رەخساوانە وەرگرتووە، وای لێهاتووە لە گەشەکردن و ئاسایش و پەرەگرسەندنیدا کێ بەرکێی " بەغدای ئەلرەشید " دەکات.

ـ ٢ ـ

هەولێر ماڵ خۆیەتی کە لەسەر دزینی پارەوپولی بەتالانبراوی گیرفانی عیراقییەکان و لە ناویاندا گیرفانی کوردەکانیش، لە بەغدا بپرسێتەوە. پارەی دەوڵەتی عیراق تەنها پارەی شیعە نییە، بە تەنها پارەی سوننە-ش نییە، بە تەنها پارەی کورد و پارەی تایەفەکان و پێکهاتەکانیش نییە بە تەنها. ئەو پارەیە پارەی هەموو عیراقییەکانە و هەرهەموویان و بێ لێدەرکردن. هەقی هەموو لایەکیشیانە کە لە هەمووان بپرسنەوە.

دوایین ئەو دزینانەی کە هەواڵەکان باسی دەکەن، دەڵێ : بەرپرسان لە وەزارەتی بەرگری لە بەغدا، بە گوێرەی راپۆرتەکان، بەر لە هەڵبژاردنەکان کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا ئەنجام دران، زیاتر لە نیو ملیۆن دۆلاریان خواردووە. تۆڕی تەلەفزیۆنی CB News ی ئەمریکیش لە بەرنامەی " ٦٠ خولەك"دا باسی تۆماری دەنگیی یەکێ لە گومانلێکراوان دەکات کە پێدەچێ مشتومڕی بێت لەسەر حەواڵەکردنی ٤٥ ملیۆن دۆلار بۆ حسابی یەکێك لە گەورە راوێژکارانی سیاسی لە وەزارەتی بەرگریی حکومەتی کاتیی پێشووی عیراق. تەلەفزیۆنەکە بەپێی قسەی لێکۆڵەرە عیراقییەکان، دەڵێ: ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیا بۆ یارمەتی نواندن لە گێڕانەوەی ئەو پارانە، یان دەستگیرکردنی ئەوانەی گومانی ئەوەیان لێ دەکرێ کە ئەو پارانەیان خواردبێت و ئەوانەی کە زۆربەیان لە وولات هەڵهاتوون، هیچ

کۆششێکی زۆر ناکەن. وەزیری دارایی پێشووی عیراقیش ئەوەی بەتەلەفزیۆنەکە وت کە: ((هیچ پشتگیرییەکی شێلگیرانەی رەسمییان نە لەوولاتە یەککگرتووەکان یان بەریتانیا یان هیچ دەولەتێکی عەرەبیی دراوسێیەوە بە دەست نەهێناوە)). عەلاوی کە لە سەرەتای ئەم ساڵدا لەکاتی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عیراقدا پۆستەکەی بەجێ هێشت، ئەوەشی وت کە :((تاقە لێکدانەوەیەک کە بشێت پێشکەشی بکەم ئەوەیە کە، دەرکەوت زۆرێک لەو کەسانەی کە لە عیراقی نوێدا لە ناوەندەکانی دەسەلات و هێزن، تێوەگلاون)). بەردەوامیش بوو و وتی کە : ((ئەگەر ئەو جۆرە کەسانە ببرێن بۆ دادگایی کردن ئەوە بە خراپ بۆ ئەو خەڵکانە دەشکێتەوە کە پشتگرییان کردوون و لە پێگەکانی هێز و دەسەلاتدا دایاننـاون)). گەورەترین گومانلێکراویش لەم دۆزەدا بەپێی قسەی ئەو تەلەفزیۆنە" زیاد قەتتان" ە کە لەو دەمەدا بەرپرسی لیژنەی کڕینی کەلوپەلی سەربازی بووە لەو کاتەی کە وەزارەتی بەرگری ٢,١ ملیار دۆلاری بۆ کڕین تەرخان کردووە. عەلاوی ئەوەشی خەملاندووە کە لە نێوان ٧٥٠ تا ٨٠٠ ملیۆن دۆلار لەو پارانە دزرابێت. لەلایەکی ترەوە، قازی " رازی ئەلڕازی " سەرۆکی کۆمسیۆنی دەستپاکیی عیراق کە لە گەندەڵیی حکومیی کۆڵیوەتەوە، دەڵێ : زۆربەی ئەو پارانەی کە دزراون لە کەرەسەی کۆن و نەشیاودا خەرج کراون.

- ٤ -

ئەمە مشتێکە لە خەروارێك، ئەمە بەتەنها هەر ئەوەشە کە لەو هەواڵانەوە دەیبیسین کە لە بەغداوە دێن. دەشێ هەواڵی زۆرتریش هەبێت لەسەر دزین و گەندەڵیی گەورە. هەر ئەمەشە بەڵای دووەم کە ئێستا بەسەر عیراقەوە بۆتە بەڵا دوای بەڵای لەبن دەستدەرچوونی دۆخی ئەمنی و بەڵای کردەوەکانی رفاندنی خەڵکی مەدەنی کە میلیشیا تایەفەگەرە جیاوازەکان و ئەو تیرۆریستانە ئەنجامی دەدەن کە لەو دیو سنوورەکانەوە و لە وڵاتانێکەوە هاتوون کە نایانەوێ عیراق رزگاربێ و سەقامگیر بێ و پێشبکەوێ و، دیموکراسیی تێدا بچەسپێت.

کورد وەك چۆن هاوبەشن لە یەك نیشتمان و خاك و ئاو و چارەنووسدا، ئاوهاش لە پارەو پولی گشتیدا هاوبەشن. مافی خۆشیانە کە داوا لەحکومەتی بەغدا بکەن حسابێکی گشتگیر . ی سامانەکانی عیراق ئاشکرا بکات کە لەبەرەبەیانی ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ەوەو لەساڵای رابردوودا بە فیڕۆی داوە. ئەمە مافی خۆیان و مافی رۆڵەکانیانە کە لەدوای خۆیانەوە دێن. ئومێدەواریشن مەسەلەکە نەگاتە ئەوەی کە کوردستان پەنا بەرێتە بەر دادگاییەکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی لەگەڵ بەغدادا، ئیتر ئەو ناکۆکییانە بێت کە پەیوەستن بە گەندەڵی و بە تالانبردنی پارەوپولی گشتییەوە، یان ئەوانەی کە پەیوەستن بە گرێبەستەکانی تایبەت بە نەوتەوە کە حکومەتی هەرێم ئیمزای کردوون و، دانی بڕی ٤٨٥ ملیۆن دۆلار-یش کە لە بودجەی ئەم ساڵدا ماوەتەوە و هەندێ لایەن لە حکومەتی عیراق لارییان لە خەرجکردنی هەیە، ئەمە لەگەڵ پشکی کورد لە نوێنەرایەتیکردنیش لە باڵوێزخانە و قونسوڵییەکانی عیراقدا لە دەرەوە.

کورد لە ((گفتوگۆی عەرەب)) دا

— ١ —

ماوەکی کەمە دۆزی کورد خەریکە لەناوەندەکانی رۆشنبیران و دەستەبژێری عەرەبیدا بایەخێکی گەورەی پێ دەدرێت. ئەوەش لەئەنجامی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەیە کە دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێمی کوردستانی عیراق لەبەڕێوەبردنی ئەم هەرێمەدا بەدییهێناوە و لەوەشدا کە کردوێتی بەفیدراڵییەکی نموونەیی بۆ باقی هەرێمەکانی عیراق لەرووی پاکێتیی سیاسی و، ئاسایشی سەقامگیر و، گەشەکردنی ئابوری و، هاتنی سەرمایەگوزاریی عەرەبی و رۆژئاوایی و، پێشکەوتنی رۆشنبیری و، ئامادەیی وڵاتانی جیهان بۆ یارمەتیدانی ئەم هەرێمە لەباری سیاسی و ئابوری و رۆشنبیرییەوە. هەموو ئەو دەرکەوتانەمان لەمیانەی ئامادەبوونی زیاتر لە پێنج سەد رۆشنبیری عیراقی و عەرەبی لە فیستیڤاڵی پێنجەمی رۆشنبیریی رۆژنامەی (المدى) لەمانگی ئایاری ٢٠٠٧ی رابردوودا بەدی

کـرد. لـەو فێـستیڤاڵەدا چـاومان بەسـەرۆك جـەلال تاڵـەبانیش کـەوت و گفتوگۆمـان لەگەڵـدا کـردو گفتوگـۆی لەگەڵـدا کـردین. ئـەم چـاوپێکەوتنەش یەکەمین چـاوپێکەوتنی رۆشـنبیرانی عیراق بـوو لـەناوخۆ و لەتاراوگـە–ش و یەکـەمین چـاوپێکەوتنی رۆشـنبیرانی عـەرەبیش بـوو بەگشتی لەگـەڵ یەکـەم سەرۆك کۆماری دیموکراتدا لەوڵاتێکی عەرەبیی وەك عیراقدا.

لەسـەر نموونـەی هـەرێمی کوردسـتانی عـیراق، دەبوایـە ئێـستا هـەموو عـیراق وابووایــە، هــەموو عــیراق بەئاسـایش و سـەقامگیری و ئـازادی و دیموکراسـی شـادبوایە ئەگـەر ئـەو بـێ ئومێدبوونـە گەورەیـە نەبووایـە لـەو دەستەبژێرە حوکمڕانەی کە لەبەغدان و لە گەندەڵییان، ئەگەر دەستوەردانی وڵاتــانی دەوروداوســێش نەبووایــە لــەکاروباری نــاوخۆ ــ ی و، ئەگــەر تــووڕەیی و دڵـەڕاوکێ و تـرس و تـۆقینی رژێمـە حوکمڕانـە دیکتاتۆرییـە گـشتگیرەکانی وڵاتـانی دراوسـێ نەبووایـە لـەوەی کـە" ئـەوەی لەعیراقـدا لەبەرەبەیانی ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ی پیرۆزدا روویـدا لـەو وڵاتانەشدا دووبارە ببێتـەوە و رژێمـە دیکتاتۆرییەکانی حـوکمڕانی دابڕوخێن و ملـی زۆرداردان بەپـەتا هەڵواسرێ هـەروەك لەعیراقـدا روویـدا و لـە چـەند رۆژی داهاتووشـدا ڕوودەداتــەوە، ئــەویش بەهەڵواســینی ((عــەلی کیمیــاوی)) تاوانبــاری ((ئـاڵاوەکانی ئـەنفال)) و دەستەڕاسـتی زۆردارەکـەی بەغـدا، وەك سـزایەك لەبەرامبـەر ئـەو تاوانـە تۆقێنەرانـەی کـە لەکوردسـتانی عیراقـدا کردوونـی و ئەنجامیداون.

— ٢ —

کەواتــە ئــەزموونی دامەزرانــدنی هــەرێمی کوردســتانی عــێراق ئـەزموونێکی نموونـەیی سـەرکەوتوو بـوو تـا ئـەو رادەیـەی کـە مـن خـۆم لەوتارێکی پێشوومدا (عیراقییەکان لە تاراوگەی ئاورشمیدا ٢٠٠٧/٥/٧) بانگەشەی ملیۆنەها لەو عیراقییانەم کردووە کە لە تاراوگەدان بگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عیراق و بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانیدا بکەن لەجیاتی ئەوەی لە تاراوگەی عەرەبی و رۆژئاواییدا بژین.

پێنەچــێ ئــەزموونی دروســتبوونی هــەرێمی کوردســتانی عــێراق دەســتەبژێری ناسیۆنالیـستیی عــەرەب ـ ی گوێقــوڵاخ کردبــێ، ئــەو دەستەبژێرەی کە لـەرابردوودا نکوڵیی لەهـەر نەتەوەیـەکی دی لـەجیهانی عەرەبیـدا دەکـرد جگـە لـە نەتـەوەی عـەرەب کـە زۆربـەی حزبـە عەرەبییـە ناسیۆنالیستی و ئاینیـەکانیش وەك تاقـە نەتـەوەی نیـشتمانی عـەرەبییان دانابوو، بەتایبەتی حزبی بەعس کە زۆرێك لەپرەنسیپ و چەمکە سیاسـی و ناسیۆنالیـستییەکانی خـۆی لـەفکری ناسیۆنالیـستیی ئـەڵمانی و فکـری سیاسیی نازییانـە و فاشییانە بەشێوەیەکی تایبـەتی وەرگرتبوو، هـەروەك لەسـەرەتاوە لـەماوەی فـەرمانڕەوایی ناسیۆنالیـستییانەی (١٩٤١)ی رەشـید عالی گەیلانی (١٨٩٢ – ١٩٦٥)دا دەرکەوت کە لەگەڵ ئەڵمانیای نازیدا بـوو بـە هاوپـەیمان و لـە بـەرلین سـەردانی هیتلـەر ـ ی کـرد و ئیزگەیـەکی ناسیۆنالیستیی عـەرەبیی لـە بەرلینی نازیدا (لەبەرلینەوە درود بۆ عـەرەب بنێـرن) دروستکرد، ئەوەش بەسەرپەرشتیی میدیاکاری ناسراوی عیراق یـونس بـەحری. ئـەڵمانیای نـازییش لـەو دەمـەدا بەپاڵـەوانی شۆڕشگێڕ و سـەرکردەی نەتـەوەیی لەقەڵەمـدا، پاڵـەوانێك کـە دەیـەوێت کۆلۆنیـالیزمی

بەریتانی و فەرەنسی: دوو دوژمنەکەی ئەو دەمەی ئەڵمانیای نازی، نەمێنێت.

— ٢ —

پێش ئەو کۆڕەی کە (مرکز الأردن الجديد) لە مانگی رابردوودا لە عەمان لەژێر ناونیشانی (برایەتی عەرەبی – کوردی بۆ کوێ ؟) سازیکرد و تیایدا مشتومڕێکی پۆزەتیڤ لەبارەی موحازەرەکەی وەزیری رۆشنبیریی پێشووی هەرێمی کوردستانی عیراق کرا لەنێوان دەستەبژێرانی جیاجیای ئوردن کە لە دوو وتاری پێشوودا لەسەر رووپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیەدا خستمانەڕوو، گۆڤاری (حوار العرب) کە (مؤسسة الفكر العربي) لە بەیروت دەریدەکات، لە ساڵی ٢٠٠٦دا تەوەرێکی تایبەتی لەژێر ناونیشانی (کورد لەگێژەنی عەرەبدا) تەرخان کرد و هەندێ بیرمەندی عەرەب تیایدا نوسییان، لەوانە ((د. مونزر ئەلفەزل)) ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق و ئەندامی لیژنەی نوسینی دەستوری هەمیشەیی و، ((نەسیم خوری)) بیرمەندی سیاسیی لوبنانی و، ((خورشید عەلی و ئازاد ئەحمەد عەلی و تەها خەلیل و رۆستەم مەحمود)) کە ئەمانە نوسەرانی کورد– ی سوریان و، ((مستەفا ئەلجوزو)) لێکۆڵەر و ئەکادیمیی لوبنانی و ((عومەر کۆش)) نوسەر و لێکدەرەوەی سیاسیی سوری و ((قوسەی حسێن)) ئەکادیمیی لوبنانی.

توێژەران بەسەر ئەو بابەتانەدا کە لەسەریان نووسین لەنێوان مێژووی کورد لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و، ((کورد، یان دەوڵەتی مەحاڵ))

کە کورد لەمێژە هەوڵی دامەزراندنی دەدات هەروەك نەسیم خوری نوسیبووی، دابەشبوون. هەندێ لەتوێژەرانی کورد تاووتوێی پرسی ((کورد و فیدراڵی و پاشەڕۆژی عیراق)) یان کرد. هەر لەناو توێژەرەکاندا هەبوو کە چووەسەر پرسی ((کورد و رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی)). دۆزی کورد لە سوریا ـ ش بووە جێی توێژەرانی کوردی سوری. هەروەها کوردی تورکیاش لەم توێژینەوانەیان بەرکەوت بەو توێژینەوەیەی کە ((رۆستەم مەحمود)) لەسەری نوسی. ئەمە جگە لە پێشەکییەکی سەربار لەژێر ناونیشانی ((هەڵەکانی کورد و ماندووبوونەکانیان لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا)) بەپێنوسی ((محەمەد ئەلرمێحی))ی نوسەری سیاسی و ئەکادیمیی بەناوبانگی کوێتی و سەرنوسەری پێشووی گۆڤاری (العربي)ی کوێتی. لەم پێشەکییەدا ئەلرمێحی مێژووی کورد-ی لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا خستۆتەڕوو و باسی ئەوەی کردووە کە ٢٠٪ ی گەلی تورکی لەکورد پێکدێ و، ٢٠٪ ی گەلی عیراقیش و، ٩٪ ی گەلی سوری و، ٧٪ ی گەلی ئێرانییش لە کوردن. ئەم ئامارانەش هەموویان ئاماری وورد نین، چونکە رێژەی کورد لەناو ئەو گەلانەدا زیاترە لەو رێژانە و ئامارگەلێکی فەرمییش بۆ ئەو رێژانە نییە. ئەو ژمارانەش کە بەو جۆرە بڵاوکراونەتەوە، هەمووی ژمارەگەلێکی سیاسین و زۆر کاریان پێ ناکرێت.

لە پێشەکییەکەیدا ئەلرمێحی ئەوەی پوختکردۆتەوە کە کورد لەپاڵ عەرەب و ئێرانییەکان و تورکەکاندا چوارەم نەتەوە پێك دەهێنن لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. ئەلرمێحی دانی بەوەشدا ناوە کە نەتەوەی کورد تاقە نەتەوەی مافخوراوی رۆژهەلاتی ناوەڕاستە کە لەبازدانەکانی پێکهێنانی نەتەوەدا لەدەمی ساڵانی پێکهەڵپرژاوی سەدەی بیست ((نیشتمانی نەتەوەیی))ی خۆیان بەدەست نەهێنا. بەعەسی عیراق کە

لەنێوان سالانی ١٩٦٨-٢٠٠٣دا حوکمی عیراقیان کرد دروشمی ((ناسیۆنالیزمی عەرەبی))یان بەرزکردەوە لەدەمێکدا کە کورد یەك لەسەر سێی گەلی عیراقیان پێك دەهێنا. ئەلرمێحی لەکۆتایی ئەو پێشەکییەی باسمان کرد، دانی بەوەشدا ناوە کە کورد لەعیراقدا توانیویانە هەرێمێکی سیاسیی ماقوڵ لەم ولاتەدا پێك بهێنن کە بە هەلومەرجێکدا تێپەڕیوە و تێدەپەڕێ دەشێت لەناوچەکانی دیکەدا دەستەبەرنەبووبن. لەکاتێکدا کە کورد لەتورکیادا دوچاری سزاوئازارێك بوونەتەوە رەنگە سەختتربێت لەو سزاوئازارەی کە لەسایەی حوکمی سەدام حسێندا دوچاری هاتوون، ئەمەش ئەو پرسەیە کە لەوتاری داهاتوومان‌دا قسەی لەسەر دەکەین ئەو کاتەی کە ئەوەی لە (ئەنفالی تورکیانە) دا روویدا و بێدەنگیی لێکرا، دەخەینەڕوو.

— ٤ —

دیارترین ئەو توێژینەوانەی کە گۆڤاری مانگانەی (حوار العرب) لە تەوەری (کورد لە گێژەنی عەرەبدا)) بلاّویکردۆتەوە، ئەو توێژینەوەیە بوو کە بیرمەندی لوبنانی ((نەسیم خوری)) بەناونیشانی ((کورد، یان دەوڵەتی مەحاڵ)) نوسیویێتی. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ((خوری)) تێڕوانینی خۆی پێشکەش دەکات کە پوخت دەبێتەوە لەوەی کەوا مەسەلەی کورد وەك دۆزێکی دواخراو هەر لەپێش دەمێنێتەوە بەبێ لێکگەیشتن، یان دۆزینەوەی چارەسەرێکی کەمیش بێت بۆ دۆزە جوگرافییە ئالۆزەکانی وەکو کەرکوك و، دۆزە سیاسییەکانی وەکو فیدراڵی، یان دۆزی کولتوری/ زمانی، لەگەڵیشیدا پاشەڕۆژی زمانی کوردی دەخاتەڕوو. ((خوری)) کتێبەکەی ((جۆناسان

راندڵ)) دەکاتـە گـەواهی و ئـەو بەشـەی کتێبەکـە کـە لەسـەر کـورد نوسیوویەتی بەناونیشانی : ((وڵاتی هەزار شۆڕش و هەزار حەسرەت)) کە ئەویش وڵاتی کوردستانی سەرپاگیرە کە عیراق و ئێران و تورکیا و سوریا دەگرێتەخۆ و لەحاڵەتی راپەڕینێکی هەمیشەییدا دەژین. بەڵام سەرکەوتنی خوازراو بەدەسـت نـاهێنن. حاڵیـشیان لەمـەدا وەك حـاڵی ((سـیزیف))ە لەئەفـسانەی یۆنانیـدا کـە تـاوێرە بـەردی لەسـەر پـشت هەڵـدەگرت و سەردەکەوتە سەر بەرزایی شاخ و بەردەکە غلۆر دەبووەوە، پاشان زۆری پـێ نەدەچـوو دادەبەزیـە خـوارەوەی شـاخەکە بـۆ ئـەوەی جـارێکی دی بەبەردەکەوە سەربکەوێتەوە.. ئیدی ئابەم شێوەیە ...

((خوری)) لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەڵێت : جوگرافیای سروشتی رۆڵێکی مێژوویی گرنگی لە پارچەپارچەکردنی کورد و پەرەوازەکردنیان بینیوە بەو جۆرەی کەلەمێژوودا روویداوە. دڵڕەقیی جوگرافیا کە تێیدا دەژین دڵڕەقیو مـەحاڵبوونی سروشـتییانەی ملکـەچ کردنیـان بـۆ ئەوانیـدی لا هێناونەتـە گۆڕێ، ئەوانیـدی کـە کوردیان بەبۆنـەی رەتکردنـەوەیان بۆ ئـەوەی دەوڵـەتی تایبەتیی خۆیان هەبێت، نارەحەتکردووە. هـەروەها ئـەو جوگرافیایە هێزی جەربەزەیی و ئازایەتیی لەجەنگدا لا هێناونەتـە کایەوە. لەو رووەوە کـورد دڵـسۆزییان بـۆ ئیـسلام نوانـدووەو جـەنگاوەری جەربـەزەیان پێـداوە. بـە سـەرکردایەتیی سـەلاحەدین ئـەیوبی . ش رۆڵێکـی یەکلاکـەرەوەیان لـە بەرپەرچـدانەوەی خاچپەرسـتەکاندا هـەبوو. رۆڵێکـی مێـژوویی ئـاینی و رۆشنبیریشیان هەبوو. زۆرێکیش لەناویاندا پێگەی (شێخی ئیسلام)یان لە دەسەڵاتدریی عوسمانیدا بەدەستەوە گرت. تیاشیاندا شاعیر و رۆماننوس و نوسـەری هاوچـەرخ دەرکـەوتن وەك بـۆ نموونـە : ((بڵنـد حەیـدەری، سـەلیم

بەرەکات، محەمەد کورد عەلی)) کە ئەدەبی نوێی عەرەبیان بەشێوەکی گەورە دەوڵەمەند کرد.

قسەمان پەیوەندارە بەشتی تریشەوە...

هۆڵۆکۆستی بەعسیانە

ـ ١ ـ

بەر لە چەند رۆژێك (١٩٨٨/٣/١٦) یادی نۆزدە ساڵەی مەرگەساتی کورد، لە شاری هەڵەبجە، تێپەڕی، ئەو مەرگەساتەی کە لەمێژووی عەرەب و کورددا، وەکو یەك، بەئەندازەی هۆڵۆکۆستێکی سامناك و کەم وێنە بوو. ئەو کوشتوبڕەی کە عەرەب لە ساڵی ١٩٨٨دا بە کوردیان کرد بەکەسی تریان نەکردوە. عەرەبە موسڵمانەکان لە مەدینەی منەوەرەدا جولەکەیان کوشتوبڕ کرد کە بە نەگبەتیی جولەکە ناسراوە، بەڵام ئەم کوشت و بڕە نەگەیشتە ئەو رادەیەی کە لەساڵی ١٩٨٨دا لە هەڵەبجە و ناوچە کوردییەکانیتردا پێی گەیشت. ئایدیۆلۆژیای نازییانەی بەعسیش رۆڵێکی گرنگی لەبەرز کردنەوەی ئاستی ئەو کوشتوبڕ و وەحشیەتگەرییەدا هەبوو. لەم رووەوە، مێژووی عەرەب وەك هەر گەلێکیتری سەر ئەم زەمینە، پێمان دەڵێ: تاوانێکی دوورودرێژمان لەکوشت وبڕکردنی دوژمنەکانمان

هەیە لەپێش ئیسلام و دوای ئیسلامیشدا. بەلام ئیسلام بە ئامۆژگارییە بەخشندەکانی، زۆرجار، فاکتەرێکی گرنگ بووە لە بەمرۆڤانە نواندنی ئەو جەنگ و داگیرکارییانەی کە عەرەب کردونیەتییە سەر گەلانیتری ئەم سەرزەمینە، بەلاّم مێژوو رووداوگەلی کەم وێنە و وەحشیەتگەرانەی وەك ئەوەی تۆمارنەکردووە کە لەساڵی ١٩٨٨دا تۆماری کرد.

ـ ٢ ـ

لەسەر هۆلۆکۆستی بەعس لەعیراق زۆرشت نوسرا ئیدی لە دژی کورد بووبێ یان شیعە و سوننە لە ئۆپۆزسیۆنی عیراقدا. دکتۆر جەواد هاشم-ی وەزیری نەخشەدانانی پێشووی عیراق کە لەحوکمی سەدام هەڵگەڕایەوە و پەنای بۆ کەنەدا برد، لە کتێبە گرنگەکەیدا (مذكرات وزير عراقي مع البكر و صدام ١٩٦٧-٢٠٠٠) چیرۆکی ئەو مەرگەساتە بەکۆمەڵانە دەگێڕێتەوە کە ئەو حوکمە بەرپای نەکردبوون کە لەعیراقدا هەبوو بەڵکو چەتە حوکمڕانەکانی بەعس لە عیراقدا بەرپایان کردبوون. لەم رووەوە، لەعیراقدا حوکمڕانییەکی سیاسیی بوونی نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێك چەتە حوکمڕانییان دەکرد، سەرۆکی ئەو چەتانەش سەدام حسێن بوو کە دەیان ساڵ بە لۆژیکی چەتە حوکمڕانیی عیراقی دەکرد نەك بەهیچ لۆژیکێکی ئەو رژێمە حوکمڕانە داپڵۆسێنەر و ستەمکارانەی کە مێژووی ئادەمیزاد بەخۆوەی بینیون. بەر لەچەتەیی بەعس لە عیراقدا، چەند شێواز و دەرکەوتێکی نازیزمییانە هەبوو ـ نازیزمییانە لە تاوانکاری و ستەمکاری و توندوتیژیی ـ یدا، لە ئەڵقەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیەشدا کە ئێستا لە ئامادەکردنیدان ئاشنا دەبین بە (داپڵۆسین و سزا لە مێژووی بەعسیزم و نازیزم) و بەو نزیکانە

لەلاپەڕەکانی (ئیلاف) و ئامرازەکانی تری راگەیاندندا دەست دەکەین بە بڵاوکردنەوەیان و ئینجا لە کتێبێکدا بەم ناونیشانەوە بڵاویان دەکەینەوە: چۆن بەعس لە عیراق و سوریا بەشێوەیەکی تایبەتی فقهی توندوتیژی و ستەمکارییان دامەزراند کە ئاسەوارەکانیان لەجیهانی عەرەبیدا تاوەکو ئێستاش ماون.

- ٢ -

عیراقییە ئازادیخوازەکان و لەو عیراقییە ئازادیخوازانەش عەبدولخالق حسێن دیمەنگەلێکی خێرامان لە هۆلۆکۆستی بەعس، کاتێک کە لەدەسەڵاتدا بوو، بۆ دەگێڕێتەوە. دەڵێ: حزبی بەعس لە دوای ئەوەی کە لەکودەتای ٨ ی شوبات - ی ١٩٦٣ حوکمی گرتەدەست تیرۆری دەسەڵاتی لەدژی گەل بەکارهێنا و نزیکەی ٢٠ هەزاری کەسی لەباشترین هاوڵاتییە عیراقییەکان لە دیموکراتەکان و چەپەکان کوشت و، گۆڕەپانەکانی یاریگا وەرزشییەکان و شەقامەکان و هۆڵی یانەکانی کرد بە گرتووخانە، چونکە زیندان و گرتووخانەکان پڕبیون و بەشی وەرگرتنی ئەو هەزاران کەسەیان نەدەکرد کە گیرابوون. عەبدولخالق حسێن بەردەوام دەبێ لە گێڕانەوەی دیمەکانی هۆلۆکۆستی بەعسییانە و دەڵێ: دوای ئەوەی کە بەعس بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٦٨ دەسەڵاتیان ئەتکرد، عیراقیان گۆڕی بۆ گەورەترین زیندان و گەورەترین گۆڕی بەکۆمەڵ بۆ قوربانیانی کارە تیرۆریستییەکانیان. ئەمە دوای ئەوەی کە سوودیان لەئەزموونی دۆڕاوی ساڵی ١٩٦٣ وەرگرت پاش ئەوەی کە عەبدولسەلام عارف-ی هاوپەیمانیان

کودەتـای بەسـەردا کـردن. لێـرەوە ئـەمجارەیان بڕیاریـدا بـە کەڵبـە و ددانەکانیان و بە نینۆکەکانیان و بەهەر نرخێك بێت دەسەڵات بپارێزن.

بە قسەی یەکێك لە شایەتحاڵەکانیش، کە ئەویش د. جواد هاشم-ی وەزیـری نەخشەدانانی سەرەتای ئەوەدەکانی عیراقە، عەبدولخالق حسێن لەو کتێبـەوە کـە ناومـان بـرد شـایەتی بـۆ ئـەوە دەدات کـە لەیـەکێك لـە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیراندا سەدام حسێن لە قسەیەکیدا کە بۆ ئەوان کتوپڕبوو وتی: ئەزموونی ساڵی ۱۹٦۳ چیدی دووبارە نابێتـەوە، ئەمجارە حزبی بەعس هاتۆتە دەسەڵات بۆ ئەوەی حوکمڕانی بکات نەك بۆ ۳۰ سـاڵ بـەڵکو بـۆ ۳۰۰ سـاڵ، ئەمـەش بـەجێ نـاهێنرێ تـەنها بـە تەرخانکردنی بودجەیەکی بەهێزی دارایی نەبێت بۆ حزب.

بۆیە لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارێکی وەزاری بە خۆماڵیکردنی پشکێکی کۆلبەنکیان دەرکرا واتە ٥٪ ی نەوت و تەرخانکردنی بۆ دارایی حزب . بە پێی خەمڵاندنی د. جەواد هاشم-یش ئەو بڕە پارەیە لە ساڵی ۱۹۹۰دا، لەگەڵ قازانجە کەڵەکەبووەکانی گەیشتە نزیکەی ٤۰ ملیار دۆلار.

— ٤ —

لەم یادەوەرییە ئازاردەرەدا هیچ قسەیەکی تازە نییە کە بوترێ تەنها دووبارەکردنـەوەی ئـەوە نـەبێت کـە بـوترێ: کـورد و عـەرەبی شـیعە و بەرهەڵستکاران لە عەرەبی سوننە جۆرەها ئازار و تاوانی ئەوتۆیان بینی و چەشت کە سەری مرۆ سپی دەکەن. ئەمە گرنگە، بەڵام گرنگتر لەوە ئەوەیە کە گەلی عیراق لەو دەمەوە ئیدی تۆمەتبار کرا بە توندوتیژی لەلایەك و، لەلایەکی تریش بەوەی گەلێکە حوکمڕانی ناکرێ تەنها بە ئاگر و ئاسن

نەبێت. ئەمەش هەڵەیەکی مێژوویی گەورەیە، چونکە ئەوەی ئایدیۆلۆژیای توندوتیژی و سزای لە مێژووی نوێی عیراقدا جێگیر کرد حزبی بەعس بوو، بگرە دەستەیەکی کەمبوون لەو تکریتییە بەعسییانەی کە دەسەڵاتیان بۆ خۆیان قۆرخ کرد، لەکاتێکدا کەزۆرینەی خەڵك لەدەرەوەی دەسەڵاتدا بوو. خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ مێژووی عیراق و مێژووی گەلی عیراق، پێمان دەڵێن کە گەلی عیراق بە مۆرك گەلێکی ناسك و خاوەن خەونە و ژیانی خۆشدەوێ و رقی لە توندوتیژییەو سزاو داپڵۆسینیش رەت دەکاتەوە. هەر ئەم گەلەش بوو لەسەردەمی یەکەمی عەباسییەوە (٧٣٠- ٨٦١ز) تاوەکو ئێستا چاکترین شاعیرە رۆمانسییەکانی بۆ هێناینە کایە. لە سەردەمی نوێشدا باشترین شاعیرە مۆدێرنیستەکانی عەرەب لە عیراقدا دەرکەوتن کە لە نازك ئەلمەلائیکە ـ یەوە دەست پێدەکا و لە عەبدولقادر ئەلجەنابی کۆتایی پێ دێ کە بە پێشەنگی شاعیرە عەرەبە سورياليیەکان لەقەڵەم دەدەرێت. وڵاتی شاعیرانیش هەمیشە وڵاتی ئاشتی و خۆشویستن و خۆشەویستییە. کاتێك کە حزبی بەعسی نازیزست لەساڵی ١٩٦٣دا هاتە سەر حوکم، بە داپڵۆسین و سزاوە شاعیرە عیراقییەکانی کوشت و لە خاك و لەعیراق وەدەری نان و حزبی بەعس خۆی بووبە تاقە شاعیری عیراق. بەوەش عیراق وای لێهات شاعیرە راستەقینەکانی نەما، بەڵام پڕ بوو لە جەلاد و بکوژی موتربەکراو بە ئایدیۆلۆژیا بەتایبەتی لەو دەمەوەی کە ساتع ئەلحەسری (ابو خلدون) ئەو بەها عەرەبگەرایيانەی پەخش کرد کە وەك زانراوە، لەرووی مێژووییەوە، لەبەهای بەنەڵمانیکردنی نەتەوەگەرانەی نازییانەوە سەرچاوە دەگرن، ئەمەش چیرۆکێکی دوورودرێژی هەیە و لێرەدا بواری باسکردنی نییە.

— ٥ —

ئەمڕۆ ئێمەی عەرەبە ڕۆشنبیرە لیبراڵیستەکان چی بە برایانی کورد بڵێین؟ کەمترین شتێك کە بوترێ ئەوەیە: ئێمە دەرهەقتان تاوانبار بووین. سەرەڕای ئەم تاوانە گەورە و چەپەڵە، کەچی ئێمە یەك وشەی داوای لێبوردن لە برایانی کوردمان لەهیچ بەرپرسێکی عەرەب یان موسڵمان یان عیراقی نەبیست.

ئەی خودایە لەم عەنجەهییەت و خۆبەزلزانینە پڕوپووچە کە لاف ئەوە دەدەین نەتەوەیەکی شارستانین و باشترین نەتەوەشین کە بۆ خەڵکی هاتبینە کایەوە (خير أمة أُخرجت للناس) کەچی مەرجی ئەم هەڵبژاردنە خوداییە بۆ ئێمە فەرامۆش دەکەین کە ئەویش فەرمانە بە چاکە و نەفرەتکردنە لە خراپە. خراپەش لێرەدا مەیخواردن و دەستبازی لەگەڵ ژنان و دزی و درۆ و شتێتری نەفرەتلێکراوی لەم بابەتانە نییە، بەڵکو خراپە لێرەدا بێدەنگ بوونیشە لە هەق. پیاویش بە هەقەوە دەناسرێ نەك هەق بە پیاوەوە بناسرێ. ئێمە زۆر زۆر لە هەق و ناهەق بێدەنگ بووین و هێشتاش هەر بێدەنگین.

هەتا ئێستا ڕۆشنبیرێکی گەورەی عەرەب، لە جێی چەتەکانی بەعس، داوای لێبووردنی لە کورد نەکردووە.

پێویستە هەموومان لەبەرەبەیانی ساڵیادی هەموو ساڵێکی هۆڵۆکۆستی هەڵەبجەدا بە ڕووتی و پێی پەتی و پۆل پۆل لەبەردەم هەقیقەتی ئەوەی کە دەرهەق بە کوردمان کردووە، ڕابوەستین. ئەڵمانەکان لەسەر ئەوەی کە هیتلەر ـ ی نازی بە جولەکەی کرد، هەتا ئەو ڕۆژەی

زیندوودەکرێنەوە هەر داوای لێبوردن لە جولەکە دەکەن. ئایا ئێمەی عەرەب دلۆپێك لەو مرۆدۆستییە ئەڵمانی و ئاکارە ئەڵمانییەمان هەیە کە خاوەنی بەهاگەلێکی مرۆیی بەرزن؟ یان ئێمە هێشتا ریزی پیشەوەمان هەیە بەبێ ئەوەی زانامان هەبێ یان سەر بکەوین کە ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی بچینە گۆڕەوە؟

ئای چ نەتەوەیەکی جێی پێکەنین و سەرسەخت و زۆردار و خاوەن فیزی وشك–ین و خۆ ناسینی زۆرمان پێویستە.

بۆ ئەوەی شاڵاوەکانی ئەنفال دووبارە نەبنەوە..

— ١ —

وەك چۆن ئەم مانگە، مانگی نیسان، رەوپێکردن و ئازادکردنی بەخۆوە بینی، رەوکردنی ملیۆنێك کورد لەپەرەوازەی سەرزەویدا و، ئازادکردنی گەلێك لەپەتی چەوسانەوەو زۆرداری (مەبەست لەپرۆسەی ئازادیی عیراقە ـ وەرگێڕ)، ئاوهاش ئەم مانگە هەشت شاڵاوی شوومی ئەنفالی بەخۆوە بینی کەتائێستا، جگە لەشتی زۆرکەم و ئاسان، هیچیان لەبارەوە نەنوسراوە. ئەو شاڵاوانە زۆر گەورەتربوون لەو مێژووەی کە تائێستا لەبارەیانەوە تۆمار کراوە. ئەو شاڵاوانە پێویستیان بەگروپێکی گەورەش لەمێژوونووسان و رۆماننووسان و سینەماکاران و توێژەران هەیە بۆ ئەوەی لەووردەکاریی مەینەتییەکانیان و وردودرشتی کارەساتەکانیان ئاشنابین، چونکە شاڵاوەکانی ئەنفال چیدی مێژووی کورد بەتەنها خاوەنیان نییە، مێژووی

عـەرەبیش بەتـەنها خاوەنیـان نییـە، بـەڵکو بوونەتـە مـوڵکی مێـژووی مرۆڤایـەتیش، مـاف تـەواوی مرۆڤایەتیشە کە بەباشترین شێوە بزانـێ چـی لەساڵی ١٩٨٨دا روویـداوە کەوا نـاو لێنراوە ((شاڵاوەکانی ئـەنفال)). وەك زانراوە ئەنفال لـەزمانی پیرۆزکراودا ((دەسکەوتی غەزاکردنە)). سـەدامی ستەمکار ـ ی دووڕوو ئەم ناوەشی بۆیە لێنا چونکە کورد ـ ی بەدوژمنی خۆی لەقەڵەم دا و، غەزاکردن و تاڵانکردن و سـەرگەردانکردن و کوشتنیانی وەك دەسکەوتی غەزاکردن دەبینی، غەزایەك کە شاعیرە گەورەکانی عەرەب و ئەستێرەکانی رۆشنبیریی داوەشێو و بێشەرمی عـەرەبی زۆریـان پیاهەڵداو، لـە (مەربـەد)ەکـانی شـعیرخوێندنەوەدا کەبەچاودێری و دەست لەپشتدانی سەدامی زۆرداری دووڕوو رێکدەخران، سروودیان بۆ دەووت.

— ٢ —

ئەنفالی سەدامییانەی بەعسییانەی نازییانە، بەتەنها یـەك شاڵاو نـەبوو بـەڵکو هەشـت شـاڵاو بـوو، هەشـت شـاڵاو لـەماوەی سـاڵی ١٩٨٨دا. ئـەم شـاڵاوانە لـەمانگی شوباتەوە دەسـتیان پێکرد و لـەمانگی ئـەیلولی هـەمان ساڵ، واتە بەدرێـژایی شـەش مـانگ بـەردەوام بوو و، تیایـدا دەسـەڵاتدارانی زۆردار هـەموو جـۆرە چەکێکی تەقلیـدی و کیمیاوییـان بـەکارهێنا کەلەسـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی قەدەغـەکرابوون. دوو فەیلـەقی سـوپای عـیراق و هێـزە هەڵبـژاردەکانی گـاردی کۆماری و هێـزە تایبەتـەکان و مفـاویرو هێزەکـانی سوپای میللی و فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی بەشدارییان تێدا کـرد. واتـە هەرچی ئەو دەسـەڵاتە تـەماعکارە هەیـەتی لەهێزی سـەربازی بـەکاری هێنـا، ئەویش بەفەرمانـدەیی عـەلی کیمیـایی (عـەلی حەسـەن ئەلمەجیـد) کـە لـەو

شالاّوانەدا لەوێنەی شەیتانێکی رەجمکراودا بوو، شەیتانێك کە لەوێنەی بوو.

شالاّوە شوومەکانی ئەنفال لە ١٩٨٨/٢/٢٢ەوە بەشالاّوی یەکەم دەستی پێکرد و بۆ ماوەی سێ هەفتە. بەدوایدا شالاّوی دووەمی ئەنفال لەمانگی ئازار روویدا و، دوای ئەوە شالاّوی سێیەم لەمانگی نیسان و پاشان شالاّوی چوارەم لە ٧ی ئایار و شالاّوی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم لە٢٤ی ئایارەوە تا ٢٦ی ئاب و شالاّوی هەشتەم و کۆتاییش کە تا ٦ ی ئەیلول بەردەوام بوو. ئەمەش ئەو شالاّوەیە کە بە((مەرگەساتی گەورە)) ناونراوە. قوربانییەکانی ئەم شالاّوانەش ٢٠٠٠ گوند بوون کە بەسەر رووی زەوییەوە نەمێنرا و، کوشتن و زیندەبەچالّکردنی ١٨٠ هەزار کەسیش لەگۆڕە بەکۆمەلّەکاندا و ئاوارەکردنی ژمارەیەکی زۆریش. ئەو ژمارانەش نزیکەیین و جۆراوجۆرن و مێژوونوسانی کورد لەسەریانە کەژمارەی قوربانیان و زیانەکان بەشێوەیەکی کۆتایی و دیکۆمێنتکراو دیاری بکەن و یەکلایی بکەنەوە بۆ ئەوەی لەخەملاّندن و مەزەندەی ئەو خەلّکە جیاجیانەدا نەمێننەوە کەدەیگێڕنەوە.

— ٢ —

لەم هەشت شالاّوەدا هەموو چێنراو و زیندەوەرێك سوتێنران. سوتاندنی چێنراو و زیندەوەریش لێرەدا دەستەواژەیەکی رێژەیی ـ ی مەجازی نییە، بەلّکو دەستەواژەیەکە لەلایەن دەستەبژێرە کورد و ناکوردەکانیش گوزارش و لێکدانەوەی ورد و وردەکار دەهێنێتەوە گۆڕێ، چونکە لەکوردستانی عیراقدا دارستانەکان و گژوگیاکان و گولّەکان

سوتێنران و خاك و زەویش سەرەوژێرکرا. هەموو زیندەوەرێکیش لەبابەت مـــرۆڤ و جنۆکـــەو ئـــاژەڵ کـــوژران، تەنانـــەت باڵنـــدەکانیش کـــوژران و، کوردستانی عیراقیش وەرچەرخا بۆ دەشتێکی تەخت، تەخت وەك ئەو خاکە وێرانەیەی کەشاعیر و رەخنەگری ئینگلیزی/ئەمریکی (ت. ئیس. ئیلیوت) لەبارەیـەوە دووا. عـەلی کیمیـایی ـ ش کوردستانی بـەرەڵاکرد وەك چـۆن پێشتر یەزید بن معاویە مەدینە منەوەرە ـ ی بۆ ماوەی سێ رۆژ بەرەڵا کرد بۆ ئەوەی سەربازەکانی چییان بوێت تیایدا بیکەن، بگرە بەپێی گێڕانەوەی تەبەری، یەزید زۆر لە عەلی کیمیایی بەبەزەیی تر بووە بۆ چێنراوەکان و زیندەوەرەکان.

— ٤ —

ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە سـەرەڕای ئـەم دزێوییـە و ئـەم کارە خراپانـە، کەچی بەعسییەکان و سەدامییەکان و هـەموو ئەوانـەی کە بەشدارییان لـەو مەرگەساتە مرۆییەدا کرد، کەسیان چاو یان پێڵوی چاویان نەلەرزی، رۆژێك ویـژدانی یـەکێکیان بـەئاگا نـەهات کـە داوای لێبـووردن بکـات، یـان داوای بەخشین، یان پەشیمانبوونەوەی خۆی رابگەیەنێت و داوای لێخۆشبوون و بەزەیی بکات، بەڵکو سەرە گەورەکەیان سەدام، کە فێری چۆنیەتی خواردنی گۆشتی سوری کاڵی کردوون، لەبەردەم کۆمەڵێك لەکەسانی حزبی بەعس راوەستا و– هـەروەك کـەئاڵی ئاسمانی ئەلعەرەبییە کاسێتەکەی پیشاندا– وتـی: مـن ئامـادەم دەیـان هـەزار لەهاوولاتیان بکـوژم بـەبێ ئـەوەی یـەك تاڵـە مـوی لەشـم بلـەرزێت.. سـەدام–ی جـەلاد پێویـستیی بـەم لێدوانـەش نـەبوو، چونکە کەسی شمشێربەدەست کەسێکی بەختەوەرە، ئەو پێش ئەوەی ببێتە

شمشێربەدەست دڵی خۆی پەڕاندووە و فڕێداوەتە بەردەم سەگەکان تاوەکو ڕۆژێك لەڕۆژان بە پەڕاندنی سەری خەڵك دڵتەنگ نەبێت. سەدام و هەموو ئەوانەش کە لەجەنگی لەنێوبردنی بەکۆمەڵدا لەساڵی ١٩٨٨ و لەساڵی ١٩٩١ لەدژی کورد و دژی شیعە و دژی سوننە بەتایبەتی بەرهەڵستکارەکانیان لەناوەوە و دەرەوەی عێراق، بەشدارییان کرد، هەروایان کرد.

— ٥ —

ئەوەی کە ئێستا گرنگە ئەوەیە: چی بکەین بۆ ئەوەی مەینەتییەکانی کارەساتی ١٩٨٨ و ١٩٩١ دووبارە نەبنەوە؟

سەدام حسێن دوا زۆردار نابێت کە لەجیهانی عەرەبیدا دەربکەوێت. جیهانی عەرەبی لەئێستا و رابردووشدا لەهەموو ناوچەکانی جیهان زیاتر زەمینەساز و ئامادەباشە بۆ دەرکەوتنی زۆرداران. بەڵگەش بۆ ئەوە ئەو لیستە دوورو درێژەیە لەزۆرداران کە چواردە سەدەیە بەقۆناغەکانی مێژووی عەرەبدا تێپەڕیون و جێ دەستی پیرۆزیان! بەجۆرێك بەجێهێشتووە کە لەناوهێنانیاندا دەستەواژەی پیرۆزکردن بخەینە دوایان (خوا لێیان رازی بێت) .. خاکی پیرۆزی عەرەبیش! لە بەپیتترین و چاکترین جۆرەکانی خاکە بۆ چاندنی دیکتاتۆری و زۆرداری. گەلی عەرەبیش لەهەموو گەلانی سەرزەمین عاشقترو پێشوازیکەرترو خووگرتووترو چێژوەرگرترو حەساوەترە بەحوکمی زۆرداران. هەر فەرمانڕەوایەکیش لەفەرمانڕەوایان دادپەروەر و خاوەن بەزەیی و سۆز و رەحم بووایە نازناوێکی ژنانەیان بەسەردا دادەبەڕی هەروەك خەڵکی شام لەسەروەختی عوسمانیدا وایان

لەگەڵ والی ((ئەسعەد پاشا عەزم))دا کرد کە لەبەر سۆز و رەحم و بەزەییەکەی بە ((سەعدیە)) ناودەبرا. عەرەب، نواندنی ئەم عەشق و ئەم مردنەشی لەخۆشویستنی زۆرداردا تازەکردەوە بەتایبەتی لەو هەست و وەفا و دڵسۆزییەی کە بۆ دوا زۆرداری دەرکەوتووی ناو زۆردارەکانمانی پیشاندا، ئەمە بەجۆرێك دەبینین پەتی هەڵواسینی سەدامی زۆردار بۆتە بۆینباخ و سەدام خۆیشی بۆتە ((گەورەی شەهیدان)) و گەیشتۆتە کاروانی بەخشندەکانی ئالول بەیت.

هێشتا زۆردارگەلێك هەن کە حوکم دەکەن و، حزبی بەعسیش لەوێ هێشتا چاوەڕوانە، بزووتنەوەی ئیخوان موسلمین و حزبوڵلا و بزووتنەوەی حەماس و رێکخراوی قاعدە هەموویان لەوێ هێشتا چاوەڕوانی دامەزراندنی خەلافەتی دیکتاتۆریی ئاینین، چونکە ئەو دیکتاتۆرییەتە دڵڕەقانەی کە ئێستا لەگۆڕێدان بەس نین و دڵی ئەوانی پێ ئاو ناخواتەوە. تۆوی زۆرداری لەخاکی عەرەبدا هێشتا زۆرن و چاوەڕوانی تریشقەی کودەتا سەربازییەکان و گرمەی پارتە ئاینی و نەتەوەپەرستەکانن بۆ ئەوەی بازبدەن و لەسەر کورسییەکان دابنیشن، لەوێشەوە ئیتر ملیونەها قوڕگ بە گیانی خراپەخوازانە و خوێنی پیسەوە پێیاندا هەڵدەدەن.

چی بکەین بۆ ئەوەی هەبێ بەبێ دووبارەبوونەوەی جارێکی تری دەرکەوتنی زۆرداران و بەبێ دووبارەبوونەوەی رووداني مەرگەساتی دیکە لەکوردستان و باشووری عیراق و حومات و لەهەموو جێیەکی جیهانی عەرەبی؟

پرسیارێکە زۆر زۆر ئاسانە. بەڵام وەڵامدانەوەی ئاسانترە، ئەویش ئەوەیە: هەر کاتێك کەخاوەنی ئیرادەیەکی بەهێزبووین. ئێمە هەموومان قسە لەسەر ئیرادە دەکەین و زۆری لەسەر دەڵێین، بەڵام خاوەنی نین.

مانگی ڕەوپێکردن و ئازادکردن

— ١ —

لەهەموو ساڵێکدا، مانگی نیسان/ئەبریل مانگێکە لەگرنگترین مانگەکانی گەلی عیراق بەگشتی. ئەم مانگە جگەلەوەی مانگی بەهارە و گوڵەکان دەم دەکەنەوە و باڵندەکان زۆردەبن، مانگێکە کە ئازار و برینەکانیش بیردەخەنەوە. سەبارەت بەگەلی عیراق و هەموو ئازادیخوازانی جیهان، ئەم مانگە بەبیرەوەرییەکی ئازاربەخش دادەنرێ کەتیایدا کۆڕەوە ملیۆنییە بەناوبانگەکەی ساڵی ١٩٩١ی گەلی خەباتگێڕی کورد ڕوودەدات.

لەلایەکی ترەوە، لەناوەڕاستی ئەم بەهارەدا و هەر لەمانگی ئەبریل/نیساندا ڕژێمی زۆرداری پێشوو ڕوخا، ئەو ڕژێمەی کە هۆکاری کۆڕەوی ملیۆنیی کورد بوو لەم مانگەدا. قەدەر واشی خواست کە تۆڵە لەم زۆردارە بکاتەوە، بۆیە هەر لەم مانگەشدا ڕماندی و حوکمی ستەمکارانەی ڕوخاند لەو مانگەی کەڕژێمی زۆردار زیاتر لە یەك ملیۆن کوردی بۆ سنورەکانی تورکیا و ئێران ڕاونا، ئەمەش بەمەبەستی ڕەوپێکردنیان لەعیراق و سڕینەوەی ئاسەواریان لەکوردستاندا.

ــ ٢ ــ

هیچ تایەفەیەکی عیراق، بە هەموو پۆلایی و ئازایەتییەکەوە بەرەنگاری حوکمی بەعسی زۆردار نەبووەوە لەسەروەختی سەدام حسێندا وەك ئەوەی کە کورد بەرەنگاری بووەوە. سەرەڕای هێزی سەربازی و پۆلیسی و ئەمنیی ئەم رژێمە، کورد لەساڵی ١٩٩١دا و لەداستانی بەناوبانگی کۆیێ-دا کە لەنێوان پێشمەرگەکانی سەربە بەرەی کوردستانی و هێزەکانی رژێمی بەعسدا لەو ناوچەیە روویدا کەدەکەوێتە نێوان کۆیێ و شەقلاوەو تائێستاش ئاسەوارەکانی ماون، پێشمەرگە توانی خراپترین شکست بەهێزەکانی رژێم بگەیەنێت و، فێریان بکات کەگرانە بتوانن ئیسقانی کورد بشکێنن، بەڵکو کورد هەر بەهێز و ئازایەتیی خۆیان بەئازادی و سەربەخۆیی خۆیان دەگەن، ئەمە جگە لەهاوسۆزیی کۆمەڵگا و رای گشتیی نێودەوڵەتی لەگەڵیاندا کە هەمووی لەگەڵ شەرعییەتی نێودەوڵەتیدا بوون، ئەو شەرعییەتەی کەخۆی لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا دەبینییەوە لەو رۆژەی کەنەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ٦٨٨ی خۆی دەرکرد بۆ ئەوەی دەستپێکی کۆمەڵێك لەبڕیارە رەواکان بێت بۆ پاراستنی کوردو هاریکاریکردن لەگەڵیاندا لەداخوازییان بۆ ئازادی و سەربەخۆییان و دامەزراندنی قەوارەی خۆیان وەك ئەوەی کەئێستا لەکوردستانی عیراقدا هەیە.

ـ ٢ ـ

ئەوەی ئەو ئەدەبییاتە کەمەی خوێندبێتەوە کە لەسەر کۆڕەوە ملیۆنییە گەورەکەی ساڵی ١٩٩١ نوسراوە، هیچی تری بۆ ناکرێ تەنها ئەوە نەبێت کەهاوسۆزی کوردبێ لەو کارەساتەی کەهەموو جیهان لەپێناویدا گریا وەك چۆن ئێستا بۆ ئەوە دەگری کە لە دارفۆر و فەلەستین و ناوەڕاست و باشوری عیراقیشدا روودەدات. هەرچی میللەتی منە لەعەرەب و رۆشنبیران ئەوە تەماشاکەربوون و وەستابوون و جوڵەیان نەکرد دوای ئەوەی کە کۆبۆنەکانی نەوت، کە سەدام بۆی بڕیبوونەوە، سڕی کردبوون. ئەو کۆبۆنانەی کە رۆژنامەی (ئەلمەدا) ساڵی ٢٠٠٤ بڵاویکردنەوە و ریسوایکردن، کۆبۆنەکان کە درێژبیوەوە بۆ سەرکردەی پارتە ناسیۆنالیست‌و ئاینییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان و نوسەران و رۆژنامەنووسان و پیاوانی کار و بازرگانان و ..هتد .. ئەوەش ئەو نرخە کەمەیە کە حوکمی سەدام حسێن دەیبەخشی بۆ ئەوەی زمانی خەڵکی پێ بێدەنگ بکا و عەقڵەکانی پێ لەکاربخا و ویژدانەکانی پێ بکڕێ، هەرواشی کرد.

لەو بەمەدا کە رای گشتیی عەرەبی و میدیای عەرەبی لەسەر پوچترین هۆکارو بێ بایەخترین رووداوە رادەوەستێت، زۆربەی رۆشنبیرانی عەرەب گوێی خۆیان کەڕ دەکرد‌و چاوی خۆیان دادەخست‌و رووی خۆیان وەردەگێڕا تاوەکو ئەو کارەساتە مرۆییە قورسە نەبیستن‌و نەبینن کە لەژێر چاو و گوێی هەموو عەرەبدا لەباکوری عیراق روویدەدا. هەمووشمان لەبیرمانە کە چۆن ئیدوارد سەعید بەیاننامەی ناڕەزایی دەربڕینی لەسەر کاروکردەوە تۆقێنەرەکانی سەدام دڕاند و رەتی کردەوە کەئیمزای لەسەر

بکـات. ئـەوەش یـەکێك بـوو لەمەینەتییـەکانی ڕۆشـنبیریی عـەرەبی و ڕۆشـنبیرانی عـەرەب لـەو ماوەیـەوە و تائێستا. دەشێت هـەڵکردنی پـەڕۆی پرسـەنامەکان و بەتونـدی بەخۆداکێـشان و گریـانی هـستیرییانە کـەبۆ لەسێدارەدانی زۆرداری پێشوو سەدام حسێن کرا گەورەترین بەڵگەبێت کە عـەقڵی عـەرەبی تائێستا لەکارکـەوتووە و، ویـژدانی عـەرەبیش لای زۆرێـك لەڕۆشنبیرانی عەرەب هێشتا ئامادەگیی نییە و، سڕبووە بەزێڕی سەدام و، دوای ئـەویش زێـڕی ڕەغـد-ی کـچی کەلەباوکییـەوە پـارەی دزراوی زۆری بـەمیرات بـۆ بـەجێماوە و خـەریکی ئەوەیـە هەڵیدەڕێژێتـە شـادەمارەکانی ڕۆشـنبیریی عـەرەبیی وشـکهەڵهاتووە وەك چـۆن هـەمان شـتی کـرد لـەکاتی دادگاییکردنی سەدامی زۆردار و دوای لەسێدارەدانیشی.

— ٤ —

کـۆڕەوی ملیـۆنیی کـورد لەسـاڵی ١٩٩١، لەمێـژووی کـوردی عیراقـدا داسـتانێکی مرۆیـی گەورەیـە. ئـەم داسـتانە پێویـستی بەخزمـەتکردنی ڕۆشنبیری و هونەریی گەورە هەیە. واتە ڕۆماننووسانی گەورەی کورد وەك سەلیم بەرەکات-ی شاعیر و ڕۆماننوسی کوردی سوریا کە تائێستا دەیـان ڕۆمانی بەناوبانگی نوسیوە و، هـەروەها ڕۆماننووسـانی کوردی عیراق وەك محەمەد موکری و خەسرەو جاف و فەرهاد پیرباڵ و دەیان ڕۆماننوسی تری کـوردی عـیراق، هـەموو ئەوانـە داوای ئـەوەیان لێـدەکرێت کـە لەسـەر ئـەو داستانە کوردییە بوەستن کەخۆی لە کۆڕەوی ملیـۆنیی ١٩٩١دا دەبینێتـەوە. هـــەروەها ئـــەرکی وەزارەتـــی ڕۆشـــنبیریی کـــوردیو وەزیـــرە چالاکەکەیەتی(فەلەکەدین کاکەیی) کـە خـەڵاتێکی دارایـی بـاش دابنـێ بـۆ

رۆمانی سەرکەوتووی ئەو پێشبڕکێیەی کە بۆ ئەو مەبەستە رێك دەخرێت، ئەم کارە رۆماننوسانی کورد هاندەدات بۆ نوسین لەسەر ئەم داستانە مرۆییە گەورەیە. هەروەها ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیری لەحکومەتی کوردی ئەوەیە کە پلان دابنێ بۆ بەرهەم هێنانو وێنەگرتنی پتر لە فیلمێکی سینەمایی جیهانی لەسەر ئەم داستانەو بانگێشتی گەورە دەرهێنەرانی جیهانیش بکات بۆ ئەو مەبەستە. باسەیر بکەین کە جولەکە چییان بەهۆلۆکۆستی نازی کردو چۆن لەپشت قۆزتنەوەی کارەساتەکانیان و وێناکردنیان لەرۆمان و سینەمادا توانیان قازانجێکی سیاسی و مێژوویی و رۆشنبیریی زۆرو زەوەند بەدەست بهێنن.

هەتا ئێستا فیلمی بەناوبانگی (جاڕنامەی شندلەر) هەست و سۆزمان دەهەژێنێ و هەرگیز بیریش ناچێتەوە. کاریگەریی ئەو فیلمە لە دەیان کتێبی مێژوویی قوڵتربوو کە لەسەر هۆلۆکۆستی نازی نوسران، لەسەدان شیعری خەمهێنەریش کاریگەریی زۆرتر بوو کە شاعیران لەسەر هۆلۆکۆست ـ یان هۆنیوەتەوە. پێشم وایە ئەوەی کە لەکۆڕەوی ملیۆنیی ساڵی ١٩٩١دا روویدا زۆر لەوە خراپتربوو کە لەهۆلۆکۆستی نازیدا روویدا. ئەفسانەی هۆلۆکۆستی نازی ـ ش هیچ شتێك خزمەتی نەکردووە وەك ئەوەی کە سینەمای بونیادنراو لەسەر بنەمای رۆمانی هونەریی خزمەتی کردووە. بۆیە وەزیرە کاراکەی رۆشنبیری لە حکومەتی کوردستان لەسەریەتی کەبایەخی زۆر بەم مەسەلەیە بدات.

دۆزی کورد لە فکری نوێی ئوردنیدا

— ١ —

دۆزی کورد بەئاستە عیراقی و ئیقلیمی و ئاستە گشتییەکەی کە تورکیا و ئێران و سوریا و ئەرمینیا دەگرێتەوە، بۆ رای گشتیی عەرەبی بەتەواوی شینەکرابووەوە و هێشتاش شی نەکراوەتەوە. دەشێت هەر ئەمەش بێ بووبێتە هۆی بەدحاڵبوونێکی گەورە بۆ دۆزی کورد و بۆ دامەزرانی کوردستانی عیراق و پاشان کوردستانی گەورە، دوای ئازادبوونی نەواوەتیی لە تورکیا و ئێران و سوریا. هەر بۆیە ئێمە تێبینی گۆڕانێکی گرنگ دەکەین لە هەڵوێستە عەرەبییەکاندا بەتایبەتی لای رۆشنبیران و میدیاکاران کاتێك کەدۆزی کورد بەشێوەیەکی بابەتی و زانستی و هێمنانە شی دەکرێتەوە، هەروەك لەکۆڕی (برایەتیی کوردی– عەرەبی، بۆ کوێ؟)بۆمان دەرکەوت کە (منتدی الأردن الجدید) سازیکرد کە سەکۆیەکی یالۆگنامێزی سەنتەری ئوردنی نوێیە بۆ لێکۆڵینەوە. لەو کۆڕەدا مامۆستا

سامی شۆڕش وەزیری ڕۆشنبیریی پێشووی هەرێمی کوردستان(٢٠٠٤- ٢٠٠٦) کۆڕێکی گرنگی گێڕا. ئەم کۆڕە-ش کە جەماوەرێکی زۆر لەسیاسییەکان و میدیاکاران ئامادەی بوون هەرایەکی گەورەی ورووژاند و پەرچەکرداری توندی بەدوادااهات کە هەندێك لەو پەرچەکردارانە هەڵگری مۆرکی تۆمەتبارکردن بوون لەهەتیوەکانی سەدام حسێن ـ ەوە. لە کۆڕەکەدا دەستەبژێرێك لە سیاسییەکان و ڕۆشنبیران بەشداربوون، لەوانە: زەید حەمزە ـ ی وەزیری پێشووی تەندروستیی ئوردن کە لەپێجەمین فێستیڤاڵی مەدای ڕووناکبیری ـ یش لەهەولێر ئامادەبوو، وەدیع شەرایحە مامۆستای ئابووری لە زانکۆی ئوردن، حەمادە فەراعینە ڕۆژنامەنووس و ئەندامی پێشووی پەرلەمان، د. ڕوحی شحالتوغ ئەندامی پەرلەمانی ئوردن، پارێزەر عەبدولمونعیم ئەلکوردی، مامۆستا حازم مەبیزین نوسەر لەرۆژنامەی (الرای)، موسا ئەلموعایتە سکرتێری گشتیی پارتی چەپی دیموکراسی، هانی ئەلحورانی بەڕێوەبەری سەنتەری ئوردنی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە و، حازم قەشوع سکرتێری گشتیی پارتی ریسالە ـ ی ئوردنی.

— ٢ —

گرنگترین شتێکیش کە وەزیری ڕۆشنبیریی پێشووی هەرێمی کوردستانی عیراق سامی شۆڕش وتبێتی ئەوەبوو کە وتی: کورد ڕۆڵێکی بەرچاویان لەنزیککردنەوەی گۆشەنیگای پێکهاتە جیاوازەکانی عیراقدا گێڕاوە بۆ بەشداریکردن لەپرۆسەی سیاسی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانیدا، ئەوەش لەپێناوی پاڵنانی بارودۆخەکان لەعیراق بەرەو سەقامگیری و جێگیری. هەروەها کورد ڕۆڵێکی گەورەیان لەسیاسەت و کاری دیبلۆماسی و

لەشەڕی بەکردەوە لەدژی ڕژێمی پێشوو گێڕاوە، ئامانجیشیان ئەوەبوو کە ئەم بەشدارییە لەکاری عیراقیی نیشتمانییانەدا ببێتە هۆی دامەزراندنی عیراقێکی دیموکراتیی پەرلەمانیی فیدراڵیی سەقامگیر، عیراقێک کە تیایدا هەمووان مافی چوونیەك و باری ئارام و گیانی دڵنیاییان لەپاشەڕۆژ هەبێ و دوور لەجەنگ و ناکۆکییەکان و ڕق وقینەی تایەفەگەری و نەژادییە وێرانکەرەکان بن. شۆڕش ئەوەشی وت کە: " برایەتیی عەرەبی ـ کوردی، تەنها لەسەر هاوبەشیی سیاسیی دروست نەبووە، بەڵکو لەسەر رایەڵە کولتوری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و لەسەر بەرژەوەندیی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش و یەك نیشتمانیش دامەزراوە. برایەتیی کوردی ـ عەرەبی لەعیراق و دەرەوەی عیراقیش لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورسدایە و بگرە لەبەردەم چەند هەڕەشەیەکی گەورەدایە" بۆیە داوای کرد بەئارامگرتن و دیموکراسی و کرانەوە و گیانی سەردەم ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشانەی ببنەوە. شۆڕش جەختی لەسەر پێویستیی ئەوەش کە لێپرسراوە عیراقییەکان گیانی ئاشتبوونەوە و مامەڵەکردنیان تێدابێ بەپێی سیاسەتێك کە ئامانجی لەخۆگرتنی هەمووانی هەبێت لەچوارچێوەی حکومەتێکی بنکە فراواندا. شۆڕش بەراشکاوی ئەوەشی دووپاتکردەوە کە "بەردەوامبوونی درزەکان لەپەیوەندییەکانی عەرەبی ـ کوردیدا دەشێت ببێتە مایەی پەنابردنی کورد بۆ گەڕان بەدوای پەیوەندیی تردا، پەیوەندیی بەهێزتر لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا و، پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەکەدا. کورد وەك حاڵی هەر گەلێکی دی پێویستیی بە فەزایەك لەپەیوەندییە تەندروستەکان و ئاڵوگۆڕی لێك گەیشتن هەیە، کاتێك کە کورد هەوای تەندروست لەناو نیشتمانەکەی خۆیاندا لەدەست دەدەن ئەوە هیچ هێزێك ناتوانێت لۆمەیان بکات بکات

لەسەر ئەوەی هەوڵبدەن سەربکێشنە دەرەوەی پەنجەرە بۆ ئەوەی هەوای پێویست بۆ بەردەوامبوونی ژیان هەڵمژن"..

ـ ٢ ـ

مشتومڕێکی دوورودرێژ و توندیش لەم کۆڕەدا لەنێوان وەزیری رۆشنبیریی کورد و رووناکبیرە ئوردنییەکان دروستبوو، بەتایبەتی کە شەقامی ئوردنی لەلایەن پارتە ئاینی و ناسیۆنالیستە ئوردنییەکانەوە زۆر بەهێز لەدژی کورد هاندراون؛ ئەوەش لەئەنجامی پەیوەندیی پتەوی ئەم پارتانە بەرژێمی سەدام حسێنەوە و لەئەنجامی ئەوەش کە سەدام حسێن شەقامی ئوردنی و رای گشتیی ئوردنی و چالاکییە حزبی و سەندیکاییەکانی نوقمکردبوو بەبەخشش و دیارییەکان لەکۆبۆناتی نەوت و نەوتی بەلاش و لەو پارە زۆروزەوەندەش کەبەسەر سوودمەندانی ئەم پارت و سەندیکایانەو هەموو ئەو هێزانەدا دابەشی دەکردن کە رای گشتیی ئوردنییان پێك دەهێنا. بەڵام ئەو مشتومڕە لە کۆڕەکە لەدواییدا بووە مایەی تێگەیشتنێکی گەورەتر و قوڵتری دۆز و مەسەلەی کورد، کارێك کە پاڵی بەنوسەر و رۆژنامەنوسێکی گرنگی وەکو مەحمود ئەلریماوی ـ یەوە نا لەرۆژنامەی (الـرای)، کە لەرۆژنامە گەورەکانی ئوردن و گرنگترینیانە، وتارێك بەناونیشانی (شانسەکانی کوردی عێراق) بنوسێت و قسەیەکی بوێرانە بکات کە، پێش چەند ساڵێکی کەم، قورس بوو بوترێت کاتێك کە تەواوی شەقامی ئوردنی لەگەڵ سەدام حسێن بوو. ئەلریماوی لەوتارەکەیدا ئەوەی وتووە کە:" نهێنی نییە هەرێمی کوردستانی عێراق سوودمەندی یەکەمە ئەگەر تاقە سوودمەند نەبێ لەو گۆڕانکارییانەی کە لەو چوارساڵەدا لەناوچە

روویاندا. ئەویٚ ئارامترین و سەقامگیرترین ناوچەیە لەعیراق و بەکردەوە دۆخی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە". هەرچی پەیوەندیی بە کەرکوکەوە هەیە ئەلریماوی لەهەمان وتاریدا دەڵێت:" هەردوو حزبی حوکمڕان" پارتی دیموکرات و یەکێتیی نیشتمانی بانگەواز بۆ عیراقێکی دیموکراتیی یەکگرتوو و سیستمێکی فیدراڵی دەکەن کە ئەگەر سەرتاسەری عیراق نەگرێتەوە ئەوە دەبێ هەولێر و سلێمانی و دهۆك و کەرکوك بگرێتەوە بەو پێیەی کورد کەرکوك بەشاری خۆیان ئەزانن و پێیان وایە بەهۆی نیشتەجێکردنەوە لەسەردەمی رژێمی پێشوودا بەزۆرملێ بەعەرەبکراوە. بەکردەوەش کورد گەڕایەوە بۆ کەرکوك و ژمارەیەك لەدانیشتووانە عەرەبەکەی کەرکوکیش بەپارچەیەك زەویی نیشتەجێبوون و قەرەبوویەکی دارایی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە قەرەبووکرانەوە، ئەوەش لەبەرامبەر ئەوەی شارەکە چۆڵ بکەن" (رۆژنامەی ئەلرەئی ٥/٦/٢٠٠٧).

قسەی لەم جۆرەش لەنوسەرێکی رۆژنامەنوسیی ئوردنی لەیەکەمین رۆژنامەی ئوردندا بە کودەتایەکی گەورە دادەنرێت لەفکری ئوردنیدا و بەوەرچەرخانێکی بەرهەمهێنەریش بەلای هەق و راستیدا لەعیراق و بەتایبەتی لەکوردستان، بەتایبەتی کە مەحمود ئەلریماوی ناسراوە بەئاراستە ناسیۆنالیستییە دەمارگیرەکانی و بەوەی یەکێکە لەئەندامانی حزبی بەعس لەئوردن. هەروەها ئەو لەبنەماڵەی ئەلریماوی ـ شە کە ناسراوە بەلایەنگیریکردن لەحزبی بەعس بەرابەرایەتیی عەبدوڵڵا ئەلریماوی سکرتێری گشتیی پێشووی حزبی بەعس لەئوردن و، دامەزرێنەری رۆژنامەی (البعث) لەساڵی ١٩٥٨ و، یەکێك لەتیۆریزەکارانی ئەم حزبە و، دانەری کتێبی (النظرية الثورية المعاصرة) و (موسوعة الوعي العقائدي العربي)و(الموقف القومي)یش.

— ٤ —

ئەم کۆڕە گرنگە شوێنەواری هەر لەسەر فکری سیاسیی ئوردنی و عەرەبی دانەنا، بەڵکو تێپەڕی بۆ ڕۆژئاوا و بەتایبەتیش بۆ ئیتاڵیا. لەم ڕووەوە، ئاژانسی ئاکی ـ ی ئیتاڵی بۆ هەواڵ چالاکییەکانی ئەم کۆڕەی گواستەوەو توانجێکی پۆزەتیڤ و گرنگی لەسەری تۆمارکرد و وتی: ((زانراوە کە پەیوەندیی هەردوو گەلی عەرەب و کورد پەیوەندییەکی مێژوویی بەڵگەدارە، بەدرێژایی هەزار ساڵی رابردوو هاوپەیمانێتییەك لەنێوان هەردوو گەلدا دروستبووەو، کورد بەشداریی هەموو جەنگەکانی عەرەبیان کردووە بۆ بەرگرتن لەداگیرکەران بەتایبەتی لەماوەی جەنگەکانی خاچپەرستی کە تیایاندا سەلاحەدین ئەیوبی، کە کوردە، سەرکردایەتیی لایەنی عەرەبیی دەکرد و چەند ئیمارەتێکی عەرەبی دامەزران کە حوکمڕانانی کورد سەرداریان بوون، بەڵام ئەم پەیوەندییە گرفتی تێکەوت و لەدوای رێککەوتننامەی سایکس ـ بیکۆ وریایی و گومانی تێخزا، ئەو رێککەوتننامەیەی کە وڵاتانی شامی بۆ چەند دەوڵەتێکی بچووك دابەشکرد لەژێر پاسەوانیی بەریتانی و فەرەنسی و کورد ـ ی لەدامەزراندنی دەوڵەتی خۆی بێبەش کرد، لەوکاتەشەوە کورد ئیش بۆ یەکخستنی وڵاتەکەیان دەکەن کە لەنێوان تورکیا و ئێران و عیراق و سوریا و یەکێتیی سۆڤێت دابەشکرا. عەرەبیش لەگەڵیاندا دەرفەتبەخش نەبوون و رازی نەبوون بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەو هەرێمە کوردییانەی کە دەکەونە وڵاتانی عەرەبییەوە..

هێشتا قسەش ماوە لەبارەی کۆڕی (برایەتی عەرەبی – کوردی، بەرەو کوێ؟)..

بۆ رزگارکردنی عیراق، قەرەزاوی:
(پیاوە پێویستەکە)، هاوار بۆ کورد دەبا !

ـ ١ ـ

لە مزگەوتی عومەر بن خەتاب-ەوە لە دەوحە، شێخ یوسف قەرەزاوی داوای لە سەرکردەکانی کورد و چالاکە سیاسییەکانیان کرد کە دەستی خێر بخەنە ناو ئەو ململانێ مەزهەبگەرایییەی ئێستای نێوان سوننە و شیعەی عیراقەوە. بێگومان سەرکردەکانی کورد بیر لەم داخوازییە دەکەنەوەو تەماشاش دەکەن بزانن لەم بارەیەوە چییان لەدەست دێ بیکەن، ئەوان عاقڵیشن و دەتوانن ئەو کارە بکەن، بەڵگەی عەقڵانییەتیشیان ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستاندا کردوویانە لە ڕووی ڕێکخستنی باری ئاسایش و بڵاوکردنەوەی سەقامگیری و گەشەکردن و هاندانی وەبەرهێنان، بە جۆرێك کە بە عەقڵی پێشکەتنخواز و رەسەنی خۆیان توانیان جوانترین بەری ئەو ئازادییە بۆ خۆیان لێبکەنەوە کە لە بەرەبەیانی ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ دا روویدا و. خۆیان نەگلاندە ململانێی سیاسی و مەزهەبییەوە وەك سوننە و شیعە لە ناوەڕاست و باشووردا خۆیان تێوەگلاند.

— ٢ —

بەڵام کۆمەڵێك پرسیاری زۆر هەیە کە ئێستا دەمانەوێ بیانخەینەڕوو:

- چی وای لە قەرەزاوی کرد ئێستاکە ئەو بانگەوازە ئاراستە بکات ؟

- ئەوە چۆن قەرەزاوی عەقڵی بڕی کەوا ئێستا لە عێراقدا گەلێك هەیە پێی ئەوترێ کورد لە کاتێکدا هەر خۆی بوو کە ئەم گەلەی پشت گوێ خست و بە درێژایی ساڵانی رابردوو لە چەوساندنەوەیان و کوشتنیان و وێرانکردنیان و راگوێزانیان بێدەنگ بوو بێ ئەوەی تەنها یەك وشەی هەق دەرهەق بەم گەلە بڵێ ؟

- کورد چۆن دەتوانن لە قەرەزاوی نزیك ببنەوە و بانگەوازەکەی جێبەجێ بکەن لە کاتێکدا ئەوە هەر قەرەزاوی بوو کە لە رابردوودا خەباتیان و ئازادییان و رزگارییان و سەربەخۆیانی بە ناوی ئیسلامەوە رەت دەکردەوە، ئەو ئیسلامەی کە ئەو و کۆمەڵێکی تر لە فیقهزانەکانی دەسەڵاتداران لەجیهانی عەرەبیدا، رفاندوویانەو لەبەرچاوانیان بزر کردووە.

- ئایا قەرەزاوی، لە کاتی شاڵاوە وەحشیگەرەکانی ئەنفالدا کە بە ئەندازەی هۆلۆکۆستی کوردە، بگرە توقێنەرتریشە لە هۆلۆکۆست، لە کوێ بوو؟

- بۆچی مزگەوتی عومەر بن خەتاب لە دەوحە لە ئاست ئەوەی کە سەدامی ستەمکاری لە گۆڕنراو ئەنجامیداو ئەوەش کە (عەلی کیمیاوی) کردی کە ئێستا دادگایی دەکرێت، بە ناڕەزاییەك نەجوڵا؟ چەند کەس وشەکانی دوێنێی قەرەزاوی (پیاوە پێویستەکە) بزواندنی کە هاوار بۆ کورد دەبا بۆ رزگارکردنی عێراق لە ململانێی خوێناویی سوننە و شیعەدا؟

- ٣ -

داواکردن لە کوردە عاقڵەکان بۆ ئەوەی ئەو ململانێ و یەکترکوژییە مەزهەبییە گەوجەی لەنێوان هەردوو تایەفەی شیعە و سوننەی عەرەب بڕنەوە، خواستێکی ڕەوایە. پێشتریش ڕۆشنبیرە لیبراڵەکان داوای شتێکی وایان لە کورد کردبوو، ئەمەش بەو پێیەی کە کورد ئەو بەشە پێشەنگە عێراقییەن کە دەبێ دوویان بکەون. کورد نەکەوتنە ژێر کاریگەرییتییە سیاسییە نەرمەکییەکانیش: کاریگەریی ئێران و بە تایبەتی سوریا، بڕیاری نیشتمانی و سەروەرانەی تەندروست ـ ی خۆشیاندا و، هەرێمەکەی خۆیان، هەروەك پێشتر شیمان کردەوە، بە باشترین جۆری بونیادنان کە ئێستا بەدەست بێت لە عێراقدا، بونیادنا.

بەڵام ئەم بانگەشەیە لەلایەن شێخ قەرەزاوییەوە(پیاوە پێویستەکە) بانگەشەیەکە، نامەوێ بڵێم بانگەشەیەکی ژەهراوییە ئەوەندەی کە بانگەشەیەکی هەقە و شتێکی پوچی لێ دەویستێ. ئەو مەرامەیشی کە لێی ئاشکرا کراوە، گلاندنی کوردە لەو ململانێیەی کە ئێستا لە نێوان هەردوو تایەفەی شیعە و سوننەی عەرەبدا هەیە. پاشان ئەم بانگەشەیە جێی گومانەو، پێویست بوو ئاراستەی سوریا و ئێران کرایە پێش ئەوەی ئاراستەی کورد بکرێت، چونکە ئەوە ئەو دوو ڕژێمە بوون کە بەشێکی گەورەیان لە عێراق سوتاند و وێرانکرد کە خۆیشی ئەوەی هەڵدەگرت بەو جۆرە بسوتێت و وێران بێت، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو دوو ڕژێمە نەیانتوانی باکوری عێراق و هەرێمی کوردستان بسوتێنن و وێران بکەن، چونکە ئەم هەرێمە لە سوتاندن و وێرانکاریی سوری - ئێرانی یاخی بوو. هەروەها پێویستە ئەم بانگەشەیە ئاراستەی فیقهزانەکانی دەسەڵاتداران و

فیقهزانەکانی تیرۆر بکرێت، ئەوانەی کە بە فتوا یەك لە دوای یەکەکانیان شیعە و وسوننەیان لەسەر ئەو یەکترکوشتنە خوێناوییە گەوجانەیە هاندا.

ئەوەی کە دڕکیشی چاندووە لەسەریەتی هەر ئێستا بیدورێتەوە و داوای دورینەوەی لە خەڵکی دی نەکات.

ـ ٤ ـ

شێخ قەرەزاوی (پیاوە پێویستەکە)، بەو پێیەی کە سەرۆکی یەکێتیی جیهانیی زانایانی موسڵمان ـ ە، بانگەواز بۆ کورد دەکا و داوایان لێ دەکات کە بۆ ڕاگرتنی ئەو کوشت و کوشتارەی دەرهەق بە عیراقییەکان بەڕێوە دەچێت دەستی خێر وەربدەن و دەڵێ: ئەوەی لە عیراقدا ڕوودەدات لەو کوشتارەی کە لەسەر شوناس هەیە، لەشی مرۆڤ گرژ دەکەن و سەریش سپی دەکەن. ئەمە لەکاتێکدا کە ئەوە هەر قەرەزاوی خۆی بوو، ئەو فەقیهەی تیرۆر بوو کە بە فتواکانی خوێنی کوردی حەڵاڵ دەکرد بە تایبەتی کاتێك کە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە قاهیرە ساڵی ٢٠٠٤ فتوا بەناوبانگەکەی دەرکرد، فتوای کوشتنی ئەمریکییەکان لەعیراق و هەر کەسێك کە هاوکارییان دەکات، ئاشکراشە کە ئەوە کورد بوو لە بەرژەوەندیی ئازادی و سەربەخۆیی و بونیادنانی هەرێمەکەیان، هاوکاریی ئەمریکییەکانیان کرد.

ئەوە هەر قەرەزاوی-یش بوو کە بێدەنگ بوو لە هەموو تاوانەکانی سوننە لەکوردستان یان لە هەر شوێنێك لە شوێنەکانی عیراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە تا ئەمڕۆ. کاتێکیش کە تاوانبارە تیرۆریستەکان، کە قەرەزاوی جارێك پێیان دەڵێ:(موجاهیدەکان) و جارێك پێیان دەڵێ:(بەرەنگاریکاران/ المقاومون)، چەند شوێنێکی کوردستانیان تەقاندەوە و لە شایی و

ئاهەنگەکاندا ژن و منداڵ و پیرەمێردو خەڵکی بێ گوناهیان کوشت، قەرەزاوی لەجێی خۆی جوڵەی نەکردو فتوایەکی دەرنەکرد ئەم تاوانانە سەرزەنشت بکاو، خۆپیشاندانێکی گەورەشی بەڕێوە نەبرد وەك ئەو خۆپیشاندانەی کە لەکاتی هێرشکردنی تیرۆریستاندا بۆ سەر قوتابخانەیەکی منداڵان لە دەوحە، بەڕێوەی برد.

قەرەزاوی حاڵی وەك حاڵی ئەودوای پیاوە گەورەکانی دامەزراوەی ئاینییە لە سەرتاسەری وڵاتانی عەرەبیدا و، دێت و بە دوو تەرازوو نا، بەڵکو بە هەزار کۆت و بەند و تەرازوو شتەکان کێشانە و پێوانە دەکا.

— ٥ —

لەم رۆژگارەماندا پیاوە دیارەکانی ئاین وا رێچکەیان گرتووە کە بە گوێرەی ئەوەی خۆیان دەیانەوێت و ئامانجیانە مانا بە تێکستی ئاینی ببەخشن. لەم رووەوە، شێخ قەرەزاوی لە سەردەمی سەدام حسێن-دا دەمی قورئانی نەکردەوە و ئەو هاندانانەی تیا نەبینین کە لەسەر سووکایەتی نەکردن بە ئابڕوی مرۆڤ و ئابڕوی موسڵمان و نەچەوساندنەوەی و خراپەنەکردن دەرهەقی. ئەو، واتە قەرەزاوی، چاوی خۆی نوقاند و هەوریری تەپاندە گوێچکەیەکییەوە و قوڕ-یش بە گوێچکەکەی دیکەی تاوەکو دەنگی هاواری چەوساوە و ئازاردراوەکان نەبیستێت و، ئەوە نەبینێت کە سەدامی ستەمکار بە کوردی کرد لە باکوری عیراق و دەرەوەی عیراقیش. هەرچی ئەمڕۆیە، دەبینین قەرەزاوی دەمی قورئان دەکاتەوە و لە دەقە پیرۆزەکانمان بەسەردا دەخوێنێت لەو دەقانەی کە سوود بەو دۆز و مەسەلەیەی ئەو

دەگەیەنن کە ئێستا لە عیراق بەرگریی لێدەکات نەک ئەوەی کە دەشیا سوود بە دۆز و مەینەتی و کارەساتەکانی کورد بگەیەنێت.

— ٦ —

قەرەزاوی (پیاوە پێویستەکە) و خەڵکانی تریش لە پیاوە دیارە فیقهزانەکانی دەسەڵاتداران، لە رووبەڕووبوونەوەیاندا بۆ رووداوە سیاسییەکان رێبازێکی گوڵبژێرییانە (إنتقائي)پەیڕەو دەکەن. ئەوان داری ئاین بەکاردێنن بۆ دەست خستنە ناقرەی سیاسەتەوە، رێبازی گوڵبژێرییشیان لەسەر هەڵبژاردنی ئەو دەقانە دەوەستێت کە لەبەرژەوەندییانە و خزمەت بە مەرامەکانیان و مەرامە سیاسییەکانی دەسەڵاتداران دەکات. حەسە حەنەفی لە کتێبی (مشايخ السلطان) دا رەخنە لەو پیاوە ئاینییانە دەگرێت کە دەمی قورئان و کتێبی فەرموودەکانی پێغەمبەر دەکەنەوە و ئەو شتە گوڵبژێر دەکەن کە خۆیان دەیانەوێت و، لەگەڵ چێشتی ئەو رۆژەیان و چێژی فلانە دەسەڵاتداردا دەگونجێت. ئەو دەڵێ: دوای بڕیارەکانی کۆنگرەی خەرتوم ـ ی پاش نوشستی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ و هەرسێ (نا)کە، نا بۆ رێککەوتن، نا بۆ دانوستان، نا بۆ دانانی بە ئیسرائیل، فوقەهای دەسەڵات بە فتوا و دەقە ئاینییەکان دەستیانکرد بە پاساو هێنانەوە بۆ ئەم سێ (نا)یە: (و أعدو لهم ما استطعتم من قوة و من رباط الخيل)، (و جاهدوا في الله حق جهاده)، (اذن للذين يقاتلون بأنهم ظلموا وأن الله على نصرهم لقدير)، (و قاتلوا الذين يقاتلونكم) لەگەڵ زۆر ئایەت و فەرموودەی تری لەم بابەتە .. کاتێکیش کە کۆماری دووەمی میسر لە کۆماری یەکەم هەڵگەڕایەوە و رێککەوتنامەی

کامـب دیڤیـد لـه سـاڵی ١٩٧٨ و پەیمانناممـەی ئاشـتی لـەنێوان میـسرو ئیـسرائیل لـه سـاڵی ١٩٧٩دا مـۆرکرا، خـودی فوقـەهاکانی دەسـەڵاتداران خۆیـان به ئایـاتو فەرموودەی تـر پاسـاویان بۆ بڕیارەکـانی دەسـەڵاتداران هێنایـەوە : (و إن جنحـوا للـسلم فـاجنح لهـا) ، (ادخلـوا في الـسلم كافـة) ئاشتی و شـالۆم-یـش لەیـەك شـت پێکهـاتوون و هـەردووکیان کـوڕە مـامی یەکترین لە ئەوەی ئیبراهیم . لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆ-ش هـەمان وەرچـەرخان روویدا، وەرچەرخان لە فکری سۆشیالیزم و ناسیۆنالیزم و بێ لایەنی (عدم الإنحیاز)ەوە، کە ئەمە هەڵبژاردەی-ی کۆماری یەکەم بوو، بۆ سەرمایەداری و هەرێمایەتی و لایەنگیریکردن بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل کە ئەمەش کودەتای کۆمـاری دووەمـە کـه هێـشتا لـه کۆمـاری سێیەم وکۆتـایی ـ ی سـەردەمێك لەمێـژووی هاوچـەرخی میـسردا لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیـستدا، بەردەوامـە. لـەم رووەوە، فوقـەهای دەسـەڵاتداران لـە کۆمـاری یەکـەم فتـوای ئەوەیاندا کە ئیسلام ئاینی سۆشیالیزمە و، فەرموودەیەکی پێغەمبەریشیان بۆ ئەوە هێنایەوە : (الناس شركاء في ثلاث: الماء الكلأ و النار). وتیشیان خاتوو خەدیجە-ی خێزانی پێغەمبەر، دایکی سۆشیالیستەکان بووە، دیـارە چەند کتێبێکیش لـەو بـوارەدا دەرچـووە، هـەروەها ئـەوان ئەوەشیان وت کـە کـەرتی گـشتی لـە ئیـسلام-ەوەیـە هـەروەك دیـاردەی (بـاج و لێـبڕین) بەرجەسـتەی کـردووە، ئـەو بـاج و لێبڕینـەش ئەوەیـە کـە خەلیفـەکان بـۆ بەرژەوەندیی گشتی لە خەڵکی وەردەگرن و لێیـان دەبڕن وەك تـەرخانکردنی لەوەڕگاکان بۆ حوشتر ـ ی خەڵکی، لەمەشەوە دەڵێن (لیس منا من بات جوعان و جاره طاو)؛ (و الذين في أموالهم حق معلوم للسائل و المحروم).

کـاتێکیش کـە کودەتـا لـە کۆمـاری دووەمـدا روویـدا: فوقـەهاکانی دەسەڵاتداران دەستیان کرد بە پاساودانی سیاسەتی کرانەوە و رەخنـەگرتن

له شیوعییەتی بێ باوەڕ و وتیان (ئەوەی باوەڕی نەهێنابێ جێی متمانە نییە) کاسبیی ئازاد-یش کارێکی ڕەوایە، بازرگانیش لە بازاڕەکاندا حەڵاڵە، بە پشت بەستنیش بە خوا ئەوە بازرگانی پیس و بێ خێر نابێت. هەرچییەکیش کە دەستی مرۆڤ بکەوێت ئەوە رزقی ئەوە جا ئیتر، بە پشت بەستن بە رای هەندێ لە خەڵکانی زەمانی زوو، ئەو رزقە حەڵاڵ بێت یان حەرام. خۆشگوزەرانی-یش مافێکە لە مافی باوەڕداران (قل من حرّم زینة الله و الطیبات من الرزق قل هي للذین آمنوا). ڕۆژئاوا-ش باوەڕدارە و ڕۆژهەڵات کافر. لایەنگیریکردنی ڕۆژئاوای باوەڕداریش لە دژی ڕۆژهەڵاتی کافر چاکە و بەرەکەتە و سەرخستنی ئیسلام و موسڵمانانە. سەرگەورەی شێخانی دەسەڵاتدارانیش بۆ هاندانی خەڵکی لەسەر بەشداریکردن لە دەنگدان بۆ گۆڕینی ماددەی ٧٨ لە دەستوور و بایکۆت نەکردنی هەروەك ئۆپۆزسیۆن دەیەوێت بە هەمان جۆر فتوایەکی دەرکرد (و لا تکتموا الشهادة و من یکتمها فإنه آثم قلبه). سا ئیتر چۆن دەتانەوێت باوەڕ بە بانگەشەی ئەو پیاوە ئاینییانە بکەین، ئەوانەی کە ئاینیان لەبەرچاو بزرکرد و دەقە پیرۆزەکانیشیان کردۆتە لاستیکێك بۆ خۆیان.

بەئاگاهاتنەوە لە مەسەلەی کورد

— ١ —

کتێبی (بەئاگاهاتنەوە)ی تۆفیق ئەلحەکیم کە لەساڵی ١٩٧٢ دا دوای کۆچی دوایی عەبدولناسر دەریکرد و بەتوندی هێرشی کردبووەسەر، لەگرنگترین کتێبەکانی ئەلحەکیم–ە کە کاریگەریی گەورەی لەسەر فکری سیاسیی میسری، هەبوو.ئەم کتێبە هەرایەکی میدیایی و سیاسی و مێژوویی گەورەی لەمیسردا نایەوە. ئەلحەکیم لەم کتێبەدا هەڵوێستی خۆی لەئەزموونی ناسرییەت، کە لە ١٩٥٢ەوە دەستیپێکرد و لە١٩٧٢دا کۆتایی هات، کورت کردۆتەوە بەوەی وەها باسی لەو قۆناغە کردووە کە قۆناغێک بووە گەلی میسر تیایدا هۆشیاریی لەدەست دابوو. ئەم قۆناغە رێی بەدەرکەوتنی بیروڕایەك بەئاشکرایی نەدەدا کە لەبیروڕای رابەری پەرستراو جیاوازبێت. ئەلحەکیم لەم کتێبەیدا ئەوەشی راگەیاند کە هەڵەی کردووە لەوەی بەبێ ئاگایی دوای شۆڕش کەوتووە، لەم بارەیەشەوە دەڵێ: ((سەیر لەوەدایە کەسێکی وەکو من کە لەسەر خەڵکی ئەم وڵاتە و بە پیاوی بیرمەند حسابکراوە و لەهەڵکشانی تەمەنیدا تووشی شۆڕش بووە، بتوانرێ بەدوای کەفوکوڵێکی سۆزدارانەشدا کێش بکرێت و، ئەوە بەخەیاڵمدا نەیەت بیر لە

راستیی ئەو وێنەیە بکەمەوە کە بۆمان دروست دەکرا. وادیاربوو متمانە بیرکردنەوەی ئیفلیج کردبوو. بەبریسکەی هیواگەلێك سحریان لێکردبووین کە ئێمە لەمێژبوو خەونمان پێوەدەبینین، بە مەی - ی دەسکەوت و سەروەرییەکانیش مەستیان کردبووین، مەستببووین هەتا ئاگامان لەخۆ نەما. دیارە لەسەر ئەم جۆرەی ژیانیش کە تیایدا شۆڕش کردبوونی بەتەنها ئامێری پێشوازیکردن، راهاتین. نازانم چۆن کەسێکی وەکو من توانی ئەوە ببینێ و ببیستێ و ئەوەی بینی و بیستی زۆر کاری تێنە نەکات و بەهەست و سۆزی باشی خۆی لەئاست جەمال عەبدولناسردا، بمێنێتەوە. ئایا ئەوە لەدەستدانی ئاگاییە؟ یان ئەوە حاڵەتێکی نامۆی بێهۆشکردنە؟)).

بەم دان پیانانە کەدەنگی دایەوە و، بەم ورشانە، تۆفیق ئەلحەکیم کتێبە متمانەبەخشەکەی (بەئاگاهاتنەوە) پوخت کردەوە.

ئایا پەیوەندیی ئەم کتێبە بە وتاری ئەمڕۆمانەوە چییە ؟

— ٢ —

ئەو هۆشیارییە بە هەقیقەتی حوکمڕانی ناسری، یان بەوەی ناوی ناسرییەت-ی لێنرا، کە دوای نزیکەی بیست ساڵ لەحوکمی دیکتاتۆریی ناسری، بۆ تۆفیق ئەلحەکیم گەڕایەوە، ئەو هۆشیارییەیە کە دوای ٣٠ ساڵ لەحوکمی سەدام حسێن - ی دیکتاتۆر خەریکە بۆ رۆشنبیرانی عەرەب بەگشتی و رۆشنبیرانی ئوردنی بەتایبەتی، دەگەڕێتەوە. کەواتە دەبێ هۆشیاری هەر بگەڕێتەوە ئەگەر هەندێ جار نائامادەگیشی درێژە بکێشێت. هەر ئەمەش بوو کە بەروونی لەمیانەی کۆڕی (برایەتیی عەرەبی - کوردی بۆ کوێ؟) دەرکەوت کە (منتدى الأردن الجديد) سازیکرد، ئەم مونتەدایە

(سەکۆیەکی دیالۆگئامێزی سەنتەری ئوردنی نوێیە بۆ لێکۆڵینەوە)و مامۆستا سامی شۆڕش وەزیری پێشووی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستانی عیراق (٢٠٠٤ – ٢٠٠٦) کۆڕێکی گرنگی تێدا بەست، کۆڕەکەش کە کۆمەڵێکی زۆر لەسیاسی و میدیاییەکان ئامادەی بوون هەرایەکی گەورەی نایەوە و پەرچەکردارگەلێکی توندی بەدوادا هات، بەڵام گرنگترین شتێك لەم کۆڕەدا ئەوەیە کە، یەکەمین موژدەی بەئاگاهاتنەوە بوو بۆ فکری سیاسیی عەرەبی بەگشتی و فکری سیاسیی ئوردنی بەتایبەتی لەبارەی مەسەلەی کوردەوە. ئەمەش دوای ئەو پشتگوێخستن و نکۆڵی لێکردن و گوێپێنەدانە بوو بەرامبەر بە دۆزی ناوەندیی کورد لەعیراق و دەرەوەی عیراق لەلایەن رۆشنبیرە ناسیۆنالیست و ئاینییەکانی عەرەب بەگشتی و رۆشنبیرە ئوردنییەکان بەتایبەتی: بەدرێژایی حوکمی دیکتاتۆریی سەدام حسێن و لەئەنجامی کەوتنە دوای کەفوکوڵی سۆزدارانەی نەتەوەیی و ئاینی و متمانەی کوێرانەیان بەرژێمی دیکتاتۆریی سەدام، متمانەیەك کەبووە هۆی ئیفلیجکردنی بیرکردنەوەیان، بیرکردنەوەی ئەوانەی بەبریسکەی هیواگەلێك سحریان لێکردبوون کە لەمێژبوو خەونیان پێوەدەبینی، بە مەی- ی دەسکەوت و سەروەرییەکانیش مەست ببوون، مەستببوون هەتا ئاگایان لەخۆ نەما، بەڵام ئەوە متمانەکردن بە حوکمی دیکتاتۆریی سەدام نەبوو بەتەنها کە هۆکاری ئەو هەموو کوێراییەبێت لەئاست هەقیقەتی واقیعی دیکتاتۆریانەی سەردەمی سەدام، مەستبوون بەمەی -ی دەسکەوتەکان و سەروەرییەکانیش هۆکاری نائامادەگیی ئەم هەموو ئاگاییەی ئەو کەسانە نەبوو، چونکە سەردەمی سەدام دەسکەوت و سەروەرییەکی تیادا نەبوو ئەوەندەی کە زیان و کارەسات و تاوانی هەبوو. بەڵام ئەوە بریسکەی زێڕی سەدام بوو، کە عەبدولناسر هیچی لەوەی نەبوو بۆ ئەوەی چاوانی رۆشنبیرە

میسرییەکانی پێ بنوقێنێ، کە چاو و چاوکراوەیی ڕۆشنبیرانی عەرەب و ڕۆشنبیرە ئوردنییەکانی بەتایبەتی لەهەقیقەتی واقعی دیکتاتۆری و ئەو تاوانە قێزەوەنانە کوێر کرد کە سەدام دەرهەق بەکورد و غەیری کورد کردنـــی دوای ئـــەوەی کـــە ســـەدام ناوچـــەیەکی نیـــشتەجێکردنی ڕۆژنامەنووسـان-ی بۆ ڕۆژنامەنووسە ئوردنییـەکان بونیادنا و ئوتـۆمبیلی مەرسیدس و کورسی خوێندن و بەخشش و ئیمتیازاتی جیاجیای بەسەردا باراندن.

ئەمڕۆش ئەم ئاگایییەیان بۆ دەگەڕێتەوە دوای ئەوەی کە ئەفسون (سحر) ڕەوییەوەو، ئەفسونیش لە ئەفسونباز هەڵگەڕایەوە، کاریگەری بریسکەی زێڕ و ئاڵتونیش نەماو هیچ لەم بریسکەیە نەما جگە لە بریسکەی زێڕی ڕەغد ـ ی سەدام حسێن کە دەڵێن هێشتا کاریگەریی لە ناوەندەکانی هەندێ لە ڕۆشـنبیرە ئوردنییەکانـدا مـاوە، لەوانـەیان کـە لـەڕۆژی لەسـێدارەدانی سەدام-ی ستەمکاردا لەخۆیان دەدا.

— ٢ —

کەواتە، ئایا نیشانەکانی بەئاگاهاتنەوە بە مەسەلەی کورد لای ڕۆشنبیرە ئوردنییەکان، ئەو ڕۆشنبیرانەی کە هەندێ لەخەڵوەتی خۆیان بەئاگاهاتنەوە چین؟، کاتێك گوێبیستی موحازەرەکەی سامی شۆڕش وەزیری پێشووی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان بوون.

لەو نیشانانە، :

١- بایەخدانی گەورەی ڕۆشنبیرە ئوردنییەکان و میدیای ئوردنی بەم کۆڕە لە ڕووی زۆریی ئامادەبوون و جۆراوجۆرییان و نوسینی سەرنج لەبارەیەوە لە میدیای ئوردونی.

٢- سازکردنی گفتوگۆی برایانە لەم کۆڕەدا لەبارەی پەیوەندیی هەردوو گەلی عەرەبو کورد لەنێوان لایەنە جیاجیاکانی رۆشنبیرانی ئوردنداو جەختکردنەوەیان لەسەر ئەوەی کە ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی مێژوویی متمانەپێکراوە. لەو رووەوە هاوپەیمانێتییەك بەدرێژایی هەزار ساڵی رابردوو لەنێوان هەردوو گەلدا دامەزرا و. گەلی کورد بەشداریی لەهەموو جەنگە عەرەبییەکاندا کرد بۆ بەرگرتن لە داگیرکەران. بەڵام ئەم پەیوەندییە گرفتی تێکەوت و وریایی و گومانی گرتەخۆ دوای رێککەوتننامەی سایکس ـ بیکۆ کە وڵاتی شام ـ ی بۆ چەند دەوڵەتێکی بچووك لەژێر پاسەوانی بەریتانیا و فەرەنسا دابەشکرد و کورد ـ ی لەدامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان بێبەشکرد. هەر لەو کاتەشەوە کورد ئیش بۆ یەکخستنی وڵاتەکەیان دەکەن کە بەسەر تورکیا و ئێران و عیراق و سوریا و یەکێتیی شورەویدا دابەشکرا، بەڵام کورد لەهەرێمی کوردستانی عیراقدا بەئارامگرتن و پێداگیریی خۆیان توانیان دوای تێکۆشانێکی دوورودرێژ دەسکەوتی باش بەدەست بهێنن کە خۆیان لە فیدراڵیدا دەبیننەوە.

٣ - کاریگەریی پۆزەتیڤی ئەم کۆڕە کاریگەریی هەر لەسەر رۆژنامەگەریی ئوردنی دانەنا، بەڵکو لەوە تێپەڕی بۆ رۆژنامەگەریی عەرەبی-ش کە نەیار و دوژمنی ماڤ کورد بوون لەوەی دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێت، وەك چۆن پشتگیریی سەردەمی سەدام-یان دەکرد و هێشتاش دەیکەن وەك رۆژنامەی (القدس العربي) کە لەلەندەن دەردەچێت. تارق ئەلفاید ـ ی پەیامنێری ئەم رۆژنامەیە لەعەممان پەیامێکی بۆ رۆژنامەکە ناردووەو بڵاوی کردۆتەوەو تیایدا دەڵێت: لەدانیشتنێکی دیالۆگئامێزدا بەناونیشانی (برایەتیی عەرەبی ـ کوردی بۆ کوێ) کە ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیران و دیبلۆماتکاران و هەندێ لەحزبە ئوردنییەکان

ئامـادەیبوون، سـامی شـۆڕش وەزیـری پێـشووی رۆشـنبیریی هـەرێمی کوردسـتان وتـی: کوردەکـان ئێستا دەتـوانن لـەماوەی ٢٤ سـەعاتدا دەست بەسەر شاری ئابووری ـ ی کەرکوکدا بگرن، واشی لەقەڵەمدا کە لەمێژە ماق خۆیان لەم شارەدا هەیە. ژمارەیەکی زۆر لەئامادەبووانیش پشتگیرییان لە داواکاریی کورد کرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سنووری سیاسی لە کوردستانی عیراق.

٤– ئەم کۆڕە کاریگەریی پۆزەتیڤی بەتەنها لەسەر میدیاکارانی ئوردنیش دانـەنا، بـەڵکو لـەوە تێپـەڕی بـۆ سیاسـییە ئوردنییـەکانیش. لـەو رووەوە، ئەنـدام پەرلـەمانی پێـشووی ئـوردن حـەمادە فەراعینـە لەبـەڕێوەبردنی دانیشتنە گفتوگۆئامێزەکەدا هاوسۆزییەکی زۆر و پیشتگیرییەکی گەورەی نواند کاتێك وتی:((هەڵوێستمان لەدۆزی کورد هەڵوێستی لایەنگیریکردنی پێشوەختە و، دەبێ کورد دەوڵەتی سەربەخۆی خاوەن سـەروەری و سنووری سیاسـیی خـۆی هـەبێت. هـەروەها دەبـێ ئەمازیغییـەکانیش دەوڵـەتێکیان لەجـەزائیردا هـەبێ و ئیریترییـەکانیش دەوڵـەتێکیان لەسـۆماڵدا هـەبێ)). هـەروەها عەبـدولمونعیم ئـەلکوردی، دیبلۆماتکـاری پێـشووی ئـوردن لـە باڵوێزخانـەی ئـوردن لـەعیراق، وتـی: ((دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی کـوردی لەعیراقدا مافێکی سروشتیی کوردە بەبۆنـەی ئەو ستەم و چەوسانەوەیەی کە رووبەڕوویان بووەتـەوە)). حـازم قەشـوع–ی سـکرتێری گشتیی حزبـی (رسـالة)ی ئـوردنیش ئـەوەی خـستەسەر و وتـی: ((ئێمـە پێویـستە رێـز لەبرایـەتیی عـەرەبیمان لەگـەڵ کورددا بگـرین، هـەروەها دەبـێ رێـز لـەداواو هیواکانیـان بگـرین و هـەقی خۆشـیانە کەدەوڵـەتی خۆیـان دابمـەزرێنن)). ئەندازیار موسا ئەلموعایتە سکرتێری گشتیی (پارتی چەپی دیموکراتی)ی ئوردنیش وتـی: ((پێویـستە لەسـەر هـەمووەمان کە لەگـەڵ گـەلی کورددا بین

لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆی و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیدا)).. ئەوەشی خستەڕوو کە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی هەقی کوردەو هەقی نەتەوەی گەورەی کوردە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لەدوای نەتەوەی عەرەب.

٥- بەئاگاهاتنەوە بە مەسەلەی کورد تەنها لەوانەدا نەبوو، بەڵکو لە هەندێ لە ئەکادیمییە ئوردنییەکانیش وەك د. وەدیع ئەلشەرایحە کە مامۆستای ئابوورییە لەزانکۆی ئوردن ئەوەمان بیست کە بەوپەڕی راشکاویو بوێریو ئاگایی زانستیو مێژوویی تەواوەوە وتی: ((راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی عیراقدا مافێکی کەفالەتکراوە، بەلام ژیانی دەوڵەتی کوردی لەچوارچێوەی عەرەبیدا، کانگای بەردەوامبوونێتی)).

پرسیاریش ئەوەیە: ئایا گەڕانەوەی ئاگایی عەرەبی و ئوردونی بەتایبەتی بە مەسەلەی کورد و بەهەموو مافەکانی لایەنەکانی کۆمەڵگا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و پێکهاتەکانی، بەردەوام دەبێت ؟ ئومێدەوارین کە وابێت..

چۆن ئەتوانین پشتیوانی لەگەلی کوردی سوریا بکەین ؟

— ١ —

لەو کاتەرەی کە بەیاننامەی جیهانی بۆ پشتیوانیکردنی گەلی کوردی سوریا لەو مەینەتییە گەورەیەی کە لەگەڵ رژێمی ئێستای سوریادا تیایدایە، لەم رۆژنامەیە و زۆربەی ئامرازە میدیاییە عەرەبییە لیبراڵییەکانی نیشتمانی عەرەبیدا کە بەگشتی لە دۆز و مەسەلەی کورد تێدەگەن، بڵاو بۆتەوە، ئیمزای ئازادیخوازانی کورد و عەرەب و نەژاد و مەزهەب و رەگەزەکانیتر لەسەر یەک دەگاتە پۆستی (رێکخراوی بەرگریکردن لەکەمینەکان و مافەکانی ژنانی رۆژهەلاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقیا). ئەمەش ئەگەر بەڵگەبێت بۆ شتێك ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە جیهانی ئازاد لەگەڵ دۆزە مرۆییەکاندایە و بێ سنور پشتگیرییان دەکات. گرنگیش ئەوەیە کە ئازابین و ئەوەندەی پێویست بێت راستگۆیانە لەگەڵ هەقدابین.

— ٢ —

ئەم بەیاننامەیە، ئەمڕۆ جارێکی دی بڵاوی دەکەینەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی لەهەفتەی رابردوودا نەیانتوانی بیخوێننەوە ئەمڕۆ بیخوێننەوە و ئەوانەی نەیانتوانی ئیمزای لەسەر بکەن ئیمزای بکەن، چونکە ئەوە بڕی ئیمزاکانە، کە لەسەر ئەم بەیاننامەیە دەکرێن، هێزی تەواوی پێ دەبەخشن بۆ ئەوەی قەناعەتپێکەر و کارا و راستگۆبێ بۆ ناوەندەکانی شەرعییەتی نێودەوڵەتی بەگشتی. بەم جۆرەش دەتوانین یارمەتییەکی گەورەی گەلی کوردی سوریا بدەین و، بەکردەوەش پشتگیری و پشتیوانیمان لێ کردبێت نەك تەنها بەقسە و ژاوەژاو..

— ٣ —

دوژمنانی دۆز و مەسەلەی کورد لەجیهانی عەرەبیدا زۆرن. بەبۆنەی دوژمنایەتیی توندییشیان بۆ دۆز و مەسەلەی کورد لەهەموو شوێنێکدا بانگەشەی خوێنەرانیان کردووە کە ئیمزا لەسەر ئەم بەیاننامەیە نەکەن و داوایان لە خوێنەران کردووە کە لەدژی ئەم بەیاننامەیە یەکبگرن وەك ئەوەی ئەم بەیاننامەیە داوای لەنێوبردنی نەتەوەی عەرەبی و ئیسلامی بکات، لەکاتێکدا کە ئەم بەیاننامەیە داوای ژیانەوەی نەتەوەیەك لە نەتەوەکانی ئەم رۆژهەڵاتە پەژموردە و دڵتەنگ و زاڵمە دەکات، نەتەوەیەك کە سەدان ساڵە لەمافە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی بێبەش بووە. کاتێکیش کەرێکخراوێکی جیهانیی وەك (رێکخراوی بەرگریکردن لەمافی کەمینەکان و ژنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا) بەرگری لە مافەکانی کورد دەکا ئەوە ئیدی کەعبەی دنیای

عــەرەبی کــەچ دەبــێ بەتایبــەتیش لەلایــەن بــەکرێگیراوانی موخابــەراتی عەرەبییەوە کە بەتایبــەت بۆ وەڵامدانــەوەی ئــەم جۆرە بەیاننامە لیبراڵییانــە، چەکدارکراون.

ـ ٤ ـ

لەیەکەم هەفتەی بڵاوکردنەوەی ئەم بەیاننامەیەدا دەنگدانەوەیەکی زۆر فراوانی هەبوو، بەڵام، هەروەك وتمان، ئێمە دەنگدانەوەی زیاترمان دەوێت. دەشمانەوێ گەلی کورد و هەموو ئازادیخوازان بیسەلمێنن کە ئێمە لەدژی هەموو دوژمنانی گەلی کوردین لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئیتر ئەو دوژمنانە لە عەرەب بن یان موسڵمانان یان عەرەبە موسڵمانەکان.

ـ ٥ ـ

موخابەراتی سوری کۆمەڵێك لە ئەفسەرە نهێنییەکانی خۆی، بە تایبەت، بانگێشت کردووە بۆ وەڵامدانەوەی هەر نوسەرێك لە میدیای عەرەبیدا کە هــەوڵ بــدات رەخنــە لــەرژێمی ســوریا بگرێــت یــان مــاف هــاوڵاتیی ســوریا بــوروژێنێ، ئــیتر عــەرەب بێــت یــان کــورد. نموونــەی ئەوانــەش ئەوەیــە کــە ئەفــســەرێکی موخابــەراتی ســوری بــە پلــەی عەقیــد کــەخۆی لەبــەرگی فەیلەسوفاندا شاردۆتەوە، وتبووی: (من خەریکم بەزەییم پێیتدا دێتەوە ئــەی کــاکی نوســەر (شــاکر نابولسی)، ئایــا دەکــرێ ئــەم درۆ و دەلەسانە نــاوبنێین بەیاننامەیــەکی جیهــانی؟ یــان ئەمــە تــەنها دەمدرێژییــەکی شەخسییەو هەنــدێ بــای ســك و پــێچ و ئــازاری ریخۆڵەکانــە؟ ئایــا ئــەوەت

نەبیستووە کە دیمەشق میوانداریی یەک ملیۆن عراقیی کردووە (کە لەوڵاتو لەناو خەڵکی خۆیاندان) لەو ملیۆنانانەی کە دیموکراتییە وشککردووەکەتان سەرگەردانی کردوون؟ ئایا ئەو ملیۆنانان هەتیوکەوتوو و بێوەژن و سەرنگومکراو و تەرمە بۆگەنکردوو و سوپا بەکرێگیراوانەت نەبیستووە کە یاری بەخاکی وڵاتی دوو رووبارەکە دەکەن ؟

ئەم ئەفسەرە گومانی لەوەش کردووە کە ئەم بەیاننامەیە لە (رێکخراوی بەرگریکردن لەمافی کەمینەکان و ژنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا)ەوە دەرچووبێت.. بۆ زانین ، ئەم بەیاننامەیە لەلایەن دامەزرێنەرانی ئیشکەری (رێکخراوی بەرگریکردن لەمافی کەمینەکان و ژنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا)ەوە نوسراوە، ئەگەر وانەبووایە، ئەوە بەیننامەیەکی فەرمی لە رێکخراوەکەوە دەرنەچوو..جا سەرەخۆشی لەگومانبەران و فاڵگرەوەکان و سحربازەکان.

ئەندامێکی تر لەئەندامانی ئەم دەزگایە کە خۆی خستبووە بەرگی رەبەنێکی ناسیۆنالیستەوە، وتی: ((من سوری نیم، کوردیش نیم ، بەڵکو هاووڵاتییەکی عەرەبم لەناوەندی نەتەوەی سەروەر-ی عەرەبدا و رژێمی سوریاشم خۆشناوێت، بەلام پێم گرانە کە ببینم شاکر نابولسی-ی فەڵەستینیی هەڵهاتوو لەنیشتمانەکەی خۆی کە داکۆکی لە مافی کوردەکان دەکا وەک چۆن پێشتر بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا ئیشی دەکرد پێش روخانی بەغدا، ئاوها خەریکی دنەدان و هاندانە لەدژی سوریا.. نازانم چی دەوێت.. ئایا گرێی پەنابەرێتیی هەیە و دەیەوێت نەتەوەی عەرەب وێران بکات؟؟ ..((..

بۆ زانین، من فەلەستینی نیم ئەگەر شەرەفی ئەوەشم هەبێت کە فەلستینی بم، بەلاّم فەلەستینی نیم. هەروەها من پەنابەریش نیم و پەنابەریش نەبوومە.. سا چ نائومێدییەکە بۆ ئێوە.

کاتێك کە ئەفسەرانی موخابەراتی سوریا درکیان بە کاریگەریی نێگەتیڤی گەورەی ئەم بەیاننامەیە لەسەر بەرژەوەندی و دەسکەوتەکانیان کرد و، درکیان بەوە کرد کە سبەینێ رژێمی سوریا بەهۆی ئەم بەیاننامەیەوە زیاترو زۆرتر ریسوا دەکرێ، شێت و هاربوون، بۆیە یەکێکیان وتی: ((ئایا هەر کەسێك چەند سەد یۆرۆیەکی لە کۆمەڵە و رێکخراوەکان وەرگرت دەتوانێ بەیاننامەیەکی گەردوونی لەم شێوەیە دەربکات..؟ ئەی دەسبرەکانی جیهان یەکبگرن..! کەی بوارم بۆ دەرەخسێ کە بەیاننامەیەکی جیهانی لەڕێی خوا دەربکەم و یەك یۆرۆ چییە وەرینەگرم، دەریبکەم بەناوی ئەو خوێنەرە داماوانەی ناچاردەکرێن توپرهاتی هەندێ نوسەری زۆر بەرێز قوت بدەن))..

جا لەگەڵمدا سەرنجی کۆمەڵێك هەڵەی زمانەوانی و دارشتن لەم توانجەدا بدەن کە لەوە سەرهەڵدەدا ئەندامانی موخابەراتی سوری شتێکی دی نین جگە لە کۆمەڵێك نەزان و نەخوێندەوار و، بە ئاگر و ئاسن حوکمڕانیی گەلی سوریا دەکەن.

بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا تاقە وەلاّمێك بۆ هەموو ئەوانە و خەڵکانی تر لە دوژمنانی هەق و راستی، پێشوازیکردنی گەورەی ئیمزاکردنە لەسەر ئەم بەیاننامەیە کە لێرەدا سەرلەنوێ بلاّوی دەکەینەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی نەیانتوانیوە بیخوێننەوە بیخوێننەوە و ئیمزای لەسەر بکەن.

بەیاننامەی جیهانی بۆ پشتگیری گەلی کورد لەسوریا

ئێمەی ئیمزاکەران لەسەر ئەم بەیاننامەیە، بەهەموو هێزێکی خۆمانەوە پشتگیریی لەگەلی کوردی سوریا دەکەین، کەڕووبەڕووی سیاسەتێکی شۆڤێنی بووەتەوە لەلایەن رژێمی سوریەوە، هەر لەسەرەتای گرتنەدەستی دەسەلاتەوە لەلایەن حزبی بەعسی دەسەلاتدارەوە.

ئەوە بوو لەساڵی ١٩٦٦دا یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی، جووتیارە کوردە هەژارەکانی بێبەریی کرد لەو یاسایەو نەیهێشت سوودی لێ ببینن و لەمیانی گفتوگۆی یاساکە لەئەنجومەنی گەلدا وەزیری کشتوکاڵ ئیعترافی لەسەر ئەو حاڵەتە کرد، لەو مێژووەوە تاوەکو ئەمڕۆ گەلی کورد لەسوریا قوربانی دەستی چەوساندنەوەی شۆڤێنی هەمەلایەنەیە کە بەدەستگیرکردن دەستپێدەکات و بەکوشتن کۆتایی دێت، هەروەکو ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٥دا شێخ محەمەد مەعشوق ئەلخەزنەوی ڕووبەڕووی بووەوەو لەلایەن موخابەراتی رژێمەوە دەستگیرکراو پاشان لەسێدارەیاندا بێ ئەوەی دادگایی بکەن و پاشان رایانگەیاند کەهەندێ کەسی نادیار رفاندویانەو پاشان کوشتوویانەو تەرمەکەیان لەسەر ڕێگایەك فڕێداوە.

لە٢٣ی ئابی ساڵی ١٩٦٢دا رژێمی سوری بەپێی مەرسومی ژمارە ٩٣ زیاد لە١٥٠ هەزار کوردی لەسوریا بێبەش کرد لەڕەگەزنامە، بەپێچەوانەی ئەو ڕێککەوتننامەو راگەیاندنە جیهانییەی مافی مرۆڤ کە پارێزگاری لەمافی مرۆڤ و کەمە نەتەوەکان دەکەن لەجیهاندا، پاشان رژێمی سوریا لەساڵی ١٩٦٦دا لەناوچەی حەسەکە هەستا بەدروستکردنی پشتێنەیەکی عەرەبیی دروستکرد بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب تێیداو لەساڵی ١٩٧٤یشدا ئەو پرۆسەیەی جێبەجێکرد، هەروەها چەندین زەوی و

زاری بەسەر خێڵە عەرەبییەکانی ناوچەی جەزیرەدا دابەشکرد وەکو جێبەجێکردنی سیاسەتێکی رەگەزپەرستانە: لەم دواییەشدا وەزارەتی کشتوکاڵ و چاکسازیی کشتوکاڵی یاسای ژمارە ١٦٨٢ی لەمانگی شوباتی ٢٠٠٧دا دەرکرد بەمەبەستی دروستکردنی پشتێنەیەکی نوێی عەرەبی، کە مەبەست لێی جیاکردنەوەی کوردەکانی سوریایە لەکوردەکانی کوردستانی عیراق و لەو پێناوەشدا ١٥١ خێزانی عەرەبی لەسەر زەوی و زاری کورد نیشتەجێکردووە، کە ئەمەش سیاسەتێکی بەرچاوی پاکتاوی رەگەزییە.

رژێمی سوری لەجیاتی ئەوەی لەهەوڵی چارەسەکردنی کێشەی کورددا بێت و دان بەمافەکانیاندا بنێت کەخۆی لەپێناسی کەسی و پەساپۆرت و مافی هاتووچۆکردن بەئازادی و چەند مافێکی سەرەکی تر دەبینێتەوە، بۆ ماوەی ٤٤ ساڵە بەردەوامە لەسەر سیاسەتە دوژمنکارییەکانی کە لەخراپەوە بەرەو خراپتر دەڕوات.

ئێمە کە لەسەر ئەم بەیاننامەیە واژۆمان کردووە، داوا لەهەموو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامی و هەموو جیهان دەکەین بەتایبەتی ئەو رێکخراوانەی کەبەرگری لەمافی مرۆڤ و هاوولاتی دەکەن، هەروەها داوا لەئەنجومەنی مافی مرۆڤ لەنەتەوەیەکگرتووەکان دەکەین کەهەمووان بەیەکەوە ناڕەزایی دەربڕن دژی ئەو پێشێلکردنانە کەڕووبەڕووی مافەکانی کورد بووەتەوە لەسوریا، بەمافی چارەی خۆنووسینیشەوەو داوابکرێت لەحکومەتی سوریا کە دەستهەڵبگرێت لەچەوساندنەوەی کورد لەو وڵاتەدا، داواش لەڕێکخراوە سیاسی و مرۆییەکانی سوریا دەکەین کە گرنگی بدەن بەبەرگریکردن لەکێشەی رەوای کورد لەسوریا، چونکە چەوساندنەوەی گەلی کورد لەسوریا تەواوکەری چەوساندنەوەی گەلی سوریایە، کەڕزگاربوونی

یەکێکیان بەڵێنە بۆ رزگاربوونی ئەوی تریان لەدەستی دوژمنکارییەکانی موخابەرات کە رۆژانە ئازادییەکانیان پێشێل دەکات.

بۆ هەموو ئەو ئازادیخوازانەی کە دەیانەوێت ئەم بەیاننامەیە واژۆ بکەن، ناوو پیشەو شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بۆ ئیمەیلی (رێکخراوی بەرگریکردن لەژنان و کەمە نەتەوەکان لەرۆژهەلاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقا (میموا) بنێرن:

memwa_z@yahoo.com

وەرگێری بەیاننامە:

ئاری عەلی غەریب

نەسکی دووەم

لەبارەی عیراقەوە

شەڕی ئەهلیی عیراق: خەون و وەهم

— ١ —

لە بەرەبەیانی۹ ی نیسانی ۲۰۰۳ و کەوتنی بتەکانی سەدام حسێن-ی سەرکوتگەرەوە، لە کۆمەڵێکی زۆر لە تیۆریستانی گروپە تیرۆریستییەکان و نوسەرانی تیرۆریزم و فیقهزانەکانی تیرۆر و هاوچەشنەکانیان و، لە رەگەزگەلێکی زۆری نەتەوەپەرستەکانەوە دەخوێنینەوە و دەبیسین و دەبینین کە قسە لەسەر ئەگەری بەرپابوونی شەڕێکی ئەهلی دەکەن لە عیراقدا، شەڕێك کە تەڕ و وشکی تیا دەسوتێ و عیراق وێران دەکا و ئەوانە لە ناو دەبا کە فەرمانڕەوایی سەرکوتگەری پێشوویان روخاند. هەروەها ئەم بانگەشەیە دەنگدانەوەی خۆی لە راگەیاندنی رۆژئاوا بەتایبەتیش لە راگەیاندنی ئەمریکادا لەلایەن گروپگەلێکی جیاوازەوە لە حزبی دیموکرات و لە رۆژنامەنوسان و پێشکەشکارانی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و نوسەران و ئەکادیمییان و سیاسەتمەداران و بڕیاربەدەستان لە کۆشکی سپی و

کۆنگرێس و وەزارەتی دەرەوە و هی ترەوە، دایەوە. هەروەها لەناو ئەو خەڵکانەدا، ئەو گروپانەش کە لە سیاسەتەکانی سەرۆک بوش و لە کۆمارییەکان توڕەن.

هەروەها لەلایەن زۆربەی رۆشنبیرە ئەوروپییە بەرهەڵستکارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە و، لەلایەن زۆرێك لە میدیاییە چەپەکانەوە ئەوانەی رق ئەستوورن لە ئەمریکا و سیاسەتە دەرەکییەکانی بەشێوەیەکی گشتی، لەلایەن بەرهەڵستکارانی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی-ی ئەمریکاشەوە و لەلایەن پارتە شیوعییەکانی ئەوروپاوە کە دوژمنایەتی و رقو کینەیەکی زۆریان لە ئەمریکایە بەو باوەڕەیان کە ئەمریکا بەشدارییەکی گەورەی کردووە و فاکتەرێکی کارا بووە لە روخاندنی ئیمبراتۆرییەتی یەکێتیی سۆڤێت و داڕمانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی ئەوروپای رۆژهەلات، هەڵمەتێکی فراوانمان بینی کە مزگێنیی بەرپابوونی شەڕی ئەهلی دەدا لە عیراقدا. بیرژان لویزان-ی شارەزای فەرەنسی لە کاروباری عیراق لە یەکێ لە ئەنجوومەنەکاندا کە سەربە حکومەتی فەرەنسایە، دەڵێ: ((سەرلەنوێ بونیادنانی عیراق کارێکە شکست دەهێنێ))، پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێ کە عیراق توشی شەڕێکی ئەهلی دەبێت کە کۆتایی بۆ نییە. لە هەر رۆژنامەگەرییەکی رۆژئاوا زیاتریش کە مژدەدەری بەرپابوونی شەڕێکی نزیکی ئەهلی بووبێ لە عیراقدا یان شەڕێك کە بەرپابووبێ، رۆژنامەکانی بەریتانیایە بە تایبەتی ئەو رۆژنامانەی کە بەرهەڵستکاری سیاسەتی دەرەوەی تۆنی بلێر و گرێدراوێتیی ئەون بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە. لەو رۆژنامانەش رۆژنامەی ئیندیپێندت هەیە کە باترێك کۆکبێرن وتارێکی تیادا نوسیوە و دەڵێ: ((شەڕی ئەهلیی لە عیراق بۆتە کارێك کە نابێ گومانی لێ بکرێت و، بەغداد-یش وەرچەرخاوە بۆ ١٠ شار

کــە کەوتونەتــە دوژمنایــەتیکردنی یــەکتر، لــەو رووەوە ســوننە و شــیعە کەوتونەتـە یـەکتر کوشـتن)). لێرەشـدا دەبوایـە کـۆکبێرن لـە قەسـەکردنیدا ووردبوایە و بیوتبایـە ((شـەڕی مەزهـەبیی نێوان عـەرەبی سوننە و عـەرەبی شیعە لـە بـەغدادا کارێکـە گومـانی تێـدا نییـە)) نـەك بڵێت ((شـەڕی ئـەهلی لـەعیراق کارێکـە نـابێ گومـانی لـێ بکرێـت)) چونکـە شـەڕی ئـەهلی ـ ئەگـەر ئێستا بـە کـردەوە لـە عیراقدا بـەرپابوبێت ـ ئـەوە تـەنها لـە نێوان گروپێکی دیاریکراوی عەرەبی سوننەو گروپێکی دیاریکراوە لەعەرەبی شیعە.

ـــ ٢ ـــ

ئەمــەش نــەتوانین درێــژی بکەینــەوە بــۆ ســەر تــەواوی چــاودێران و سیاسەتمەداران لە رۆژهەڵات و رۆژئاواشدا، ئەوانەی کە لە بارەی کاروباری عیراقەوە قسە دەکەن و، بەهەڵەدا دەچن کاتێك کە قسە دەکەن یان بە گشتی لەسەر شەڕی سەرتاسەریی ئەهلیی عیراق کە ئێستا لە عیراقدا بەرپابووبێت، دەنوسن. ئەوان هەر ئا ئەمەشە کە ئومێدی دەکەن و خـەونی پێوە دەبینن، بگرە عەقڵی بنەوەیان و ماخۆلانەکانیان وەهمێکیـان پـێ دەڵێن کە ئەوان بـە ڕاستی-ی لەقەڵەم دەدەن. لەم رووەوە ململانێی تایەفی و مەزهـەبی لـە نێوان گروپێکی کـەم لـە عـەرەبی سـوننە و گروپێـك لـە عـەرەبی شیعە، بـە تـەنها ململانێـی ئـەمڕۆ یـان دوێنـێ نییـە. ئـەم ململانێیـە ململانێیـەکی مێـژوویی داپۆشراوە لە نائاگایی بەکۆمەڵی سوننە و نائاگـایی بە کۆمـەڵی شیعەدا لـە شـەڕی جەمـەل-ی سـاڵی ٦٥٦ ی زاینییـەوە لـە نێـوان حزبـی عائیـشە و سوپای خەلیفەی موسڵمانان عەلی کوڕی ئەبی تاڵب -دا کە تیایدا تەڵحە-ی کـوڕی عوبەیـدوڵڵا و زوبێـر-ی کـوڕ عـەوام و ٣٢ هـەزار لـە موسـڵمانان

کوژران، پاشان ناکۆکییەکە لە دوای شەڕی صەفین- ی ساڵی ٦٥٧ ی زاینیی نێوان سوپای موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان و سوپای عەلی کوڕی ئەبی تاڵب – دا فراوان بووەوە و بە شەهیدبوونی خەلیفە (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) کۆتایی هات لە ساڵی ٦٦١ ی زاینیدا. لەو مێژووەشەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆ ناکۆکی لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننە بە تایبەتی لە عیراقدا بەردەوامە. ئەم ناکۆکییەش وەك ئەفسانەیەك هەیە دەڵێ: وەك جنۆکەی خۆحەشاردراو وایە لە قەفەسەکەیدا، هەر کە دیکتاتۆری لەعیراقدا روخا و ئازادیو دیموکراسی لەعیراقدا بڵاوبووەوە ئەم جنۆکەیەش لە قەفەسەکەی دێتە دەرەوە. هەروەك چۆن ڤایرۆسەکان لە کەشوهەوا گەرمەکاندا زیاد دەکەن و بڵاو دەبنەوەو نەخۆشییەکانیان بڵاو دەبێتەوە، حاڵی ڤایرۆسەکانی شەڕی تایەفیو مەزهەبیش هەروایەو لەگەڵ گەرمبوونی کەشی سیاسییدا، کە خۆی لە بڵاوبوونەوەی ئازادیو دیموکراسیدا دەبینێتەوە، بڵاودەبێتەوە. ئەم ڤایرۆسە شەڕئامێزە مەزهەبیو تایەفییانەش لەشوێنی ساردوسڕو سەهۆڵبەندیی فەرمانڕەوایی دیکتاتۆرییدا خەوتبوون، ئەو فەرمانڕەواییەی کە بە دڵڕەقیی ساردوسڕی خۆی هەموو شەڕێکی تایەفیی فکریو رۆشنبیریو مەزهەبیی چەکدارانەی دادەپڵۆساند.

— ٣ —

میدیای عەرەبیی رق ئەستوور لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەم دەنگانەی، کە خاوەن کاریگەرییەکی گەورەن لە رۆژئاوادا، وەرگرتو پەخشی کردنو وای لە قەڵەم دان کە دەنگی هەقو راستیی رۆژئاوان و، هیواو خەونو وەهمگەلێکی گەورەشی لەسەر بونیادنان و، کەوتۆتە ئەوەی، بە دووی ئەم دەنگانەوە، وەك بەبەغا باس لە ئەگەری بەرپابوونی شەڕێکی

ئەهلیی سەرتاسەریی عیراقی دەکات. بگرە لەم ماوەیەی دواییدا ئەوەی دا بەگوێی وەرگرانی (المتلقين) عەرەبدا کە شەڕ لەعیراقدا بە کردەوە بەرپا بووە، ئەمەش لەخۆیدا بریتییە لە وێنەیەك بەبێ چوارچێوەو چاوەڕێی هەندێ مێژوونووسە تا بیخەنە چوارچێوەی مێژوویی شایستەی خۆیەوە.

زۆرێك لەسیاسییە عیراقییەکانیش بەرەو وتنەوەی ئەمە رۆیشتن. بەتایبەتی ئەوانەی کە ئێستا لەریزی ئۆپۆزسیۆنی عیراقیدان. لەم بارەوە ئەیاد عەلاوی لەقسەکردنیدا بۆ تۆڕی تەلەفزیۆنی I.B.Cی ئەمریکادا دەڵێت: شەڕی ئەهلی لەعیراق بە کردەوە دەستی پێکردووە.. دیاردەکانی ئەم شەڕەش شی دەکاتەوەو دەڵێ : " هیچ دامەزراوەیەك نییە بۆ پاراستنی خەڵك، لێرەو لەوێی عیراقدا پاکتاوکردنێکی ئەتنیکی هەیە، ئەمەش لە واقعدا بۆ ئاستی شەڕی ئەهلی چۆتە پێشەوە" ئەوەیش کەبەسەر بارودۆخی عیراقدا هاتووە دەخاتەڕوو و دەڵێ: " ئابوری گەیشتۆتە هیچ، خزمەتگوزارییەکان ناهەموارن، مەزهەبگەرایی لە ئارادایە، میلیشیاکانیش دەستی گرتووە بەسەر زۆرێك لە گەڕەکەکانی بەغدادا، ئەمانە واقعن و شتێك نین خەیاڵکرد بن".. هەرچی هینو فیۆرتنژ ـ ی شیکەرەوەی سیاسیی ئەڵمانیایە کە لەپەیمانگای ئەڵمانیای لێکۆڵینەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست-ە، ئەوە ژمارەیەك سیناریۆی بۆ پاشەرۆژی عیراق داناوە، لە یەکێکیاندا گریمانەی سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسیی کردووە و لە یەکێکی تریشیاندا گریمانەی سەرنەکەوتنی ئەم پرۆسەیە و گەیشتنی عیراقی کردووە بە دۆخێکی خراپتر کە لەو حاڵەتەشدا ئەگەری شەڕی ئەهلی زیاترە.

ــ ٤ ــ

عاقڵە پێگەیشتووەکان لە سیاسییە عێراقییەکان درکیان بە حەقیقەتی ئەوە کردووە کە لە عێراقدا بەڕێوەدەچێت، ئەو مێژوو و واقعەش کە ئێستا هەیە بە چاوکراوەیی دەخوێننەوە نەك تەنها بە چاو .

دیارە عێراق هەر هەمووی نەگلاوەتە ئەم پاکتاوکردنە مەزهەبی و تایەفییەوە، هەر هەموو عێراقیش نییە کە خەڵکەکەی تۆڵەی کۆن لە یەکتری بکەنەوە. هەر هەموو عێراقیش نییە کە بەو گۆماوە ڕۆژانەیەی خوێنڕشتن دەخنکێت. ئەوانە بنکەی مەزهەبگەرا و تایەفەگەر-ی تۆڵەئەستێنن کە چەندین سەدەی دووروودرێژە لە بن خۆڵەمێشی ئاگرینی فراواندا خەوتبوون، بەڵام ئاگری ئەم خۆڵەمێشە لە دڵدا هەر بەگڕگرتوویی مابووەوە، بگرە ئەمە، وەك لە کتێبەکەی خۆم (بومەلەرزە)دا باسم کردووە، لە جۆری سێیەمی گڕکانە. لە جیهانیشدا سێ جۆری گڕکان هەیە، گڕکانی کارا، گڕکانێکیش کە گەرمیی نەماوە، یەکێکی تریش کە دوکەڵ و هەڵم دەبەخشێ، ئەمەش ئەو جۆرەی گڕکانە کە ئێستا لە نێوان هەندێ عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعەدا هەیە . گڕکانیش دەرئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەو کاراییە ئاگرییانەیە کە لە بن زەیدا هەن. ئەتوانرێ واش باس بکرێت کە شوێنێکە دەمێکی تێ دەکەوێت یان درزێك و لێیەوە مادەی تواوەی گەرم دەرئەپەڕێ، لەگەڵیشیدا هەڵم و غازات و تین و خۆڵەمێشی گڕکانی. لە ئەنجامی گوژمی ئەم ماددانەش و کۆبوونەوەیان و کەڵەکەبوونیان، تەنی هەرەم شێوە پێك دێت و بە درێژایی کات شێوەی شاخی گڕکانی وەردەگرێت. حاڵیش لەگەڵ ناکۆکییە تایەفی و مەزهەبییەکاندا هەروایە و

هەرکە تـوێکڵێکی ناسـك لـه حـوکمی دیمـوکراتیی نـوێی لێبـووردە دەبینـیٚ پێیدا دەتەقێتەوە و گڕو ئاگرە داپۆشراوەکانی سەدان ساڵی خۆی بەسەردا دەکا. ئەمەش ڕێك ئەو شتەیە کە ئێستا بە بۆنەی دراوسێکانی عیراقەوە ڕوودەدەن وەك سوریا و ئێران کە شانبەشان وەستاون بۆ ئەوەی پـرۆژەی سیاسیی دیموکراسیی عیراق و، هـەروەها پـرۆژەی فیدراڵیی عیراقیش، کە مـافی خودحـوکمڕانیی بەخشییە کـورد، شکست بهێنـیٚ. ئەوەش لـه ترسـی ئەوەی حەوت ملیۆن کورد لە ئێران و سـوریا کـه ۲۹٪ ی ژمارەی کوردە لـە جیهانـدا، داوای هـەمان شت بکـەن. ئەم ڕاستییەش سـەرۆك کۆمـار جـەلال تاڵەبانی لەکاتی سەردانەکەی ئەم دواییەی بۆ پاریس درکی پیٚ کرد کاتێك کە بە هۆشیارییەکی سیاسیی قووڵ و خوێندنەوەیـەکی چـاوکراوانەوە بۆ مێـژوو، بـوونی شـەڕێکی ئـەهلیی لـە عـیراق ڕەتکـردەوە و ئامـاژەی بـەوەدا کردەوەکـانی کوشـتن کـە ئێـستا ڕوودەدەن هەنـدیٚ لـە گـروپـە تونـدڕەکان ئـەنجامی دەدەن ئـەوەش لـەپێناوی دروسـت کردنـی ئاژاوەگێڕی لـە نێـوان ڕۆڵەکانی گەلی عیراقدا.

هەرچـی مەسـەلەی شـەڕی ئـەهلیی سەرتاسەرییە لە عیراقدا، ئـەوە ـ هـەر وەك مام جەلال تاڵەبانی وتـی ـ وەك خـەونێك دەمێنێتـەوە و ئاژاوەگێڕەکـان باســی دەکـــەن، وەکـــو وەهمێکـــیش لەکەللەســـەری هەنـــدیٚ چـــاودێرو سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، دەمێنێتەوە.

ئایا بەڕاست،
یەکبوونی عیراق لە دابەشبوونیدایە ؟

ـ ١ ـ

" ئەنجوومەنی شورای موجاهدین " لە عیراق بە سەرکردایەتیی "ڕێکخراوی قاعیدە" لە تۆمارێکی دەنگیدا کە " کەناڵی ئەلجەزیرە" پەخشی کرد، دامەزراندنی " دەوڵەتی ئیسلامیی عیراق"ی ڕاگەیاند. ئەوەیش کە ناوی لێناوە " دەوڵەتی ئیسلامی "ی لە بەغدا و پێنج پارێزگای عیراق کە بەغداو پارێزگاکانی ئەنبار و دیالەو کەرکوکو سەلاحەدینو نەینەواو چەند بەشێکی هەردوو پارێزگای بابلو واست لەکۆی ١٨ پارێزگا کە عیراقی لێ پێك دێت، دەگرێتە خۆی، وەلامدانەوەی پەسەندکردنی پەرلەمانی عیراقە بۆ یاسای پێکهێنانی هەرێمەکانو، وەلامدانەوەیە بۆ ئەوەی کە بە " دەوڵەتی کوردەکان لە باکور" و " فیدراڵیی شیعە" ناوی بردووە. " ئەنجوومەنی شورای موجاهیدین"یش داوای لە "موجاهیدین" و زانایانی عیراق و شێخی عەشیرەتەکانو هەموو خەڵکی

سوننه کردووه که بەیعەتی ئەمیر ولموئمنین شێخ ئەبو عومەری بەغدادی بکەن. ئەم "دەوڵەتە ئیسلامییە"ش کە پشتگیریی هەندێ سەرگەورەی عەشیرەتەکانی بەدەست هێناوە هەوڵی ئازادکردنی دیکتاتۆری سەرکوتگەر سەدام حوسێن دەدات. لەهەواڵێکی گرنگیشدا کە پشت گوێ خرا تەنها لەرۆژنامەی واشنتۆن پۆستدا نەبێ کە بەبایەخەوە بڵاویکردۆتەوە، دەڵێ: ۳۰۰ سەرۆك عەشیرەتی عیراقی کە زۆربەیان سوننەن، لە شارۆچکەیەکی باشوری کەرکوکدا کۆبونەتەوە بۆ ئەوەی داخوازییەك بۆ ئازادکردنی سەدام حسێن دەربکەن. یەکێك لەو سەرۆك عەشیرەتانەش کە ژمارەی عەشیرەتەکەی دەگاتە ٥,١ ملیۆن کەس، وتی: ئەگەر ئەم داخوازییە جێ بەجێ نەکرێ ئەوە دەست دەکەین بەراپەڕینێکی راماڵینی میللیی گشتی .

— ۲ —

ئەوەی کە سەیرە هیچ گروپێکی ئیسلامیی سوننی یان رێکخراوێکی ئیسلامیی سیاسیی سوننی لە ناوخۆی عیراق و دەرەوەیشیدا ئەم دەبەنگییەی سەرزەنشت نەکرد. لە برازوتی ئیخوان موسلمین-یش و نوسەرانیانمان لە رۆژنامەگەریی عەرەبی و توانجدەرانیان لە کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان چاوەڕێ دەکرد کە ئەم رەفتارە دەبەنگانەیە سەرزەنشت بکەن، بەڵام هەموو ئەوانە بێدەنگ بوون وەك ئەوەی بە شەرمی کچانی عازەب و بێدەنگیان پیرۆزبایی دامەزراندنی " دەوڵەتی ئیسلامیی عیراق" بکەن و بە هیوای ئەوەبن ئەم " دەوڵەتە" ناوکێك بێ بۆ دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیی بەڵێنپێدراو کە ئەو خەڵکانە بانگەواز بۆ دامەزراندنی دەکەن، ئەمە بە رادەیەك لەلایان بۆتە گرێیەکی سایکۆلۆژی و سیاسی،

گرنێیەك كە پاڵی پێوە ناون میهرەبان بن و بگرین بەسەر دەوڵەتی خەلافەتی تاڵیبانـدا و بەرلـەویش خەلافـەتی ئومـەوی لـە ئەنـدەلوس و خەلافـەتی عوسمانی لە ئاستانە. ئەو خەڵكانە سەرخۆشیش بوون و مەستی گرتنی بە مەستیی خەلافەتی بەدەستهێنراو كاتێك كە بیستیان وتەبێژی " دەوڵەتی ئیسلامیی عیراق" دەڵێ: ((ئامانج لە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە ئیسلامییە بۆ پاراستنی ئاینەكەمان و خەڵكەكەمانە و بۆ رێگرتنە لە ململانێ و بۆ ئەوەیە كە خوێن و قوربانیی شەهیدەكانیان بە فیڕۆ نەچێت)) هەروەها وتی: ((بەغداد-ی ئەلرەشید و خەلافەت كە باب و باپیرانمان بونیادیان ناوە لەدەستمان دەرناچێ مەگەر لەسەر لاشەكانمان)) ئەمە لە كاتێكدا، هات و هاوار و داوای فریاكەوتن بەرزدەبێتەوە و نارەزایی دەدەبڕدرێ لەبەرامبەر " یاسای هەرێمەكان". لەم رووەوە عەدنان دلێمی-ی سەرۆكی " بەرەی تەوافوق" دەڵێ: " بەرەی تەوافوق دانیشتنەكانی پەرلەمانی بایكۆت كردووە بە ئامانجی رێنەدان بە تێپەڕینی یاسای فیدراڵی لە رێی دەنگدانەوە، ئەوەش لە میانەی تەواو نەكردنی رێژەی یاسایی. بەرە ئەوەی كە لە تواناشیدا بووە كردوویەتی بۆ تەگەرە دانان لەبەردەم یاساكەدا و بەرپرسیار نییە لەبەردەم عیراقییەكاندا و لەبەردەم دەرئەنجامە سلبییەكانی لە دواڕۆژدا.".. سەلمان جومەیلی ـ ی پەرلەمانتار و ئەندامی بەرەی تەوافوق ـ یش وتی: ئەم یاسایە ئامادەكراوێكە بۆ دابەش كردن. خەڵەف ئەلعەلیان ـ یش كە ئەندامی " بەرەی تەوافوق"ە تێپەڕین و پەسەند كردنی یاساكەی بە پیلان ناوبرد.

هەروەها لە ناو عەرەبچی و نەتەوەپەرستەكاندا خەڵكێكی زۆرمان بەدی نەكرد سەرزەنشتی ئەم گەمە هەرزەكارییە و ئەم قەوارە تیرۆریستییە خەیاڵییە لافدراوانە بكەن كە خۆی لە " دەوڵەتی ئیسلامیی عیراق" دا

دەنــوێنیٚ. ئەمــەش وامــان لــێ دەکــا پێمــان وابێــت کــە عەرەبــچی و نەتەوەپەرســتەکان بــە بێــدەنگی و رووگیربوونــەوە پیرۆزباییــان لــەم کــارە دەبەنگانــە کردبێــت ، ئەمــەش لەبــەر خۆشویــستنی " دەوڵــەتی ئیــسلامیی عیراق" نا ، بەڵکو وەك کینە و دژایەتیکردنی کورد و ئەو قەوارە سیاسییە فیدراڵییــەیان کــە ئێــستا خەریکە بــەرەو خــۆر ڕێگــای خــۆی دەبڕێــت و لــە سپێدەی نەوەدەکانی سەدەی رابردووشەوە بۆتە دیفاکتۆ. ئەم هاوپەیمانییە ناڕاســتەوخۆیەش لــە نێــوان ئیــسلامگەراکان و نەتەوەپەرســتەکاندا لــە گۆڕەپــانی عــەرەبی شــتێکی نــامۆ نییــە ئەگــەر ئــەوە بــزانین کــە ئێــستا هاوپەیمانییەکی سیاسی لە نێوان هەندێ گرووپی شیوعی و ئیسلامگەرا لە عیراقــدا هەیــە ، ئائەمــەش حــاڵی سیاســەتە : بەرژەوەنــدیی هاوبــەش و ئایدیۆلۆژیای جیاواز.

— ٣ —

کەواتــە لــە هــەموو ئەوانــە ئــەوە تێدەگــەین کــە سیــستمی فیــدراڵی سیــستمێکی ڕەوا و پــیرۆز و ئــارەزووکراوە کاتێــك لــە پێنــاوی دامەزرانــدنی دەوڵــەتی خەلافــەتی ئیسلامیدا بێت لــە ناوەڕاســتی عیراق. بــەڵام سیــستمی فیدراڵی کتوپڕ و بە پلەی ١٨٠ وەردەچەرخێ بۆ تــاوانێکی گــەورە دەرهــەق بــە ئیــسلام و عروبــەت و، وەردەچــەرخێ بــۆ سیــستمێکی ڕۆژئــاوایی کۆلۆنیالیستیی بارگاوی بە مــەرام و ئامــانجی قێــزەونو. مــەرام لــە جــێ بەجێکردنیــشی لــە عیراقــدا بــۆ پارچــە پارچــەکردنی عــیراق و لــەباربردنی یــەکبوونی و بــۆ دابەشــکردنێتی کاتێــك کــە کوردەکــان لــە بــاکوردا نیــازی دامەزراندنی قەوارەی فیدراڵیی خۆیــان هــەبێت . واتــە سیــستمی فیــدراڵی لــە

نەریتی ئیسلامگەرا " موجاهیدینەکان"دا ئەم وتەیەی شاعیری بەسەردا جێ بە جێ دەبێت :

حەرامە بۆ بولبولەکانی خۆی کە بخوێنێ

حەڵاڵە بۆ باڵندەکانی تر لەهەر ڕەگەزێکی دی بن

ئەمە لە کاتێکدا کە – ئەگەر ئیسلامگەراکان بەوە بزانن– سیستمی فیدراڵی سیستمێکی سیاسیی پێشکەوتنخوازە و ناتوانن جێ بە جێی بکەن تەنها ئەو گەلانە نەبن، کە بەشێکی گەورەیان لە پێشکەوتنی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا بەدەست هێناوە. هەر لەبەر ئەوە، ئەم سیستمە لە رووی سیاسییەوە لە پێشکەوتوترین وڵاتەکانی جیهاندابوو کە سەرکەوت، وەك ئەمریکا، کەنەدا، ئوستراليا، ئەڵمانیا، بەلجیکا، نەمسا و سویسرا. ئەگەر سیستمی فیدراڵیش بەشێوەیەکی تەواو و تەندروست لەعیراقدا جێبەجێ بکرێت ئەوە زۆر کێشەی عیراقی هەمەلایەن و جۆراوجۆر چارەسەر دەکات، چونکە فیدراڵی لە بنەڕەتدا واتە (پەیماننامە و رێککەوتن) ئەمەش بەو مانایەی کە زاراوە لاتینییەکەی هەیەتی foedus.

کاریگەریی " حاڵەتی عیراق "یش لەسەر جیهانی عەرەبی تەنها لە میانەی فیدراڵییەتەوە نابێ کە ئێستا زۆربەی شەبەنگەکانی گەلی عیراق لەپێکهاتنی دەوڵەتی عیراقی ساڵی ١٩٢١ەوە داوای دەکەن، بەڵکو ئەم کاریگەرێتییە بە لایەنە ئەرێ و نەرێکانیشیەوە کاریگەرێتییەکی گەورە دەبێت لەسەر جیهانی عەرەبی، ئەو جیهانەی کە لە بەرەبەیانی ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ەوە چۆتە چاوی زریانی جیهانگیری و چاوی زریانی مۆدێرنە و چاوی زریانی تیرۆریزمیشەوە. ئەگەر فیدراڵیش لە عیراقدا جێ بە جێ بکرێت و خواردنی ئەم فیدراڵییەتە هەموو عیراق نۆشی بکا، ئەوە دەبێتە نموونەیەك و لە زۆر لەو وڵاتە عەرەبییانەدا چاوی لێدەکرێ کە تایەفە

نەژادی و ئاینییەکانیان دوچاری گۆشەگیریی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری بونەتەوە وەك ئەوە حالی عیراق بوو لە دامەزراندنی دەولەتی عیراقییەوە ١٩٢١. هەموو ئەوەش مانای ئەوەیە کە دەولەتی عەرەبی لە هەر شوێنێکی جیهانی عەرەبیدا بێت داوای ئەوەی لێ دەکرێت کە چارەسەرێکی زووەخت و خێرا و واقعی و عەقلانی بۆ کێشەی کەمینەکان بکات و مافە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانیان بدا بەرلەوەی کێشەکان خراپتربن وەك ئێستا لە عیراقدا خراپتر بووە. هەر ئەمەشە کە هەندێ سیاسیی عیراقیی عەقلانی و پێگەیشتوو لێی وریا بونەتەوە، لەوانە جواد ئەلعەتار ـ ی وتەبێژ بەناوی "ڕێکخراوی کاری ئیسلامی " لەعیراق کە دەلێ :" فیدرالی واتە پاراستنی یەکبوونی عیراق بە خاك و گەلەوە، چونکە ئەگەر ڕاپرسی لەناو عیراقییەکاندا بکرێت لەبارەی مەسەلەی یەکبوونی عیراق بەبوونی ڕژێمێکی سەراپاگیری دیکتاتۆری، ئەوە ئەنجامی ڕاپرسییەکە ڕەت کردنەوە و خواستنی جیابوونەوە و دابەشکردنی عیراق دەبوو، لەم ڕووەشەوە جارێکیان جیابوونەوەی کوردستانمان بەرلە ١٢ سال لە سایەی ڕژێمی دیکتاتۆریی سەدامدا بینی، ئەو کوردستانەی کە ئێستا لە سایەی سیستمێکی فرەیی و فیدرالیدا بەشێکە لە عیراق. کەواتە فیدرالی مسۆگەرکەری یەکبوونی عیراقە و دیکتاتۆرییەتیش ڕێگای دابەشکردنی عیراقە " .

— ٤ —

زۆر له شارەزایانی رۆژئاوایی و بە تایبەتیش لە ئەمریکا پشتگیریی ئەم ئاراستەیە دەکەن. دیبلۆماتی ئەمریکی رۆبەرت بیرسۆن–ی بالۆیزی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە تورکیا لە سالآنی ۲۰۰۰–۲۰۰۳، وای دەبینیٚ کە " لە جیاتی پێداگرتن لەسەر بونیادنانی عیراقێکی یەکگرتووی بە گران بەدیهاتوو، رەنگە باشتر وابیٚ کە عیراق دابەش بکرێت بۆ سیٚ بەش و دابەش ببێت بەسەر شیعە و سوننە و کورددا. ئەوان ئەم بۆچوونەشیان لەسەر بنەمای ئەوەیە کە دابەشکردن تاقە چارەسەرە بۆ رێگرتن لە شەڕ و یەکتر کوشتنی تایەفیی نێوان سوننە و شیعە و لێك جیاکردنەوەیان بە بۆنەی نەتوانینیان لەوەی پێکەوە و لە ژێر یەك چەتردا بژین. ئەوەی پەیوەستیشە بە کوردەوە، ئەوە توانای گەورەی خۆیانیان لەبەرێوەبردنی کاروباری خۆیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەرخستووە ئەوەش لە سالّی ۱۹۹۱ەوە.

لەلایەکی دی، هەندیٚ چاودێری دۆخی عیراق کە خاوەنی بڕێکی زۆرن لە دانایی و ژیری وەك نموونەی سیناتۆر(جۆزیف بایدن) و (لیزلی گێلب)ی سەرۆکی پێشووی " ئەنجوومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکان" وای دەبینن کە باشتر وایە قسە لە عیراقێکی فیدرالّی بکرێت کە سیٚ ناوچە سەرەکییەکەی دەسەلاّتی فراوانیان هەبیٚ لەگەلٚ بوونی رێککەوتنێك لە بارەی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت. ئەگەر عیراقێکی فیدرالّیش دروست بیٚ و کۆتایی بە تۆرانی ئەو لایەنە توندڕەوانە بهێنێت کە بانگەواز بۆ جیابوونەوەی تەواو دەکەن ئەوە عیراق سەقامگیرییەکی ئەوتۆ بەخۆوە دەبینیٚ کە پێشتر شتی

وای به خۆوه نەدیوه و ئاسایش و ئارامیش سەرانسەری وڵات دەگرێتەوە. بەڵام ڕەنگە دواکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی عیراق دەرئەنجامی پێچەوانە بەدەستەوە بدا ئەگەر فیدراڵی جێ بە جێ بکرێ. ئەگەری بەهێز -- بەداخەوە -- ئەوەیە کە فیدراڵییەکی دەڵەمە و نا تونوتۆڵ دەربکەوێت و زریانی توندوتیژیی بەربڵاوی نێوان تایەفەکان لێی بدا، ئەمە لەگەڵ هەوڵدانی لایەک یان دوو لا بۆ جیابوونەوەی تەواو. بەم مانایەش دەشێت، هەروەک ڕۆبەرت پیرسۆن جەختی لەسەر دەکاتەوە، کۆنفیدراڵی وەربچەرخێ بۆ بۆمبێکی تەوقیتکراو و بە ڕووی وڵاتە یەککگرتووکان و وڵاتانی دەوروبەری عیراقدا بتەقێتەوە.

ئێمەین دزەکانی عیراق نەك ئەمریکا ..!

ـ ١ ـ

لە ساڵی ٢٠٠٣ و لەدوای روخانی رژێمی دیکتاتۆریی پێشووەوە هەتاوەکو ئێستا، ئێمە لەبارەی ریسواییەکانی ئەو پارە دزینانەوە دەبیستین و دەخوێنینەوە کە لەعیراقداو ناوە ناوە دێ، لەلایەن هەندێ لە بەرپرسانی گەورەی عیراقەوە ئەنجام دەدرێن کە لەوەهمی ئەوەدا دەژین هێشتا رژێمی سەرکوتگەر ماوە. دوایین ئەو ریسواییانە ئەوەیە کە دادوەر ((رازی حەمزە ئەلرازی))ی سەرۆکی دەستەی دەستپاکی (النزاهة)ی گشتیی عیراق دوپاتی کردۆتەوە. ئەو بەر لەچەند رۆژێك ئەوەی دوپاتکردەوە کە کۆی ئەو بڕە پارانەی کە دەستەکەیان لە چوارچێوەی مەسەلەی بە فیڕۆدانی پارەوپولی گشتیدا لێیان کۆڵیوەتەوە گەیشتۆتە ٨ ملیار دۆلار، ئاماژەی بەوەش کرد کە ٨ وەزیر و ٤٠ بەڕێوەبەری گشتی لەسەر مەسەلەی گەندەڵی حەواڵەی دادگا کراون. رازی وتی: گەندەڵی لە هەموو جیهاندا هەیە، بەڵام بە رێژەی جیاواز. لە عیراقدا گەندەڵیی کارگێڕی گەیشتۆتە

ژەیەکی زۆر بەرز. رازی، بارودۆخی ئاسایش و ئارامی-شی لە عیراق
مە کرد و پرسی: کوا ئاسایش و ئارامی؟ ئەمڕۆ ئەگەر بڕێك پارە بنێرین
ۆ بانك ناتوانین گەیشتنی ئەو پارەیە مسۆگەر بکەین. رازی ئەوەشی
ونکردەوە کە ٨ وەزیر و ٤٠ بەڕێوەبەری گشتی لەسەر مەسەلەی
ندەڵیی کارگێڕی حەواڵەی دادگاکراون و هەر هەموویان بۆ دەرەوەی
راق هەڵهاتوون و داوایان لەسەرە.

— ٢ —

ئەوەی ئەمڕۆ لەعیراقدا روودەدات شتێکی نوێ نییە بۆ بەرپرسانی
ەرەب. لەمەوبەر گەنجینەکانی زۆر دەوڵەتی عەرەبی بەری رۆژهەڵات و
ۆرئاوای عەرەب بەتاڵان براون و، ئەو دەوڵەتانە پارەو پولە دزراوەکانیان
گێڕاوەتەوە. ئەو پارەو پولانە-ش لە گیرفانی گەلانی ئەو وڵاتانە
رابوون. دزینە زۆرەکانی بەرپرسانی عەرەب بە دەسگرتن نییە بەسەر
نکی ناوەندیدا بە رۆژی نیوەڕۆ وەك هەر باندێکی تر، بەڵکو بەچەند
گایەك دەبێت کە ئەو بەرپرسانە دەیزانن، ئەو بەرپرسانەی کە ئەگەر
توفێلْ بێزاریان بکات دزی لەدەوڵەت دەکەن، ئەوەش لە رێگەی وەرگرتنی
ولەی زۆروزەوەندەوە لەو کۆمپانیایانەی بەڵێندەرایەتی کە پرۆژە
یاجیاکانی دەوڵەت جێبەجێ دەکەن، کارێك کە ئەو کۆمپانیایانە ناچار
کات گرێبەستەکانیان بە ئەمانەتێکی تەواو و شەفافییەتێکی روون
ێبەجێ نەکەن. دزیکردن لە دەوڵەت لە هەندێ وڵاتی عەرەبیدا خەریکە
شبێتە نیشانەیەك لە نیشانەکانی زیرەکی و بلیمەتی. هەر کەسێکیش کە
ی لە دەوڵەت دەکات ئەوە ئەو کەسە (رێنوێنکەر) و (والآکار)ەیە کە

دەزانێت چۆن دەست دەگرێت بەسەر پارەو پولی بەرەڵلاکراوی گەلدا بۆ هەرکەسێك کە دێت و دەچێ و خۆی پیادا دەکات. بگرە هەندێ لە وڵاتانی دراوسێی عیراق بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هانی بەرپرسان دەدەن بۆ دزینی پارەوپولی گشتی. بۆ نموونە دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتانە وەزیرەکان لەو خەڵکە دەسکورتانە دادەنێن کە نە لە سیاسەت دەزانن و نە لەحوکمڕانی ئەمە بۆ ئەوەی سوود لە دزینی پارەو پولی گشتی وەربگرن لە جیاتی ئەوەی لە گیرفانی تایبەتیی خۆیانەوە، وەك پارمەتییەك بۆیان، پارەیان پێ بدەن. لێرەوە لە هەندێ لە وڵاتانی دراوسێدا دەبینین کە حکومەتەکان زۆ یەك لەدوای یەك دێنە گۆڕێ و خێراش گۆڕانیان بەسەردا دێت. لەم ڕووەوە لە ماوەی نیو سەدەدا زیاتر لە ٥٠ حکومەت هاتۆتە سەر حوکم، واتە هەر حکومەتێك لە ساڵێکدا، جا مەبەستێك لە مەبەستەکانی ئەوەش ئەوەیە کە خێر بەسەر هەموو پاك و دڵسۆزەکاندا ! ببەشێتەوە، ئەو خێرەش خێری دزینی پارە و پولی گشتییە!.

دزینی پارە و پولی دەوڵەت-یش، یان گەل، ئاسانترین جۆرەکانی دزیکردنە، لە هەموورشی قەڵەوکەرترە، لە هەموویشی خێراتر بەدەست دەهێنرێ، لە هەموویشی کەمتر سزای هەیە و بواری ئەوەی تیایە بگێڕدرێتەوە. بە دەگمەن هەیە ببینین بەرپرسێکی گەورە لە دەوڵەتێکی عەرەبیدا بە تۆمەتی دزیکردن دەستگیرکراوە و حوکمدراوە و زیندانی کراو و پارە و پولە دزراوەکانیش گێڕدرابێتنەوە. لەهەندێ جاری کەمدا شتی لە جۆرە لەجیهانی عەرەبیدا ڕوودەدات، بەڵام مەبەست لێی ساختەکارییەکی سیاسییانەیە نەك قەلاچۆکردنی گەندەڵی و نەهێشتنی دزینی پارە و پولی گشتی.

— ٣ —

دزینی پارە و پولی گشتی، تارادەیەك، لە هەموو وڵاتانی جیهاندا رودەدات، بەڵام بەچەند رێژەیەکی لێك جیاواز. لەگەڵ ئەوەدا ئەوەی منوری بۆ دزینی پارە و پولی گشتی دانا دیموکراسییە کە بێگومان بەرەو مەفافییەتمان دەبات. هیچ شەفافییەتێکی راستەقینەش بوونی نییە بەبێ یموکراسیەتێکی راستگۆیانە و بە تەواوی جێبەجێکراو.

بەڵام دەی لە کوێوە دەکرێ شەفافییەت بێتە دی کە دەمی خەڵکی اخراو بێت؟ لە کوێ–ش دەتواندرێ رۆژنامەگەری دزینەکانی پارەو پولی شتی ریسوا بکات کە رۆژنامەگەریی خۆی بە رێژە زۆرەکەی خۆماڵ رابێت و دەوڵەت خاوەنی بێت، دەوڵەتێك کە خۆی پارێزەری گەندەڵی و زینی پارەو و پولی گشتی بێت؟

لە کوێ ئۆپۆزسیۆنیش ئاماژە بۆ دزەکان و تاڵانچییەکان بکات کە ۆپۆزسیۆن خۆی داپڵۆسێنراو بێت نیوەی لە زینداندا بێت و نیوەکەی ریشی لە مەنفاکانی جیهاندا ئاوارەبێت؟

لە کوێ دادگا ـ ش بەدوای ئەوانەوە بێت کە پارە و پولی گشتی دەدەزن ە دادگا بۆخۆی سەربەخۆ نەبێت و دەستەی دادوەری لەژێر دەسەڵاتی مرمانرەوادا بن و وەکو ئەڵقەی ئەڵماس لە پەنجەیدابن کەی ویستی دای نێت و کەی–ش ویستی بیکاتەوە پەنجەی. دادوەر لای فەرمانرەوای یکتاتۆردا بریتییە لە ئەڵقەی فەرمانەکان لەکاتێکدا کە دادوەری راستەقینە ۆی فەرمانرەوایە. بۆیە دەبینین کە کۆمەڵگای رۆژئاوا لە دزرانی پارەو ولی گشتی بەتاڵ نییە، بەڵام لەسایەی دیموکراسی و شەفافییەتدا ئەو

دزانە ئەوەندە ئابا ئاشکرا دەبن و دەستگیر دەکرێن و دادگایی دەکرێن و پارە پولە دزراوەکانیش دەگێڕدرێنەوە. دەشێت ئەو بەینامەیەی دادوەر رازی حەمزە ئەلرازی . یش هەر سیمایەك بێت لە سیماکانی ئەو شەفافییەتەی کە عیراقی نویٚ دەستی بە پەیڕەوکردنی کردووە، ئەمەش لەئەنجامی ئەو ئیستحقاقە دیموکراتییەی کە لەبەرەبەیانی ٩ی نیسان ـ ی ٢٠٠٣ەوە رێگای خۆی گرتۆتەبەر بەرەو عیراق.

بۆ عیراقی نویٚ هیوای ئەوە دەخوازین کە بەم جۆرە دیموکراتیزە ببیٚ و شەفاف بێت. لەگەڵ ئەوەدا ئێمە بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئەوەش دەزانین کە عیراق وەك بەشێکی دانەبڕاو لە جیهانی سێیەم دەمێنێتەوە، ئەو جیهانەی کە هەتا هەردوو گوێی لە گەندەڵیدا نوقم بووە و، وەکو بەشێکی لەبەشکردن نەهاتووی جیهانی عەرەبی-یش دەمێنێتەوە، ئەو جیهانەی کە دوچاری نەگبەتیی گەندەڵی و دزینی موڵکی گشتی بووە، ئەو بەهایانەش بوونەتە بەشێك لە کەلەپوری نوێی عەرەب وەك چۆن بەشێکیش بوون لە کەلەپوری کۆنی عەرەب.

— ٤ —

ئەوەی کە لەعیراقدا روودەدات لە بابەت گەندەڵی و دزین و بەتاڵانبردنی پارەو پول و موڵکی گشتی لە میانەی زۆر رووداوی ماوەی چوارساڵی رابردوو کە دوایینیان ئەوەبوو کە دادوەر رازی حەمزە ئەلرازی سەرۆکی "دەستەی دەستپاکی گشتی " ئاماژەی پێدا، زۆرێك لە دۆستانی عیراق لە جیهانی عەرەبیدا خەجاڵەت دەکات لە ناویاندا ئەو لیبراڵیستانەی کە بەهێز و توانا و ئازایەتییەکی لەکۆتایی نەهاتووەوە لایەنگریی عیراق

نویێ-ن، هەروەها رای گشتی ئەمریکا و، رای گشتی رۆژئاواش کە لایەنگر-
ی پێویستیی ئازادکردنی عیراق بوون لە ستەمکاری. ئەوان هەموو بەیەک
دەنگ دەڵێن: عیراق، ئەو هەموو دوژمنە تیرۆریست و بکوژانە و ئەو
بەرهەڵستکارانەی عیراقی نویێ-ی بەسە. عیراق ئەو نەگبەتییە رۆژانەییەی
بەسە کە هەموو رۆژێك لەو ژمارە زۆرەی قوربانیدا بەخۆوەی دەبینێ. نابێ
سیاسییە عیراقییەکان و پیاوانی دەوڵەتیی عیراق بە دزینی پارە و پولی
گەل نەگبەتییەکانی ئەم گەلە زیاتر بکەن. ئەو ئەمریکییانەی کە لەساڵی
١٩٩١دا دەوترا بۆ ئازادکردنی کوەیت هاتوون لەدەستی دوژمنکاریی
گوناهبارانەی سەدام، دڵۆپێك نەوتیان لە کوەیت یان سعودیە نەدزی. هەر
ئەوانیش کە دوێنێ بۆ ئازادکردنی عیراق هاتن لە حوکمڕانیی ستەمکاری
سەدام یەك دڵۆپ نەوتیان لەعیراق یان یەك دڵۆپ ئاویان لە دیجلە یان فورات
، یان دەنکە خورمایەکیان لە دارخورماکانی عیراق نەدزی. ئەو کۆمپانیا
ئەمریکییە نێوبانگ خراپانەش کە لەرێگەی بەرتیلی گەورە پیاوانی
دەوڵەتەوە دزییان کرد یان هەوڵی دزیکردنیان دا بۆ تێپەڕینی پرۆژە و
بەڵێندەرایەتییەکانیان، ئاشکراکران و بە توندی سزادران وەك دۆخی ناو
ئەمریکا خۆی و دۆخی سیستمە توندوتۆڵەکەیشی لە بواری قەلاچۆکردنی
گەندەڵی و دزینی پارەو پولی گشتیدا. بێگومان تاوانباریش هەر ئەو کەسە
دەبێت کە داوای بەرتیلی کردووە و پێی لەسەر داگرتووە. جا لە عیراقی
نوێدا لە سەرمانە لەخوا بترسین و خوا بناسین.

گەلێك،
كە ناشتنی زۆردارەكەی خۆی ڕەت دەكاتەوە!

— ١ —

حوكمی لەسێدارەدان بۆ سەدام حسێن–ی زۆردار و كۆمەڵێك لە پیاوە خراپەكانی دەرچوو. ئەم حوكمدانەش لای زۆربەی ئەو خەڵكانەی كە بیستیان یان خوێندیانەوە بەساردی و بێ باكی كەوتەوە، ڕەنگە لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵك لە ئەستی خۆیاندا یان لە عەقڵی بنەوەیاندا سەدامیان لە بەرەبەیانی ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ەوە، ئەو دەمەی كە یەكەم بتەكانی زۆرداری لە گۆڕەپانی فیردەوس–ی بەغدادا ڕوخێنرا، لە سێدارە دابێت و، بگرە ڕەنگە لەبەر ئەوەی ئازادیخوازان و شەرەفمەندان لە جیهانی عەرەبی و لە هەموو شوێنێكی جیهاندا باوەڕوایان وابوو كە سەدام–ی زۆردار ڕوخا تەنانەت ئەگەر لە دوای قەسابخانەی دوجێل و هەڵەبجە و قەسابخانەكانی تری باكوری عیراق زیندوویش بێت. لەم ڕووەوەشەوە زۆردارانی عەرەب نە بە دادپەروەرانە دەمرن. نە بە داپڵۆسین و نە بە شۆڕش. چەندین شۆڕشی

عەرەبییش بە هیوای دادپەوەرییەوە بەرپابوون و زۆرداری هەر کەمی نەکرد، بەڵکو زۆرداری، وەك تفەنگ، لەم شانەوە گواسترایەوە بۆ ئەو شان .

ـ ٢ ـ

زۆرداری شتێك نییە لە ئاسمانەوە هەڵبکا ئەوەندەی بەرهەمی گەل-ی ترسنۆکە. لە پشت هەموو زۆردارێکیشەوە گەلێکی ترسنۆك هەیە. گەلی ترسنۆکیش گەورەترین یارمەتیدەری خولْقاندنی زۆردار و زیادبوونی ستەمێتی. زۆربی بوونی زۆردارانیش لە مێژووی کۆن و نوێی عەرەبدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە باب و باپیرانمان ترسنۆك بوونە. ئێمەی نەوەکانیشیان هەروا ترسنۆکین و بگرە ئێمە هەر خۆمان بە بێدەنگیمان لە فەرمانڕەوایانی زۆردار، زۆرداربووین بۆ خۆمان، ئەوەی کە لە زۆرداریش بێدەنگ بێت ئەوە هاوبەشی زۆردارە.

ئۆسکار وایڵد ـ ی شاعیری ئینگلیزی دەڵێت : زۆردار سێ جۆری هەیە، ئەو زۆردارەی کە سەرکوتکەری جەستەکانە. ئەو زۆردارەی کە سەرکوتکەری گیانەکانە، ئەو زۆردارەش کە لە چەشنی سێیەمە واتە سەرکوتکەری جەستە و گیانەکانە. یەکەمیان فەرمانڕەوایە، دووەمیان پیاوی ئاینییە، سێیەمیشیان گەلی ترسنۆکە.

زۆرداری وەك ململانێی ژیانی هەتاهەتایی و بنەڕەتی دەمێنێتەوە. ململانێش لە ژیاندا لە نێوان بیروباوەڕەکاندا نییە، لە نێوان هەق و ناهەقیشدا نییە، لە نێوان راستی و ساختەییشدا نییە، بەڵکو ململانێیە لە نێوان ئەوانەی کە خاوەنی دەسەڵاتن و خەڵکی تری پێ دادەپڵۆسێنن و ئەوانەی دەسەڵات داپڵۆسیون و هەوڵی رزگاربوون دەدەن لە داپڵۆسین.

ـ ٣ ـ

سەدام حسێن سەرگەورەی زۆرداران و مامۆستای زۆرداریی بوو لە جیهانی عەرەبیدا. وەك بەندەر بن سوڵتان ـ ی باڵیۆزی پێشووی سعودیە لە واشنتۆن لە کتێبی (حاڵەتی نکوڵی)دا دەیگێڕێتەوە، جارێکیان سەدام بۆ شانشین فەهەد بن عەبدولعەزیز ـ ی نوسیبوو و رایسپاردبوو کە پێنج سەد کەس لە شوێنکەوتوانی جهێمان ئەلعەتیبی کە حەرەمی مەکەی لە ساڵی ١٩٧٩دا داگیرکردبوو، لە سێدارە بدات و براکانی ئەو یاخیبووانە و باوکەکانیان و هەرکەسانێکیش کە بە خزمایەتیی پێیان دەگەن لە سێدارە بدرێن، ئەمەش ئەو نەریتە بوو کە سەدام لە عیراقدا پەیڕەویی دەکرد. گومانیشی تێدا نییە کە سەدام قوتابخانەیەکی ناسراو و بەنێوبانگی زۆرداریی عەرەب بوو، هەر خۆیشی فەرمانڕەوای نوێکەرەوەی شێوازەکانی زۆرداری بوو، زۆرداریییەك کە پێش ئەوانەی پێش خۆی کەوتبوو لە شێوازەکانی زۆرداریدا، ئەمە تا ئەو رادەیەی زۆرداریێتیی ئەو، واتە سەدام، لە جیهانیی عەرەبیدا، بۆتە بەشێك لە سروشتی سیاسەتی عەرەبی و فەلسەفەی فەرمانڕەوایی عەرەبی. لێرەشەوە زۆر گران بوو بۆ عەرەب پاساوی دادگاییکردنی سەرۆکەکەیان بدەن، چونکە لە هەزاران ساڵەوە ئەمە یەکەمین جارە لە مێژووی عەرەبدا سەرۆکێکی عەرەبی دادگایی بکرێت. پێشتر روونەداوە عەرەب سەرۆکێك یان میرنشینێك یان شانشینێك یان خەلیفەیەك دادگایی بکەن و بڕیاری مەرگی بەسەردا بدەن وەك لەگەڵ سەدام حسێندا روویدا. بۆیە لە رۆژانی پێشوودا بینیمان کە چۆن کەناڵە ئاسمانییەکان بە دیمەنی ساختەی رابردووەوە لێمان هاتنە دەرێ کە

وێنەکانی سەدام ـ ی زۆرداریان تیادا بەرز دەکرایەوە و بە ناویەوە دروشم دەوترایەوە لەو دەمەی کە سەدامی زۆردار فەرمانڕەوای رەهابوو. لە رۆژنامەکانی سەدامدا، کە هێشتا لە لەندەن و جیهانی عەرەبیدا دەردەچن، ئەو وێنە کۆنانەی قوتابیانی کوڕ و کچی منداڵی قوتابخانەکانیشمان،کە سەرلەنوێ بڵاوکرابوونەوە؛ بینی کە تیایدا وێنەکانی سەدامی زۆردار بەرزدەکەنەوە لەو دەمەی کە سەدام لە عیراقدا خەلیفەی خوابوو لەسەر زەوی. ناڕەزایی زیاتر لە هەشت سەد پارێزەریش لە ئوردن و ژمارەیەکی زۆری تر لە میسر و سوریا و لوبنان و فەلەستین و مەغربی عەرەبی-مان بۆ بڕیاری دادگا بە لە سێدارەدانی سەدام، خوێندەوە. کۆنگرەی ناسیۆنالیستی عەرەبیش بە سەرکردایەتیی خەیرەدین حەسیب و مەعن بەشور بڕیاری دادگایان رەتکردەوە. زۆرێک لەرۆشنبیرانی عەرەبیش، ئەوانەی کە راهاتوون گیرفانیان لەو ئاڵتوونەی سەدام پڕ بکەن کە لە ئارەقەی گەلی عیراق دزراون، وتارگەلێکیان لە تۆڵەخوازی و باسکردنی چاکەی سەدام و حەسرەت بۆ فەرمانڕەوای " دادپەروەر"! نووسی.ئەوان کۆمەڵێك لە خاوەن ڕاکان و دروستکەرانی سیاسەتیش لە ئەمریکا و سەربە حزبی دیموکراتیی رکابەری ئیدارەی جۆرج بۆش-یان کردە گەواهی. هەندێك لە رۆشنبیرانی سەدامیی عەرەب-یش وتیان دەرئەنجامەکانی جەنگی عیراق سزایەك بوون بۆ بوش و ئیدارەکەی و پارتەکەی بە کەوتنیان لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی ئەم دواییە زیاتر لەوەی سزایەك بێت بۆ سەدام حسێن بە دەرکردنی بڕیاری لەسێدارەدانی .ئەوانە درك بەوە ناکەن ئەوەی لە عیراقدا روویدا لە پەککخستنی ئازادی و دیموکراسی و لەم ئاژاوە رۆژانەییە زۆرەی بەغدا زیانە بۆ عیراق و گەلی عیراق زیاتر لەوەی زیان بێت بۆ بوش و پارتی کۆماری.

— ٤ —

ئەمە یەکەم جار نییە کە تیایدا کۆمارییەکانی ئەمریکا هەڵبژاردن دەدۆڕێنن. ١٢ ساڵ لەمەوبەریش دۆڕاندیان و ئەوەتا ئەوان ئەمڕۆ جارێکی تریش دەیدۆڕێنن. لەم رووەوە رۆژگارەکانیحوکمڕانی لە وڵاتە دیموکراتەکاندا دەسبەدەس دەکەن،واتە دەبینین ئەو رۆژانی حوکمڕانییە لەناو خەڵکدا دەستاودەستیان پێ دەکرێ . لەڕاستیدا، ئەوەی کە ئەمڕۆ دۆڕاندی گەلی عیراق بوو کە سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵە گەورەیەی لە ڕووی سەربازی و سیاسی و داراییەوە بۆی فەراهەم کرا نەیتوانی بونیادنانی دیموکراسی لە عیراقدا تەواو بکات. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پاشەڕۆژ هەر لە بەرژەوەندیی گەلی عیراقە.زاڵبوونی دیموکراتەکانیش بەسەر کۆنگرێسدا بە مانای زاڵبوونی ڕێکخراوی قاعیدە و ئوسامە بن لادن نییە بەسەر کۆنگرێسدا. گۆڕینی رامسفێڵد-یش بە رۆبەرت گیتس بە مانای گۆڕینی رامسفێڵد نییە بە مستەفا تەلاس.ئەمریکا هەر هەموویان لەسەر رزگارکردنی عیراق ڕێکن. دڵخۆشیی هەندێ عەرەبیش بە دۆڕانی کۆمارییەکان و بردنەوەی دیموکراتەکان وەك دڵخۆشیی ئەو ناحاڵییە قژهەڵوەریوەیە کە شانازی بە قژی دراوسێکەیەوە دەکات.عەرەبیش ئەو ناحاڵییانەن کە بە ئومێدی سەرلەنوێ گەڕانەوەی ڕژێمی دیکتاتۆرین بۆ عیراق لە میانەی دەرگای دیموکراتەکانی ئەمریکاوە. ئەوانە لە گێژ و وێژەکانی عەرەبن کە چەندین ساڵ و بۆ چەندین خولی هەڵبژاردنی یەك لەدوای یەك، جارێك بە هیوای بردنەوەی دیموکراتەکانن و جارێکی تریش بردنەوەی کۆمارییەکان بەو ئومێدەی یەکێك لەم دوو پارتە بەشێوەیەکی کۆتایی بچنەسەر دۆزی

فەلەستین و چارەسەری بکەن، ئیدی ئەوەیان ڕەچاو نەکردبوو و ناکەن کە ئەمریکا لە ئاست ئیسرائیل و لە ئاست دۆزە عەرەبییەکاندا یەك ستراتیژی هەیە. ئەم ستراتیژەش بریتییە لە تەنها یەك دەرگا، بەڵام بە دوو دیودا، دیوێکی دیموکراتی و دیوێکی کۆماری. هێشتا عەرەب باوەڕیشیان وایە کە گۆڕانی ئیدارەکانی ئەمریکا بە مانای گۆڕانە لە ستراتیژییەتی دەرەکیی ئەمریکادا. لەم ڕووەوە " دامەزراوەی زوغبی" بۆ ڕاپرسیکردنی ڕای گشتیی ئەمریکا، لە ئۆکتۆبەری ڕابردوودا ئەنجامی ڕاپرسییەکی بڵاوکردۆتەوە کە لەسەر عەرەبی ناو ئەمریکا کردوویەتی، بە ڕوونی دەرکەوتووە کە لەو چوار ویلایەتـــەی ڕاپرســـییەکە گرتوونیەتییـــەوە، عـــەرەب پـــاڵێوراوە "دیموکراتییـەکان"یـان پـێ باشـە، لـە ئەنجوومـەنی نوێنەرانـدا بێـت یـان ئەنجوومـەنی پـیران، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی کـە لـە خولـەکانی پێـشوودا دیموکراتـــەکانیان هەڵبـــژارد و ئەنجامگـــەلێکی ڕازیکـــەریان دەســـت نەکەوت.ئەوەی کە سەیریشە ئەوەیە ئەو عەرەبانەی کە چاوەڕێی گۆڕانێك لە سیاسـەتی ئـەمریکادا دەکـەن لـە ئاسـت چـەندین دۆزی عەرەبیـدا و لـە سـەروویانەوە دۆزی فەلەسـتین،بۆ خۆیـان گۆڕانیـان بەسـەردا نـەهاتووە و هاوشانی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی جیهان لە سەر ئاستی هەرێمایەتی یان لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی، نەڕۆیـشتوون. بـەو گۆڕانکارییانـەش بـە ئاگـا نەهاتنـەوە تـەنها لـەو دەمـەدا نـەبێت کـە ئـاگر دەستی بـە سـوتاندنی جل و بەرگ و ماڵەکانیان کرد وەك ئەوەی دوێنێ لەگەڵ حەماس-دا ڕوویـدا، ئـەو حەماسەی کە لە هەشت مانگی ڕابردوودا کـە حوکمی تیادا گرتە دەست گۆڕان-ی ڕەتکردەوە تـا ئاگرە بـە تینەکـە لێـی نزیك بووەوە و ئیـدی درکـی بەوە کـرد کـە میـساق و دروشمـەکانی بۆ فەلەستینییەکان ماڵوێرانکەرن و، ئیسماعیل هەنیە-ش کەوتە ئەوەی ڕایبگەیـەنێ کـە لـە پێناوی هـەڵگرتنی

ئابلوقە لەسەر گەلی فەلەستین دەست لە سەرۆکایەتی وەزیرانی فەلەستینی دەکێشێتەوە، بەلام وەك دەلێن : دوای ئەوەی کار لەکار ترازا). هەروا حزبی بەعسیش لە عیراقدا درکیان بەوە نەکردبوو کە حزبێکی دیکتاتۆرین و دژبەگەلی عیراق و گەلی کورد و هەموو پرەنسیپە مرۆڤایەتییەکانی ئازادی و دیموکراسین تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە ئاگر گەیشتە جل و بەرگیان و لەوە گەیشتن کە ئەوان لە رابردوودا بزنەکێویگەلێك بوون و سەریان بە تاوێرە بەردەکاندا دەدا، حالیان وەك حالی ئەوانەی کە شاعیر پێیاندا دەلێ:

وەك ئەوەی کە بە تاوێرە بەردێکدا بدا بۆ ئەوەی لاوازی بکا زیانی پێ نەگەیاند و شاخی بزنە کێوییەکەیش لاوازبوو

ئەمرۆ عەرەب هەر بەم عەقلییەتەش مامەلە لەگەل بڕیاری دادگای عیراقی لە ئاست سەدام و داروەدەستەکەیدا، دەکا. هەر بەم عەقلییەتەشەوە تەگبیری تەواوی دۆزەکانی خۆی کردووە لە رابردوودا.

ئەو پرسیارەش کە ئاراستەی ئەو عەرەبانە دەکرێت کە ناڕازین و لارییان لە لە سێدارەدانی سەدام هەیە، لە بابەت پارێزەران و رۆشنبیران و میدیاییەکان و قازی و پیاوانی ئاینی و خەلکی تر، ئەوەیە:

*چیترتان لە سەدام دەویست کە بیکات زیاتر لەو تاوانانەی کە کردوونی بۆ ئەوەی دادگاییکردنەکەی و بڕیاری لەسێدەران بەسەریدا دادپەروەرانە بووایە؟

* ئایا ئەو هەموو تاوانەی کە گەورە و بچوك شایەتییان لەسەردا بەس نییە - کە پێویست بەوە ناکا دادگایەکیان لەسەر دابنرێ- تا بەس بێت بۆ ئەوەی حوکمی لەسێدارەدانی بەسەدا بدرێت؟

* یان عەرەب لە فەرمانڕەوای خۆیان ڕاناپەڕن تەنانەت گەر کفری خواش بکەن وەك کۆمەڵێك لە شێخانی موسڵمانی عەرەب وتیان و فتوایان بۆ دا، لە سەروویانەوە شێخی سعودی ئەحمەد بن عسیمن ؟ .

سوود و زیانەکانی هەڵواسینی سەدام

— ١ —

ڕەنگە هەندێ کەس وای دابنێن ئەم وتارە، وەك توانجێك، لەسەر ئەو نەریێ و ئەرێیانەی کە لە هەڵواسینی سەدام حسێن بەر لە نزیکەی مانگێك، کەوتنەوە، وتارێکی درەنگوەخت بێت، من بەمەبەستەوە بە درێژایی ئەو ماوەیە چاوەڕوان بووم تاوەکو هەموو ئەوەی کە لەبارەی ئەم ڕووداوە بێ وێنەیەوە، بێ وێنە لەمێژووی عەرەب، وتران، بە تەواوی وەربگرم و، بۆ ئەوەی خوێنەری مامەڵەکردووش لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا وەستان و تێڕامانی زیاتر بێت و بە عەقڵ بیری لێ بکاتەوە نەك بە سۆز دوای ئەوەی کە شاگری ئەم ڕووداوە کە بە ڕاستی نەك بۆ عەرەب و موسڵمانە سۆزدارەکان، بەڵکو بۆ ڕۆژئاواییە عەقڵانییەکان و تەنانەت دوژمنانی سەدام و ئەوانەش کە ڕقیان لێیەتی، ڕووداوێکی وروژێنەربوو.

— ٢ —

وا دیاره دەستەواژەی (هەڵواسینی سەدام) لە ئەدەبیاتی سیاسیی عەرەبیدا دەستەواژەیەکی قێزەوەن بێت. کێ خەوی وای نەبینی یان خەیاڵی لەوە دەکردەوە کە فەرمانڕەوایەکی ستەمکاری عەرەبیی وەك سەدام هەڵبواسرێت؟. بە درێژایی مێژوو هەندێ لە فەرمانڕەوایانی عەرەب بە فێڵ و ناهەقی و تیرۆرکردن یان لەسەر جێ مردوون. بەڵام لە مێژووی عەرەبدا و لە فەرهەنگە سیاسییەکانیاندا نەبووە کە فەرمانڕەوایەك بەو شێوە دادگایی بکرێت کە سەدام حسێن ـ ی پێ دادگایی کرا و هەڵیشیواسن بەو شێوەیەی کە ئەو هەڵواسرا، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی سەردەمی نوێی عیراق کە لە مەودای دووردا سوودی بە عیراق گەیاند و لە مەودای کورتیشدا کەمێك زیانی پێ گەیاند.

— ٣ —

پەتی هەڵواسین کە سەدام ـ ی پێ لە سێدارەدرا و هەر کەسێکی تریش کە لەگەڵیدان، وەك بەرزان و بەندەر، لەوەدا بەسوود بوو کە بە عیراقییەکانی وت: ئەم سەردەمە سەردەمی هەق و دادپەروەری و سزایە بۆ ئەوەی کە شایەنی سزادانە و، هیچ کەسێکیش ناتوانێ لە سزا هەڵبێت تەنانەت دوای ئەم رووداوەش. نکۆڵیش لەوە ناکەین ـ ئەگەرچی ئەم داننانە داننانێکی تاڵ و ئازاربەخشە ـ لەوەی کە ئەمریکا رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە پەسەندکردنی ئەو دادپەروەرییە و ئەو هەق و سزایەی کە بەو جۆرە بەرێوەچوو. ئەگەر رۆڵی ئەمریکاش نەبووایە ئەوە سەدام بە تۆپینی سەگەکان دەمرد و، لە

گۆڕەپـانی فردەوسـدا بەشـێوە دەرکـەوتووە زانراوەکـە و وەك سـەردەمی پاشایەتی ئەکرا بە پەتەوە و رائەکێشرا. ئەوە ئەمریکا بوو کە پێی لەسەر داگایی کردنی سەدام داگرت، بەڵام پێی لەسەر کات و ساتی هەڵواسینەکەی دانەگرت بەو جۆرەی کە جێبەجێکرا وەك دواتر زانیمان.

— ٤ —

هەروەها ئەم پەتی هەڵواسینە لەوەدا سوودی بۆ عیراق هەبوو کە ڕێی لە هەموو کەسێك گرت کە گرەوی لەسەر گەڕانەوەی سەدام ئەکرد بۆ حوکمڕانێتی. هەروەك ئان بالباوم . یش لە وتارەکەی لە ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)دا وتی: لە سێدارەدانی سەدام حسێن کاریگەرییەکی باشی دەبێت لەسەر سیاسەتی عیراقی. ئەگەر هەر هیچ شتێکی باشیشی لێ نەکەوێتەوە ئەوە بە تەنها ئەوە بەسە کە بۆ هەتا هەتایە هەر خەونێکی بەعسییەکان لەبار ئەبات لە هەر تۆڵەکردنەوەیەکدا کە سەدام بەڕێوەی ببات بۆ گەڕانەوە بۆ حوکمڕانێتی، ئەو خەونەی کە پێدەچوو سەدام خۆی پیادا هەڵواسیبێ، چونکە سەدام، وەك شایەتحاڵەکان دەیڵێن، بە سەرسوڕمانێکی گەورەوە لەو حوکمە سەری سوڕما کە بۆ لە سێدارەدانی دەرچوو.

— ٥ —

پەتی هەڵواسین لەوەدا سوودی بە عیراق گەیاند کە سیستمی دادگەریی عیراق-ی بەهێزکرد و بووە پشتیوان بۆی. ئەو ئارەزووەی ئیدارەی ئەمریکا ـ شی بەدی هێنا کە خۆی لەوەدا دەنوێنێ کە حکومەتی

عیراقی وا پیشان بدات وەك ئەوەی حکومەتێکە توانای بەڕێوەبردنی وڵات و حوکمڕانیکردنی هەیە. هەروەك برۆنوین ماکدۆس دەڵێ، واشی لە عیراق کرد بە یاسا حوکمڕانی بکرێت. لەم رووەوە ئەمریکا ئارەزووی ئەوەی نەدەکرد کە دادگا لە چاوی عیراقییەکاندا بە تەواوی بە دادگایەکی ئەمریکی دەربکەوێت و، ویستی تامێکی عیراقییانەی بخاتەسەر. ئەگەرچیش حوکمی لە سێدارەدان لە عیراق لە میانەی حوکمی پۆل برێمەر . ی فەرمانڕەوای مەدەنیی ئەمریکادا هەڵوەشێنراوە، بەڵام حکومەتی عیراق سەرلەنوێ گەڕایەوە سەر کارپێکردنی. برۆنوێن ماکدۆس جەخت لەسەر هەمان ئەو قسەیە دەکاتەوە کە ئان ئابلباوم وتوویەتی، واتە لە سێدارەدانی سەدام هەموو هیوایەکی سوننە بە سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ حوکمڕانیکردنی عیراق دەسڕێتەوە. ئەمەش بەمانا ئەوەیە کە چیدی سوننە بەو شێوازەی کە پێشتر هەبوو ناگەڕێتەوە بۆ حوکمڕانیکردنی عیراق.

— ٦ —

هەرچی ئەو زیانانەن کە لە ئەنجامی هەڵواسینی ستەمکاری پێشوودا (سەدام حسێن) بە عیراق گەیشت، ئەوە خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە کردەوەکانی توندوتیژی و کوشتار و تەقینەوەی ئوتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکانیان زیاتر کرد. ئەمەش دەرئەنجامێکی بێ شك و بە دوور نەزانراوە لە دۆخێکی وەك دۆخی عیراقدا و لە هەلومەرجێکی وەك هەلومەرجی جیهانی عەرەبی و شەقامی سۆزداری عەرەبی کە لەلایەن پارتە سیاسییە ئاینی و ناسیۆنالیستەکان بە تایبەتیش بەعسییەکانەوە سۆزێکی ئەوتۆی لە ئاست ئەو رووداوەدا نواند پێشتر شتی وا رووی نەداوە. لەم

رووەوە، لە ئوردن خۆپیشاندانێکی بە گوڕ بەڕێوەچوو کە وێنەکانی سەدامی ستەمکاری تیادا بەرزکرابووەوە و، محەمەد ئەلعەوران ـ ی وەزیری پەرەپێدانی سیاسیی ئێستا لە حکومەتی ئوردن بەڕێوەی دەبرد. هەروەها لە پەرلەمانی ئوردندا سەرەخۆشی و فاتیحە خوێندنەوە بۆ گیانی سەدامی ستەمکاری پێشوو ئەنجامدرا. ئەم پەرلەمانەش تاقە پەرلەمانە لە جیهاندا کە تەحەدای هەست وسۆزی گەلی عیراقی بە عەرەب و کورد و نەژادە جیاوازەکانی ترەوە کردو ئەم کردەوە دزێوە ڕێورەسمە قێزەوەنە بێ پاساوەی ئەنجامدا. ئەمەش بێگومان کارێکی ڕێپێدراوە و بە رەزامەندی و رازیبوونی دەوڵەتی ئوردن بووە کە ڕێی داوە بە وەزیرێکی فەرمیی خۆی. کە دەشێت نوێنەری ئەو بووبێت لەو ڕێپێوانەدا ـ ڕێپێوانێکی نابڕوبەری لەو جۆرە بەڕێوەبەرێت. هەروەها دەوڵەتە نەک حکومەت، واتە کۆشکی پاشایەتی و سەرگەورەی کۆشکە کە ڕێی بە ئەنجومەنی نوێنەران داوە ـ کە ئەنجومەنی دەوڵەتە نەک ئەنجومەنی میللەت بێت ـ بەم ڕێوڕەسمە خەجاڵەتکەر و نابڕوبەرە هەستێت و تەحەدای هەست و سۆزی گەلی عیراق بکات لە سەرتاسەری جیهاندا.

ـ ٧ ـ

ئەم هەڵواسینەی سەدام زیانی لە دۆخی سوننە ـ ش دا لەعیراق، بەتایبەتی کە کەسی هەڵواسراو لە سوننەیە. سوننە بە کاروکردەوەی خۆیان و خەڵکی تریش هەست بەبێبەشی و ستەم دەکەن تەنانەت لەو سەردەمە تازەیەشدا. لەم رووەوە، بە درێژایی ئەو ماوەیەی رابردوو، ئەمریکا حکومەتی عیراق ـ ی هاندەدا لەسەر خەرجکردنی پارەپولی زیاتر

بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییە جیاجیاکان لە پارێزگا سوننەنشینەکاندا، بەڵام تێبینی کراوە زۆربەی ئەو برە پارانەی کە ـ بۆ نموونە ـ بۆ پارێزگای ئەنباری سوننەنشین تەرخان کراون، هیچ کات خەرج نەکراون. هەر ئەوەش بوو کە بەرهەڵستکارێتیی سوننەی بۆ حکومەتی عیراق لە بەغدا گەرم کرد، ئەمە جگە لە ئاستەنگ دروستکردنی لەبەردەم ئەو کۆششانەی کە بۆ لەناوبردنی یاخیبوون دەدرێن لەناوچە سوننەنشینەکاندا.

— ٨ —

هەروەها پەتی هەڵواسین زیانی لە عیراق ـ دا لەوەی کە زۆرێك وایان مەزەندە کرد کە حکومەت پاڵێکی بەهێز بەمیلیشیا شیعییەکانەوە دەنێ بۆ بەردەوامبوونیان لەسەر چەوساندنەوەی سوننە بەو پێیەی کە بە کردەوە وای لێ هاتووە شیعە دەسەڵاتدارە نەك خەڵکی دی، بە تایبەتی کە هەڵواسینی سەدام لە بەرەبەیانی رۆژی جەژنی قوربانیدا و ئەو دەستەواژە ئاینییانەی کە تێی کەوت، وا لەقەڵەمدرا کە کارێکی تەواو شیعەییانەیە، کارێك کە وای لە شەقامی سوننی لەعیراق و لە جیهانی عەرەبی کرد وای دابنێت پرۆسەی هەڵواسینەکە و کاتەکەی، ئەو کاتە ئاینییە نەشازە، بە پرۆسەیەکی زیاتر سیاسی ببینێت تا دادگەری، شیعەییانە بیبینێت تا عیراقییانە.

— ٩ —

ئەو پرسیارەی کە ئێستا خۆی دەسەپێنێ ئەوەیە :-

ئایا ئەمریکا لە هەموو ئەوەی روویدا سەبارەت بە گرتنی سەدام و دادگاییکردنی و هەڵواسینی، هەڵەی کرد؟

ماکس هایستنگ لە رۆژنامەی (گاردیان)ی بەریتانیدا دەڵێ: هەڵە هەرە گەورەکەی ئەمریکا دەستگیرکردنی سەدام حسێن بوو. لە ساڵی ١٩٤٤دا پەرلەمانتارانی بەریتانیا لە ئەنتۆنی ئایدن ـ ی وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەیان پرسی لە بارەی سروشتی ئەو ئاگادارییانەی کە درابوون بە سەربازە بەریتانییەکان لەحاڵەتی رووبەڕووبونەوەیاندا لەگەڵ هیتلەر، ئایدن هیچی پێ نەبوو جگە لەوەی لە ناو پێکەنینی پەرلەمانتاراندا وەڵامیدایەوەو وتی: من قەناعەتم بەوەیە کە ئەو بڕیارە بۆ ئەو سەربازە بەریتانییە بە جێ بهێڵرێت کە رێکەوتی ئەو هەڵوێستە دەکات .. لە ناو رابەرانی هێزەکانی هاوپەیمانانیشدا ئەوە تەنها ستالین بوو کە ویستی هیتلەر بە زیندوێتی دەستگیر بکا و چێژ لە هەڵواسینی ببینێ، هەرچی ئەوانی تر بوون هاوڕایان لەو کاریگەریی خراپانە دەکرد کە دەشێت لەئەنجامدانی هەڵواسینی سەرۆکی دەوڵەتێك بکەونەوە. بەڵام خۆکوشتنی هیتلەر وەك رزگارکەرێك بوو بۆیان لەو تەڵەزگەیە.

لە دادگاییکردنەکانی نۆرمبێرگیشدا کە پاریزەدەرانی هیتلەر ـ ی گرتەوە، هەمووان نائاسوودە بوون، چونکە ئەو شتەیان پەیڕەو دەکرد کە بە (دادپەروەری براوە/ سەرکەوتوو) دەناسرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتنەکانی دادگاییکردنەکان سوودی خۆیان لە تۆمارکردنی واقعەکانی هەندێ لە تاوانە خراپەکانی نازییەت و دیکیۆمێنتکردنیان بۆ نەوەکانی داهاتوو، دوپات کردەوە.

دوايين ماچى ئەمريكا بۆ عيراق

ـ ١ ـ

لە هەفتەى رابردوودا ئەو تاقيكردنەوە گران و سەختەم بينى كە وەزيرى دەرەوەى ئەمريكا ((كۆنداليزا رايس)) لە كۆنگرێسدا رووبەڕووى بووەوە كاتێك كە لە ئاست دۆخى عيراق و پلانە تازەكەى سەرۆك بۆش لەبارەى عيراقەوە شايەتيى دا. بە راستيش لەو هاڕينە ديبلۆماسييەى كە رايس لەلايەن هەڵۆ ديموكراتەكان و كۆمارييەكانەوە پێكەوە لە ئەنجومەنى پيراندا، رووبەڕووى بووەوە، بەزەييم بە حاڵى ئەم خانمە ناسكە دەهاتەوە. ئەوان كۆمەڵە پرسيارێكيان بەسەردا باراند كە بە پوختى و بە دڵڕەقييەكى توندەوە، بريتى بوو لەوەى: هەتا ئێستا چيتان بە عيراق كردووە؟ حكومەتى مالكى تا ئێستا چى شتێكى لەو بەڵێنانە هێناوەتە دى كە پێى دان؟ بۆچى بڕيارتاندا ٢٠ هەزار سەرباز بنێرن بۆ عيراق. ئەركى ئەم سەربازانە چييە، ئەو دەسكەوتەش چييە كە لێيان دەخوازرێ و: چۆن رێگەش لە دەستێوەردانى ئێران و سوريا دەگرن لە عيراقدا ؟؟؟ .. ئەوانە و پرسيارى

تریش کە وەڵامەکانیان قورس و گرانن، قورس و گران بەو رادەیەی کە من بە چاوی بەزەییەوە دەمڕوانییە وەزیری دەرەوە، ئەو وەزیرەی کە دەتووت جۆڵەکەیەکی پاساریی ناو دارستانە بە تایبەت کە راوچییەکان لە هەموو لایەکەوە دەورەیان لیّ دا و، هەمووان فیشەکیان پێوە دەنا، ئەمەش نەك بۆ ئەوەی سووری بکەنەوە یان بیخۆن، بەڵکو بۆ ئەوەی شێرە لێراکشاوەی کۆشکی سپی دەنگی فیشە یەك لە دوای یەکەکان ببیستیّ بەو ئومێدەی لە خەڵوەتە قووڵەکەی بە ئاگا بێتەوە.

— ٢ —

ئایا پلانە تازەکەی ئەمریکا ئاسایش و سەقامگیریی خوازراو بۆ عیراق دێنێتە دی؟ لەم رووەوە، لە هەفتەی رابردوودا جەلال تاڵەبانی –ی سەرۆك کۆمار، هاواری ئەوەی بۆ عیراقییەکان و بۆ عەرەب و بۆ ئەمریکا و بۆ هەموو جیهان کرد و بە راشکاوی و ئازایەتییە بەرچاوەکەی خۆی ووتی : ((کەس کێشەکانی عیراق چارەسەر ناکات عیراقییەکان خۆیان نەبن، ئەوەی کە لە عیراقیشدا روودەدات کێشەیەکی عیراقییە و کەوتۆتە ئەستۆی عیراقییەکان خۆیان و کەسی تر نا)) . ئەمەش کرۆکی مەسەلەکەیە، هەر ئەمەشە کە بەم دواییانە ئیدارەی ئەمریکا و لە چوارچێوەی پلانە تازەکەیدا درکی پیّ کردووە کە بە پێی ئەو پلانەش کار بۆ ئەوە دەکات تەواوی کاروباری عیراق بداتەوە دەستی عیراقییەکان خۆیان و خۆیشی لە سەربازگە و پێگەکانیدا لێی بکەویّ و چاودێری بارودۆخە بکات. پرسیاریش ئەوەیە : ئایا عیراقییەکان ئامادەباشن بۆ ئەوەی کاروباری خۆیان لە ئەستۆ بگرن؟ ئایا گەیشتوونەتە تەمەنی پێگەیشتنی سیاسی و هۆشیاریی نیشتمانییانەی

ئەوتۆ بەو جۆرەی کە دەستبەرداری بەرژەوەندییە شەخسییەکانیان و بەرژەوەندیی تایەفەکانیان بن و، لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی نیشتمان و بەرژەوەندییەکانی گەلی عیراق هەر هەمووی، تێیان پەڕێنن؟

ئایا مادەیەکی بێهۆشکەری جادوییانە هەیە کە ئەمریکا دەرخواردی سیاسییەکانی عیراقی بدا تاوەکو کەسی شیعە مەزهەب شیعەیەتیی خۆی لە بیر بچێ و بزانێ کە ئەو تەنها عیراقییە و، سوننە مەزهەبێکیش سوننەیەتیی خۆی لە یاد بکا و وەکو عیراقییەك بژی و، ئەودوای تایەفە و نەژادەکانی تری عیراقیش بە هەمان شێوە؟..

— ٢ —

ئەوەی بە درێژایی چوار ساڵی رابردوو، هەر لە بەرە بەیانی ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ەوە هەتا ئێستا، بینیمان، ئەوەیە کە، دەستەبژێر-ی سیاسیی عیراق ئەوەی لە بیرکردووە کە عیراقییە. ئەو هاتووە لە پێناوی ئەوەی کە سەرلەنوێ عیراق بونیادبنێتەوە ، بۆیە ئەم دەستەبژێرە کەوتە راگەیاندنی شیعێتی و سوننێتی خۆی و عیراقیش بەو جۆرە بونیاد دەنێتەوە بۆ خۆی کە خۆی دەیەوێت نەك بەو شێوەیەی هەموو گەلی عیراق دەیەوێت.

ئەوەی کە لەو چوار ساڵەی دواییدا بینیمان ئەوەیە کە ڤایرۆسی تایەفەگەری و مەزهەبگەرایی-یش، کە لە سەردەمی بەستەڵەکی دیکتاتۆریدا نوستبوو، بێدار بووەوە و، لە کەشوهەوای ئازادی و دیموکراسیی گەرم و گوڕدا، کە زەمینە بۆ ئەم جۆرە ڤایرۆسانە خۆشدەکەن، دەستی بە چالاکی و بڵاوبوونەوە کردەوە.

ئـەوەی کـە هـەر لـەو چـوار سـاڵەی دواییـدا بینیمـان ئەوەشـە کـە، دەستەبژێرە سیاسییەکان پارەوپولی عیراقیان دزی، ئەمە لەجیاتی ئەوەی پارەوپوولی دزراوی سەردەمی بەستەڵەکی دیکتاتۆری بۆ عیراق بگێڕنەوە کە بەشێکی زۆری لە میانەی ئەو پارەوپولە زۆرو زەوەندەدا دەرکەوت کە بۆ سـەدان لـە پـارێزەرانی بـەکرێگیراوی دەسـتەی بـەرگریکردن لـە سـەدامی ستەمکار خەرج کرابوون، ئەو ستەمکارەی کە ڕۆیشت و بەسەرچوو.

ئەوەی هەر لەو چوار ساڵەی رابردوودا بینیمان ئەوەیە کە، دەستەبژێری سیاسیی عیراق لایەنگیریشی بۆ عیراق نەبوو ئەوەندەی کە بۆ ئیران، یان سوریا، یان ڕێکخراوی قاعیدە، یان بۆ لایەنی دیکەی بوو، ئەمە بە جۆرێك کە عیراق لەسایەی سەری ئەم دەستەبژێرە سیاسییەوە بۆتە سەرزەمینی ململانـێ چـەکدارییەکان، ئـەو ململانێیانـەی کـە لـە بەرژەوەنـدیی چـەند لایەنێکی دەرەکیدا ئیش دەکەن. هـەروەها عیراق وای لێهاتووە ببێتە لە قوربانییەك کە گورگی دارستانەکانی دەورووبەر گاز و قەپاڵی خۆیانی لێ دەگرن، کارێك کە پاڵی بە موعەمـەر ئەلقەزافیـەوە نـا تەحەدای زیاتر لە ۱۵ ملیۆن عیراقی بکات و، سوکایەتی بە سەدان هەزار لەو خێزانی قوربانیانە بکا کە سەدام کوشتوونی و، لە پاڵ پەیکەری عومەر موختاردا پەیکەرێکی یادگاری بۆ سەدامی ستەمکاریش دروست بکات. ئا بەو جۆرەش عیراق وای لێهات ئابڕوی شکێنرا و لاواز و بێ نەوا بوو و، ڕێك وەك ئەوەی منداڵێکی هەتیو و ئاوارەکراوبێ و باوکی نەبێ.

— ٤ —

پلانی تازەی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی باردۆخەکە لە عیراقدا پلانێکی جادووییانە نییە، بە ریمۆتی کۆنترۆڵیش ئیش ناکا تاوەکو لە چاوترووکانێکدا وێستگەیەك سەرەوژێر بکا و وێستگەیەکی دیکە بهێنێ. پلانی تازەی ئەمریکا پلانێکی کوێرە و واقعی عیراقی، وەك ئەوەی پێویستە ببینرێ، نەبینیوە. ئەم پلانە پلانێکی عەرەبیی تەقلیدییە زیاتر لەوەی پلانێکی ئەمریکی بێت. واتە پلانی (ماچکردنی ریش)ی سوننەی عیراق و لێسانەوەی پرت و پیسییان و ماچکردنی دەستەکانیان و داواکردنی رەزامەندی و لێبووردەییانەیە، ئەمە لە پاداشتی ئەوەی کە سوننە بەسەر عیراقیدا هێناوە: بەو چاکە کوشندەیەی نواندیان کە خۆی لە شەڕکردنی دیموکراسیدا دەبینێتەوە و، لەوەی کە دیموکراسییان بە کوفر و بێ باوەڕی لەقەڵەم دا و، تیرۆریستانیان لە ئامێزگرت و، رێگەیان نەدا بە خۆیان بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن و، کەوتنە شەڕکردنی دەستوور و، ناویان لە زەرقاوی و سەدام نا (گەورەی شەهیدان) و، لەسەر داوای سوریا-ش داوای کشانەوەی دەستبەجێی هێزەکانی ئەمریکا دەکەن لە عیراق لەبەرامبەر کشانەوەی سوریا لە لوبنان، واتە یەك بەیەك و، کشانەوە بە کشانەوە، ئیتر زاڵمتریش ئەو کەسەیە کە سەرەتا دەست پێدەکات.

پلانی ئەمریکا فوکردنیشە بە قابێکی بڕاودا، چونکە چاوی لەسەرچاوەی راستەقینەی تیرۆریزم لە عیراق پۆشی و هەوڵی چارەسەرکردنی کردەوە تیرۆریستییەکانی تەنها لە ناو عیراقدا دا. ئێمە لەمەوبەر وتومانە، تیرۆر حاڵی وەك حاڵی مێرووەکانی پیسکردن و مێرووە

ئازاربەخشەکانی دیکەیە و ئەگەر سەرچاوەکەیان لە ناو نەبەیت و ئەو ئاوەڕۆ و گۆماوانەیان وشک نەکەیت کە هێلانەیان تیادا دەکەن و تیایاندا زیاد دەکەن ئەوە بەکارهێنانی دەرمانی مارومێروو لە دژیان سوودی نییە.

سەرچاوەی سەرەکیی تیرۆر لە عیراقدا، لای هەر کەسێک کە عەقڵی هەیە و، هەر یەکێک کە چاوی هەیە و، هەریەکێک کە دەبینێ و، لای گەورە و بچووک، بە پلەی یەکەم، ئێران و سوریا-یە. سوریا و ئێران شانسێکی گەورەشیان هەبوو کە خودا ئەمریکای ناردە پاڵیان بۆ ئەوەی لەسەر گۆڕەپانی عیراق تۆڵەی خۆیانی لێ بکەنەوە. لەم ڕووەوە، لە کوێ ئێران دەستی بگەشتبایە ئەمریکا تاوەکو تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە لە پای هەڵوێستی ئەمریکا لە دۆسییە ئەتۆمییەکەی ئەگەر ئەمریکا دراوسێی نەبووایە لە عیراق و نەکەوتبایەتە ژێر ڕەحمەتی دارەکەیەوە؟

ئەگەر ئەمریکا لە عیراقدا بوونی نەبووایە، لە کوێ-وە بۆ سوریاش ئەوە هەڵدەکەوت کە تۆڵە لە ئەمریکا بکاتەوە لە پای دەرکردنی لە لوبنان، ئەو دەرچوونە ئابڕووشکێنەی کە بەشار ئەسەد-ی کردە ئەو (ئەبا عەبدوڵڵا ئەلسەغیر)ەی کە شکۆیەکی لە دەستدا باوباپیرانی بونیادیان نابوو. ئەو کەسەی کە فێردیناند و ئەزیبیلا لە ئەندەلوسدا وەدەریان نا و، وای لێهات لەسەر بەرزاییەکانی (البادول)ەوە کە ناوی لێنرا (التنهیدة العربي الأخيرة) بەسەر شکۆی باوباپیرانیدا دەگریا و، دایکیشی قسە بەناوبانگەکەی خۆی پێ دەووت: وەک ژن بەسەر موڵکێکدا بگری کە وەک پیاو نەتپاراست. بەشار ئەسەد-یش وەکو ژن بەسەر موڵکێکدا گریا کە وەکو پیاو نەیپاراست کاتێک کە ئیتر لە ((ئەندەلوس-ی لوبنان)) دەرچوو و موڵکێکی لە دەستدا کە باوکی بە درێژایی پتر لە ٣٠ ساڵ بوو، بونیادی نابوو.

کەواتە ئێران و سوریا بە میلیشیا عیراقییەکانیان شەڕ ناکەن، بەڵکو لە عیراقدا شەڕی ئەمریکییەکان دەکەن. لەم رووەوە حزبی بەعس لە عیراقدا کۆتایی هات و، بەعسی سوریاش هیوای بە حوکمێکی بەعسی نییە بۆ عیراق . هەروەها ئێرانیش هیوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئایینیی ئاخوندیی لە عیراقدا نییە بە تایبەتی لە سایەی بوونی ئەو ژمارە گەورەیە لە عیراقییە عەلمانییەکان، لە سەروویانەوە، کورد کە وەك درکێکی گەورە و بریندارکەر لە هەڵقی دەوڵەتی ئایینیی عیراقدا دەوەستن ئیدی لە هەر لایەکەوە بێت، لای شیعەوە بێ یان لای سوننەوە، چونکە کورد زامنی گەورە و یەکەمن لە دژی بالادەستبوونی پیاوانی ئاین بەسەر دەوڵەتی عیراقدا، ئەوەی کە کوردیش لە هەرێمی کوردستاندا کردوویانە لە جیاکردنەوەی تەواوەتیی نێوان ئاین و دەوڵەت و رێگرتن لە دروستبوونی پارتی ئاینی و دەستوەردانی پیاوانی ئاینی لە سیاسەت، ئەو شتەیە کە هیوادەخوازن لە هەموو عیراقی فیدراڵدا رووبدات.

— ٥ —

ئایا پلانی تازەی ئەمریکا و ناردنی زیاتر لە ٢٠ هەزار سەربازی تازە بۆ عیراق، دوا ماچی ئەمریکایە بۆ عیراق و دوای ئەوە ئیدی لێك جیابوونەوە روودەدات و ئەمریکا عیراقی لە دایکبوو لە ئامێزی خۆی رادەپەڕێنێ و بە مەمکە گەرم و نەرمەکانی شیری بەلاشی ناداتێ وەك لەو چوارساڵەی دواییدا کردی؟

لە ئاست توانای سیاسی و ئەمنیی عیراقدا هەموو ئەمریکا توشی نائومێدی و بێزار بوونە. ئەوە تەنها دیموکراتەکان نین، تەنها

کۆماریـەکانیش نـین، تـەنها دەسـتبەژێرە سیاسـییەکانیش نـین، بـەڵکو هاوڵاتیی ئاسایی ئەمریکییش بە دڵنیاییەوە ئەوە دەزانێ کە زیاتر لە سێ هەزار سەرباز لە عیراقدا مردوون و زیاتر لە بیست هـەزاریش بریـنداربوون و زیـاتر لـە سێ سـەد ملیـار دۆلاریـش خـەرج کراوە کـە لـە پێنـاوی ئـازادیی عیراقدا نەبووە. ئازادیی عیراق ئەو هەموو قوربانییەی پێویست نییە، بەڵکو ئەو دۆڕانە ئەمریکییانە باجێك بووە کە ئەمریکا بۆ سوریا و ئێران–ی داوە. ئەگەر هەر لەسەرەتاشەوە دەستی سوریا وئێرانیان لەعیراقدا بېڕیبایە، ئەوە ئـەمریکا ئـەو هـەموو باجـەی لـەپێناوی ئـازادیی عیراقـدا نـەدەدا. ئـەو بیسـت هـەزار سـەربازەش کەئـەمریکا بـۆ عیراقیـان دەنێرێـت ڕووبـەڕووی هـەمان چارەنووسـی بـەلاش دەبنـەوە ئەگـەربێت و ئـەمریکا کـاری سـەربازی و دیبلۆماسیی یەکلاکەرەوە لە دژی ئێران و سوریا ئەنجام نەدات.

له ڕەچەتەی بیکەر- هاملتۆندا، کامەیە چارەسەر ؟

— ١ —

بە بڵاوبوونـەوەی ڕاپۆرتەکەی لیژنـەی بیکـەر - هـاملتۆن، لـەم ڕۆژانـەدا خۆشییەکی گـەورە جیهـانی عـەرەبیی گرتـووە. عـەرەب بە ڕاست و چەپ و ناوەڕاسـت، ئـەم ڕاپۆرتـەیان بـۆ ئـەمریکا بـە نوشـست و بـۆ عـەرەب بـە سەرکەوتن لەقەڵەمدا، بە تایبەتی ئەو عەرەبانەی کە دژی داگیرکردنی عیراق وەستانەوە لە ٢٠٠٣دا، لەگەڵیدا یەك تێبینی هەیە کە ئەویش ئەوەیە، ئەم دڵخۆشـبوونە بـەر لـە بڵاوکردنـەوەی ووردەکـاریی ئـەو ڕاپۆرتـە بـوو و بەرلەوەش بوو یەك عەرەب هەبێ یەك پیتی لەو ڕاپۆرتە خوێندبێتەوە. جا ئێمـەی عـەرەب هـەروایـن: شـت ڕەت دەکـەیـنـەوە بـەر لـەوەی بیخوێنینـەوە و، قبوڵی دەکەین بەر لەوەی تێ بگەین و، بەرهەڵستی دەکەین بەرلەوەی بزانین و، ڕەزامەندیشین بەرلەوەی لێك بدەینەوە. هەروەك تەها حسێن لە پتر لە نیو سـەدەوە لـە بارەمانـەوە دەڵـێ: ڕۆژئـاوا دەخوێنێتـەوە تـا تێبگـا، ئێمـەش

تێدەگەین تا بخوێنینەوە! ئێمە وەك گەلانێکی عەرەبیی سەرەتایی، لە ئاست ئەویتر و بیروباوەڕی ئەویتردا هەڵوێستی پێشوەخت و ئامادەمان هەیە، ئەمەش لەژێر کاریگەریی ئەنگێزەی عەسەبییەتی خێڵەکێتیی عەرەبیدا کە ئیبن خەلدون لە (المقدمة) بەناوبانگەکەیدا باسی لێکردووە، ئەو عەسەبییەتەی کە هێشتا بنەچەکەی تیاماندایەو چەندین نەوە لەلیبراڵیستەکان، لە جەمالەدین ئەفغانییەوە تا محەمەد ئەرمگۆن، نەیانتوانیووە بیسڕنەوە.

— ٢ —

نکۆڵی لەوە ناکەم کە ئەوەی لە راپۆرتەکەی بیکەر - هاملتۆندا هاتووە بۆ ئیدارەی ئەمریکا و بۆ دەستەبژێرانی سیاسیی عیراقیش وەك یەك بە سوود بوو.بەڵام پێویستە جەخت لەوەش بکەینەوە کە ئەوەی لە راپۆرتەکەدا هاتووە شتێکی تازە نییە، چونکە هەموومان درێفی کردنی ئەمریکا دەزانین لە عیراقدا و دەشزانین کە چۆن ئەمریکییەکان لە میانەی چوار ساڵی رابردوودا عیراقیان (تەنها ناوەڕاست و باشوور) بەو منداڵە شیرەخۆرە نازپێدراوە لەقەڵەمدا کە نابێت ، وەك منداڵانی دی، لە دوای نۆ مانگ-ی لە شیری دایك بېڕدرێتەوە، بەڵکو ساڵانی شیرەخۆرێتیی ئەو بۆ سێ یان چوار ساڵ و ڕەنگە زیاتریش، درێژ بکرێتەوە، بەوەش ئەم منداڵە لە ئامێزی دایکیدا بمێنێتەوە و لە مەمکە گەرم و پڕەکانی شیربدرێت. دەستەبژێرانی سیاسی لە عیراق-یش، بەو دۆخە، کەوتنە نیعمەت و پشوو و دڵخۆشی و خۆنۆشییەوە و، وایان لێهات، بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان و بەدیهێنانی دەسکەوتە شەخسی و حزبییەکانیان لەسەر حسابی پاشەڕۆژی عیراق،

خۆیان پرۆکاند و، بەرژەوەندییەکانی نیشتمان و بەرپرسیارێتییەکانیان پشتگوێ خست. بۆیە کاتێك کە ئەمریکا بڕیاریدا ماوەی شیرەخۆری دیاری بکات و پەلە لە بڕینی بکات بە تایبەت کە شیرێکی ئەوتۆ لە مەمکەکانیدا ئەما بەشی شیرەخۆری بکا و ئارامگرتنی دوور و درێژیشی پێ نەماوە، زۆربەی ئەو دەستەبژێرانە تۆقین و ورووژان و تووڕەبوون.

— ٣ —

ئەوەی کە راپۆرتەکە خۆی لێ غافڵ کردووە بەو ئەندازەیەی کە زۆرێك لە مسداقییەتی لەدەستداوە، باسنەکردنێتی لە دەسخەڕۆیی ئەمریکا و لاوازیی ئەمریکا و کەمتەرخەمیی ئەمریکا لە ئاست کانگاکانی تیرۆریزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئاست هاتنی تیرۆریزم لە رێی سنوورەکانی عیراقەوە. هەمووشمان دەزانین کە ئەمریکا لەوەدا غافڵ بوو، یان نەیتوانی شتێك بکات کە مکوم و بەرگربێت بۆ وشککردن یان وێرانکردنی کانگاکانی تیرۆریزم نە لە عیراق و نە لە ئەفغانستان و نە لە لوبنانیش. واتە ئەمریکا تەنها وەك سەیرکەرێك وەستاوە، سەیرکەرێك کە لێدوانی ئاوریشمینی هودهودییانە و هەڕەشەئامێز لە سوریا و ئێران دەدا، ئەو دو وڵاتەی کە ئێستا دوو کانگاکەی تیرۆریزمن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەردووڵاشیان ئەو دوو سەرچاوەیەن کە تیرۆر بۆ تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە و لەسەرویانەوە عیراق و لوبنان و ناوچەکە دەنێرن. لەم رووەوە رۆژنامەی "السیاسة " ی کوەیتی رۆژی هەینی رابردوو ٢٠٠٦/١٢/٨ راپۆرتێکی دوورودرێژی پەیامنێرەکەی خۆی لە لەندەن بڵاوکردۆتەوە، تیایدا باس لەوە دەکا کە چۆن ئێستا سوریا تیرۆریستان چەکدار دەکا و مەشقیان پێ

دەکا و بۆ عێراق و لوبنان و سعودییەیان دەنێرێ. هەروەها کۆمەڵێك راپۆرتی جیاجیاش کە لە بەغدا و بەیروت و عەممانەوە دەرچوونە باس لە رۆڵی گەورەبووی ئێران دەکەن لە عیراقدا و، چۆنیش ئێران بە هاوکاری لەگەڵ سیاسییەکان و پیاوە سەربازییە عیراقییەکاندا عیراق وێران دەکات. بەشێوەیەکی رۆژانە. واتە، هەروەك پەندە عەرەبییە بەناوبانگەکە دەڵێ، هەریەك لە سوریا و ئێران: بە " فیل " یان بە " گوێدرێژی " ی ئەمریکا نەوێران، بۆیە کەوتنە کێبەرکێ لەسەر کورتانەکە (واتە ئەو کورتانەی کە لەسەر پشتی گوێدرێژ دادەنرێت - وەرگێڕ). ئەوان نەیانتوانی لەسەر خاکی خۆی دەست لە ئەمریکا بوەشێنن هاتن لەسەر خاکی عیراق و هەروەها لوبنان، کەوتنە شەڕکردنی.

— ٤ —

لە دەرەوەی لەبەرچاوگرتنی بەرهەڵستکاریکردنی بەهێزی کورد بۆ راپۆرتەکەی بیکەر - هاملتۆن لەبەر چەند هۆیەك کە هۆی بەجێن و رابەرە کوردەکان روونیان کردۆتەوە و، لەسەر زاری مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش و کامەران قەرەداغی وتەبێژی رەسمیی سەرۆك کۆماری عیراق جەلال تاڵەبانی — یەوە بە وردی بۆ رای گشتییان شیکردۆتەوە. دوور لەبەرهەڵستکاریی کورد بۆ ئەو راپۆرتە، راپۆرتەکە، بەنیگایەکی گشتی، کەموکوریی تێدایەو تەواو نییە. راپۆرتەکە باس لەناوەڕاست و باشوور دەکا بە تەنها و باس لەباکوری عیراق، کوردستانی عیراق، ناکا. لیژنەکە کە ئەو راپۆرتەی ئامادەکردووە سەردانی هەرێمی کوردستانی نەکردووە و قسەشی لەگەڵ بەرپرسانی ئەوێدا نەکردووە و

ئاشنا نەبووە بە کێشەکانی ئەو هەرێمە و رابەر و بەرپرسەکانی کوردی لە ئامادەکردنی ئەو راپۆرتەدا بەشدارنەکردووە، بگرە ئەو نامەیەی کە مەسعود بارزانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ جیمس بیکەر-ی نارد لەبارەی زۆر دۆز و مەسەلەوە کە بەلای هەرێمی کوردستانەوە گرنگن، رەچاو نەکراوەو لە راپۆرتەکەدا ئاماژەی پێ نەدراوە.

— ٥ —

راپۆرتەکەی بیکەر - هاملتۆن لەسەر دوو خاڵی بنچینەیی راوەستاوە کە ئەوانیش:-

١-مەشق پێکردنێکی باشتر بە هێزە چەکدارەکانی عیراق و هێزەکانی ئاسایشی عیراق، کە ئەمەش خواستێکی پێلێداگیراوە و شتێکی نوێی تیادا نییە، چونکە هەمووان هەست بەوە دەکەن کە هێزە چەکدارەکانی عیراق و هێزەکانی ئاسایش پێویستییان بە مەشق پێکردنی چڕوپڕی زیاتر و ، بە شتی تازە هەیە لە چەك و جبەخانە. بەڵام راپۆرتەکە ئەوەی لە بیرکردووە باسی بایەخی مەشق پێکردنی هێزە سیاسییەکانیش بکات لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی حوکمڕانی لە عیراقدا. لەم رووەوە چوارساڵ - ی رابردوو ئەوەیان سەلماند کە عیراق لە بەڕێوەبردنی حوکمڕانێتیدا ئەو دەستەبژێرە سیاسییە عەرەبە زیرەك و بلیمەتەی نییە، ئەوانەش کە لە عەرەبی سوننە و شیعە و لە ساڵانی رابردوودا حوکمڕانێتییان لە عیراقدا گرتۆتە دەست پێشتر حوکمڕانێتی دیموکراتییانەیان پیادە نەکردووە و، لە توانا بەرزی سیاسیشدا کەموکوڕیان هەیە. هەروەها ساڵانی رابردوو ئەوەشیان سەلماند کە، هەروەك کوفی ئەنان لەم رۆژانەدا ووتی، گەندەڵیی

سیاسی و دارایی لەناو دەستەبژێرە سیاسییەکاندا، لە رۆژگاری سەدامی ستەمکاری لەدەسەڵات لابراو، زیاتر بڵاوبۆتەوە. دیارە ئەمەش، بۆ وڵاتێکی وەکو عیراق، جێی سەرسوڕمان نییە، عیراقێک کە چەند سەدەیەکی دوورودرێژە لەژێر کۆلۆنیالیزم و دیکتاتۆریدا کەوتووەو ناتوانێ هەڵسێتەوە: لەسەردەمی داگیرکاریی عوسمانی بەسەر جیهانی عەرەبی و عیراقدا لەساڵی ١٥١٧، ئینجا داگیرکردنی عیراق لەساڵی ١٩١٤ لەلایەن بەریتانیاوە، ئینجا سەردەمی پاشایەتی لەساڵی ١٩٢١، ئینجا سەردەمی کۆماری لەساڵی ١٩٥٨، پاشان حوکمڕانیی بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٣ کە درێژبووەوە تا گەیشتە ساڵی ٢٠٠٣. بە درێژایی ئەو سەردەمە دوورودرێژانەش بوار بەهێزە سیاسییە عیراقییە دیموکراتیخواز و ئازاد و پاك و نیشتیمانییەکان نەدراوە کە سەرهەڵ بدەن و پەروەردەبن و گەورەبن. لەم رووەوە، داپڵۆسین، چەوساندنەوە، زیندانیکردن و دوورخستنەوەی جۆرۆ سیاسییە نیشتیمانییە دیموکراتیخوازە عیراقییەکان، کەرەستە و سیماکانی ئەو سەردەمە رەشە بەسەرچووانە بوون.

٢-راپۆرتەکە داوای پێویستبوونی گرتنەبەری ستراتیژێکی دیبلۆماسیی بەهێز دەکا بۆ پرۆسەی ئازادیی عیراق. ئەم دەستەواژەیەش مانای ئەوەیە کە گفتوگۆ لەگەڵ سوریا و ئێراندا بکرێت، ئەو دوانەی کە، لە غیابی ئێشکگرانی عیراق و پاسەوانانیدا، ئێستا دوو گورگی دڕندەی سەرەکین لە عیراقدا. هەرچی جیمیس بیکەر-ی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکایە کە خاوەنی دەستێکی باڵایە لە ئامادەکردنی ئەو راپۆرتەدا، ئەوە ناسراوە بەوەی کە لەوە دوورترە لە واقعبینیی سیاسییەوە نزیك بێت. بیکەر لە ئەمریکا خاوەنی رێبازێکی سیاسیی بەناوبانگە، ئەو رێبازەش لە یەکەم و دووەم و سێیەم و دواهەمیشیدا هەر رێبازی دیبلۆماسییە. بیکەر لە هەر

کـارێکی دیبلۆماسـیش کـه گرتبێتیـه دەسـت سـەرکەوتوو نـەبووە، لـه سـەرووبانەوە کێشەی نـاکۆکی لـه بیابـانی رۆژئـاوادا لـەنێوان مـەغریب و پۆلیساریۆدا کە بیکەر، بە بۆنەی سەرنەکەوتنییەوە، سالّی ٢٠٠٤ دەستی لەو کارە کێشایەوە. بیکەر لە مەسەلەی پەلاماردانی عیراق لەسالّی ٢٠٠٣دا لە یەکەمین بەرهەڵستکارانیش بوو. پێشتریش لە ئیدارەی بوشی باوکدا، کە سـەرکردایەتیی جـەنگی کەنـداوی ١٩٩١ ی کـرد، بیکـەر لـە یەکـەمین بەرهەڵستکارانی پێشڕەویکردنی سـەربازیی بـوو بۆ بەغـدا و بـۆ لابردنـی سەدام حسێن لـەو کاتـەدا. هـەروەها بیکـەر لـە سـەردەمی ریگانـدا لـە سالّی ١٩٨٥ و لـە سـەردەمی بوشـی باوکـدا لـە سـالّانی ١٩٨٩-١٩٩٢ وەزیـری بەرگری بوو. لە میانەی ئەو دوو پۆستەشیدا، بیکەر لە پشت دەستبڕینی کوردەوە بوو لەلایەن ئەمریکاوە لەو دەمەی کە کوردەکان لە سالّی ١٩٨٨ دا لـە جەنگـدابوون لە دژی سـەدامی ستەمکار ـ ی لەکارلابراو و، لە پشتی ئـەوەش کـە ئـەمریکا دەسـتیان لـێ بەربـداو کوردەکـان بـەجێ بهێڵـێ لـە هەڵەبجـەو ئامێـدی و بادینانــدا ببنــە نێـچیری گۆرگـەکانی سـەدام و وەحـشییەکانی و دەستوپێوەندە پیـسەکانی، هـەروەها شـکاندنی نامووسی ژنانی کورد ـ یش بە فتوای شەرعیی لەلایەن شێخەکانی سوننە و فوقەهای دەسەلاتی لەکارلابراوی ئەو دەمە. ئەمریکییەکان لەوەشدا دەستی کوردیان بڕی کاتێك رابەری خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی نامە بەناوبانگەکەی لە ١٩٧٣/٣/١٠دا بۆ سەرۆك کارتەر نارد و تیایدا وریایی ئەوە دەدا کە کورد ڕووبەڕووی لەناوبردنێکی گشتگیر دەبێتەوە، کەچـی کارتـەر وەڵامـی ئـەو نامەیە ناداتەوە، چونکە لەوکاتەدا پیلانی نێودەوڵەتی بۆ کورد لەلایەن شای ئێران و کارتەرەوە دارێژرابوو. هەروەها کاتێك ئەمریکا لەسالّی ١٩٨٨یشدا

دەستی کوردی بڕی و لە تاوانەکانی سەدامی ستەمکار لە کوردستان بێدەنگ بوو ، ئەوە بۆ رازیکردنی لە خۆباییبوونی سەدامی ستەمکاربوو.

ئەمڕۆش دەبینین بیکەر لە میانەی خەونە سەرنەکەوتووەکانی و وێناکردنە نائاساییەکانی و ئایدیاڵە سیاسییەکانی کە لەگەڵ ئەو گورگانەی چاویان بڕیوەتە نێچیری عیراق بێ سوودن، دێتەوە بۆ ئەوەی لە راپۆرتەکەیدا موژدەی چارەسەری جادویانەمان بۆ تەڵەزگەی عیراق بداتێ کە ئەویش موژدەی پێویستیی دەستپێکردنی گفتوگۆیە لەگەڵ سوریا و ئێراندا. لە کاتێکدا ئەو خۆی دەزانێت و بە دڵنیاییەوە دەزانێت کە سوریا بە هێورکردنەوەی دۆخی عیراق و دەستهەڵگرتنی خۆی لە عیراق رازی نابێت تەنها بە نرخێکی گران نەبێت کە ئەویش گەڕانەوەی سەربازییانە و سیاسییانە و ئابورییانەیەتی بۆ لوبنان وەك پێش ساڵی ٢٠٠٥، ئێرانیش دەست لە عیراق هەڵناگرێ تەنها بە بێدەنگیی تەواو و پراکتیکراوی ئەمریکا نەبێت لە پرۆژە ئەتۆمییەکەی کە بە وەدەستهێنانی بۆمبێکی ئەتۆمی کۆتایی دێت، ئەمەش، وەك لە وتارێکی پێشوومدا وتومە، بە ئەندازەی مەهدیی چاوەڕوانکراوە (المهدي المنتظر) .

جا ئایا ئەمریکا ئامادەیی ئەوەی تیایە ئەم باج و نرخە گرانانە بدات ؟

بە بێ ئەوەش، بێگومان راپۆرتەکە هەروەك مەرەکەبێك دەمێنێتەوە لە سەر کاغەر و کات بە فیڕۆ دەدات.

سا ئیدی کامەیە دەرمانی چارەسەرکەر لە رەچەتەی بیکەر هاملتۆندا..؟

میوەی حەرامکراو ...

— ١ —

میدیای عەرەبی، بە هەموو ئامرازەکانییەوە، شەو و ڕۆژ لەوە ناکەوێ باس لەپێویستیی پاشەکشەکردنی هێزەکانی ئەمریکا بکات لەعیراق بەو پێیەی ئەو هێزانە هێزی داگیرکەری سەربازین. ئەم بانگەوازە میدیای ڕۆژئاوا و بەتایبەتیش میدیای چەپەکان و میدیای ئەمریکی-ی سەربە ماشێنی میدیایی حزبی دیموکرات-یش دەیڵێنەوە. بنەما-یش لەم بانگەوازە یان ئارەزووەدا ئەوەیە کە" ئەو هێزانەی ئەمریکا کە ئێستا لە عیراقدان هێزی داگیرکەرن نەك هێزی ڕزگارکەر. ئەگەر بە هێزی ڕزگارکەریش دابنرابایە ئەوە هەموو ئەوانە داوای پاشەکشەی ئەو هێزانەیان نەدەکرد لەعیراق.

ـ ٢ ـ

پێشتر چەندین جار لەچەندین ئامرازی میدیایی عەرەبی و بیانییەوە نوسیومانە کە عەرەب لەفەرهەنگی سیاسییاندا جیاوازی لە نێوان هێزی داگیرکەر و هێزی رزگارکەردا ناکەن. سەرەڕای ئەوەیش کە بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوەیە کەهێزەکانی ئەمریکا لەعیراقدا هێزی داگیرکەرن، بەلام ئێمە وای بۆ نەچین و ئەم بۆچوونەشمان دووپات دەکەینەوە کەئەم هێزانە هێزی رزگارکەرن و هاتوون لەپێناوی رزگارکردنی گەلی عیراق لەحوکمی حزبی بەعس و حوکمی ستەمکاری هەرمگەورەی بەعس سەدام حسێن. ئەگەر ئەم هۆکارەش نەبوایە ئەوە هێزەکانی ئەمریکا بەداوەتنامەیەکی راشکاوانەی پێ لێداگیراوی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی نەدەهاتن، ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە سەدام حسێن ووردوخاشی کردن و سەرگەردانی کردن و ناوی نابوون ((سەگە لەرێدەرچووەکانی عیراق)) و لەمەنفاکان و دنیای پەرتەوازەی عیراقدا بەدوایانەوە بوو، ئەو دنیایەی کە لەسەروەختی ستەمکار-ی پێشوودا، ئەو پەرتەوازەییەی جولەکە کە لەمێژوودا بەناوبانگە، ئێش و ئازاری گەورەتر وسەختتربوو.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، کەچی ئێمە هێشتا لافەرانی بەخشندەیی و بەلێندان بە بەهەشت بە ((باوکی شەهیدان)) سەدام حسێن-ی ستەمکار دەبینین و دەبیسین کە لەو پیاوە ئاینییانەوەیە کە لەزێڕی سەدام و پاشان زێڕ و زیوی رەغد ـ ی کچی سوودمەندبوون و، لەو کادیرانەی حزبی بەعس ـ یش لەولاتی شام و یەمەن و میسر کە بەزێڕی سەدام دەحەسانەوە و

ئێستاش بەزیو ـ ی ڕەغدی کچی، کە تاقە وەسێتمەندی پەرستگا بەعسییە پیرۆزەکەیەتی، دەحەسێنەوە.

— ٢ —

بوونی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا، ئیدی هێزی داگیرکەربێت یان ڕزگارکەر، ئەوە جیاوازییەکی سیاسیی گەورەیان لەنێواندا نییە کە پێویست بکا داوای چۆڵکردنی سەربازییانەی ئەمریکا بکرێت لەعێراق و لەسایەی بوونی عێراقدا لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، لەچەقی دارستانێکی سیاسیدا کە چەندین وەحشیی سیاسیی پشت شکێنەری تیایە، وەحشیگەلێك کە سەرەڕای بوونی هێزەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا، هەوڵ نەدەن هەموو ڕۆژێك بەشێك لە کێکی عێراق هەڵبلوشن، جا چ جای ئەگەربێت و ئەم هێزانە پاشەکشە بکەن و عێراق بە ڕووت و قووتی و ئامادەکراوی بۆ ئەو دێو ودرنجە سیاسی و ئەو وەحشییە پشت شکێنەرانە بەجێ بهێڵن کەماوەیەکی دوورودرێژە چاوەڕوانی ئەو هەلەن.

بوونی هێزی سەربازی لەهەریەك لە ژاپۆن (٤٧ هەزار سەربان) و کۆریای باشوور (٣٧ هەزار سەرباز) و ئەڵمانیا (٢ ملیۆن سەرباز بەرلە ١٩٨٩ و ملیۆن و نیوێك دوای ئەو ساڵە) بە هێزی ڕزگارکەر دەستی پێکرد و، پاشان وەرگۆڕا بۆ پاراستنی سەربازییانەی ئەو وڵاتانە لەدەستدرێژی دراوسێکانیان بۆ سەریان. لەڕووەوە، بوونی هێزی سەربازی لەژاپۆندا لە ساڵی ١٩٤٥ەوە تا ئێستا، لەپێشووتردا بۆ پاراستنی ژاپۆن بوو لەشیوعییەتی سەربازیی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کەئێستا خۆی لەهەڕەشەی ئەتۆمیی کۆریای باکوردا دەبینێتەوە، مەسەلەکە بۆ کۆریای باشوور-یش هەروایە. هەرچی ئەڵمانیایە، ئەوە هێزی سەربازیی تێدا

لەئەنجامی ئەو هەڕەشەیە مایەوە کە بەرلەوەی دیواری بەرلین بڕوخێ و بەرلە یەکگرتنی ئەڵمانیا لەساڵی ١٩٩٠، لەلایەن ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە درێژەبووەوە بۆ سەر ئەڵمانیای ڕۆژئاوا.

حاڵی ئێستای عیراقیش، بە پلەی یەکەم، لە حاڵی ژاپۆن و کۆریای باشوور دەچێ. پەند-یش لەپێویستیی بوونی هێزی سەربازیی ئەمریکی لەئەنجامی لەدەستدەرچوونی باری ئارامی نییە لەناو عیراقدا، بەڵکو لەئەنجامی لەدەستدەرچوونی باری ئارامییە لەدەرەوەی عیراقدا و، لەئەنجامی ئەوەیە کە عیراق، لەڕووی جوگرافییەوە، کەوتۆتە ناو دارستانێکی سیاسیی پڕاوپڕ لەو وەحشییانەی کە چاویان خستۆتە سەری. ئەمەش ئەو شتەیە کە قەتەر درکی پێکردبوو کاتێک کەدەرگاکانی خۆی کردەوە بۆ دامەزراندنی گەورەترین پێگەی سەربازیی ئەمریکی لەدەرەوەی ئەمریکا. هەڵبەتە قەتەر ئەم پاسەوانییە سەربازییەی ئەمریکای لەئەنجامی لەدەستدەرچوونی باری ئارامیی ناوخۆیی قەتەر پێویست نییە، بەڵکو لەئەنجامی هەستکردنێتی لەرابردوو و ئێستاشدا بەوەی کە لەلایەن دێو و درنجگەلێکی سیاسییەوە لەناوچەکە کراوەتە ئامانج، سەروەختی سەدام حسێن-یش سەروەختی یەکەمی ئەم دێو و درنجە بوو، دیارە هێشتا دێو و درنجی تریش لەناوچەکەدا هەن کە قەتەر لێیان دەترسێت، هەر لەبەر ئەوەش قەتەر سوورە لەسەر ئەوەی کە هێزە لێدەرەکانی ئەمریکا لەوڵاتەکەیدا بمێنێتەوە، ئەمە ئێستا تەواو هەڵوێستی عیراقیشە. نەبوونی سەقامگیریی سیاسیشە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی کەبوونی ئەم ژمارە زۆرەی هێزەکانی ئەمریکا لەناوچەکە پاساودەدات نەك پاساوەکە لەدەستدەرچوونی باری ئارامیی ناوخۆیی بێت. تەنانەت ئەگەر عیراق لەپاشەڕۆژیشدا لەسەر ئاستی ناوخۆ سەقامگیربێت ئەوە بوونی

هێزەکانی ئەمریکا لەعیراقدا هەروەك پێویستیەکی ستراتیژی دەمێنێتەوە، ئەمەش لەئەنجامی بوونی دوو رژێمی دراوسێی عیراق کەئەوانیش رژێمی ئاخوندیی ئێران و رژێمی بەعسی سوریان. ئەم دوو رژێمە گەورەترین هەرەشەن بۆ سەر سەقامگیریی ناوخۆیی و دەرەکیی عیراق. ستەمی کەسە نزیکەکانیش ئێستا وای لێهاتووە زۆر لەستەمی کەسە دوورەکان مەترسیدارترە.

— ٤ —

بانگەوازکردن بۆ پاشەکشەکردنی سەربازیی ئەمریکا لەعیراقدا هەڵێکە بۆ مەبەستێکی ناهەق باسی دەکرێ .

ئەوانەی چاویان خستۆتەسەر عیراق، ئەوانەی رقیان لەعیراقە و، ئازادی و دیموکراسیی لەعیراقدا رەت دەکەنەوە" لەبابەت پیاوە ئاینیەکان و بەعسییەکان و نەتەوەپەرستەکان و ناسرییەکان و خەڵکی دی، ئائەمانەن کە بانگەواز بۆ پاشەکشەکردنی هێزەکانی ئەمریکا دەکەن لەعیراق بەرلەوەی داوای پاشەکشەی ئەم هێزانە بکەن لەزۆر بەشی تری جیهانی عەرەبیدا. هەموو ئەوانە دەیانەوێ هەر خۆیان بن لەعیراق، دەشیانەوێ شێوازەکانی حوکمڕانی ستەمکارانەی پێشوو بگێڕنەوە جا ئەگەر بەدەموچاوی تازەشەوە بێت، ئەوەی کە ئێستاش رووبەڕووی هەموویان دەوەستێتەوە و لەناوخۆ و دەرەوەدا بەرپەرچیان دەداتەوە ئەو هێزە ئەمریکییانەیە کە خاوەن دارێکی ئاڵۆزن.

— ٥ —

بوونی هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق و لە قەتەر و لەعومان و لە بەحرێن و لە کوەیت و لەناوچەکانی تری جیهانی عەرەبیدا، هەروەها لەژاپۆن و کوریای باشوور و ئەڵمانیا و شوێنی تری جیاجیا لەئەورووپا و رۆژهەلاتی ئاسیا و ئەفریقا، ئاستەنگیی بۆ پەرەپێدان و پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەم وڵاتانە دروست نەکردووە، بەڵکو رەنگە پارەتیشی دابێ لەوەی کەخەرجی قورس وگرانی بەرگریی لەسەر هەڵگرتوون تائەو رادەیەی کەهەندێ وڵاتی گەیاندۆتە هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتی سوپاکەی وەك ئەوەی کە کۆستاریکا لەئەمریکای باشوور کردی، یان هێشتنەوەی ژمارەیەکی رەمزی لەسوپا وەك ئەوەی کە قەتەر کردی (٧٥٠٠ سەرباز) هەروەها بەحرێن (٨٠٠٠ سەرباز) و وڵاتانی دیکەی رۆژهەلاتی و رۆژئاوایی و ئیکتیفاکردن بەوەی سوپای ئەمریکا لەشەڕانگێزیی دراوسێکانیان و دوژمنکارییەکانیان، بیانپارێزێت.

بەڵام ئەوەتا رۆڵەکانی نەتەوەکەی من لەوانەی کەدوژمنی عیراقن ئەم پاسەوانییەیان بۆ عیراق ناوێ، دەیانەوێ عیراقی سبەینێ گۆشتێکی سووری داماڵراوبێت لەئێسك بۆ ئەوەی زۆر بەئاسانی بیکەن بەشیشەوە و بیبرژێنن هەروەك ئەوەی کە لەم رۆژگارەدا دەیکەن.

— ٦ —

عیراق بۆتە ئامانجی یەکەمی تاریکخوازانی عەرەبی لەوانەی کە بوونەتە دوژمنی مۆدێرنە و هاوچەرخبوون و دیموکراسی. پێشترو تائێستاش ئەوە لوبنان بوو کە ببووە ئامانجی تاریکخوازانی عەرەبی، بەڵام چیدی لوبنان

ئامانجی یەکەم نییە دوای ئەوەی کەعیراق لەدیموکراسییەتە تازەکەیدا کە لەماوەی چوارساڵدا بەدیی هێنا، کەوتە پێش لوبنانەوە، ئەمە لەکاتێکدا لوبنان لەو دەمەوەی کە لەساڵی ١٩٤٣دا سەربەخۆیی بەدەستهێنا ساڵانێکی دوورودرێژی ویست تاوەکو ئەوە بەدی بهێنێت کە عیراق بەو ماوە کەمە بەدیی هێنا، هەر ئەوەشە کە ئێستا وای لەعیراق کردووە جێی ئیرەیی و رقی تاریکخوازانی خەڵکی نەتەوەکەی من بێت.

کەواتە، ئایا بۆچی بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراقدا دەبێتە میوەیەکی حەرامکراو بۆ عیراق لەکاتێکدا بوونی ئەم هێزانە بۆ ئەوانی تر، بۆ عەرەب و عەجەم، میوەیەکە لەمیوەکانی بەهەشت؟

ليبراڵە ڕەشبینەکان ..

— ١ —

حاڵەتی عیراق، لە بەرەبەیانی ٩ ی نیسان-ی ٢٠٠٣ەوە تاکو ئێستا، بۆ عەرەب ـ ی ئەم چەرخ و سەردەمە، ئەو عەرەبانەی کە پێشتر دۆخە خراپەکان و نەگبەتییەکانی گەلانیان نەدیوە بەتایبەتی دۆخی خراپ و نەگبەتییەکانی رابردووی گەلی عەرەب، حاڵەتێکی کەم وێنە و کارەساتبار و ترسێنەرە. ئەو خەڵکانە لە مێژوودا لایەنێکیان لەو دۆخە خراپانە لە هەردوو سەردەمی ئەمەوی و عەباسی و ئەوەی کە بەدوای ئەو دوو سەردەمەش دێت، خوێندووەتەوە، بەڵام بە چاوی خۆیان ئەو دۆخە خراپانەیان نەبینیوە کە ئەمڕۆ دەیبینن بە تایبەتیش لە عیراقدا.

— ٢ —

عەرەب و لە ناوياندا هەندێ لە ليبراڵە رەشبينەكان وايان دانا كە ئازادى سەيرانێكى جوان و گەشتێكى گەشتوگوزاريیانەيە كە بەدیهێنانی و پێگەيشتنی لەلايەن عيراق و گەلی عيراقەوە ئاسانە، ئەو عيراقەی كە دوانزە سەدە و زياتريشە واتە لەسەرەتای دەست پێكردنی سەردەمی ئەمەوییەوە تا تەنانەت پێش ٩ نيسانی ٢٠٠٣يش تامی ئازادیی نەكردووە و، چەندين دەهە–ش لە ژێر حوكمی ستەمكاری و زۆرداریی جۆراوجۆردا بووە تا وای لێهات ستەمكاری بووبە مۆركی ئەم گەلە و ناهەقی بووبە خۆراكی و زۆرداری بوو بە سەركەوتنی و خوێنڕشتنيش بووبە خواردنەوەی. ئەمەش خەسڵەتێك نييە لە گەلی عيراقدا كورت بووبێتەوە ئەوەندەی خەسڵەتێكە دەشێت هەر گەلێكی تريش وەری بگرێت" هەر گەلێك كە وەك عيراق ١٢٥٠ ساڵ، لە سەردەمەوە بۆ سەردەمێكی تر و لە سەروەختێكەوە بۆ سەروەختێكی تر، لە ژێر چەكوشەكانی زۆرداری و شمشێرەكانی ستەمكاريدا بێت.

— ٣ —

عەرەب و لە ناوياندا هەندێك لە ليبراڵە رەشبينەكان وايان دانا كە لابردنی رژێمێكی زۆردار–ی وەك رژێمی سەدام حسێن، سەيرانێكی دەريايی يان دەشتاييە و ئەمريكا لە عيراق و لە كەنارەكانی ديجلە و فوراتدا ئەنجاميداوە، بەجۆرێك كە هەركە عيراقييەكان شەو خەوتن و بەرەبەيان خەبەريان بوومەوە دەبينن كە عيراق بە پلەی ١٨٠ گۆڕاوە و، لە تاريكاييەكانەوە بەرەو رووناكی و لە سەردەمی خولەفا بەسەرچووەكانەوە

بـۆ سـەردەمی سـەرۆکە فەرمانبـەرەکان هاتۆتـە دەر. ئـەوان ئـەوەیان لـەبیرکردووە کـە ئـەمریکا لـە ئەمەوییـەکان و عەباسـییەکان و مـەغۆل و عوسمانییەکان و هاشمییەکان و بەعسییەکانەوە میراتییـەکی ئـەوتۆ قورسی بۆ بە جێ هێڵراوە کە بە ئەندازەی شاخەکانی هەمەلایا قورسە. ئەمە جگـە لـەوەی ئـەمریکا خـۆی لـە قـەبارەی ئـەم میراتـە بـەجێماوە غافڵـە و بەمێژووەکەشـی نـازانێ و فێـڵ لێکـراوە بـە نوخبـەکانی و فریـودراوە بـە پارتەکانی و توشکراوە بەچاڵ و گۆماوەکانی.

— ٤ —

عەرەب و لە ناویاندا هەندێك لە لیبراڵە رەشبینەکان وایان دانا کە ئەوەی لە بەرەبـەیانی ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ لـە عیراقدا روویـدا فیلمێکـی سەرکێشیی ئەمریکیی کات بەسەربەرە، فیلمێك لە فیلمـەکانی هۆلیـۆد کە تەماشاکردنی خۆشـە و رەنگـەکانی جوانـە و دەرهێنـانی باشـی بـۆ کـراوە و نوانـدنێکی جوانی تیایە. واشیان دانا کە شەوگاری خۆیان بە دیار سەیرکردنی ئەم فیلمـەوە بەسـەربردووە و بەدەمیـشیەوە کاکڵـە و ناوکـەیان تروکانـدووە و فـستق و (بۆبکـۆرن)یـان خـواردووە و کۆکاکۆلایـان خواردۆتـەوە، ئـەوان مەزەنـەی ئـەوەیان نـەکرد کـە ئـەوەی لـە عیراقـدا روویـدا وەرچـەرخانێکی مێژوویی گەورە و کەم وێنەیە لە مێژووی کۆن و نوێی عەرەبدا و، لە هـەموو ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا و لە عیراقدا ئاسەواری دوورمـەودای خـۆی دەبێت و، یان تەنها لە دراوسێکانی عیراقدا کورت نابێتەوە. هەڵبـەت هەنـدێ لە رژێمە عەرەبییەکانیش کە بە شـەرێکی، لەیـەك کاتدا، پیس و کوێرانـەوە چوونەتە شەڕی سیستمی نوێی عیراقەوە، سەرنجی ئەمـەیان داوە، چونکە

ئەوەی لە عیراقدا روویدا قەدەرێکە لە قەدەرەکانی مێژوو و، بەریش بە قەدەری مێژوو ناگیرێ.

— ٥ —

عەرەب و لە ناویاندا هەندێك لە لیبراڵە رەشبینەکان وایان دانا قوربانیی ئازادی و دیموکراسی شتێکی کەمە، بە ووردی حسابیان بۆ ئەو تێچووەی ئازادی و دیموکراسی نەکرد. لەمەشدا هەقیانە و تەواو هەقیانە، چونکە ئەمە یەکەم جارە لە هەموو مێژووی عەرەبدا کارێکی ئەشتەرگەریی سیاسیی ئاڵۆز و سەخت بۆ گەلێکی عەرەب بەڕێوەدەچێت. عەرەب لەم جۆرە ئەشتەرگەرییانە ئاگادارنەکراوەتەوە و تاقیشی نەکردۆتەوە و حسابی تێچووە مرۆییەکەی و هەروەها تێچووە دارایی و سەربازییەکەشی نەکردووە. بۆیە هەموو رۆژێ کە تێچووی ئەم پرۆسە کەم وێنەیە دەبینن کە بەدوای یەکدا قوربانی و پارە و چەکی تێدەچێ، ئازارنەچێژن و هەڵدەلەرزن و هەڵدەچن و، بە بۆنەی ترس و تۆقینی زۆریشیانەوە ئومێدی ئەوە دەکەن و دەڵێن ئەگەر رژێمی ستەمکار تا ئێستا بمابایە، ئەوە، وەك عەبدولڕەحمان ئەلڕاشد، کە یەکێکە لە رۆژنامەنوسە لیبراڵە رەشبینەکان و بەڕێوەبەری گشتیی کەناڵی (العربیة)، بۆ ئەنتۆنی شەدید—ی پەیامنێری واشنتۆن پۆست وتبووی: دۆخەکە باشتر دەبوو لەوەی کە دەیبینن و باسی دەکەن. ئەو لیبراڵە رەشبینانە تێچووی ئازادی و دیموکراسییان لە وڵاتە جیاجیاکانی رۆژئاوادا ئامارنەکرد و بەو باجەیان بەراورد نەکرد کە گەلی عیراق وەك نرخێك بۆ ئازادی و دیموکراسییان داوە. گەلی عیراق گەلێکی خۆشبەختیشە دەوڵەتێکی وەکو ئەمریکای دۆزییەوە کە زۆرێك لە خەرجی

حساباتی تێچووی ئازادی ودیموکراسییەکەی بۆ بدات. ئەگەر ئەمریکا، یان پارە و سوپا و هێزی سیاسیی ئەمریکاش نەبوایە ئەوە گەلی عیراق خۆی بە تەنها نەیدەتوانی ئەوە بەدی بهێنێت کە بەدیی هێناوە ئەمە سەرەڕای هەموو ئەوەی کە لە عیراقدا لە ڕووداوی ڕۆژانە و خەرج و قوربانیی زۆر و زەوەند، ڕوودەدات، ئەو ڕووداوانەی کە ئێمەی عەرەب لەسەری ڕانەهاتووین چونکە هەروەك وتم پێشتر نەچووینەتە ئەزموونێکی کەم وێنەی وەك ئەم ئەزموونەوە.

— ٦ —

عەرەب و لە ناویاندا هەندێك لە لیبراڵە ڕەشبینەکان وایان دانا ئەوەی ئێستا لە عیراقدا ڕوودەدات چیرۆکێکی سەرکەوتنە بۆ ڕێکخراوی قاعیدە و چیرۆکێکی سەرکەوتنە بۆ ئەو ڕژێمە ئۆتۆکراتییە عەرەبانەش کە دیموکراسییان وا لێکردووە لەدیدی گەلانیاندا وا دەربکەوێت کە شتێکی قێزەوەنە. بواری ئەوەشیان بۆ هەڵکەوتووە کە بە گەلانیان بڵێن: سەیر بکەن ئەوەتا ئەو دیموکراسییەی کە ئەمریکییەکان دەیانەوێ بۆتانی بهێنن، دیموکراسی جگە لە سەرئێشەو ماندوێتی هیچی دی ناهێنێت... ئەوەی کە ئەمریکییەکانیش بەڵێنی پێ دابوون لەبیری خۆتانی بەرنەوە.. هەروەك ئەم قسەیە سەلامە نعمات . ی ڕۆژنامەنووسی لیبراڵی ئوردنی و بەڕێوەبەری نوسینگەی واشنتۆنی ڕۆژنامەی (الحیاة) بۆ ئەنتۆنی شەدید . ی پەیامنێری واشنتۆن پۆست، وتبووی. ئەمە لە کاتێکدا نەعمات — ی هاوڕێمان دەزانێت ـ بەڵام تاڵی دۆخەکە بیری بردۆتەوە – کە دیموکراسی و ئازادی لە دژی سەرلەنوێ گەڕانەوەی زۆرداری و ستەمکاری وەکو دەرمان

وان. وەك هەر دەرمانێكی تریش دەركەوتەی لابەلایان هەیە كە ڕەنگە هەندێ جار ببێتە مایەی مردن . هیچ دەرمانێكیش نییە كە دەركەوتی لابەلای خراپی نەبێت، حاڵی ئازادی و دیموكراسییش هەروایە، هەر ئەمەشە كە لە عیراق ڕوودەدات. دەركەوتەكانی ئەو دەرمانەش ئەوەیە كە لە ساڵانی ڕابردوودا و هەروەها لەمساڵدا بینیمان، بەڵام ئەمە بەردەوام نابێت، چونكە لە كۆتایی قۆناغی هەر چارەسەرێكدا لایەنە باشەكانی دەرمانەكە دەمێنێت و خراپییەكانی دەسڕێتەوە.

— ٧ —

هەندێك لە ڕۆشنبیرە لیبراڵە ڕەشبینەكان، ئەوەی لە عیراقدا ڕۆژانە ڕوودەدات زنۆقی بردوون. ئەو ڕووداوانەمان مەبەستە كە ئاماژەیەكی ڕوون لەسەر گەورەیی و قووڵیی ئەو گۆڕانە دەدەن كە ڕوویداوە و مەودای ئەو هەنگاوەش كە عیراق لە ٩ نیسانی ٢٠٠٢ەوە بڕیوێتی. لە ناو ئەو ڕۆشنبیرانەدا هەیە كە دەستی خۆیان لە حاڵەتی عیراق تەكاند و وازیان لێ هێنا، لێشیان هەیە لە پشتگیریكردنی ئەو پرۆسەی ئازادییەی ڕوویدا پەشیمان بووەوە، لێشیان هەیە ئەمڕۆ و سبەینێی عیراق بە ڕەوشێكی ڕەشی قەترانی ناودەبا و دەڵێ: هەموو شتێك، هەموو شتێك وەكو ڕەشی قەترانی دەرنەكەوێت هەروەك مەجدی خەلیل-ی نوسەری لیبرالیستی هاوڕێمان بۆ هەمان پەیامنێری واشنتۆن پۆست-ی وتبوو. هەندێ لە برا لیبرالیستەكانمان وایان مەزەنە دەكرد كە ئەوەی لە عیراقدا ڕوویداوە وەك هەر گۆڕانێك كە لە جیهانی عەرەبیدا ڕوودەدات گۆڕانی ڕژێمێكی سیاسییە. دیارە لە سوریا چەندین جار ڕژێم گۆڕا، لە میسر، لە یەمەن، لە لیبیا، لە

سودان، لە جەزائیر و لە ولاتانی تری عەرەبیشدا گۆڕا، بەلام ئەوەی کە لە عێراقدا روویدا لەو ولاتانەدا روونەدا. چونکە ئەو گۆڕانەی کە لە رژێمی ئەو ولاتانەدا روویدا سەیرانێکی سیاسی بوو. هەندێ لە برا لیبرالیستەکان تێچوویەکی خاکییانەشیان بۆ ئازادی و دیموکراسی دەویست، ئەو تێچووە هەرزان بەهایەی کە گەلانی تری عەرەب وەك نرخێك بۆ ئەو گۆڕانە سیاسییەیان دا کە روویدا. ئەو رۆشنبیرە لیبرالیستانە عەقڵییان بەوەشدا نەشکا کە ئەو تێچووانە بۆ ئەو کودەتا و رژێمانەی کە گۆڕدران وەك نرخێك بۆ ئازادیی راستەقینە و دیموکراسیی رەوا نەدراوە ئەوەندەی وەك نرخێك لە پێناوی کوتەکێك لە بری کوتەکێکی دی و، زیندانێك لە جیاتی زیندانێکی تر دراوە بە بادا. ئەوە جەلاد و زۆردار و ستەمکار-یش بووە کە گۆڕدراوە نەك سیستەمی حوکمڕانی. بگرە رەنگە رژێمە کۆنەکان لە هەندێ ولاتی عەرەبیدا باشتربوبێتن لەو رژێمانەی کە کودەتایان بەسەردا کرا و لاف رزگاریخوازی و پێشەنگایەتی و مۆدێرنێتی و .. هتد یان.. دەدا..

ـــ ٨ ـــ

ئەنتۆنی شەدید ـ ی پەیامنێری واشنتۆن پۆست لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ ژمارەیەك لە سمبولە عەرەبیە لیبراڵییەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەمریکا گەشتە ئەنجامێك ئەویش ئەوەیە زۆربەی ئەوانەی پشتگیریی روخاندنی رژێمی سەدام حسێن-یان دەکرد ئەوەیان رەتکردەوە کە وەلامی پرسیاری ئەوە بدەنەوە ئاخۆ هێشتا پشتگیریی داگیرکردنی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە دەکەن یا نا.. هەندێکیان وتیان : خودی پرسیارەکە مەحاڵەو نادادپەروەرانەیە. ئەوەی تێبینیش کراوە ئەوەیە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست

ـە لـە ڕۆژنامـە بەرهەڵـستكارەكانی ڕژێمـی سـەرۆك بـوٚش .ە و،
ەرهەڵستكارێكی توندی هەڵمەتكردنیشە بۆ سەر عیراق و ڕزگاركردنی
عیراق بەو شێوەیەی بەڕێوەچوو، بە ئەنقەست وەڵامە ئەرێكانی(الإيجابية)
لابرد و وەڵامە نەرێكانی لەسەر حاڵەتی عیراق پاراست و بڵاوكردەوە. من
خۆیشم یەكێك بووم لەو كەسانەی كە لەسەر ڕەوشی عیراق لەلایەن ئەو
ڕۆژنامەیەوە پرسیارم لێكرا، بەڵام ئەم ڕۆژنامەیە وەڵامە ئەرێیانە و
گەشبینانەكەی من و زۆرێكی ترمانی لابرد.

وەڵامەكەیشم ڕوون بوو، ئەویش ئەوەیە" ئەوەی لە میانەی چوارساڵی
ڕابردوودا ڕوویدا دەبوایە ڕووی بدایە و لە حیساباتیشدا هەبوو، بگرە
ئەوەی ڕوویدا زۆر كەمترە لەوەی كە پێشبینیم كرد. هەتا ئێستاش عیراق
لەبەردەم ڕێگایەكی دووروودرێژە بۆ ئەوەی بگاتە سەقامگیری. دەبێ
ئەوەشمان بیربكەوێتەوە كە عیراق بە سنوری هۆڵەندا و بەلجیكا و فەرەنسا
و سوید و ئەڵمانیا و وڵاتانی دیكەی عەلمانی و پێشكەوتوو و ئازاد و
دیموكرات، دەورە نەدراوە. عیراق كەوتۆتە ناوەندی دارستانێكەوە لە
دیكتاتۆرییە حزبی و خێزانی و ئاینی و كۆمەڵایەتییەكانیش. عیراق ڕەنگە
دەیان ساڵی بوێت تا حاڵ و بارودۆخی سەقامگیربێتەوە، بەڵام عیراق
هەروەك وڵاتێكی خۆشبەخت و پیرۆز دەمێنێتەوە كە مێژوو دێت و
دەوڵەتێكی وەك ئەمریكای بۆ دەنێرێ، ئەمریكایەك كە هاتووە دوژمنەكانی
عیراق دەپشكنێ بۆ ئەوەی لەناویان بدات، ئەو ئەمریكایەی كە خۆی
لەبەردەم میللەتێكی كوێلەكراوەدا بینیەوە بە نرخێكی زۆر و گران ئازادی
كرد. من بە قوڵی و قەناعەتێكی تەواوەوە باوەڕ و قەناعەتم بەوە هەیە كە
عیراق، دووربێت یان نزیك، نموونە چاولێكراوەكە دەبێت بۆ عەرەب بۆ
ڕۆژهەڵات ناوەڕاستییەكان بەگشتی. لە دواڕۆژیشدا گەلانی تری چەوساوەو

کۆیلەکراو بە دوای هەلێکدا دەگەڕێن وەك هەلی عێراقی – ئەمریکی بۆ ئەوەی خۆیان لەو دۆخەی تیایدان ڕزگاربکەن، بەڵام ئەو هەلە نابیننەوە. چونکە کۆششی ئەمریکا و، پارەی ئەمریکا و سووربوونی ئەمریکا و بانگەوازی مێژوو لە هەموو کات و شوێنێکدا فەراهەم نابێت.

دانبەخۆدابگرن،
جەنگ هێشتا کۆتایی نەهاتووە..

ـ ١ ـ

هێشتا راپۆرتەکەی بیکەر – هاملتۆن لە جیهانی عەرەبیدا بڵاونەکرابووەوە کە شەقامی عەرەبی سەرکەوتنی دیاری خۆی بەسەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە راگەیاند، ئەو شەقامەی کە پارتە ئاینییە توندڕەوەکان و پاشماوەی ئەو پارتە نەتەوەپەرستانە بەسەریدا زاڵە کە لە دوا هەناسەدانی خۆیاندان. خۆشیی ئەم سەکەوتنە و شیرینییەکەی هێندەی تریش زیادی کرد کاتێك کە جۆرج بۆش رایگەیاند : ئەمریکا تا ئێستا لەم شەڕەدا قازانجی نەکردووە. ئەو نەیووت شکستمان هێنا لە جەنگێکدا کە کۆتایی هات و سبەینێ لە عیراق پاشەکشێ دەکەین. جیاوازییەکی گەورەش لە نێوان ئەوەدا هەیە کە بڵێی: ئێمە هێشتا لە شەڕێکدا سەرکەوتوو نەبووینە و، نێوان ئەوەی بڵێی: ئێمە شکستمان هێنا

و جەنگ کۆتایی هات و سبەی دەکشێینەوە. ئەمەش جێی سەرسوڕمان نییە، ئەمە هەمیشە رەفتاری عەرەبە لە شیکردنەوەی دەرئەنجامەکانی جەنگە سەربازییەکانیان و شەڕە قسەکانیان و جەنگە عەنتەرییەکانیان لەگەڵ ئەوانیتر و هەڵێنجانی دەرئەنجامەکانیان. لەم رووەوە، بە درێژایی مێژووی نوێی عەرەب، تا ئێستا عەرەب دانیان بە هیچ شکستخواردنێکی خۆیاندا نەناوە لەهەر شەڕێکدا کە کردوویانە جا لەگەڵ ئیسرائیلدا بێ، یان لەگەڵ رۆژئاوا، یان لەگەڵ ئەمریکا، یان لەگەڵ دەرودراوسێ، یان هەر لایەنێکی تر لە لایەنەکان. لەم رووەوە شکستخواردنەکانی عەرەب، کە وەك روونی-ی رۆژ روونن، بەلای عەرەبەوە، نسکۆن نەك شکست هێنان، جەنگە دۆڕاوەکانیشیان لەگەڵ دوژمناندا نەگبەتی ـــ ن نەك شکستهێنان. سەرزەمینە داگیرکراوەکانیشیان لەلایەن داگیرکەرە ئیسرائیلییەکان و تورکەکان و ئێرانییەکان و ئیسپانییەکان بوونەتە شتە لەیادکراوەکان و، کەسێك نییە نە دۆز و مەسەلەکانیان بوروژێنێ و نە داوایان بکا و ڕەنگە نە بیریشیانی بکەوێتەوە. ئێستا کێ لیوای ئەسکەندەرۆنە و، سەبتە و مەلیلە و، هەر سێ دوورگەکەی ئیمارات (مەبەستی لە تونبی گەورە و تونبی بچووك و ئەبو موسایە / وەرگێڕ) و، فەلەستینی پێش ١٩٤٨ و پێش ١٩٦٧ی لە بیرە ؟

ـ ٢ ـ

چەند رۆژێکە، عەرەب، بە سەرکەوتنە خەیاڵییە لافدراوەکەیان بەسەر ئەمریکادا لە عیراق، دڵخۆشن – ئێمە خۆزگەشمان دەخواست ئەو سەرکەوتنە راست و واقعی بوایە – پاشان نازانم ئەوان بەسەر کێدا سەرکەوتوون و چۆن سەرکەوتوون و چییان لەم سەرکەوتنە بەدی هێناوە؟

ئایا سەرکەوتنیان لە عیراق لە ئەنجامی ئەوە هاتووە کە توانیویانە هەموو رۆژێک سەد هاووڵاتیی عیراقی لە بازارەکان و مزگەوتەکان و زانکۆکاندا بکوژن؟ ئایا سەرکەوتنیان لەوەوە هاتووە کە جلوبەرگی سوپا و پۆلیسی عیراقیان لەبەر کردووە و خەڵکی ریش سپی و ژنیان لە تاکەکانی میللەتی عیراق رفاندووە؟ ئایا سەرکەوتنیان بەو جلەی لەبەریان کردووە (جلی سوپا و پۆلیس) لەوەوە هاتووە پەلاماری بانکەکانیان داوە و پول و پارەی گشتییان دزیوە وەك ئەوەی عیراق بۆ سەدە سەرەتاییەکانی یەکەمین گەڕابێتەوە کە مرۆڤ لە دارستاندا دەژیا و، خەریکی راو و ڕووت بوو لە دەریاکاندا؟ . ئایا سەرکەوتنیان لە ئەنجامی دەست درێژیانەوە هاتووە بۆ سەر پەرەستگا ئیسلامی و مەسیحییەکان، سوننیی و شیعییەکان و، کوشتنی پیاوانی ئاینی و سوجدە بردن و سەردانواندن بۆ خوا ؟

ئایا، هەر بە ڕاستی، سوپای ئەمریکا شکستی خواردووە؟ ئەی ئەو سوپا سیستماتیکییەی بەرامبەری کێیە کە شکستی پێهێناوە؟

سوپای سیستماتیکی ئەمریکا سوپایەکە ئامادەکراوە تاوەکو شەڕی سوپایەکی سیستماتیکیی وەك خۆی بکا نەك ئەو میلیشیاتە دەمامککراوانە بە دەمامکی جلی سوپا و پیاوانی ئاسایشی عیراق. سوپای سیستماتیکی عیراق، هەرکە سوپای ئەمریکا هات بۆ ئەوەی بچێتە زۆرانبازییەوە لەگەڵیدا لە مانگی ئازاری ٢٠٠٣دا، بەرلەوەی سوپای ئەمریکا بگاتە بەغداد داڕوخا و خۆی دا بە دەستەوە. ئیتر کامەیە ئەو سەرکەوتنەی کە قسەی لێ دەکەن ؟

— ٣ —

ئەمریکا - دوای ئەوەی خەونێکی درێژی لێکرد و غافڵگیر و لووتبەرز کرا - ئێستا وای لێهاتووە چاک دەزانێ کە دوژمنی سەرەکی و راستەقینەی ئازادی و دیموکراسی لە ناوچەکەدا کێیە و، کێش دەیەوێت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەراوژێر هەڵگێڕێتەوە و ببێتە میراتگری جیهانی عەرەبی (پیاوە نەخۆشەکە) و حکومەتگەلێکی ئاینی-ش لەسەر شێوەی حەماس لە غەززە و حزبوڵڵا لە باشووری لوبنان دابمەزرێنێ. ئەمریکا ئێستا دەشزانێ کە لەسەریەتی شەڕی کێ بکا بۆ ئەوەی رێگای ئازادی و دیموکراسی لەبەردەم گەلانی ناوچەکەدا بکاتەوە؟

ئەو دەوڵەتەی کە بە درێژایی ساڵانی رابردوو ئەو پارە زۆر و زەوەندەی داوە . کە ئەوەش هیچ دەوڵەتێکی تری سەر ئەم زەمینە ناتوانێت بیدات ـ و خوێنی رۆڵەکانیشی وەك نرخی کردنەوەی رێگای ئازادی و دیموکراسی پێشکەشکردووە، واز لە تەواوکردنی پەرستنی رێگای بەردەم گەلانی ناوچەکە ناهێنێ بۆ گەیشتن بەو ئازادی و دیموکراسییە کە گەلانی ناوچەکە بە ویستی خۆیان هەڵیاندەبژێرن. لەم رووەوە، لەسەردانەکەی ئەم دواییەیدا بۆ بەغدا وەزیری تازەی بەرگریی ئەمریکا رۆبەرت گیتس، هێرشی کردەسەر سوریا و ئێران و، دڵەڕاوکێی خۆی لە ئاست ئەو (رۆڵە سلبی)یەش دەربڕی کە ئەو دوو وڵاتە دەیگێڕن بە تایبەتی لە عیراقدا. لە دیدارێکیشدا لەگەڵ سەربازەکانیدا، وتی: ((دەبێ دراوسێکانی عیراق باش لەوە تێبگەن کە ئێمە بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لە کەنداودا دەمێنینەوە)). داوای لە هەردوو وڵاتیش کرد کە پێویستیی تێگەیشتنی ئەو چوارچێوە هەرێمایەتییە بزانن

کە ململانێی تیادا دەکرێت. هەروەها چەند بەرپرسێکی سەربازیی ئەمریکیش ئەوەیان دووپات کردەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا دەستدەکەن بە جوڵاندنی کەشتیگەلێکی جەنگیی زیاتر بەرەو کەنداو، بێگومان ئەوەش بۆ پیشاندانی خواستی سەربازییان لە ئاست ئێران و سوریادا. بەرپرسان ئەوەشیان ووت کە رۆبەرت گێتس-ی وەزیری تازەی بەرگری پێشبینیی ئەوە دەکات هەر لەم هەفتەیەشدا موسادەقەی داواکاریی فەرماندە سەربازییەکانی ئەمریکا بکا کە داوای ناردنی فرۆکە هەڵگرێکی تریان کردبوو بۆ کەنداو، ئەمە لە کاتێکدا کە بەریتانیاش لای خۆیەوە دوو راماڵێنەری (کاسحة) تری مین -- ی دەنێرێت.

— ٤ —

ئەگەر عەرەب وای دادەنێن کاتێك کە سوپای ئەمریکا ناتوانێ ئاسایش و سەقامگیری لە عیراقدا بەرپا بکات، سەرکەوتنیان لە عیراقدا هاتۆتە دی، ئەوە خەتاکە هەمووی خەتای سوپای ئەمریکا نییە، بەڵکو بەشی گەورەی بەرپرسیارێتییەکە لە ئەستۆی دەستەبژێری سیاسیی عیراق و گەلی عەرەبی عیراقیشە. سوپای ئەمریکا کە دەچێتە ناو عیراقەوە، هەموو یەك سوپایە، بەیەك ئامانج و یەك نەخشە و یەك چەکەوە دەچێت، سوور و سەوزی نییە، یان هەڵبژاردن و زۆرەملێی نییە. باشە بۆچی لە دوای ٩ ی نیسانی ۲۰۰۳ەوە ئاسایش و سەقامگیری و بونیادنان و پەرەپێدان لە کوردستانی عیراقدا هاتە ئاراوە و لە ناوەراست و لە باشووری عیراقدا نەهاتە گۆرێ تائەو رادەیەی لەگەڵیدا عیراقییەکان بۆ داواکردنی ئاسایش و سەقامگیری و

ئازادی لە باشوور و ناوەڕاستەوە کۆچ بۆ باکوری عیراق بکەن ؟ ئایا عیراق هەر هەمووی ئەو عیراقە نییە کە ئەمریکا بە سوپاکەی داگیری کردووە؟

کەواتە هەموو شوورەییەکە ئەمریکا نییە، بەڵکو شوورەییەکە شوورەییەکی عەرەبی عیراقییە و، کێشەی عەرەبی عیراقە لە ناوەڕاست و باشوور بەر لەوەی سوپای ئەمریکا بچێتە عیراقەوەو دوای ئەوەش کە چووە عیراقەوە.

ئینجا با گریمانەی ئەوە بکەین کە ئێستا ئەوە سوپای ئەمریکا و، بە دوایشیدا ئیمپراتۆرییەتی گەورەی ئەمریکا، لەو شەڕەی پێشوویدا بەشکستێکی گورچکبڕ شکستی هێنا لە ئەنجامی هۆکارگەلێك کە هەمووان دەیزانن، ئایا ئیدی جەنگ لە عیراقدا کۆتایی هاتووە یان شەڕێك لە شەڕەکان کۆتایی هاتووە و شەڕی تریش بەڕێوەیە هەروەك وەزیری بەرگری رۆبەرت گێتس دەڵێ ؟

پاشان ئایا عیراقی مەزن بە پاشەرۆژی و بە ستەمکاریی حوکمڕانەکانیشی لە سەردەمی عەباسی (٧٥٠م - ١٢٥٨م) و لە سەردەمی مەغۆلی (١٢٥٨م- ١٥٣٤م) و لە سەردەمی عوسمانی (١٥٣٤م- ١٩١٧م) و لە زەمەنی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز (١٩١٧م- ١٩٢١م) و ئینجا لە سەروەختی پاشایەتی (١٩٢١م- ١٩٥٦م) و لە سەروەختی کۆماری (١٩٥٨م- ٢٠٠٣م) ەوە، بەو خێرایییە توانای چارەسەربوون و گەڕانەوەی هێز و ئازادی و بە دەستهێنانەوەی عافیێتی خۆی هەیە دوای ئەو سەردەمە دوورودرێژە لە ستەم و ستەمکاری و داپڵۆسین و سەرکوتکردن و دواکەوتن و کوشتنی بە کۆمەڵ ؟

ئێمە بە ئەنقەست مێژووەکانی داپڵۆسینمان لە عیراقدا بە ووردی خستەڕوو بۆ ئەوەی ئەوە بیربخەینەوە کە عیراق لە باکور و باشوور و

ناوەڕاستدا، ماوەی ١٢٥٣ ساڵە، واتە ١٢ سەدە و نیوە لە ژێر ستەم و سەرکوتکردن و داپڵۆسین و ستەمکاری و دواکەوتن وکوشتنی بەکۆمەڵدا بووە.

کەواتە، ئەمریکا هاتە عیراق بۆ ئەوەی ستەم و سەرکوتکردن و داپڵۆسین و ستەمکاری و دواکەوتنێك بسڕێتەوە کە ١٢٥٣ ساڵ بەردەوام بووە، واتە دوانزە سەدە و نیو. ئایا ئەم لەپاش جێمانە مێژووییە قوورسە بە قوورسایی شاخەکانی هەمالایا، لە ماوەی سێ یان چوار ساڵدا، تەواو دەبێت؟

بەڵێ شەڕێك لە شەڕەکان کۆتایی هات، بەڵام جەنگەکە کۆتایی نەهاتووە، جا، هەروەك یەعقوب وتی، ئەو دەمەی کە براکانی یوسف، یوسف ـ ی برایان خستە بیرەکەوە، دانبەخۆدا بگرن. چونکە عیراقی ئەمڕۆ یوسفی دوێنێیە. براکانیشی لە دەر و دراوسێکانی، هەر ئەوانن کە عیراقیان فڕێدایە بیرەکەوە (بیری تیرۆر). بەڵام ئەوەی کە هەقە سبەی رۆژ هەر دەردەکەوێ، بەو نزیکانەش یوسف ـ ی عیراق لە تەڵەی براکانی قوتاری دەبێ و لە بیرەکە دەردەچێ و، عیراقی یوسف ـ یش وەك پەندێك بۆ عاقڵەکان دەمێنێتەوە.

بەشی سێیەم:

چەند بابەتێکی فکری و سیاسی

بۆچی داگیرکردنی کولتورییان بۆ ئێمە، سەرکەوتنی بەدەست هێنا ؟

لەماوەی نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا دەرکەوتەکانی داگیرکردنی کولتوریانەی جیهانی عەرەبی لەلایەن رۆژئاواوە و میکانیزمەکانی ئەو داگیرکردنە، خۆیان لە گەندەڵبوونی ئەو بەها فکری و کۆمەڵایەتییانەدا دەبینییەوە کە لەگەڵ کۆلۆنیالیزم و لاوازبوونی هەستی نەتەوەیی و نەمانی هەستی نیشتمانپەروەری لای هەندێ لە ئەدیبان و رۆشنبیران، بڵاوبوونەوە. لەم رووەوە، داگیرکردنی کولتوریی لەرێگەی داگیرکردنی زمانەوە دزەی کرد بۆ ئەدەب و ئاسەوارەکەشی لەسەر خاوەن بەهرە ئەدەبییەکان ترسناك بوو.

فکری عەرەبی مانایەکی بە داگیرکردنی کولتوریی بەخشی کە خۆی لە هەژموونی کولتوریدا دەبینێتەوە" هەژموون بەهۆی راگەیاندن و ئامرازە پێشکەوتووەکانییەوە کە وایان لێ هاتووە سنورەکان و ئاستەنگەکان ناناسن، وەك ئامرازەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی لەرێگەی مانگە دەسکردەکانەوە، ئەمە جگە لە نێزگەکان و فیلمە سینەماییی و تەلەفزیۆنییەکان و تۆمارە ڤیدیۆییەکان.

پرسیاریش ئەوەیە کێ هەموو ئەمانەی بۆ کولتوری رۆژئاوا رەخساند؟

ئایا ئەوە نەبوو بە تاکە کەناڵێکەوە – واتە ئەلجەزیرە– کە لە قەتەر دامانمەزراند و کەناڵێکی هەواڵییە و توانی لەماوەیەکی کەمدا ملیۆنەها بینەر لە جیهانی عەرەبی و دەرەوەی جیهانی عەرەبی لە کەناڵی هەواڵیی CNNی ئەمریکی بۆ خۆی بەرێت، توانیمان رووبەڕووی لایەنێکی میدیای رۆژئاوا ببینەوە لەبەر هیچی دی نا تەنها لەبەر ئەوەی ئەم کەناڵە پشکێکی کەمی لە ئازادیی راگەیاندن هەیە کە ئەودوای کەناڵە رەسمییەکانی تەلەفزیۆنە عەرەبییەکان لێ بێ بەشن. ئەمە چ جای ئەوەی لەپەنجاکانەوە ئێمە متمانە بە هەواڵی هیچ ئێزگەیەکی عەرەبی ناکەین جگە لەیەك ئێزگەی بیانی نەبێت کە بەشی عەرەبی BBCی بەریتانییە؟

چۆن بتوانین لە فیلمی ئەمریکیش دوور بکەوینەوە کە گەیشتۆتە لوتکەی پیشەسازیی سینەما لەکاتێکدا سینەمای عەرەبی و بەتایبەتیش سینەمای میسری گەیشتۆتە نزمترین پلەکانی دابەزین و سووکبوون و وای لێهاتووە زۆر بەدەگمەن دەبینی فیلمێکی عەرەبی هەبێ شایەنی سەیرکردن بێت؟

کەواتە نەنگییەکە، وەك محەمەد عابد ئەلجابری بەرلە ماوەیەك وتی، لە خۆماندایە، لەلاوازیی کولتورە فشەڵ و داوەشیوەکەماندایە، لەو کولتورە داگیرکەرەدا نییە کە دێت و لەهەمان کاتدا دەشخوازرێت، ئەو کولتورەی کە بووەتە چێشتی پیسکە: دەخورێ و زەمیش دەکرێ.

لەسەریشمانە تێبینیی ئەوە بکەین کە ئەم زەمکردنە هەمیشە لە کەسانێکی دیاریکراوەوە دێت و لە هەموو وەرگرەکان و بەکاربەرە راستەقینەکانی ئەم کولتورەوە نایەت. ئەمەش ئەو شتەیە کە ((تورکی ئەلحەمەد)) گوزارشتی لێکردووە کە دەڵێ: هەڵوێستی کولتور–ی عەرەبی لە

کولتووری رۆژئاوایی جیهانی، هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژییە و لە مامەڵەکردنیشیدا لەگەڵ کولتووری رۆژئاوادا لە چەمکەکانی لەبابەت رەتکردنەوە و گومانکردنی رەها و، داواکردنی سەروەری و پێشەوایەتی بۆ خۆی، واتە بۆ کولتووری عەرەبی، پێودانگ دەگرێت.

وەڵامدانەوەی هاووڵاتیی عەرەب بۆ لێدانی ئەو زەنگانەی کە لە هەموو لایەکەوە یان لە شوێنێکەوە دێن کە دیاردەی کۆلۆنیالیزمی تێدا بێت، بە دەرکەوتی داگیرکردنی کولتووری لەقەڵەم درا، چونکە نەخشەکانی ئەو دەرکەوتانەی داگیرکردن لەبنەڕەتدا لەسەر خولقاندنی ئامادەباشیی مرۆڤی عەرەبی دەوەستێ " ئامادەباشی بۆ دەرچوونی لە ڕەگ و ریشەی خۆی و قبوڵکردنی دۆخی تازەی دزراوی خۆی، ئەمەش دوای قۆناغێکی دوورودرێژ لە مێشك شوشتنەوەی بەردەوام بەپێی کۆمەڵە بەرنامەیەك کە هەموو دەزگاکانی کۆلۆنیالیزمی کولتووری و سیاسی بەشدارییان تێدا دەکەن.

هەندێ لە بیرمەندانی عەرەب وەك مەحمود ئەمین ئەلعالم سەرنجمان ڕادەکێشن بۆ ئەوەی کە داگیرکردنی کولتووری داگیرکردنێکی دەرەکییانە نییە بەڵکو داگیرکردنێکی کولتوورییە کە لەناو خۆمانەوە دێت. ئەو بیرمەندانە، وای لەقەڵەم دەدەن کە مەینەتیی کولتووری لە داگیرکردنی کولتوورییەوە نەهاتووە بەتەنها، بەڵکو لە بونیاتی دەرەکییانەی کولتوورمانەوە هاتووە و، چوارچێوە سیاسی و ئابووری و دواکەوتنخوازە ڕابەستە و لەئاراکان، دەیخەنەوە. ئەو بونیاتە کولتوورییەش ئەو بونیاتەیە کە زەمینە بۆ پێشوازیکردن لە کولتووری زایۆنیزم و ئیمپریالیزم دەڕەخسێنن و بگرە زەمینە بۆ چاندنیشیان خۆش دەکەن (بڕوانە: مساهمة في التمهيد لوضع مشروع أستراتيجية ثقافية .. ص ١٠).

هەندێ لە بیرمەندە لیبراڵییەکانی عەرەب-یش دەڵێن : داگیرکردنی کولتووریی ڕۆژئاوایی خۆی لە ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوادا نابینێتەوە کە سیمبولەکانی فەلسەفە و ئەدەب و فکری ڕۆژئاوا دەینوێنن، بەڵکو ئەم داگیرکردنە خۆی لە کۆمەڵگای بەکاربەر و توانەوە و بەڕۆژئاوابوون دەبینێتەوە، ئەمەش دۆزێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییە کە بەرهەمی شارستانییەتی سەروەرییە لە ڕۆژئاوادا. لە ڕێگەی ئەوەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کەشی کۆمەڵایەتی و ئابووریی عەرەبی ئەم داگیرکردنەی پێ قبوڵە و پێشوازیی لێ دەکا و دەرکەوتەکانیشی بەکاردەبات، ئەمە لەکاتێکدا هەندێ لە توێژەران وای دادەنێن کە بڵاوبوونەوەی فێرگە و خوێندنگە بیانییەکان بەتایبەتیش لەوڵاتی شام-دا یارمەتی داگیرکردنی کولتوریانەی جیهانی عەرەبییان دا. هەروەها واشی لەقەڵەم دەدەن کە پشتگیریی دەوڵەت بۆ ئەو جۆرە فێرگە و خوێندنگانە و، پشتگوێخستنی خوێندنگا نیشتمانییەکان، کە ناسنامەی نیشتمانییان جێگیر دەکرد، فاکتەرێکی دیکەی توندبوونی داگیرکردنی کولتوری بوو.. (بڕوانە : عماد حاتم، الغزو الثقافي الممهد و المتوافق مع الإستعمار الحديث في الوطن العربي، ص ٥٩).

لەلایەکی تر، زۆرجار داگیرکردنی کولتووری شێوە و دەرکەوتی کۆلۆنیالیزمی نوێ یان گەڕانەوەی کۆلۆنیالیزم وەردەگرێ دوای ئەوەی کە کۆلۆنیالیزم، لەڕووی سەربازییەوە، ڕۆیشت و نەما. هەندێ لە توێژەراز دەڵێن: کاتێک کە داگیرکردنی کولتووری شێوەی کۆلۆنیالیزمی نوێ وەردەگرێت ئەوە بۆ مسۆگەرکردنی کاریگەریی ئایدیۆلۆژیی خۆی، پەنا بۆ ڕێگەوشوێنی جیاجیا دەبات، بۆ ئەوەش کۆمەڵە ڕێکخراوێکی جیاجیا بەکاردەهێنێت کە ڕەنگە سەیرترینیان ئەوە بێ کە بە ((فەیلەقی ئاشتی))ە

ئەمریکی ناوەبریٚ کە چالاکیی خۆی ئاراستە دەکات بۆ فۆرمۆلەکردنی وێنەیەکی زۆرباش لەسەر ئەمریکا. هەروەها داگیرکردنی کولتوری لە نوێترین دۆخیدا دەرکەوتی جیاجیا لەخۆ دەگریٚ، لەوانە: پێشکەشکردنی یارمەتی و زەمالەکانی بواری کولتوری لەلایەن رۆژئاواوە بۆ خوێندکارانی جیهانی عەرەبی و، هاندانی ئەو خوێندکارانەی عەرەب کە لە رۆژئاوا دەخوێنن لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی جیهانی عەرەبی و لەبەرژەوەندیی رۆژئاوا. هەروەها هەڵسانی رۆژئاوا بە بەرهەم هێنانی ئامرازە رۆشنبیرییە جیاجیاکان لە کتێب و بڵاوکراوەکان و فیلمەکان و، بەستنی موحازەرە و کۆنگرە و کۆرەکان و شتی تری جیاواز. هەروا ئیغراکردنی عەقڵە عەرەبییەکان لەسەر کۆچکردن بۆ رۆژئاوا و بە هاندانی خودی دەوڵەتانی عەرەبی خۆشیان، ئەمەش بەبۆنەی دەرکردنی بەرهەڵستکارانەوە بۆ دەرەوەی بازنەی سیاسیی عەرەبی.

دوای پەیماننامەی ئاشتیی میسری – ئیسرائیلی-ی ساڵی ١٩٧٩، چەند گروپێك لە زانایان و پزیشکان و پیشەسازانی جولەکە روویان کردە میسر، ئەوەش بەپێی رێککەوتنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٨٠ لە بواری پەروەردە و فێرکردن و تەکنەلۆژیا لەنێوان ئیسرائیل و میسردا. ئەو رێککەوتنامەیە بەدەق باس لەئاڵوگۆڕی شارەزاییە زانستی و پزیشکییەکان و دۆزراوە شوێنەوارییەکان و کردنەوەی پێشەنگاکان و ئاڵوگۆڕکردنی بەرنامە میدیاییەکان و شتی دیکە دەکات لە هاوکاریی ئاڵوگۆڕکراو سەبوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و زانست و تەکنەلۆژیادا. دەستەی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیش بڕی شەست ملیۆن دۆلار-ی دیاری کرد بۆ پێشکەشکردنی بە زانکۆکان و سەنتەرە زانکۆییەکانی توێژینەوە، کەچی ئەموو ئەمانە لەلایەن هەندیٚ لەرۆشنبیرانی میسری و عەرەبیشەوە بەوە

لەقەڵەم دران کە بەئەندازەی داگیرکردنی کولتوری–ن و، لەلایەن ئەوانەشەوە کە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیلدا رەتدەکردەوە هێرش کرایە سەر ئەم پرۆژە رۆشنبیرییە هاوبەشانە.

دەرکەتەکانی داگیرکردنی کولتوری هەر لەوانەی پێشتر باسمان کردن کورت نەبوونەوە، بەڵکو هەندێ لە توێژەران وایان لەقەڵەم دا مۆزیکی میللی رۆژئاوایی لە دیارترین دەرکەوتەکانی داگیرکردنی کولتوری جیهانی عەرەبییە لەلایەن رۆژئاواوە. ئەو مۆزیکەی کە ناخی گەنجی عەرەبی گرتووەو هۆکارێکیش بوو بۆ رقهەڵگرتنی توندی دامەزراوەی ئاینی و هەندێ لەدامەزراوە کۆمەڵایەتییە عەرەبییەکان لە مۆزیکی رۆژئاوا و پاشان لە کولتوری رۆژئاوایی - ش.

ئەگەر بە ووردیش سەیر بکەین دەبینین هۆی هەموو ئەوانە لە زاڵبوونی مۆزیکی رۆژئاواییدا نییە، بەڵکو لە کەمتەرخەمیی خۆمانە لەئاست مۆزیکی عەرەبیماندا، ئەمەش یەکێك لە دیارترین دەرکەوتەکانی داگیرکردنی کولتووری دەخاتە ژێر پرسیاری سەرلێدەرنەکراوەوە. یەکێك لە توێژەران و لێکۆڵەرانی بواری مۆزیك توانی پەنجەمان بخاتە سەر برینەکەمان و پێمان بڵێ کە چۆن کەمتەرخەمیی خۆمان لەبواری مۆزیکدا دەرگاکانی لە جیهانی عەرەبیدا لەبەردەم مۆزیکی رۆژئاواییدا کردەوە، ئەمە لەدەمێکدا ئەوەی کە بە داگیرکردنێکی کولتوریمان لەقەڵەم دا ئێمە خۆمان داوەتمان کرد و پێشولزیمان لێکرد، ئەمەش لە رێگەی دەرگا کراوە جیاجیاکانمانەوە.

دەمێنێتەوە بڵێین کاریگەرترین ئامرازەکانی داگیرکردنی کولتورییانەی وڵاتانی جیهانی سێ – ئەگەر وێنەیەکی زۆر بێ گوناهانەش وەربگرێت وەك هەندێ لە توێژەران وای دەبینن – توشبوونی رۆشنبیرانی ئەو وڵاتانەیە بە ئیفلیجی بەبۆنەی نوقمبوونیانەوە لەو ئیش و کارانەی کە هیچ بەشدارییەك

لە پەرەپێدانی فکریيانەی سەربەخۆ بۆ ئەو وڵاتانە ناکەن و، بگرە وەك جەلال ئەحمەد ئەمین دەڵێ" رۆشنبیرانیشیان، لەژێر دروشمی پەرەپێداندا، بە ماشێنی فکریی رۆژئاواییەوە گرێدەدات .(بڕوانە: تنمية أم تبعية اقتصادية و ثقافية، ص ٨٩).

تیرۆریزم و تاوانی رووناکبیران

— ١ —

تاوانی رووناکبیران لە مەسەلەی تیرۆریزمدا تاوانێکی گەورەیە. ئەم تاوانە ئیخوان موسلمین دەستیان پێوە دا کاتێک کە دەستیان کردە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی سیاسیی خۆیان کە بە توندی گرێدراوە بە تیرۆرەوە و، لە چلەکانیشدا(رێکخستنی نهێنی) یان (رێکخستنی سەربازی)یان دروستکرد، ئەو رێکخستنەی کە (ئەلنەقراشی پاشا)ی سەرۆك وەزیرانی میسر و ژمارەیەکی تر لە کاربەدەستە فەرمییەکانی تیرۆر کرد و، لە ساڵی ١٩٥٤یشدا لە گۆڕەپانی ئەلمەنشییە ـ ی شاری ئەسکەندرییەدا هەوڵی تیرۆرکردنی جەمال عەبدولناسر–ی دا. هەروەها تاوانی رووناکبیران ئەو دەمە دەستی پێکرد کە سەید قوتب هەردوو کتێبەکەی (معالم في الطريق) و (في ظلال القرآن) و هی تری بڵاوکردەوە و

ئەویان درەوشاندەوە بۆ ئەوەی لە فکری عەرەبی و ئیسلامی هاوچەرخدا ببێت بە یەکەم بیرمەند و تیۆریزەکاری تیرۆریزم.

ـ ٢ ـ

هەروەها تاوانی ڕووناکبیرانی عەرەب لە مەسەلەی تیرۆریزمدا لەمیانەی ئەوەوە بوو کە لە پەنجاکان و شەستەکاندا زۆربەی ڕووناکبیران و بیرمەندانی عەرەب، لە ڕاست و چەپ و ناوەڕاست-ەوە، گلانە حزب و گروپ و ئایدیۆلۆژیاگەلێکی جیاوازەوە و، بەسەر ئەو گروپ و دەستە و خێڵ و عەشیرەتانەدا دابەشبوون کە کەوتنە ململانێکردن و داگیرکردنی ماڵ و حاڵی یەکتری. ئەم گروپ و خەڵکانە-ش تەنها لە ناو بیرمەندانی هاوچەرخی عەرەبدا نین، بەڵکو ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە و لە ئەورووپا و ئەمریکاشدا خۆی نواندووە، بەڵام دیاردەی بەرچاوی ڕووناکبیرانی عەرەب لەم سەردەمەدا ئەم دەمارگیرییەیە بۆ ئایدیۆلۆژیا لەسەر حسابی هەقیقەت و، ئەم ئینتیما خێڵەکییە سیاسیی و فکرییەیە لەسەر حسابی دادخوازی. هەر ئەوەش یەکێك بوو لەو هۆیانەی کە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی لاوازکرد و، ئەم دەماگیرییە کردی بە قەیرانێکی ڕاستەقینە کە هێشتا و تا ئێستا لە فکری عەرەبیی هاوچەخدا بوونی هەیە. لێرەوە نەبوونی ئینتیمای بیرمەندێکی دیاریکراو بە (کۆمەڵەیەك و گروپێك)ەوە، هەروەك ڕۆماننوسی ئوردنیی خوالێخشبوو (موئنس ئەلرەزاز) لە ڕۆمانەکەیدا (متاهات الأعراب في ناطحات السراب)داوای ئەوەی لە پارتە سیاسییەکان دەکرد، یان نەبوونی ئینتیما بۆ بزووتنەوەیەکی خراپەدۆست، هەروەك شاعیر و نوسەری لوبنانی (ئونسی ئەلحاج) داوای ئەوەی لەو تەوژم و ئایدیۆلۆژیایانە دەکرد کە لەو سەردەمەدا هەبوون (بڕوانە : کلمات، کلمات،

کلمات ، ص٦١)، یان نەبوونی ئینتیما بە خێڵێکی سیاسی یان فکرییەوە، شتێکی کەم وێنە بوو لە شتە کەم وێنەکانی پەنجاکان و شەستەکانی ئەم سەردەمە.

ئەگەر یەکێکیش بەدی بکرابایە لە بابەت خالد محەمەد خالد، یان جەبرا ئیبراهیم جەبرا، واتە لەو جۆرە خەڵکەی کە پەیوەندیی نەکردبێ بە کۆمەڵەیەکەوە یان خێڵێکی سیاسی یان فکرییەوە، ئەوە ئەو شتە لە شانسی سەردەکە و رزقی شوێنەکە بووە، چونکە نموونەی ئەو دوو سیمبولە لە قەشەکانەوە نزیکە تا لە ئادەمیزاد، بە تایبەتی ئەو دەمەی کە ئەم دووانە سازشکردنیان رەتکردەوە و دەستگرتنی روحیی خۆیانیان بە هیچ خراپەدۆستییەك پیس نەکرد، لە ناوەندی جیهانێکی عەرەبیی بارکراو بە بانگەواز و بانگەشەکاری ئەم دوو نوسەرە خۆیان لە فریوخواردن گۆشەگیر هێشتەوە، ئەوەش لەرێگەی ئازادیی خۆیانەوە.

— ٢ —

بیرمەندی میسری حەسەن حەنەفی ـ ی دامەزرێنەری تەوژمی (چەپی ئیسلامی) ئەوەمان بۆ شیدەکاتەوە کە چۆن رۆشنبیری و روناکبیران تاوانباربوون لە مەسەلەی تیرۆریزمدا و، چۆن ئەوەش بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی کێرڤی تیرۆریزم لە جیهان عەرەبیدا و، دواتر وای لە تیرۆر کردووە ببێتە نان و هەنگوینی عەرەب، کارێك کە بووە مایەی ئەوەی دیاردەی تیرۆر ببێتە کارێکی سەرقاڵکەر بۆ بیرمەندانی هاوچەرخی عەرەب، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو ئاسەوارە گەورە و زۆرانەی کە دیاردەی تیرۆر

بەسەر کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا بەجێی هێشتووە و شیکردەوەیان بەم خاڵانە پوخت دەکرێتەوە:

١- سەرنەکەوتنی ئەو فکر و ئایدیۆلۆژیایانەی پەنجاکان و شەستەکان کە رووناکبیران بونیادیان نا و بانگەوازە نەتەوەیی و سوسیالیستی و ئیسلامگەرایی و شیوعیگەراییەکانیان لێ بەدەرکەوت. ئەم فکر و ئایدیۆلۆژیایانە بە تەواوەتی وشك کران و پرۆژەکانی ریفۆرم و رابوونیش دارمان، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێ مامەڵە لەگەڵ سیستمی نوێی جیهانیدا بکرێت و، بگرە لەسەر ئاستی رۆشنبیری و ئایدیۆلۆژی و سیاسی و، لە بینینی جیهانیش بەرێنەی راستەقینەی خۆی، نەتوانرێت سەرکەوتن بەدەست نەهێنرێت.

٢- خراپیی پەیوەندیی نێوان رووناکبیری نوێ و ئیسلام . لەم رووەوە، ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە ئەم پەیوەندییە پەیوەندیی رەتکردنەوەی بەردەوامی ئیسلام بوو. ئەوانەی کە لەبارەی ئیسلامەوە دەیاننوسی لە دیدی رووناکبیرانی نوێخواز و عەلمانییەکانی عەرەبدا بەوە دواکەوتنخواز و راستڕەو تۆمەتبار دەکران. بەمەش فکری رەتکردنەوە لەلامان سەریهەڵدا، فکرێك کە گفتوگۆ ناکا و باوەڕیشی بە گفتوگۆ نییە، ئەوەش لە دواییدا دیاردەیەکی وەك دیاردەی بن لادن-ی خستەوە، ئەو بن لادنەی کە گفتوگۆ ناکا و زمانی مەرگ وەك ئامرازێك بۆ گفتوگۆیەکی بێ هودە بەکاردەهێنێت.

٣- روونەدانی کودەتایەکی رۆشنبیریی لە ژیانی عەقڵیماندا و، دەست نەکردنی شارستانییەتمان بە وەرگرتنی رێڕەوێکی نوێ کە شارستانییەتی ئێمە هێشتا لە بزووتنەوەکانی ریفۆرمی ئاینیی ئەو دواییانە و، سەرەتاکانی فکری نەتەوەیی هاوچەرخەوە بەدیی دەکات و، روونەکردن بەرەو لیبراڵیزم لە فکر و لە ژیاندا، ئەو لیبرالیزمەی کە ئەویش بەو قاڵبە

زهنییە کۆنانەی ئەورووپا کە نەوەی لیبرالیستەکانی نیوەی یەکەم و سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیست هێنایان، گەندەڵ بوو، ئەمەش لە دواجاردا بووە هۆی شیزۆفرینیا، شیزۆفرینیا لە کەسایەتی و ستراکتۆری فکری عەرەبیی هاوچەرخدا؛ هەروەها بووە مایەی دووفاقیش لە کەسایەتیی عەرەبیدا.

— ٤ —

ئەوەی گومانی تیادا نییە ئەوەیە کە ئەو پەیوەندییە تێکەڵ و پێکەڵەی لە نێوان ئیسلام و رۆژئاوادا هەیە، بووە مایەی دەرنەکەوتنی هەر خوێندنەوەیەکی هێمنانە لە واقعی ئیسلامیدا بۆ ئەزموونی سیاسی و مەعریفی لە رۆژئاوادا. بیرمەندی لوبنانی (وەجیە قانسوە) دەڵێ : زۆرێك وایان مەزەندە دەکرد کە دەتوانرێ مۆدێرنەی رۆژئاوا بە پارە بکڕدرێ. هی تریش وایان مەزەندە دەکرد کە بە بەریەککەوتن بەدەست دەهێنرێت، خەڵکانی دیکەش رەتیان کردەوە بەو قسەیەی کە ئەوەی هەمانە بەسمانە. بەم جۆرەش رۆژئاوا بەو ئەویترە دەستدرێژکەرە مایەوە کە گومان لە نیاز و پاڵنەرەکانی دەکرێت. عەقڵی ئیسلامیش نەیتوانی ئەزموونی مەعریفی و هەڵویستی سیاسی لێك جیابکاتەوە، هەڵوێستەکانی رۆژئاوا خۆیشی و کاروکردەوەکانی بە درێژایی زیاتر لە سەدەیەك یارمەتیی بەدیهێنانی ئەو لێك جیاکردنەوەیەیان نەدا، هەر ئەمەشە کە بە ئاسانی قبوڵکردنی کەلەپووری نا دوژمنکارانەی یۆنانی لە کولتووری ئیسلامی و، سەختیی هەرسکردنی دەوڵەمەندیی مەعریفی و تەکنیکیی رۆژئاوای نوێ لێکدەداتەوە ئەمە ئەگەرچی فکری یۆنانی خۆی لە بنەڕەتدا بە ئەندازەی

بنەچە و خاڵی لەسەر راوەستانە بۆ خودی فکری رۆژئاوا. ئەم پەیوەندییە تێکەڵ و پێکەڵەش یەکێك بوو لەو هۆکارە کولتوورییە کیمیاییانەی کە دواتر لە تاقیگە تاریکەکاندا یارمەتیی کارلێککردنی دیاردەی تیرۆر و دەرکەوتنی دا.

— ٥ —

نابێ بەرگریکردنی هەندێ لە رووناکبیران و بیرمەندان لە رژێمگەلێکی سیاسیی دیاریکراو و رەخنە نەگرتنی بابەتییانەیان لەو رژێمانە و گۆرانی وتنیشیان بەبالای دەسکەوتەکانی ئەو رژێمانە لە بواری ئازادیی سیاسی و فکریدا لە بیر بکەین مادام ئەو بیرمەندانە بەشێکن لە دەسەلاتی پیاهەڵدراو، یان لەوانەن کە لە دەزگاکانی ئەو رژێمانەوە بەخششی داراییبان وەرگرتووە، وەك ئەو شتە – بە نموونە نەك لە یەکێکدا بە تەنها – لەگەڵ نوسەری میسری ئەمیر ئەسکەندەر ـ دا روویدا لەو کتێبەیدا کە لەبارەی سەدام حسێن–ەوە نوسیویێتی (صدام مفكراً و مناضلاً و إنساناً) و، رۆژنامەنووسی لوبنانی فوئاد مەتەر لە کتێبەکەیدا (صدام ، الرجل و القضية و المستقبل) دا و، حەمیدە نەعنەع لە کتێبەکەیدا لە بارەی تارق عەزیز–ەوە (رجل و قضية) و دەیان نوسەر و کتێبی تر کە مێژوویان ساختەکرد و پارەیەکی زۆریشیان وەرگرت لە نرخی ئەو ساختەکردنە. هەموو ئەوانەش وایان لە خوێنەر کردووە لێی بشێوێ لەوەی ئەوانە دەیڵێن و، چیتر ـ یش هەق لە ناهەق و شەو لە رۆژ و رەش لە سپی ـ یش دیارنەبێ و دیدوبۆچوون و بیروباوەرەکانیشی لێ تێکەڵ ببێ و لەنێوان چاو و زماندا و ئەوەی دەبینرێ و ئەوەی دەخوێنرێت سەری لێ بشێوێت.

نموونەیـەكی تـریش دەهێنینـەوە كـە توێـژەر و سیاسـیی سـوری جـۆرج جـەبور-ە، ئـەو پیـاوەی كـە لـە هەشـتاكاندا وەك بەڕێوەبـەری نوسـینگەی لێكۆڵینەوەی گشتی لە سەرۆكایەتی كۆماری سووریادا ئیشی دەكرد. جۆرج كاتێك كە كتێبەكەی دەركرد (الفكر السياسي المعاصر في سوريا) بە واقعی ئـازادیی لـە سـوریا، لـە مـاوەی ١٩٧١ و دواتریـشی، هەڵـداوە و، وەك مێژوونوسـێكیش دەڵـێ : ئاراسـتەی بزووتنـەوەی چـاككردنەوە بـەرەو چاككردنی ئازادییەكانی هاووڵاتیان و ئابڕوییـان جەختی كـردووە و یـەكێك لە ئاكامـەكانی ئـەم جەختكردنـەش هەڵوەشـاندنەوەی زۆرێك لـەو ڕێوشـوێنە داپڵۆسێنەرانە بـوو كـە هـەبوون، ئاسـەواری گەشـەكردنی ئازادیـەكانیش لـە زۆر بـواری ژیـانی و فكریـدا تێبینـی كـراوە (الفكـر السياسي المعاصـر في سوريا ، ص ٢٠٢).

هەروەها چوونی هەندێ لە ڕووناكبیران بۆ پاڵ دیكتاتۆریی عەرەبی و بـەرگری كردنیـان لێیـان بـە شـێوەیەكی تونـد وگـەرم و گـوڕ و لەسـایەی ئائامادەگیی هۆشیاریدا، یەكێك بوو لە هۆكارەكانی قەیرانی ئازادیی عەرەب بە تایبـەتی لـە پـەنجاكان و شەستەكاندا كاتێـك كـە زۆربـەی ڕووناكبیرانی عەرەب لە چەپەوە بۆ ناوەڕاست و بۆ ڕاست كەوتبوونـە تـەپڵ و دووزەلـە و هەڵهەڵەلێدان بۆ جەمال عەبدولناسر ئیتر سەركەتوو بوو بێت یـان تێكشكاو، هەڵكشاو بووبێـت یـان داكشاو، دادپـەروەر بووبێـت یـان ستەمكار، لەسـەر ڕاست بووبێت یان هەڵە. كاتێكیش كە جەمال عەبدولناسر لە پەنجاكاندا حزبـەكانی هەڵوەشـاندەوە و ڕێبـەرەكانیانی خـستە دەسـتگیرخانەو زیندانەكانـەوە و ڕای ئـەویتری ڕەتكـردەوە و ئۆپۆزسـیۆنی سـەركز كـردو، پاشـان میساقی سـاڵی ١٩٦٢ی هێنـا و بـەرگێكی نوێی بە بـەر تاكە حزبیی دیكتاتۆریدا دابڕی، هەندێ لە ڕووناكبیرە دەركەوتووەكان كەوتنە هەڵە هەڵە

لێدان بۆی و، لەو دەمەدا لەسەر زاری رەجا نەقاش بە عەبدولناسریان ووت : دەستەکانت خۆش بێت، هیوامان و بگرە هەموو هیوایەکمان لەو یەکێتییە سۆشیالیستییەیە کە بە ئومێدین پشتیوانی مەعنەویی بەرز و بالأمان بێت بە تایبەتی لەم قۆناغەدا کە تیایدا هەڵکشانی شۆڕشگێڕانەی عەرەب گەیشتۆتە پلەیەك لە بە هێزی کە هەرگیز شتی وا بۆ نەتەوەی عەرەب نەڕەخساوە رەنگە لە شۆڕشی ئیسلامییەوە تا ئەمڕۆ (التنظيم الشعبي و الثورة الفكرية، مجلة الآداب، عدد ٩، بيروت، ١٩٦٢). لێرەشدا روونە کە رەجا نەقاش مەبەستی لە شۆڕشی ئیسلامی لێرەدا دەرکەوتنی ئیسلامە، بەمەش رەجا نەقاش بایەخی گرنگی دەرکەوتنی عەبدولناسر و شۆڕشەکەی لەگەڵ گرنگیی دەرکەوتنی ئیسلام و شۆڕشەکەی هاوشان دەکات. هەر ئەمەش چەند لایەنێکی تاوانی روناکبیران و بەشداریکردنیانە لە دیاردەی تیرۆریزمدا، دیاردەیەك کە ئێستا هەموومان بەدەستیەوە مەینەتی دەچێژین.

بۆچی گەلانی عەرەب وەك سەگەكەی دیستۆفیسكی ـ یان لێهاتووە ؟

ـ ١ ـ

ئەگەر مێژووی دووردرێژی عەرەب، لە سەردەمی معاویە بن ئەبی سوفیانەوە تا ئێستا، بخەینەڕوو، ئەوە دەبینین گەلان عەرەب بە مۆركی پاشا و خەلیفە و حوكمڕانەكانیان مۆركیان گرتووە، بە جۆرێك كە بوونەتە بەشێكی سروشتی و ئۆرگانیی ئەو دەسەڵاتدارێتیەی كە لە ئارادا بووە: بۆ خۆشیی ئەو، خۆشی دەكەن، بۆ دڵتەنگیشی دڵتەنگ دەبن و لێبڕاوانە ئەوەش ڕەت دەكەنەوە كە حوكمڕانەكەیان واز لە حوكمڕانی بهێنێ ئیدی بەبۆنەی نەخۆشییەكەوە بێت یان دەردێك یان سەرنەكەوتنێك یان شكستهێنانێك تەنانەت ئیتر ئەگەر لە هەقیش لای دابێت، یان ستەمكاربێت، یان سەركوتكەر. گەلانی عەرەبی واشیان لێهاتووە ڕوخساری خۆیان نابینن تەنها لە ئاوێنەی حوكمڕانەكانیانەوە نەبێت، ئەمە ئەگەرچی ئەو

حوکمڕانانه، بەکۆ، دڵڕەقانەترین جۆری زۆرداری و ستەمکاریشیان بەسەر گەلانیاندا ئەنجامدا بە جۆرێك کە ئەم گەلانە هیچ شارستانییەتێکی بازرگانی، یان زانستی، یان پیشەسازی، یان ڕۆشنبیریی عەقڵگرتوویان، بۆ جیهان، نەخستەوە. شارستانییەتی عەرەبی- ئیسلامییش کە بە درێژایی چوارده سەده و زیاتریش تا ئێستای گەیاندوین، وەك دەڵێن، لە کۆششێکی کەم بەولاوە هیچی دی نییە، واتە کەمترین شتە کە بەدی بێت بۆ گەلانێك بە درێژایی ئەو سەردەمە دوورودرێژە. ئەگەر لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیشدا کەمێك ئازادی و دادگەری هەبووایە ئەوە بەخشندەیی مرۆییانەی عەرەب زۆر لەوە زیاتر دەبوو لەوەی کە ئێستا لە باب و باپیرانی یەکەممانەوە بۆمان ماوەتەوە.

بەهەمان حاڵ ئێستا دۆخی جیهانی عەرەبیش ئاوهایە. زۆربەی گەلانی عەرەب مۆرکی حوکمڕانەکانیان گرتووە. لەم ڕووەوە دەیانبینین کە بە نیوە تەواوی چوونەتە پێستی حوکمڕانەکانیانەوە. دەستەواژەکانی حوکمڕانەکانیشیان دەڵێنەوە، باوەڕیش بەوە دێنن کە حوکمڕانەکانیان باوەڕیان پێیەتی، ڕقیشیان لەوەیە کە ئەوان ڕقیان لێیەتی، ئەوەشیان خۆشدەوێ کە ئەوان خۆشیان دەوێ، هەوڵیش دەدەن – ئەگەر پارەی ئەوەیان هەبێ – ئەو جلوبەرگە لەبەر بکەن کە ئەوان لەبەری دەکەن و، ئەو شتە بخۆن کە ئەوان دەیخۆن.

کەسایەتیی گەلانی عەرەب بە تەواوەتی سڕاوەتەوە، بگرە بونیشیان سڕاوەتەوە. ئەوە کەسایەتیی دەسەڵاتدارێتی عەرەبە کە بۆتە نیشتمان نەك تەنها بووبێتە گەل، جگە لەوە، ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتدارێتی عەرەب بۆتە ناپاکی، وای لێهاتووە بەمانای ڕەخنە گرتنە لە نیشتمان و خیانەتکردنە لێی. ئەمەش لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارێتیی عەرەب وای لێهاتووە بۆتە

خاوەن و خاوەندار . ی هەمیشەیی نیشتمان نەك حوكمڕانی گۆڕاو و ئالوگۆڕكراوی نیشتمان. ئەمە لەكاتێكدا تەنها دەستاودەستكردنی دەسەڵات بوو لە وڵاتە دیموكراسییەكاندا كە بواری ئەوەی دا بەرەخنەیەكی تاڵ و بەردەوام، ڕەخنە لە دەسەڵاتدارێتی بگیرێ و، نێوانی دەسەڵاتدارێتیشی، وەك حوكمڕانییەكی كاتی و، دەسەڵاتدارێتی وەكو خاوەندارییەكی درێژە كێشاو، جیاكردەوە.

ـ ٢ ـ

لە عێراقیشدا، لەو دەمەوەی كە دەوڵەتی عەباسی لە بەغدا دامەزرا و پێش ئەویش دەوڵەتی ئومەوی و تارۆژی ئەمڕۆشمان، هەر هەمان حاڵ لە ئارادابووە. لەم ڕووەوە، لە ١٢٥٠ ساڵەوە، كە ئەمەش سەدەگەلێكی دووردرێژە كە تیایدا عەباسییەكان و، مەغۆل و، عوسمانییەكان و، پاشاكان و، كۆمارییەكانی بەعسییەكان بەدوای یەكدا حوكمی عێراق دەكەن، گەلی عێراق دێت و بە تەواوی دەچێتە پێستی حوكمڕانەكانییەوە، ئەمە بە جۆرێك كە ئەو حوكمڕانانە كەسایەتیی گەلی عێراقییان سڕیوەتەوە و نەیانهێشتووە لە پێكهێنانی كەسایەتیی خۆیدا ئازادبێ. ئەوەی نوسینەكانی فەیلەسوفی كۆمەڵایەتیی عێراق ((عەلی وەردی)) یش بخوێنێتەوە كە بە ئەندازەی (ئیبن خەلدون)ی عێراقە، تێبینی ئەوە دەكا كە كاریگەریی حوكمڕانە یەك لە دوای یەكەكانی عێراق لە پێكهێنانی كەسایەتیی عێراقیدا، چەند تۆقێنەرە.

بۆ نموونە، گەلی عێراق ئەو توندوتیژییە سیاسییەی بەخۆوە گرتووە كە ئێستا دەیبینین، لە ڕابردووشدا لە شۆڕشی ١٩٥٨ بەسەر سەردەمی

پاشایەتیدا، لە دیمەنی توندوتیژیی سیاسییدا بەدی دەکەین. لە سەردەمی ئومەوی و عەباسی و ئەوەی کە لەدوای ئەوانیشەوە هاتن، هەر لە گۆڕێدا بوو. رووداوی لە سێدارەدانی سەدامیش لە بەرەبەیانی رۆژی جەژنی قورباندا رووداوێکی نوێ و تاك و تەرا و کەم وێنە نەبوو لە مێژووی عیراقدا. لەم ڕووەوە، لەلایەن والی بەغداوە (خالد ئەلقەسری) لە سەروەختی خەلیفەی ئومەوی (هیشام بن عەبدولمەلیك)یشدا، واتە بەر لە هەزار ساڵ و هەر لە رۆژی جەژنی قورباندا و دوای نوێژی جەژن و لە مزگەوت و لە ژێر سەکۆی مزگەوتەکە و بە شمشێری خودی خالد ئەلقەسری - ی والی بەغدا، سەری بەرهەڵستکار و بیرمەندی موعتەزیلە (جەعد بن درهەم) پەڕێنرا. ئەمە سەرباری ئەو دیمەنانەی توندوتیژی کە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسیدا لە بەغدا کەوتنەوەو خەلیفە (ئەبو عەباس عەبدوڵلا) فەرماندەیی دەکردو، دوای ئەویش خەلیفە (مەنسور) لەسەری رۆیشت و لە میانەیدا گۆڕی ئەمەوییەکان هەڵکەنران و، ئەوانەشیان کە مابوون، بە شێوەیەکی توندوتیژ کە پێشتر شتی وا رووینەدابوو، کوژران.

ـ ٣ ـ

سەیرە، ئەوپەڕی سەیرە، کە سەدام پێشبینی ئەوە بکا بە مەرگی پاڵەوانان بمرێت نەك بە مەرگی ستەمکارە سەرکوتکەرەکان و لەسەر شێوازی تەقلیدییانەی عیراق کە شێوازی پەلکێشان و راکێشانە. سەیرە پێشبینیی ئەوەش بکات کە مەراسیمێکی میللیی مێژوویی بۆ بەڕێوەبچێت، مەراسیمێك کە عیراق شتی لە نموونەی ئەوەی بەخۆوە نەدیوە. سەدام

هەرگیز وێنای ئەوەی نەدەکرد کە بەو شێوە ئابڕوشکێنە بمرێت، شێوەیەك کە پێشتر هیچ حوکمڕانێکی عەرەبی، ستەمکار بووبێ یان دادخواز، پێی نەگەیشتووە.

ئەو وای وێنا دەکرد کە ڕۆژێك لە ڕۆژان تیرۆر بکرێت (إغتیال) بەڵام لەوێناکرنیدا نەبوو کە بەو جۆرە هەڵبواسرێت.

کە بەرهەڵستکارانیشی پەتی پەلکێشکردنیان لە شەقامەکانی بەغدادا بۆ ئامادە دەکرد، هەروەك ئەو کارە لەگەڵ ڕەمزەکانی سەروەختی پاشایەتیی پێشووشدا کرا، ئەو وای وێنادەکرد کە لە گۆشەگیریی ئەودا کودەتایەکی دیاریکراو سەربکەوێ نەك بەو جۆرە هەڵبواسرێ. ئەگەر ئەمریکاش لە عیراقدا بوونی نەبووایە، ئەوە لەو حاڵەتدا مەرگی سەدام لەسەر شێوازە عیراقییە لەسەر ڕاهاتووەکە بەڕێوەدەچوو کە ڕاکێشانێتی لە شەقامەکانی بەغدادا. بەو جۆرە شارستانییەش دادگایی نەدەکرا و بەو شێوە پێشکەوتووەش، وەك لویسی شازدەهەم، هەڵنەدەواسرا، ئەو لویسەی کە جەلادەکەی (تشارلز سانسۆن) لە بارەیەوە وتی: لویس بە کەرامەتی خۆیەوە مرد و لە مردن نەترسا. ئەو لویسەی کە ووتبووی : ((هیوادارم خوێنی من شادیی فەرەنسا بەهێز بکا))، ئەوە ئەو شتەیەی کە سەدامیش ووتبووی :((هەڵدەواسرێ، بە قوربانی بۆ عیراق)). دەوترێ کە لویسی شازدەهەم ئازاش بووە لە مەرگیدا، هەروا سەدامیش، هەر ئەوەشە کە پاڵی نا بە معەممەر ئەلقەزاف لە پاڵ پەیکەری موجاهیدی لیبیا، عومەر موختار، پەیکەرێکیش بۆ سەدام بکرێت وەك پاداشتێ بۆ ئازایەتیی سەدام !! .

— ٤ —

نوسەری عیراقی فالح عەبدولجەبار دەڵێ سەدام حسێن دەیویست بەو شێوەیەی خۆی حەزی لێیەتی بمرێت، ئەمەش دوای ئەوەی کە تەمەنی دەگاتە نەوەد یان سەد ساڵ. سەدام چارێکیان ئەندازیاری یەکێک لەو مزگەوتە گەورانەی، کە لە رۆژگاری ئابڵوقەی ئابووریی سەر عیراق دروستی کردبوون، لەسەر بەرزیی پلەکانەی بەردەکانی مزگەوتەکە سەرزەنشت کردبوو چونکە زیاد لە پێویست بەرزن و، وەك وتبووی، لەگەڵ تەمەنی پیرێتیی داهاتووی ئەودا ناگونجێن و، باب و باپیرانی ئەو، وەك سەدام خۆی وای ئیدیعا کردبوو، تەمەن درێژبوونە. سەدام ئامادەیی ئەوەی دەکرد وەك هەر فەرمانبەرێکی حکومی دوای نەوەد ساڵی خۆی خانەنشین بکا. وەك ئەبتەر ـ ی پاشا ـ ش ئامادەکاریی بۆ هەتاهەتایەتی خۆی دەکرد تا دەستی لەپشتی گۆڕەکەشییەوە درێژ بکات. لەم رووەوە، بڕیاری دامەزراندنی کوڕە هەرە بچووکەکەی وەك میراتگری کۆماری خێڵ دەرکرد و، ئەو وانەیەی ئیبن خەلدون ـ ی لە بیرکرد کە دەڵێ: راستە سەرداریێتی سەربە کۆمەڵە، بەڵام پاشا بە رۆشتنی دەڕوا.

ناشزانم عەقڵی سەدام چ عەقڵێك بوو کە وا وێنا بکا ئەوانەی کە رۆڵەکانی کوشتن و ژن و منداڵەکانی رفاندن لێی خۆش بن. ئەوێك کە هەزاران گوندی عیراقی روخاندبێ و دوو جەنگی یەك لە دوای یەکیشی دۆڕاندبێ، مردنی وەك مردنی پیاوە مەزنەکان بێت و رێورەسمی تەرمەکەشی وەك رێورەسمی فاتحەکان (الفاتحین) بێت؟ سەدام ئەوەی لە حساباتدا نەبوو کە گەلی عیراقی بێ توانا. بێ توانا لەوەی تۆڵەی خۆیانی

لێ بکەنەوە، خودایەکیان هەیە کە لە بری ئەوان تۆڵەی لێ دەکاتەوە و لە ژیان و مردنیدا زەلیلی دەکا وەك چۆن ئەو گەلی عیراقی زەلیل کرد و دوورخستەوە. نوسەری عیراقی (عادل حەبە) ووتیووی: ئەم پیاوە دەرکەوتووترین کەس بووە و لە پێشی ئەوانەشەوە بووە کە رەواجپێدەری رێبازی دەلالی ـ ی سیاسی (البلطجة السياسية) بووە لە نیو سەدەی رابردووی عیراقدا . لەم رووەوە، سەدام حسێن یەکەمین کەس بوو کە لە دوای چەند هەفتەیەك لە هەڵگیرسانی شۆرشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا کردەوەی تیرۆری سیاسیی ئەنجامدا.

— ٥ —

سەدام ژیا و بە هەڵواسینی خەڵك حوکمی کرد، هەر بە هەڵواسینیش مرد. ئەوەش لە مێژووی ئادەمیزاددا چارەنووسێکی کەم وێنە نییە بەڵام چارەنوسێکی کەم وێنە و دیارە لە مێژووی عەرەبدا.

ئەو کە بەر لە سی ساڵ هەرەشەی لە عیراقییەکان کرد کە عیراق بەجێ ناهێڵێ تەنها بە کاول و وێرانەیی نەبێ، بەڵێنەکەی خۆی هێنایە جێ، ئەوەتا تاقمەکەشی لە عیراق و بە پشتگیریی هەندێ وڵاتی دراوسێ هەموو رۆژێ ، لە ناوەراست و باشووردا، عیراق وەردەگۆرن بۆ خاکێکی کاول و قەسابخانەیەکی قێزەوەنی مەرگ و، بۆ گەلێك لە سواڵکەر و خورافەت و جادوگەریی فرۆش ئەمە دوای ئەوەی کە دەوڵەتی مەدەنی رما و داروخا.

عیراق و گەلی عیراق گۆراون بۆ شتێك کە لە سەدام دەچێ دوای ئەوەی بە درێژایی سی ساڵ چوونە پێستی ئەم ستەمکارەوە، ئەوە هەر هەمان شتیشە کە لە هەندێ گەلانی عەرەبیشدا روویدا، ئەمەش رۆمانەکەی

رۆماننوســی روســی دیستۆڤیــسکی ـــ مــان بیردەخاتــەوە، رۆمــانی (زەلیلکراوەکان و ئابڕوشکێنراوەکان)کە چۆن یەکێ لە کەسایەتییەکانی رۆمانەکەی (ئەخمینیڤ) کە پیرمێردێکی بەساڵاچووە، وای لێهاتووە خۆی و سەگەکەی رەنگیان یەکیان گرتووە بە بۆنەی ئەوەی زۆر لەگەڵ یەکدا ژیاون و پێویستییان بەیەك بووە. ئەم بە پێستەوەچوونە دڵڕەقەش ـ کە ئەوە نەخۆشییەکی ترسناکە ـ کاتێکی دوورودرێژ و چارەسەرێکی قووڕسی لەگەلی عیراق دەوێ، تاوەکو لێی ببێتەوە.

ئایا کۆلۆنیالیزم
دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی عەرەبی ؟

چپەیەکی لەسەرخۆ لەنێوان دەستەبژێرێك لەرۆشنبیران و هەروەها لەنێوان خەڵکی عەوامدا هەیە کە رەحمەتی رۆژگاری کۆلۆنیالیزم دەکا لە وڵاتی شام و میسر و بەری رۆژئاوای عەرەبی. ئایا ئێستا هەندێ لەخەڵکی عەرەب هیوای گەڕانەوەی کۆلۆنیالیزم دەخوازن دوای ئەوەی کە گەندەڵیی دارایی و زۆرداریی سیاسی و ناهەمواریی ئابوری و داپڵۆسینی کولتووریی زۆریان لەلایەن ((دەوڵەتی سەربەخۆی))ەوە چەشت کە لەدوای رۆیشتنی کۆلۆنیالیزمەوە هات؟.

ئایا ئێستا، دوای ئەو نائومێدییانە، هۆکارگەلێکی پارمەتیدەر لەجیهانی عەرەبیدا هەن پارمەتیی گەڕانەوەی کۆلۆنیالیزم بۆ جیهانی عەرەبی بدەن ؟

یەکەمجار وا دەردەکەوێت کە ئێستا گەڕانەوەی کۆلۆنیالیزم بۆ زۆر ناوچەی جیهانی عەرەبی ئاسانتر بێت لەوەی کە پێش ساڵی ١٩٩١ هەبوو و

پێش ئەوەی کە یەکێتیی سۆڤێت لەنەخشەی سیاسیی جیهاندا لەبەرچاو ون ببێت، چونکە ئێستا جیهان لەچنگی تاقە زلهێزێکدایە و، بڕیاری نێودەوڵەتیش لەجیهانی ئەمڕۆدا یەك بڕیارە. لێرەوە دەنگی ئەو نووسەر و رۆشنبیرانەی رۆژئاوا بەرزبووەوە کە بانگەشە دەکەن بەوەی کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بەلایەنەکانی سەدەی بیستەم بهێنرێت و دەست بکرێت بە تەگبیرکردنی ئەو رێوشوێنانەی کە مسۆگەرکردنی سەقامگیرییەکی گەردوونی و خۆشنوودییەکی فراوان دەگرنەئەستۆ. هەنگاوی یەکەمیش سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی ئیمپریالیزمی رۆژئاواییە وەك ئیدوارد سەعید (لەسەرنجەکانیدا لەسەر رۆژهەڵاتناسی .. ل١٦) لە بۆل جۆنسۆن ـ ەوە گواستوویێتیەوە لەکتێبی (ئیمپریالیزمی لەدەستچوو/ الإمبريالية الضائعة).

ئەو رۆشنبیرە رۆژئاواییانە دەڵێن: سەرلەنوێ دامەزراندنی ئیمپریالیزمی رۆژئاوا لەسەر کۆڵەگەی حەوت دانایی دەوەستێ کە کۆڵەگەکانی دانایی لۆرانس . ی عەرەبمان بیردەخاتەوە کە چۆن مێژوو سەرلەنوێ دووبارە دەبێتەوەو چۆن کۆلۆنیالیزم پێستی خۆی تازە دەکاتەوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکە، ئەو کۆڵەگانەش ئەمانەن :-

١- گێڕانەوەی رۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش وەك دەستێکی درێژ بۆ هێزە رۆژئاواییەکان.

٢- وەرچەرخاندنی ئاسایشی بەکۆمەڵ لە هێزێکی نێگەتیڤەوە بۆ (سەگێکی پاسەوانی)ی بێدار.

٣- جێگیرکردنی مافی دەستێوەردان لەکاتی پێویستدا و وەدەرنانی خەیاڵخواهی و (خورافەتی سەربەخۆیی).

٤- کارکردن بۆ لەخۆگرتنی چین و سەرلەنوێ ئاراستەکردنی لە ئەقنیەگەلێکی پۆزەتیڤی بونیادنەر.

٥- بردنی چین بۆ ناو سیستمی ولاته پیشەسازییه گەورەکان و ئابوریی نێودەوڵەتی.

٦- پەروەردەکردنی مرۆڤایەتی بەپێی رێساکانی لیبرالیزمی رۆژئاوایی.

٧- پاراستنی داهاتەکان و باش بەکارهێنانیان.

هەرچی ئەو هۆکارانەن کە لەپاشەڕۆژدا یارمەتی گەڕانەوەی کۆلۆنیالیزم دەدەن بۆ جیهانی عەرەبی، ئەوە دەتوانرێ لەمانەدا دەست نیشان بکرێن:

١- بوونی نەوت لەجیهانی عەرەبیدا هۆکارێکی گرنگ دەبێت لەهۆکارەکانی گەڕانەوەی کۆلۆنیالیزم بۆ جیهانی عەرەبی ئەگەربێت قەیرانی وزە توندتربێت و ئەو ولاتە عەرەبییانەش کە نەوت بەرهەم دەهێنن بیر لەبەکارهێنانی نەوت بکەنەوە وەك چەکێکی سیاسی لە دواڕۆژدا. لەم بوارەدا یەکێك لەبەرپرسە رۆژئاواییەکان دەڵێ: ئەوە چ هەقێکە کە ولاتە هەناردەکانی نەوت یاری بەچارەنووسی هەموو شارستانییەتی رۆژئاواوە بکەن؟ ئایا لەتواناندا نییە کە مەسەلەیەك دروست بخولقێنرێت هەموو مەرجەکانی رازیکردن و توندوتۆڵیی لۆژیك و هێزی بیانووی ئابووری و پاساوکاریەکانی سیاسەت-ی تێدابێت کە داوا لەرۆژئاوا بکا بۆ سەرلەنوێ کۆلۆنیالیزەکردنی ئەو ناوچەیەی کە بە ئەندازەی دەماری شاخوێنبەر بۆ هەموو بەرژەندییەکانی جیهانی رۆژئاوا؟ ئەوەتا ئێمە ئێستا گەواهی بۆ ئەوە دەدەین کە کە چۆن نەوت بەخەروارێك پارەی زۆرو زەوەندە وەك لەرابردوودا لەماوەی نێوان ١٩٧٤- ١٩٨٢دا هەبووو زیاتریش لەگەڵ زیادبوونی بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت بەجۆرێك کە کەناڵە سنوردار و بەرتەسکەکانی سەرمایەگوزاریی-ی جیهانی عەرەبی نەتوانن لەخۆیان بگرن، لەکاتێکدا کە کەناڵەکانی سەرمایەگوزاریی

دارایی لەرۆژئاوا کراوە و زۆر و زەوەند و فراوانن بۆ لەخۆگرتنی ئەو جۆرە پارەوپولانە. هەر لێرەوە رۆژئاوا هەوڵ بۆ راکێشانی ئەو پارەوپولانە دەدات، ئەمەش لەچوارچێوەی ستراتیژە تازەکانیدا کە ناوی یەکێکیانی ناوە ستراتیژییەتی((هاوردەکردنی زێدە سەرمایە))، ئەمە لەکاتێکدا رۆژئاوا پارەوپولی زیاکردووی نییە تاوەکو سەرمایەگوزارییان پێوە بکا لەجیهانی عەرەبیدا کە خاوەنی کەناڵە بەرتەسك و سنووردارەکانی سەرمایەگوزارییە. دەشێ هەر ئەمەش بێت ئەو بازدانە زۆرەی بواری خانوبەرەمان لەناوچەی کەنداو و هەندێ لەوڵاتانی عەرەبیی دەوردراوسێدا بۆ لێك بداتەوە کە ئەو بازدانەمان بیردەخاتەوە کە لە ماوەی سالانی ١٩٧٤-١٩٨٣دا روویدا. ئەو دۆخەش لەوە کەوتۆتەوە کە تیایدا کەناڵی خانوبەرە و بازرگانیکردن بەپارەوە تاقە کەناڵی سەرمایەگوزاری بووە کە دەتوانێ بەشێك لەو پارەو داهاتانەی نەوت لەخۆ بگرێت. ئەمە سەرباری ئەو بازرگانیکردنانەی کە ئێستا لەبازارەکانی دراودا دەکرێن ، کارێك کە وای لەئابوریناسی بەناوبانگی ئینگلیزی ((جۆن کینز)) کرد ناوی ئەم جۆرە ئابوورییە بنێ ((ئابوریی گازینۆ)). ئەم دیاردەیەش بۆ ئابوریی عەرەبی بووە مایەی زیان و هەڵاوسان و پێشتریش مایەی زۆر قەیرانی ئابوری" لەوانە قەیرانی بازاڕی بەناوبانگی(مەناخ) لە کوەیت کە لەپای ئەو قەیرانەدا بازاڕی دراو لەکوێتدا داڕما، رووداوی تازەش ئەوەیە کە ئەو دیاردەیە بووە مایەی داڕمانی بازاڕی دراو و بە دەیان ملیار دۆلاریش زیانی گەیاندە وەبەرهێنەرە بازرگانیکارە بچووکەکانی ئەو بازاڕانە.

٢- کاتێك کە کۆلۆنیالیزم جیهانی عەرەبی-یان بەجێ هێشت، عەرەب وایان مەزەندە کرد کە" هەر لەگەڵ ئەوەی کۆلۆنیالیزم لەناوچەکەدا دەچێتە دەرەوە ئیتر جیهانی عەرەبی ئامادەباش دەبێت بۆ ئەوەی بچێتە دەورانی

ئازادی و دیموکراسی و حەسانەوەی ئابوری و کرانەوەی کۆمەڵایەتی و کولتورییەوە. واشیان مەزەندە کرد کۆڵۆنیالیزم لەرابردوودا هۆکارێکی چەپاندن و دەستگرتن بووە بەسەر ئازادییەکاندا و بڵاوبوونەوەی زۆرداری و ستەمکارییش. دیموکراسیی سیاسییش لەجیهانی عەرەبیدا روناکیی بەچاو نەبینیوە بەبۆنەی باڵادەستی کۆڵۆنیالیزم و لەسێدارەدانی سەرکردە سیاسییەکان و توڕدانی بەرهەڵستکاریی سیاسی بۆ ناو تونی زیندانەکان لەلایەن ئەم کۆڵۆنیالیزمەوە. برسێتی و دواکەوتوویی و نەزانی-یش دیارترین نەرکەوتەکانی کۆڵۆنیالیزم بوونە بەدرێژایی سەروەختی ساڵانی ١٩١٨-١٩٧٠ و، جیهانی عەرەبی لەمیانەی ئەم ماوەیەدا لەهەموو لایەنەکانی ژیانەوە، ناهەمواریيەکی گەورەی بەخۆوە بینیوە.

بەڵام زۆرێك لەرۆشنبیران توشی کارەساتێکی گەورە و نائومێدیەکی تۆقێنەربوون لەئاست دەوڵەتی نیشتمانیدا کاتێك کە بینییان کۆڵۆنیالیزم جیهانی عەرەبی بەجێ دەهێڵێ و دەوڵەتی نیشتمانی کاروبارەکان دەگرێتە دەست و لەوێوە ژیانی سیاسی لەجیهانی عەرەبیدا بەپلەیەکی خراپتر نالەبار دەبێت لەوەی کە لەرۆژگاری کۆڵۆنیالیزمدا هەبوو. ئازادییەکانیش بەشێوەیەکی درێوتر لەوەی لەرۆژگاری کۆڵۆنیالیزمدا هەبوو دەستیان بەسەرداگیرێت. ئەگەرچیش پێشتر کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی، ئازادی-ی، بەمانای تازەکەی، بەخۆوە نەدیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کویلەکردنی لەسەر دەستی فەرمانڕەواکانی، شتێکی تر بوو، وەك منیف ئەلرەزاز - ی بیرمەندی سیاسیی ئوردن دەڵێت: شتێك بوو شۆڕشێکی بەکۆمەڵی لەپێناوی ئازادیدا لێ نەخواست وەك ئەوەی کردی کاتێك کەکۆڵۆنیالیزمی رۆژئاوا کۆیلەی کرد.

گەندەڵی سیاسی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی لەدەوڵەتی نیشتمانیدا بەشێوەیەکی گەورەتر لەوەی لەڕۆژگاری کۆڵۆنیالیزمدا هەبوو بڵاوبووەوە، خەڵکی لەڕۆژگاری کۆڵۆنیالیزم زیاتر برسی بوو، ڕێژەکانی نەخوێندەواریش لەجیهانی عەرەبیدا، وەك ئەوەی کە لەڕۆژگاری کۆڵۆنیالیزمدا هەبوون، وەکو خۆیان دەمێننەوە.

ئایا تیرۆریزم
ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵایەتیی هەیە ؟

زۆرن ئەوانەی کە پێیان وایە ئەمریکایە هۆکاری سەرەکیی تیرۆریزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەشێت مەسەلەکە وابێت، بەڵام پێویستە ئەوە لە بیر نەکەین کە تیرۆریزم هۆکاری رۆشنبیری و ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ـ ی عەرەبیشی هەیە و ئەوەی کە نکۆڵیش لەم هۆکارانە دەکات دەکەوێتە هەڵەیەکی گەورەوە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین بە هەندێ لەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانە ئاشنا بین کە بوونە مایەی بەرزکردنەوەی کێرڤی تیرۆریزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

حەلیم بەرەکات ـ ی کۆمەڵناسی سوری ـ ئەمریکی، دەڵێ: کۆمەڵگەی عەرەبی کۆمەڵێک بەها بەڕێوەی دەبا کە ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتنی مۆدێرنە تێیدا. ڕەنگە هەر ئەم بەهایانەش لە کۆی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانە بوون کە کێرڤی تیرۆریزمیان لە جیهانی عەرەبیدا بەرزکردەوە. ئەم بەهایانە یارمەتیی بڵاوبوونەوەی بنەڕەتخوازیی ئاینی

(الأصولية الدينية) دەدەن و تیرۆریزمیش لەژێر عەبای ئەم بنەڕەتخوازییەوە هاتۆتە بوون. دەشتوانرێ ئەم بەهایانە لە بەها قەدەریەکاندا کۆبکرێنەوە، نەك بەهاکانی خوڵقاندن و زاڵبوون بەسەر دەوروبەردا. هەروەها لە بەهاکانی پێشینەخوازی (السلفية) داخراودا کە سیستمی سیاسیی لێوە دێتە بوون و، لە بەها خێرا و حەماسی و سەرپێیی و هەڵچووە نامیتۆدییەکان و، بەهاکانی بە باشتر زانینی دەسکەوتە کاتییەکان لە دەسکەوتە دوورمەوداکان و، بەها ئاینییە رەها نارێژەییەکان و، بەها خێزانی و بنەماڵەییە نە نیشتمانی و ناتاکگەراییەکان و، بەها خودییە تایبەتییە نابابەتی و نە گشتییەکان و، بەها ستوونییە خاوەن هێما چینایەتییە ناناسۆییەکان و، ئەو بەهایانەی کە شارەزایی و تەمەن بە باشتر دەزانن نەك گەنج و زانستی باشترناسی و، ئەو بەهایانەی کە هانی هاوردەکردنی وەرگیراوە لە قوتونراوەکان دەدەن نەك وەرگیراوە فکرییەکان ..(*بڕوانە کتێبی : سیستمی سیاسی لە نێوان بەها شارستانییە سوننەتی و مۆدێرنەکان).*

جا ئایا ئەم بەها کۆمەڵایەتییانە بەشێوەیەکی، دوور یان نزیك، بەشداریی لە بەرزکردنەوەی کێرڤی تیرۆریزمدا هەبووە لە کۆمەڵگای عەرەبیدا؟ وەڵامدانەوەی ئەوە ئەگەرێکی گەورە هەڵدەگرێ کە ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئەم بەهایانە لە نزیکەوە بەشدار نەبووبن ئەوە لە دوورەوە بەشداربوونە. بەڵام تەنها ئەم بەشدارییە نییە کە کێرڤی تیرۆریزمی لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بەرزکردۆتەوە، بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری تریش هەن کە لەم بوارەدا بەشدارییەکی کاریگەریان کردووە، لەوانە ئەم هۆکارانە بیردەخەینەوە کە بیرمەندانی هاوچەرخی عەرەب هەوڵیان داوە دەستیان بخەنەسەر و لێکیان بدەنەوە، ئەو هۆکارانەی کە بەرزکەرەوەیەکی واقعی و بەرجەستەن بۆ زیادبوونی کردەوە تیرۆریستییەکان لە جیهانی عەرەبیدا :

١- هەموو رەگەزەکانی ئەم کۆمەڵگایە بەیەکەوە و بەیەك جۆری پێشکەوتنی هاوتواناوە پێش ناکەون. ئێمە دەبینین کۆمەڵێك ئاست لەم کۆمەڵگایەدا پێشدەکەون و کۆمەڵێك ئاستی دیکەش هەن کە دوادەکەون. هەندێ لایەن هەن پەرەدەسێنن و هەندێ لایەن هەن پاشەکشە دەکەن، هەندێ ئاست هەن بەرزدەبنەوە و هەندێ ئاست هەن نزم دەبنەوە، هەندێ رواڵەت و میکانیزم هەن کە ئیش بە گیانی داهێنان دەکەن و هەندێ رواڵەتیش هەن کە ئیش بە ناوەڕۆکی وابەستەبوون و شوێن کەوتن دەکەن. هەر لێرەشەوە ئەو ئاژاوەیە بەدەردەکەوێ کە ئێستا لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا دەیبینین و، ئەو کەمتەرخی و زۆر بەکارهێنان و دووبارەبوونەوەیەش کە لە شەقام و قوتابخانە و ماڵ و هونەر و ئەدەب و فکر و شتی تردا دەیبینین. واتە تاقە رێکخەرێك لە کۆمەڵگای عەرەبیدا نییە و، یەك سیستمی ئۆرکسترالیی رێك و گونجاویش نییە لەم کۆمەڵگایەدا. لەم رووەوە، لە کاتێکدا کە ئەدەب لە بواری شیعر و پەخشاندا شێوازگەلێکی داهێنەرانەی هونەریی مۆدێرن وەردەگرێت، دەبینین رەخنەی عەرەبی نکۆڵی لەمە دەکا و بەنکوڵی لێکردن و رەتکردنەوەوە هەڵوێستی لێ وەردەگرێت. لەو دەمەشدا کە تیایدا فکری سیاسی بە شێوەیەکی سنووردار پێشدەکەوێت، دەبینین کە کاری سیاسی لە پاشکەوتندایە و ئیش بە سیستمی خەلافەتی بۆماوەیی و میکانیزمەکانی ئەم خەلافەتە و میراتییە سیاسییە کۆنینەکەی دەکات. لە کاتێکیشدا کە تیایدا فکری عەلمانی و فکری نوێخواز پێشکەوتنێکی زەینیی بەرجەستە بەخۆوە دەبینێ، بەڵام لە سەر کاغەز و لە هۆڵەکان و بنکە رۆشنبیرییەکاندا، دەبینین شەقامی عەرەبی بەهەنگاوی فراوان هەنگاو بەرەو فکری ئاینی دەنێت، بەڵام تەنها لەسەر ئاستی سرووت و رواڵەتە ئاینییەکان. لە کاتێکیشدا کە تیایدا ئابووریی عەرەب پێشدەکەوێ و ئیش

بە شێوازە داراییە مۆدێرنەکان دەکات، دەنگی دامەزراوە ئاینییەکان دەبیستین کە هێشتا بانگەشە بۆ شەرکردنی سیستمی دارایی جیهانی دەکەن و بە قازانجوەرگر و حەرام و لە ئاین دەرچوون رەخنەبارانی دەکەن. ئەوە روونە کە مۆدێرنەی عەرەبی بە پلەی یەکەم ئابووریی عەرەب و پاشان ئەدەبی عەرەبیی گرتۆتەوە و، دەرئەنجامەکانیشیان بە روونی لە ئابووریی عەرەبدا دەرکەوتن، چونکە مۆدێرنە بە بیروباوەڕەکان دەستنیشان ناکرێت، بەڵکو لە رێگەی پێگەی ئابووری – کۆمەڵایەتییەوە دەست نیشان دەکرێت، ئەمەش ئەو شتەیە کە لە ئینگلتەرادا روویدا کاتێک کە شۆرشگێرانی ئینگلیز هەردوو شۆڕشی سالانی ١٦٤٩ و ١٦٨٨یان بەرپا کرد، ئەو دوو شۆڕشەی کە پایەکانی شۆڕشی ئابوورییان سەقامگیرکرد. بەوەش، هەروەك محەمەد قەساس دەڵێ : کەوتنە پێش بیرمەندە عەقڵانییەکانی ئینگلیزەوە. لە کاتێکیشدا کە تیایدا ململانێی نێوان رەسەنایەتی و هاوچەرخێتی لەفکری عەرەبیی هاوچەرخدا توندتر دەبێت بە جۆرێك کە ئەم ململانێیە بۆتە گرفتێکی رۆشنبیری و فکریی پەتی، دەبینین کە عەرەبێکی سادە هاوچەرخبوون و رەسەنایەتیی پێکەوە و لەیەك کات و یەك رۆژدا پەیرەو دەکا بەبێ ئەوەی گرانییەك یان ئاستەنگێك لەمەدا ببینێت . ئەو بەیانی دەڕوا بۆ بانك و مامەڵەی قازانخواردووی حەرامکراو دەکا و ((حەرامکراو لە نەریتی سەلەفییەکان، نیوەڕۆیش دەچێت بۆ مزگەوت بۆ کردنی نوێژی نیوەڕۆ، شەویش گوێ لە مۆزیك و گۆرانی دەگرێت کە شتێکی نەفرەتکراوە بە گوێرەی قسە و فیشاڵی سەلەفییەکان و، تەماشای فیلمی رۆژئاوایی ناشیرینیش دەکا)) ناشیرین بەپێی نەریتی بنەڕەتخوازەکان، پاشان نوێژی عیشا ئەکا و دەنوێت. لەسەر ئەوە زۆر نموونەی تریش لە ژیانی رۆژانەی هاوولاتیی عەرەبدا بینوە کە تیایدا رەسەنایەتی و هاوچەرخبوون بە جۆرێك

وا بە یەکدادەچن دەبێتە مایەی بەڕێوەچوونی ژیان نەک ئاستەنگ کردنی، ئەمەش ئەوشتەیە کە عەرەب دەیەوێ چونکە لەمەدا ئەزیان هەیە و نەزیان لێدان. مرۆڤی عەرەب لە هاوچەخبوون - ی دەوێت کە ژیانی بۆ ئاسان بکا، لە رەسەنایەتیشی گەرەکە کە ژیانی بۆ دابین بکات بەبێ رەچاوکردنی بانگەشەکانی بنەڕەتخوازەکان و هاوچەرخەکان و هات و هاوارەکانیان لە دژی ئەم و ئەو. ژیانی واقعیی عەرەب-یش هەنوکە ئەوشتانە لە رەسەنایەتی و هاوچەرخبوون وەردەگرێت کە سوودی پێ بگەیەنێت و واز لەوەش دێنێ کە ئاستەنگی بۆ دروست دەکات. ئەوەیش کە عەرەب لە کەلەپوری خۆیدا نایبینێتەوە – کە زۆرن – لە هاوچەربوون و مۆدێرنەتەدا وەریدەگرێت، ئەوەش بە ناچارکردن و گوێڕایەڵکردن ناکا، بەڵکو بۆ ئەوەی ژیانی خۆی مسۆگەر بکا و بەڕێوەچوون و پاشەڕۆژی باش بێت و بەردەوامبوونی مسۆگەر بکات. ئەم رێگایەش دەتوانێ یەکێتییەکی ئۆرگانیی لە نێوان هەردوولایەنە پێك ناکۆکەکە بخوڵقێنێت. لەبەر ئەوە، پێش هەموو شتێ پێویستە پێویستییەکانی سەردەم دیاری بکرێت و داواکارییەکانی بزانرێت و ئەو قۆناغە مێژووییەش کە کۆمەڵگاکانی ئێستا پێیدا تێپەڕدەبن دەستنیشان بکرێت، چونکە دابین کردنی ئەو خواستانە و پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییانە مەرامی بەدی هێنانی رەسەنایەتی و هاوچەرخبوونە(*بڕوانە: حەسەن حەنەفی*، الأصالة و المعاصرة).. ئەمەش ئەو شتەیە کە ئێستا هەیە، بە تایبەتی کە مرۆڤی عەرەب لە جیهانێکی گۆشەگیر یان دابڕاودا ناژی، بەڵکو لە نێوەندی جیهانێکی مۆدێرندا دەژی و لە ڕووی بازرگانی و ئابووری و کولتووری و زانستی و سیاسییەوە فراوانترین مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. مرۆڤی عەرەب لە دروستکردنی ئەم جیهانەدا هاوبەشە ئیدی چەند هاوبەشێکی دۆڕاوی قازانجکەریش بێت، چونکە ئەو

هیچ شتێکی نییە پێشکەشی ئەم جیهانەی بکات، شت لە جیهان وەردەگرێت و هیچی ناداتێ.

٢- کۆمەڵگای عەرەبی، لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسییدا هێشتا کۆمەڵگایەکی عەشیرەتگەرا و خێڵەکی و تایەفەگەرە. دەشێت تەواوترین و رووترین نیشانەی گوزارشتکردنیش لە نامەدەنییەتی کۆمەڵگای عەرەبی خودی دیدی مرۆڤی عەرەب بێت بۆ دیموکراسی کە وای دەدەنێت کێشەیەکە و قەیرانێکە و یارییەکە و سوودی نییە نەک وای دابنێت کە کارێکی سیاسیی کردارییە و فکر و هەڵسوکەوتێکە بەتەنها پەیوەندییان بە کایەی سیاسییەوە نییە. بۆیە لێرەشەوە مرۆڤی عەرەب ناتوانێ وەك واقعێك لە دیموکراسیدا بژی و وەکو شەرێك شەڕ بۆ دیموکراسی بکات (بڕوانە : سعيد بن سعيد، إشكاليات في الفكر العربي والعلوم الإنسانية، ص١٢) .

٣- لە کۆمەڵگای عەرەبیدا کێشەی دووفاقیشمان لەژیاندا هەیە کە کۆن و نوێ و، رەسەنایەتی و هاوچەرخبوون کێشەیان لەسەری هەیە و، کێشەی هەڵوێستیشمان هەیە لەم دوو فاقییە. ئەم دووفاقییەش لە دەرکەوتە جیاجیاکانی ژیانی عەرەبدا لە رابردوو و ئێستاشدا خۆی نواندووە. حەسەن حەنەفی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە پاشاکانی میسر لە سەرەوەختی حوکمی پاشایەتیدا کۆشکەکانیان بە شێوازی سەردەمی رابوون (النهضة)ی ئیتالی بونیاددەنا و بە شێوازی لویسی پازدەهەم و شازدەهەمیش مۆبیلیزەیان دەکرد و لە هەمان کاتیشدا دژایەتیی رۆژئاوایان دەکرد (بڕوانە: ثقافتنا المعاصرة بين الأصالة و التقليد). ئێستا هەمان حاڵ بەشێوەیەکی فراوان لە جیهانی عەرەبیشدا بەدی دەکەین بە تایبەتی دوای ئەوەی کە رۆژئاوا وای لێهات بوو بە بەرهەمهێنەری سەرەکی بۆ شتومەکەکانی بەکاربردن (

الإستهلاك)و میكانیزمەكانی زانین و گەیاندن و پەیوەندییەكان و شتی تریش. ڕۆژئاوا وەك چێشتی پیسکەکەشی لێهاتووە، بەخورێ و زەم-یش دەكرێ.

کۆمەڵگای مەدەنی،
کلیلی دیموکراسیی تەندروستە

ـ ١ ـ

دیموکراسیی کۆمەڵگەیی، یان دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، بە مانای پەخشکردنی هەرچی زیاتری گیانی بەرپرسیارێتییە لای تاکەکان لە ئاستی بیرکردنەوە و ئیشکردن لەسەر ماڵ چارەنووسیان و خۆبەدەستەوە نەدان بۆ دەوڵەت و بگرە بۆ سیاسەتیش بەو پێیەی سیاسەت نێوەندی چڕکردنەوەی بڕیاری کۆمەڵگەیی و یەکخستنێتی، یان بە تاقی تەنها پشتی پێ دەبەسترێ بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکان و پێداویستییە خواستراوەکان. کەواتە قسەکردنی زۆر لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی و دامەزراوەکانی لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا وەك بەڵگەیەکە لەسەر پێگەیشتنی دیموکراسی یان کامڵبوونی و لەگەڵیدا پێگەیشتنی کۆمەڵگاکان و، بەرزبونەوەی پلەی کارلێك و بەیەکگەیشتنیش لە ناو دەوڵەتدا هەروەك بورهان غەلیون دەڵێ

لەو موحازەرەیەی کە لە کۆڕی " کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی " لە ساڵی ۲۰۰۱ دا لە بارەی ((سەرهەڵدانی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی و پەرەسەندنی لە چەمکێکی پەتییەوە بۆ سیستمێکی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی)) وتییەوە.

— ۲ —

ئەوەی تێبینی کراوە و هەروەك زۆربەی کۆمەڵناسانی عەرەبیش وای دەبینن لە سەروویانەوە حەلیم بەرەکات، کۆمەڵگای مەدەنیی عەرەبی هێشتا لە قەیرانێکی خنکێنەردا دەژی. دەوڵەتی عەرەبی (دەوڵەتی سەربەخۆیی) هەژمونی بەسەر زۆربەی کایەکانی ژیانی عەرەبدا کردووە و هەستاوە بە گەلێ پەراوێز خستووەو سنووری داناوە بۆ دەستپێشخەری و بەشداریکردنی لە پرۆسەی گۆڕاندا، ئەمەش لە رێگەی بێ بەشکردنی گەل لە مافە سیاسییەکانی و لە دامەراندنی ئەو رێکخراو و دەستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابوورییانەی کە یارمەتیی لە ناوەوە ڕا گۆڕانی کۆمەڵگا دەدەن . هەروەها دەوڵەتی عەرەبی دەسەڵاتی لە گروپێکی دیاریکراوی خەڵکدا پاوانکردو رێیی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیشی گرت و لەو پرەنسیپانەی ئیسلامیش لایدا کە بانگەواز بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەکەن (و تلك الأيام نداولها بين الناس / آل عمران ، ١٤٠).

نیو سەدەیە ئەو شتە لە جیهانی عەرەبیدا بەرپا بووە کە بە قەیرانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەناسرێت، ئەو قەیرانەی کە زۆرێك لە کۆمەڵناسانی عەرەب بۆ هەژمونی (دەوڵەتی سەربەخۆیی) ان گێڕایەوە: هەژمونێکی

باوکسالارانە بەسەر چالاکییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگادا. لە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆیی عەرەبیش لە سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە، قەیرانی کۆمەڵگەی مەدەنیی عەرەبیش سەریهەڵدا، ئەمەش بە دروستبوونی دەوڵەتی دەسەڵاتگەرای عەرەبی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی و فەرەنسی لە جیهانی عەرەبیدا بەجێیان هێشتبوو. کۆمەڵناسانی عەرەب هۆکاری ئەم قەیرانەی کۆمەڵگای مەدەنیی عەرەبی لە میانەی قسەی حەلیم بەرەکات، کە یەکێکە لە کۆمەڵناسانی هاوچەرخی عەرەب، لە کتێبی (کۆمەڵگای عەرەبی لە سەدەی بیستدا .. لاپەرە ۹۲۳) بەوە لێکدەدەنەوە کە ئەم قەیرانەی کۆمەڵگەی مەدەنیی عەرەبی، دەرئەنجامی هەژمونی فەرمانڕەوایی عەرەبە بەسەر کۆمەڵگادا، و دەرئەنجامی پەراوێزخستنی گەل و سنووردانانە بۆ دەستپێشخەری و بەشداریکردنی لە پرۆسەی گۆڕاندا و، بێبەشکردنی لە مافە مرۆییە بنەڕەتییەکانی، لەوانە مافی ئیشکردنی بە شێوەیەکی رێکخراو و رێکخستنی میللی لە میانەی دامەزراوەکانی و کۆمەڵە پیشەییەکانی و یەکێتییەکانی و سەندیکاکانی و پارتەکانی و رێکخراوەکانی و ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە سەربەخۆ جیاجیانەیەوە کە دەتوانرێ لە میانەیانەوە ئیش لەسەر گۆڕینی واقع بکرێت . هەروا بەوەش کە توێژینەوە لە قەیرانی کۆمەڵگای مەدەنی توێژینەوەیە لە پیادەکردنی دەسەڵات لە دەوڵەتی زۆرەملێدا. لەم روەوەشەوە ئاشکرایە دەوڵەتی عەرەبی کۆمەڵگای لە ئەرك و پیشە ژیانییەکانی تالانکردووە و بۆ خودی خۆی پاوانی کردوون.

ـ ٢ ـ

بایەخدانمان بە قسەکردن لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی و پێداگرتن لەسەری، لەوەوەیە کە دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی کلیلی دروستوونی دیموکراسییەکی تەندوست و ، دروستبوونی کۆمەڵگای ئازادییە داڕێژراوەکان و بڵاوبوونەوەی مۆدێرنەی سیاسی و فکر و ئەدەبی و هونەری و ئابوورییە لەو کۆمەڵگەیەی کە کۆمەڵی مەدەنی تێدایە. هەروەها دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی بەمانای ئەوەیە کە دەوڵەتێکی عەلمانیی بەرقەرار هەیە کە ئاینی لە سیاسەت جیاکردۆتەوە و ڕێی لەوە گرتووە پیاوانی ئاین کاری سیاسی بکەن و ئەو فتوا سیاسییانە دەربکەن کە هیچ بەهایەکی سیاسییان نییە و مەرام لێیان دنەدانە نەك رەخنە لە خودی سیاسی، هەر ئەوەشە کە لە دژی دەوەستێن. پیاوانی ئاینی ـ ش لێرەدا، وەك عەفیف ئەلئەخزەر لە پێشەکییەکەیدا بۆ وەرگێڕانی کتێبەکەی لینین (تێکستگەلێك لەبارەی هەڵوێست وەرگرتن لە ئاین) دابەشیان دەکات، پێنج پلەی بنەڕەتین:

١- قازییەکان.

٢- ئیمامەکان، کە ڕۆڵی ئێزگەکانی ئەمڕۆیان گێڕاوە و دەیگێڕن لە سازکردنی خۆبەخشینی رەعییەت بۆ خەلیفە و بەستنەوەی وابەستەبوونیان پێوەی بە پلەی باوەڕداری.

٣- فوقەها، کە سەرکردانی دیدوبۆچوونەکان بوون و ئاراستەکاری بیروباوەڕی خەڵك و داتاشەری داوەری و ئیجتهاداتەکان بوون بۆ ئەو دەسەڵاتدار یان بازرگانانەی پێویستییان پێییەتی.

٤- فەرمووودەوانان، کە هەندێکی کەمیان نەبێ، ئیشیان ئەوەبوو بۆ پاساودانی حەز و ئارەزووەکانی فەرمانڕەوایان، هەر فەرمووودە دابتاشن.

٥- ئامۆژگاریکاران، کە دەچوونە لای خەلیفەکان بۆ ئەوەی ئامۆژگارییان پێ بدەن و هەستکردن بە ئاسوودەیی ویژدان ببەخشنە خۆیان و ئەوانیش، رۆڵیشیان لە کاهینەکانی دانشان ئەچێ لە مەسیحییەتدا.

هەروەها پیاوانی ئاینی بەردی چێوە ــ ش بوون بۆ دەسەڵاتی ئۆتۆکراتییانەی خەلافەت و بە بێ فتوا و دەسیسەکانی ئەوان خەلیفەکان نەیاندەتوانی بەو ئاسانییە بەرهەڵستکاران بە تۆمەتی لە ئاین دەرچوون پاکتاوبکەن. زۆر بەکەمیش روویداوە خەلیفەیەك بەر لەوەی فتوایەکی سەرزارەکی یان نوسراو-ی یەکێك یان زیاتر لە یەکێك لە زانا بەناوبانگەکان سەردەمەکەی بەدەست بهێنێت، دەست بنێتە بینە قاقای بەرهەڵستکارێکی ئاینی یان سیاسی.

ــ ٤ ــ

زۆرێك لە بیرمەندانی عەرەب لەسەر گرێدانی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دروستبوونی دیموکراسی و کۆمەڵگای ئازادییەکان و بڵاوبوونەوەی مۆدێرنەی سیاسی و فکری و ئەدەبی، کۆکن. ساموێل هانتنگتۆن لە کتێبی (شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی)دا دەڵێ: وەرچەرخانی دیموکراسی بە سەرکەوتوویی روویندەدا ئەگەر رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نەبوونایە. ئەوە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنین کە پشتگیری دیموکراسی دەکەن و وای لێدەکەن قابیلی وەستان و هەڵگەڕانەوە نەبێ. لە ناوەڕاستی نەوەدەکانیشدا چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی تەنها سەرنجڕاکێش

و باو نەبوو، بەڵکو لە دەرهاویشتەکانیدا وای لێهات بۆ هەردوو پرۆسەی دیموکراسی و پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، دەوڵەندیش بوو. کۆمەڵگای مەدەنی هەروەك سەعدە دین ئیبراهیم دەڵێ: وای لێهات لە دەوری فەزایەك لە ئازادی دەخولایەوە، فەزایەك کە خەڵکی تیایدا بە ویستی ئازادانەی خۆیان بەیەك دەگەن و، لە پێناوی چەند ئامانجێك یان بەرژەوەندییەك یان گوزارشت کردن لە سۆزی هاوبەش، دەسپێشخەری دەکەن. لە فەزای ژیانی فرەیی و دیموکراسیشدا کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتە پشتیوان بۆ دەوڵەت و دەبێتە پێکهاتەیەکی سەرەکیش لە پێکهاتەکانی هێزی دەوڵەت، ئەوەشی لەپەنای دەسەڵاتدا کە چیدی لە هەڵلوشینی دەوڵەت پاشگەز دەبێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە دەسەڵاتی یاسا دوای ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بۆ خۆی یاسای دەسەڵات بوو. ئەمەش لە پێناوی ئەوەی دەوڵەت بگەڕێتەوە بۆ بوارە سروشتییەکەی خۆی، واتە فەزایەکی نیشتمانی بۆ رێکخستنی ململانێی ویستە ئازادە سەربەخۆکان و بەڕێوەبردنی بەشێوەیەکی ئاشتییانە، تاوەکو هەوڵ و کۆششیش لەبارببێت بۆ راوەستان بەرووی هەڕەشە نەتەوەییە هەنووکەیی و پاشەڕۆژییەکان کە تیایاندا وڵاتانی ئێمە، وەك باقیی وڵاتانی جیهانی سێی دواکەوتوو، لە ئاراستەکردنی پەرەپێدانێکی عەقڵانی و دادپەروەرانەدا کە هەمووان تیایدا بەشداری بکەن، پێویستیی بە رۆڵێکی بەهێزتری دەوڵەت هەیە لەلایەك و، لەلایەکی تریشەوە، پێویستیی بە کۆمەڵگایەکی مەدەنیی بەهێزتر هەیە کە ئیش لەسەر بەهێزکردنی پێکەوە لکان و یەکبوونی نیشتمانی بکات .

هەردوو شێخ و دیالۆگی کەڕەکان

ـ ١ ـ

نازانم بۆچی ناوبەناو پیاوانی ئاینی خۆیان بە کێشە سیاسی و ئابوورییە ئاڵۆزەکانەوە قاڵ دەکەن وەك ئەو ململانێیەی کە ئێستا لە نێوان سوننەی عەرەبی عیراق و شیعەی عەرەبی عیراقدا هەیە!.

زۆربەی خەڵك پێیان وابوو ئەو ململانێ خوێناوییەی کە ئێستا لە عیراقدا لە نێوان سوننە و شیعەدا بەڕێوەدەچێ ململانێیەکی مەزهەبییە نەك ملانێیەکی سیاسی و ئابوری بێت و وڵاتانی دەوروبەری عیراق جۆشی بدەن. سەرەتای ململانێکەش هەر لە شەڕی سەقیفەین ـ ەوە بەرلە ١٤ سەدە، ململانێیەکی مەزهەبی نەبوو لە نێوان معاویە بن ئەبی سوفیان و عەلی بن ئەبی تالب ـ دا، ململانێیەکیش نەبوو لەسەر چۆنیەتی لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز، یان چۆنیەتی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی. ململانێکە کە لەو کاتەوە دەستی پێکرد، ململانێیەکی سیاسی بوو لە نێوان دەوڵەت و

مزگەوتدا و، لە نێوان دەوڵەتی ئاینی و مەدەنیدا، لە نێوان ئەو خولەفایانەی کـە دەیانـەوێ لـە حـوکمی راشـیدییانەدا بـەردەوام بـن و لـە نێـوان ئـەو خولەفایانـەی کـە دەڵـێن: نـە هـەواڵ هـاتووە و نـە سـروش (الـوحي)یـش دابەزیوە، قورئانی پیرۆزیش لەبن دەستی خۆیاندا جێبەجێ دەکەن و، بە قورئانیش دەڵێن: ((ئەمە دوا سەردەممانە لەگەڵتدا)) هەروەك عەبدولمەلیك بن مـەروان وتبـووی کاتێـك کـە هـەواڵی خەلافەتی بـۆ هـاتبوو. ململانێکە ململانێش بـوو لـە نێـوان ئـەو ئیمامانـەی کـە خـەریکی خواپەرستین و ئـەو خەلیفانەی کە لە سەکۆی نوێژی هەینییەوە دەڵێن: ((وەڵلاهی هەر کامتان پێم بڵێن تەقوای خودا بکە لە ملی دەدەم)) هەروەك عەبدولمەلیك بن مەروان وتبووی.

— ٢ —

ئەو ململانێیە کە ئەمڕۆ لە نێوان سوننە و شیعەدا بەڕێوەدەچێت هەمان ئـەو ململانێیەیـە کـە لـە نێـوان عـەلی بـن ئـەبی تاڵـب و معاویـە بـن ئـەبی سـوفیان–دا هـەبوو بـەڵام بـەجیاوازی ـ ی کـات و شـوێن و نـاوەڕۆکی کێشەکەوە. ململانێکە ململانێیەکی سیاسییە لە نێوان گروپێك لە عەرەبی شیعە کە دەیانەوێت سیستمی ئاخوندیی ئێران جێبەجێ بکەن، بەڵام نەك هـەمووی، بـەڵکو بەشـێکی، واتـە باشـوری عـیراق لـە رووی سیاسـییەوە وابەستەی ئێران بێت و لەژێر گرەوی سیاسەتەکانیدا بێ، بۆ نموونە، وەك وابەستەیی ئیسرائیل بۆ ئەمریکا. هەروەها باشوری عیراق هاوپـەیمانێکی ستراتیژی و سیاسیش بێت بۆ ئێران، بۆ نموونە، وەك هاوپـەیمانی حزبوڵڵا بـۆ سـوریا و ئێـران، لـە کاتێکدا کـە سـوننەی عـەرەب لـەم هاوپەیمانێتییـە

دەترسن و رەتیدەکەنەوە، رەتیدەکەنەوە نەك لە ترسی ئێران بەڵکو لە ترسی خۆیان و مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیرییەکانیشیان.

ناکۆکیی نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە لە عیراقدا ناکۆکی نییە لە نێوان دوو مەزهەبی ئاینیدا. سوننە و شیعە هەردووکیان ئەوە دەزانن کە سەردەمی حوکمی مەزهەبە ئاینییەکان بەسەرچوو. بۆیە ململانێی ئەمڕۆ ململانێیەکی سیاسی و ئابوورییە نەك مەزهەبی ئاینی. لە سەدەکانی یەکەمی زاینیدا و لە سەدەکانی یەکەمی کۆچیدا ئەوەی زاڵ بوو ململانێی مەزهەبیی ئاینی بوو؛ بەڵام لەگەڵ گۆڕانی نەتەوەکان و کولتوورەکان و هاوکێشە سیاسییەکاندا سروشتی ململانێکەش گۆڕا. ململانێی نێوان ئەمریکا و یەکێتیی شورەوی ململانێیەکی سیاسی نەبوو ئەوەندەی کە ململانێیەکی ئابوری سیاسیی نێوان سەرمایەداری و سۆشیالیزم بوو نەك ململانێی نێوان کاسۆلیکی رۆژئاوا و ئەرسۆدۆکسی رۆژهەڵات کە هەردووکیان لە یەك ئاینن رێك وەك سوننە و شیعەی ئێستا.

ـ ٢ ـ

بەڵام شێخ قەرەزاوی و لەگەڵیدا کۆمەڵێك پیاوی ئاینی شتێکی تریان ناوێت تەنها وەرچەرخاندنی ململانێی نێوان سوننە و شیعەی عیراق نەبێت بۆ ململانێیەکی ئاینی مەزهەبی بۆ ئەوەی ببنە لایەنێك لە ململانێکە و سیاسییەکان لە ململانێکە دوور بخەنەوە و قسەیان لەم ململانێیەدا قسەی باڵا بێت. هەر لەبەر ئەوە پێشتر شێخ قەرەزاوی، کە ئێستا بۆتە ((پیاوە پێویستەکەی عیراق)) و چۆتە شوێنی سەدام حسێن-ی ((پیاوە پێویستەکەی پێشوی عیراق))، بانگەوازی بۆ رابەرە کوردەکانی کوردستان

کردبوو کە بەر بەخوێنڕشتنی سوننە و شیعە بگرن لە ناوەڕاست و باشووری عیراقدا. وا ئەمڕۆش قەرەزاوی ماشێنە میدیاییە زەبەلاحەکەی خۆی دەجوڵێنێ کە خۆی لە کەناڵی جەزیرەدا دەبینێتەوە بۆ ئەوەی دیالۆگێکی ڕاستەوخۆ و زیندوو لە نێوان خۆی و ڕەفسەنجانی سازبدات بۆ ئەوەی هەروا و بە (نوکە قەڵەمێك) کۆتایی بەو ململانێیە بهێنێت کە لە نێوان سوننە و شیعەدا هەیە. دیالۆگەکە لە نێوان هەردووکیاندا دروست بوو بەبێ ئەوەی لەم دیالۆگەدا بە دەرئەنجامێك دەربچین کە لە دیالۆگی کەڕەکان دەچوو. چونکە نە شێخ قەرەزاوی لەوە تێدەگەیشت کە ڕەفسەنجانی دەیوت و نە ڕەفسەنجانیش لەوە تێدەگەیشت کە قەرەزاوی دەیوت. ئەم دیالۆگی کەڕانەش هەر ئەوەی لێ دەرنەچوو، چونکە دیالۆگە لە نێوان ڕێبەری سیاسەتی ئێرانی-ی عەمامەبەسەری داپۆشراو بە تونێکڵێکی ئاینی کە خۆی وێنە ڕاستەقینەکەی ئەوەیە کە پیاوێکی ئابووری و پارەدار و بەڵێندەر(مقاول)ـە و گەورەترین بازرگانی فستق-یشە لە جیهاندا و دەوڵەمەندترین کەسیشە لە ئێراندا و ٤٦هەمین پلەشی لە لیستی دەوڵەمەندەکانی جیهاندا داگیرکردووە و، لە نێوان شێخ قەرەزاویدا کە دەوڵەمەندترین پیاوی ئاینیی سوننی-ی هاوچەلاخی ئیسلامە لە جیهاندا و قازیی شەرعیی بیست کۆمپانیای گەورەشە لە جیهانی عەرەبیدا.

— ٤ —

دیالۆگی کەرەکان کە تایبەت بوو بە باردۆخی عیراق لە نێوان هەردووکیاندا بەرپابوو . شێخ قەرەزاوی پرسیاری هۆکارەکانی ئەوەی کرد کە مەرجەعە شیعییەکانی ئێران فتوایەکی روون و راشکاویان دەرنەکردووە کە کوشتنی تایەفەگەرانە حەرام بکا و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری بکاتە فرمان و ئەرك. قەرەزاوی دەڵێ : ((ئەگەر فتوایەکی روون بە حەرامکردنی گروپەکانی مەرگ لەلایەن مەرجەعەکانی ئێرانەوە دەربکرایە ئەوە کێشەکە کۆتایی دەهات)) .. قەرەزاوی پرسیاری ئەوەش دەکا : ((بۆچی فتوایەك دەرناکرێ بە روونی بەرەنگاری بکاتە ئەرك ؟)) ..

جا تێبینی بکەن کە قەرەزاوی ئەوە پەسەند دەکا کە فتوایەکی ئاینیی ئێرانیی جادووییانە بەسە بۆ کۆتایی هێنان بە ململانێی سیاسی و ئابووریی نێوان سوننە و شیعەی عەرەبی عیراق !! ئەمە ئەوپەڕی گەوجی و نەزانییە بەرامبەر بە هەقیقەتی ململانێکە.

بە دڵنیاییەوە رەفسەنجانی بە خراپەیی سیاسیی خۆی و تەڵەکەی بازرگانییانەی خۆی، درکی بە ئامانجی پشت ئەم پرسیارە و ئەم دنەدانە کردبوو، بۆیە وەك پیشەی هەمیشەیی بەشێوەزاری پیاوی دەوڵەت توانجی خۆی داپۆشیبوو و وتی: ((دکتۆر قەرەزاوی رادەسپێرم هەواڵەکان و راسپاردەکانی بەرپرسە ئێرانییەکان بخوێنێتەوە، ئەوەدەم دەزانێ کە مەسەلەکە سەبارەت بە ئێران گۆڕاوە و، دەزانێ کە مەرجەعەکان چەند ئەوەیان سەرکۆنە کردووە و رەتکردۆتەوە کە لە عیراقدا روودەدات)) ..

دیالۆگ لەبارەی هەڵسوکەوتە ئاینییەکانی سوننە و شیعە بەردەوام بوو، هەردوو شێخ نەشیانتوانی دەست بخەنەسەر هۆی راستەقینەی ئەو

ململانێ سیاسییەی کە ئێستا لە عیراقدا لە نێوان سوننە و شیعەدا هەیە، چونکە قەرەزاوی مشتومڕەکەی لە روویەکی ئاینیی پەتییەوە ورووژاند لە کاتێکدا رەفسەنجانی لە روویەکی ئاینی–سیاسییەوە سەیری کرد. هەردوو ئەم شێخە عەقڵیان ئەوەی نەبڕی کە ئەو ململانێیە عەرەبییە سوننەییە شیعییە لە عیراقدا ململانێیەکی سیاسی ئابوورییە و جیاوازییە لەسەر دابەشکردنی سامانی نیشتمانی و دەسەڵاتی سیاسی نەك جیاوازی بێت لەسەر ئەوەی کە عائیشە (خێزانی پێغەمبەر – وەرگێڕ) یان خەڵکی دی لە یاوەرانی پێغەمبەر، بەرلە چوارده سەدە، چییان کردووە وەك بە تایبەت شێخ قەرەزاوی بۆی دەچێ کە بەرگێکی ئاینی و مەزهەبیی پەتیی کردبووە بەری دیالۆگەکە، هەر لێرەشەوە بوو کە دیالۆگەکە سەرکەوتوو نەبوو و بە تاکە ئەنجامێکیش دەرنەچووین، واتە دیالۆگەکە زیاتر خۆنواندنێکی میدیاییانە بوو تا هەر شتێکی دی.

— ٥ —

وەك چارەسەرێکی جادوییانە بۆ ئەم توندوتیژییە، قەرەزاوی داوای بەکارهێنانی فتوا ئاینییەکانی کرد نەك داوای عەقڵ و واقعییەتی سیاسی و دابەشکردنی دەسەڵات و سامان. لەم رووەشەوە داوای لە رەفسەنجانی کرد کۆمەڵێك فتوای ئاینیی جادوییانە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەربکات لەوانە، دەرکردنی فتوایەك بۆ حەرامکردنی کوشتار و حەڵاڵکردنی بەرەنگاریکردنی داگیرکاری وەك ئەوەی فتوایەکی لەم جۆرە بتوانێ ئەو کوشتارە رابگرێت بە بێ پێدانی ئەو مافە سیاسی و ئابوورییانە بە سوننە کە لەسەر شێوەی هاوبەشیکردن لە سامانی نیشتمانی و دەسەڵاتی سیاسی

داوایان دەکەن. سەرەڕای ئەم دیالۆگی کەڕانەش، هەریەك لە فەهمی هویدی (بیرمەندێکی ئیسلامیە – وەرگێڕ) و سەلیم عەوا (سەرۆکی یەکێتیی زانا موسڵمانەکانی جیهانە – وەرگێڕ)، کە هەردووکیان لە موریدەکانی شێخ قەرەزاوی-ن و پەخشکەرەوەی تەپ و دوکەڵی بوخوڕن بە دەوری فتواکانیدا، بە شێوەیەکی ئیجابی توانجی خۆیان لەسەر ئەم دیالۆگەدا..

هویدی وتی: قەرەزاوی شێوازی بەراشکاوی وتن و بە ئاشکرا وتنی گرتەبەر کە ئەمە لە زانای غیرەتدار ئەوەشێتەوە بەرامبەر بە نەتەوەکەی (نەتەوە لێرەدا بە مانای اُمة-یە نەك قومیة – وەرگێڕ) ئەو زانایەی کە دەیەوێت دەست بخاتە سەر برینەکان. هەرچی سەلیم عەوا - یە ئەوە ئەویش وتی: ئەم دیالۆگە بە نۆبەرەی ئەو هەنگاوە بونیادنەرانە دادەنرێت کە وەفدێکی ((یەکێتی زانایان)) بە دەستی هێناون لە میانەی وتووێژەکانیدا لەگەڵ بەرپرسە ئێرانییەکان و لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ تاران بەر لە دوو هەفتە لەپێناوی کوژاندنەوەی ئاگری فیتنەو گێڕانەوەی سوننیو شیعی بۆ بنەڕەتی برایەتیی ئیسلامییانە.

جا ئەمە قسەیەکە لە هەوادا لەلایەن هەندێ لەدەروێشەکانی تەکێ سۆفیو سیاسییەکانەوە.

پاشەڕۆژی کۆمەڵگەی مەدەنیی عەرەبی، چییە؟

— ١ —

بەکارهێنانی زاراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەدەبیاتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە نەوەدەکانی سەدەی بیستدا بڵاوبووەوە، ئەمەش دوای دارمانی وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵات، لە پێشەوەشیانەوە گەورەترین و بەهێزترین دەوڵەت کە یەکێتی سۆڤێت خۆی بوو بەبێ ئەوەی لەلایەن بلۆکی دوژمنەوە کە رۆژئاوا بوو و لەلایەن باڵە سەربازییەکەیەوە کە بە پەیمانی ناتۆ ناسراوە یەک فیشەکی پێوە بنرێ. لە کاتی خۆیدا وادەوترا کە ئەم دارمانە خێرایە، بۆ ئەوانەی کە سروشتی رژێمە تۆتالیتارەکانیان دەناسی، کە فەرمانڕەوایەتیی وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵاتیان دەکرد، شتێکی لەناکاو نەبوو، چونکە لەم رژێمە تۆتالیتارییانەدا دەوڵەت کۆمەڵگا و، حزبی تاق و تەنهای ئایدیۆلۆژی-یش دەوڵەت قووت دەدات و، تاک-یش لە

رووبەڕووبوونەوەی دەوڵەت و حزبدا گۆشەگیر دەبێت و، لەخۆیدا یان لە خێزانە بچکۆلەکەیدا دەمێنێتەوە تاوەکو لە بەرەنگاربوونەوەی قەوارە ساردو سڕە گەورەکانی هەریەك لە دەوڵەت و حزبدا، خۆی لە ئامێزە گەرمەکەیدا بپارێزێت.

— ٢ —

فەرهەنگی ئۆکسفۆردی سیاسی، کۆمەڵگای مەدەنی بە کۆمەڵگای ئەو دامەزراوانە دەناسێنێت کە وابەستەی دەوڵەت نین و خۆشیانی لەگەڵدا گرێ نادەن، هەروەها وابەستەی خێزانێك یان حزبێك یان ڕێکخراوێك لە ڕێکخراوەکان نابن. کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو کۆمەڵگایەیە کە دامەزراوگەلێکی خۆبەخش و گروپگەلێکی هەرەوەزی دەگرێتە خۆی. زاراوەی "کۆمەڵگای مەدەنی" لە سەدەی هەژدەمەوە لەلایەن نوسەرانی جیاجیاوە بە مانای جیاواز بەکارهاتووە. چەمکی سەرەکیی " کۆمەڵگای مەدەنی"یش وا مایەوە کە هەمیشە بگەڕێتەوە بۆ هیگڵ-ی فەیلەسوفی ئەڵمانی. ئەگەر ئەوەش ڕاست بێت کە مارکس وتوویەتی کەوا " کۆمەڵگای مەدەنی" چەقی ناوەندی و شانۆی مێژووە و پێگەی ژێرخانیش دەنوێنێت، ئەوە کۆمەڵگای مەدەنی چرکەساتێکی ئیجابی و کارایە لە پەرەسەندنی مێژوویدا نەك دەوڵەت وەك لای هیگڵ هاتووە.

— ٢ —

سەعدە دین ئیبراهیم کۆمەڵگای مەدەنی بەوە دەناسێنێ کە فەزایەکە بۆ ئازادی، فەزایەك خەڵکی تیایدا بەیەکدەگەن و ئازادانە کارلێك دەکەن و لەپێناوی دۆزی هاوبەشدا، یان بەرژەوەندیی هاوبەش، یان بۆ گوزارشت کردن لە هەست و سۆزی هاوبەش، بە ویستی ئازادانەی خۆیان دەستپێشخەریی بە کۆمەڵ دەکەن، کە دەشیکەن بەشێوەیەکی بێوەی و ئاشتیخوازانە دەیکەن. ئەوەش رەت ناکەنەوە کە خەڵکی دی هەمان شت بکەن. بەم مانایەش، کۆمەڵگای مەدەنی لە بازاڕێکی گەورە دەچێت کە بەگوێرەی پێویستیی تاکەکانی و بە گوێرەی کالا خواستراوەکان و بە گوێرەی رازیبوون لە نێوان سەوداکاراندا کڕیار و فرۆشیاری تیادا دەگۆڕێ. ئەم گۆڕانەش بە گوێرەی پێویستی و بە گوێرەی بابەت و بە گوێرەی لایەنەکانی سەوداکردن سەقامگیریی مامەڵەکردنەکان لەنێوان خودی لایەنەکاندا رەت ناکاتەوە، سەقامگیریی چەشنەکانی مامەڵە و بنەماکانیشیان رەت ناکاتەوە، بەجۆرێك هەموو جارێ پێویست بە سەرلەنوێ دۆزینەوەیان ناکات، بەڵکو مامەڵەکردنی نوێ دێتە ئاراوە، یان لایەنی نوێ دێنە گۆڕەپانەکەوە.

هەروەها سەعدە دین ئیبراهیم دەڵێت : کۆمەڵگای مەدەنی، کە ئەمڕۆ قسەی لەسەر دەکەین، تەنها چەمکێك نییە ئاماژە بۆ ئاستێك لە ئاستەکانی ئەو چالاکییە کۆگەلییە بکات کە هەڵگری فرەیی و ناوردژی (التناقض) و بەشەکێتی (الجزئیة) و بەرژەوەندیی تایبەتییە، بەڵکو ئاماژە بۆ کۆمەڵێك لەو رێکخراوە کارایانە دەکات کە دیاریکردنیان و دەستنیشان کردنی پێگەیان و شوێنیان و ئەو رۆڵە گەورەیەی کە دەیگێڕن، هەندێ جار،

هاوشانی دەوڵەتە و، هەندێ جاریش، دژی دەوڵەتە. بەڵام ئەوەی زۆر لەوە گرنگترە ئەوەیە کە، چیدی بەو شێوە لە کۆمەڵگای مەدەنی ناڕوانرێ وەك ئەوەی بەرجەستە کردنی شتی تایبەت و بەرژەوەندییە بەشەکییەکان بێت لە بەرامبەر دەوڵەتی بەرجەستەکار بۆ هەمووان و بۆ بەرژەوەندییە هەمەکییەکان (المصالح لکلیة)، بەڵکو وەك دەوڵەتێکی بەرامبەر بە دەوڵەت لێ دەڕوانرێت، واتە وەك کۆمەڵە ڕێکخراوێك کە هەڵگری قازانجی گشتی و ئامانجی هەمەکین و سەرچاوەیەکیش پێك دێنن بۆ یاسا و ڕێساخوازی و عەقڵانییەت و پێگەیاندن و ڕێکوپێکی لە ناو سیستمێکی کۆمەڵایەتیدا کە دەوڵەت زۆرێك لە کایەکانی تاراندووە، یان وای لێهاتووە ناتوانێ یاسا و ڕێسا و ئاشتیان تیادا پەخش بکا.

— ٤ —

ئێمە ئەگەر بەرەو سەردەمی ڕزگاربوون بڕۆین لەو چەمکە کلاکسیکییە تازەیەی دەوڵەت: دەوڵەت وەك مەڵبەندێکی تاکڕەهەند و تاق و تەنها بۆ ڕێکخستن و هاریکاریی کۆمەڵایەتی، کە ئەو سەردەمەش ئەوە دوو سەدە زیاترە بەردەوامە، ئەوە پرسیارەکانی تایبەت بە پاشەڕۆژی کۆمەڵگای عەرەبیش سەرکەوتن بەدەست دەهێنن. ئەو ڕزگاربوونەش لەو چەمکە تەقلیدییەی دەوڵەت، بە زەرورەت، بە مانای نەمانی دەوڵەت نییە، بەڵکو بە مانای نەمانی شێوەیەکە لە شێوەکانی دەوڵەت. بەڵام گرنگتر لەوە ناسینی سروشتی ئەو گروپ و ڕێکخراو و دامەزراوانەیە کە دەچنە شوێنی دەوڵەت و کۆبەندی چالاکیی هەموو سەدەی داهاتوو پێك دەهێنن و ڕەنگە ئەو سەدەیەش کە بەدوایدا دێت. گەڕانەوەی ئێستاش بۆ کۆمەڵگا شەپۆلێکە

ڕەگوڕیشەکەی قووڵە، بەڵام ڕێگاکانی ئەو گەڕانەوەیە و شێوەکانی و ئەو نموونانەی کە لێوەی دەکەونەوە، هەموو ئەوانە هێشتا لە سەرەتاکانی یەکەمیدان. پرسیاریش ئەوەیە، وەك بورهان غەلیون دەپرسێ، ئایا گروپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، یان ڕوونتر بڵێین، بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەمانای گروپە ئەهلییە کاراکانی بواری کاری گشتی، یارمەتیی دۆزینەوەی کۆمەڵگایەکی ئازادتر و گونجانێکی گەورەتری نێوان ئازادیی تاك و ئازادیی کۆ و، ڕێك و پێکیی زیاتری نێوان بەرپرسیارێتیی فەرمانڕەوا یان بڕیاردەر و نێوان بەپرسیارێتیی فەرمانبەسەرداکراو یان جێبەجێکاردا، دەدات ؟..

— ٥ —

لە میانەی سەدەی داهاتوودا بەرەو شێوەیەك لە کۆمەڵگای مەدەنی دەڕۆین کە تیایدا سیاسەت ملکەچ دەبێت، سیاسەت وەك ئەوەی گەلاڵەکردنێکە بۆ ئەو وێناکردن و هەڵبژاردنانەی (الإختیارات) کە پەیوەندییان بە چارەنووسی گشتی و چارەنوسە بەشەکییەکانیشەوە(المصائر الجزئیة) هەیە و وەك ئەوەش کە چەند بڕیارێکە دەخوازێ ئەو هەڵبژاردنانە بۆ کار و چالاکیی کۆمەڵێکی بێ سنوور لە کۆڕ و گروپ و ڕێکخراوە مەدەنییە ناحکومییەکان، جێ بەجێ بکا. حکومەتیش کە ناوەندەکانی بڕیاری ڕەسمیی سیاسیی داگیرکردووە ڕۆڵی شتێکی تری نابێ تەنها هاریکاری نەبێت لە نێوان چالاکیی ئەم گروپ و ڕێکخراوانە و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا. لەم گۆشەیەشەوە گروپە نوێکانی کۆمەڵگای جیاجیای مەدەنی چوارچێوەیەك پێشکەش دەکەن کە بوار بە هاووڵاتییان

ده‌دات بـه شـێوه‌یه‌کی گـه‌وره‌تر و کـاراتر به‌شـداری لـه دیـاریکردنی چاره‌نووسیاندا بکـه‌ن و به‌شـێوه‌یه‌کی بـه‌هێزتریش پـشکیان لـه سیاسـه‌تدا هـه‌بێت بـه‌و پێیـه‌ی سیاسـه‌ت سـه‌رقاڵبوونه بـه چاره‌نووسـی گـشتییه‌وه و پیاده‌کردنی ئه‌و بڕیارانه‌یه که په‌یوه‌ندیی پێوی هه‌یه. هه‌ر ئه‌وه‌ش بازنه‌یه‌ك لـه به‌شـداریی سیاسـی دروسـت ده‌کـات کـه هاوشـانی ئـه‌و بازنه‌یه‌یـه کـه په‌رلـه‌مان ده‌ینوێنێـت، ئـه‌و بازنه‌یـه‌ی په‌رلـه‌مان کـه له‌سـه‌ر پرۆسـه‌یه‌کی هه‌ڵبـژاردنی سـه‌رژمێرکاریی پـه‌تی راوه‌سـتاوه و، هه‌قیقـه‌تی ئـه‌و ویـستە کۆمه‌ڵگه‌ییانـه ڕه‌نـگ ناده‌نـه‌وه کـه هـه‌ن و له‌سـه‌ر پێکهێنـانی سیاسـه‌ت پێشبڕکێیانه، بگره له‌سه‌ر بازنه‌یه‌ك که بازنه‌ی په‌رله‌مان تێپه‌ڕێنێ و بیخاتـه ژێـر ڕکێفـی خۆیـه‌وه، ئـیتر له‌ڕێگـه‌ی فـشاره‌وه بـێ، یـان لـه ڕێگـه‌ی ده‌ستوه‌ردانی راسته‌وخۆوه له پێك هێنانی رای گشتیدا.

بوره‌ان غه‌لیون وای ده‌بینێت که رێکخراوه‌کان و گروپه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نی له رووی نفوز و هێزه‌وه زیاد ده‌که‌ن به تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی که له‌سه‌ر ئاستی جیهانی یان فره ره‌گه‌زه‌کاندا کاران به تایبه‌تی له‌و کۆمه‌ڵگایانه‌دا که گره‌وکردنیـان له‌سـه‌ر ده‌وڵـه‌ت دۆڕانـدووه و لـه بونیادنـانی کۆمه‌ڵگایـه‌کی مه‌ده‌نیی به‌هێزیشدا سه‌رکه‌وتوو نه‌بوونه. ئه‌مه‌ش دۆخی وڵاتانی عه‌ره‌بی و زۆرێـك لـه وڵاتـانی تـازه پـه‌ره‌سـه‌ندووه. وه‌ك چـۆن ده‌وڵـه‌ت ناتوانێـت به‌ره‌نگاری گوشاره‌کانی ئه‌و رێکخراوانه ببێته‌وه که لایه‌نیان زیاد ده‌کا له‌وه‌ی کـه به‌شداری ده‌کات لـه بڕیاردانی سیاسـه‌ته جیهانییه‌کاندا، ئاوها کۆمـه‌ڵگای داڕوخـا و له‌به‌ره‌ه‌ڵوه‌شـاویش، کـه لـه ئامێزی نموونـه‌ی ئـه‌م ده‌وڵه‌تـه نا نه‌ته‌وه‌ییانه‌دا سـه‌ریهه‌ڵداوه، یـا ئـه‌وه‌تا نـاتوانێ خـۆی و گروپـه چالاکه تایبه‌تـه‌کانی خـۆی بونیـاد بنێـت، یـان توانـای ئه‌وه‌ی نییـه له‌سـه‌ر

خاکی خودی نیشتمانی خۆی بەشداریی کاریگەر لە گروپە مەدەنییە جیهانییە کاراکاندا بکات.

— ٦ —

بونیادنانەوەی کۆمەڵگا مەدەنییەکان لە پاش ساڵی١٩٩١ و لە دوای دارمانی یەکێتیی سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵاتەوە، بووەتە پێویستییەکی پێلێداگیراو. یەکێتیی سۆڤێت ئاستەنگێکی سەرەکی بوو بە ڕووی دامەزراندنی کۆمەڵگا مەدەنییەکان لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا. بەدەر لە کڵێسای کاسۆلۆکی-یش لە پۆڵەندا هیچ ڕوخسارێك لە ڕوخسارەکانی کۆمەڵگا مەدەنییەکان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا نەبوو.

ئەشتوانین بایەخدانی گەورە بە دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی لەم هۆکارانەدا پوخت بکەینەوە:-

١- دارمانی تەواوەتیی دەوڵەتی تۆتالیتاری کە خۆی لە یەکێتیی سۆڤێتدا دەنوێنێت.

٢- بەڕێوەبردنی ململانێ سیاسییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا بە شێوەی ئاشیخوازانە و، پەنابردن بۆ چارەسەری ئاشتییانە، یان ئەوەی بە " شۆڕشەکانی ئاوریشم " دەناسرێ.

٣- پەیوەندیی دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی بە دیموکراسی و ئازادی و پەرەپێدانەوە.

هەرچی لە جیهانی عەرەبییە، ئەوە سەرەڕای ئەو پەرەسەندنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییانەی کە لە جیهانی دەوروبەری عەرەبدا

روویان داوە، هێشتا کۆمەڵگای مەدەنی دروست نەبووە، بگرە رۆشنبیرانی عەرەب ئەوەشیان خستەسەر و هاتن زاراوەی کۆمەڵگای مەدەنییان گەندەڵ کرد و، بە مانا و پەیڕەوکردنگەلێکیان بارگاوی کرد کە هەڵیناگرێ، ئەمە بەئەندازەیەك ئەم زاراوەیە مانا و مەرامی خۆی لەدەستدا.

هەندێ لە ئاستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتنی شارستانیمان

ـ ١ ـ

لە سەدەی نۆزدەوە عەرەب لەسەر چییەتی بنەماکانی پێشکەوتنی شارستانییەتی مشتومڕ دەکەن و، هەوڵ دەدەن ڕێگایەکی خێرا و بێوەی بۆ پێشکەوتنی شارستانی بدۆزنەوە. ئەوان جیاوازییەکی توندیشیان هەیە لەوەی ئەو بنەمایانە چین. نازانن لە رابردووەوە یاخود لەو گەلانەی ترەوە وەریان بگرن کە پێشکەوتنی شارستانیی گەورەیان بەدەست هێناوە، یان بە تێکەڵکردنی رەسەنایەتی و هاوچەرخبوون؟

بەڵام محەمەد عابد ئەلجابری لە کتێبی (ڕووناکبیری عەرەبی و گرفتی رابوون/ڕێنیسانس.. تێڕوانینێکی ئایندەییانە) جەخت لەوە دەکا کە ئایندەی پێشکەوتنی شارستانیی عەرەبی و رابوونی عەرەب روونادەن تەنها لەسەر بنەمای رەخنەیەکی عەقڵیی نەبێت، ئەم بنەمایەش لەگەڵ سۆزی نەتەوەییدا ناکۆک نییە، لەگەڵ خەونی ئایدیۆلۆژیشیدا ناکۆک نییە، بەڵکو بە

پێچەوانەوە، چاوگێڕانەوە بە چەمکە رابوونییەکانمان و، رەخنەگرتنێکی عەقڵانییانە لێیان کە پشت بە واقع ببەستێ وەك ئەوەی هەیە، تاقە رێگایە کە دەمانبا بۆ بونیادنانی خەونێکی ئایدیۆلۆژیی هاوجووت و، بۆ کاری شێلگیرانەی بەردەوام لە پێناوی بەدیهێنانیدا.

— ٢ —

دواکەوتنی کاروانی پێشکەوتنی شارستانیی عەرەبی کە لە سەدەی نۆزدەوە دەستی پێکرد و، خاو وخلیچکەییەکەشی تا ئەو رادەیەی کە لەکۆتایی سەدەی بیستدا دەیبینین بەبێ ئەوەی پرۆژەی رابوون بێتەدی ئەمە سەرەڕای تێپەڕبوونی سەدەونیوێك بەسەر دەستپێکردنیدا، پێدەچێ هەموو ئەوانە پاڵیان نابێ بە هەندێ لە بیرمەندانەوە هاوارێکی سۆزدارانەی بەرز بکەن و، رۆشنبیرانیش بانگەشە بکەن بۆ رووبەڕووبوونەوەی فکریی کراوە لەگەڵ ئەو لایەنەی کە خۆی لە نەخشەکانی پێشکەوتنی شارستانی دوور دەگرێت. وادیارە کە بۆشایی ئارامگرتنی رۆشنبیرانیش لە هەندێ لە رژێمەکانی حوکمڕانی لەجیهانی عەرەبیداو لەستەمکارییان و خراپە و گەندەڵییان وای لێکردوون کە هاوارێك بکەن و بڵێن: رووبەڕووبوونەوەی فکرییانەی کراوە، واتە بەردەوامبوون لەسەر داواکردنی چاکسازی یان پشوونەدان یان نەحەسانەوە، لەسەر دەرکەوتووەکانی ناو رۆشنبیرانی نیشتمانی عەرەبی بۆتە کارێکی پێویست. سوودیشی نییە لە هەموو ئەوەی کە لە دەوروبەرماندا روودەدات کەسانی نێگەتیڤ و غافڵ بین وەك ئەوەی نەبینین و نەبیسین و نەخوێنینەوە. نادر فەرجانی-ی بیرمەندی میسری و سەرنوسەری (راپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی)ی بەنێوبانگ کە لەلایەن نەتەوە

یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، لە توێژینەوەیدا لەسەر پەیوەندیی ڕۆشنبیر بە دەوڵەتەوە، دووپاتی دەکاتەوە کە ((دەبێ ئێش لەسەر سەرلەنوێ چاندنی چەمکی قوربانی بکەین)) قوربانی بە کۆشش و بە پارە لە پێناوی کارێکی فکریی لە نێوان ڕۆشنبیرانی عەرەبدا کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پابەندبێت، ئەوەش وەك ڕێچکەیەکی نوێ لە ڕێچکەکانی پێشکەوتنی شارستانیی عەرەبی لە پاشەڕۆژدا.

— ٢ —

وەلید ئەباه - ی توێژەر - یش لە (قەیرانی ڕۆشنگەری لە پرۆژەی ڕۆشنبیریی عەرەبیی هاوچەرخدا) دەڵێ: پێشکەوتنی شارستانی بۆ هەر نەتەوەیەك لە نەتەوەکان لەسەر چوار بنەما بەندە، ئەوانیش:-

١- عەقڵانییەت، کە خود (الذات) وەك سەرچاوەی زانین دەبینێ و، ئامانجیشی جەختکردنەوەیە لەسەر دەستگرتنی مرۆڤ بەسەر سروشتدا و، لە تەکنیکیشدا دیدێك بۆ بوون (الوجود) دەبینێت.

٢- مێژووگەرایی (التاريخانية)، کە ئەمەش وەستانی مۆدێرنەیە لەسەر ماقوڵێتیی وەرچەرخان (معقولية التحول) و ملدانی پەرەپێدانە بۆ پێوەرەکانی پێشکەوتن.

٣- ئازادی، ئازادی وەك زەمینەیەك کە ڕەوایەتیی دەسەڵات دادەمەزرێنێ و، مافی مرۆڤ لە بڕیاردان لە کاروباری مەدەنیی خۆی، دووپات دەکاتەوە.

٤- تێکەڵ نەکردنی ئاین و سیاسەت، چونکە ئاین پیرۆزگەراییە و، سیاسەت ناپاکییە.

له میانەی ماوەی سەدە و نیوێکیشدا" لە سەدەی نۆزدەوە تا ئەمڕۆ، هیچ شتێ لەم چوار بنەمایە نەهاتۆتە دی ئەمە لە کاتێکدا کە پاشەرۆژی عەرەب بوارێکی بەرین و فراوانە بۆ بەدی هێنانی ئەم بنەمایانە کە پێشکەوتنی شارستانییانەی عەرەبیان لەسەر دەوەستێت.

لە سەدەی نۆزدەوە تا دەگاتە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، چاوگێڕانەوە بە کەلەپوردا رووی نەداوە و بەرپوەنەچووە و بە شێوەیەکی میتۆدی و زانستییش لێك جیانەکراوەتەوە. ئەوەیش کە کراوە لەلایەن ئەوانەی کە لەو ماوەیەدا کەلەپووریان تاوتوێ کردووە هێرشکردن بووە بۆ سەر کەلەپور، ئەمەش لە بەرژەوەندیی مۆدێرنە و فکری لیبراڵیدا. بەلاّم لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست کۆمەڵە میتۆدێکی زانستیی پەتیمان بۆ لێکۆڵینەوە لە کەلەپور بۆ دەردەکەوێت لەسەر شێوەی ئەوەی کە لە رۆژئاوا خوێندنەوەمان بۆ کردن بەبێ لایەنگیریکردن بۆ بیرێکی دیاریکراو یان پێودانگگرتن لە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوی پێشوەختەوە.

— ٤ —

لەم رووەوە، محەمەد ئارگۆن – وەك نموونە– و میتۆدەکانی لە شیتاڵکردن و لەرزاندن و لێکدانەوە، هەروەها جەلال ئەلعەزم و، عەزیز ئەلعەزمە و، نەسر حامد ئەبو زەید و، سەید ئەلقەمنی و خەڵکی تریش، بەڵگەیەکی باشن لەسەر دەستپێکردنی مامەڵەیەکی زانستییانە لەگەڵ کەلەپوردا و خستنەڕووی مەودای گونجانی ئەم کەلەپورە لەگەڵ پێدراوەکانی ژیانی زانستیی ئەمڕۆدا، یان هەوڵی تێپەڕاندنی ئەم کەلەپورەو پێدراوەکانی لە جێبەجێکردنی ژیانی زانستیی ئەمڕۆدا هەروەك

ئەمە لەگەڵ عەلی عەبدولرازق و تەها حسێن و بە شێوەیەکی بەشەکیش لەگەڵ خالد محەمەد خالد و خەڵکی تردا بەڕێوەچوو. لەبەر ئەوە، ئەو قسەیەی مەتاع سەفەدی لە کتێبی(رابوونی غەدرلێکراو لە گوتاری عەرەبیدا) کە دەڵێ: شۆکی رابوونی عەرەبی تا ئێستا نەیتوانیوە رووبەڕووی سیستمی بەڵگەنەویستەکان ببێتەوە کە لە رەگ و ریشەی سیمای مێژوویی پرۆژەی رۆشنبیریی عەرەبیدا هەیە.. قسەیەکی، تارادەیەکی دیاریکراو، راستە، بەڵام بە تێبینیی ئەوەی کە نیوەی دووەمی سەدەی بیست وا خەریکە رووبەڕووبوونەوەگەلێك بۆ ئەو بەڵگەنەویستانە بە خۆوە دەبینێ کە لە رەگ و ریشەی سیمای مێژوویی پرۆژەی رۆشنبیریی عەرەبیدا هەن. دەشێ زیادبوونی ئەو رووبەڕووبوونەوانەش لە پاشەڕۆژدا و لە سەدەی بیست و یەکدا، پرۆژەی رابوونی عەرەبی سەرلەنوێ بخاتەوە سەر رێگای تەندروست و رێڕەوی راست.

— ٥ —

پاشەڕۆژی پێشکەوتنی شارستانیی عەرەب گرێدراوە بەوەی تا چەند قۆناغی رابوون تێپەڕ دەکەین و لەم دەورانەوە دەچینەوە دەورانێکی نوێوە بەتایبەتی کە ئێمە نزیکەی سەدە و نیوێکمان لەم دەورانە بەسەربرد بەبێ ئەوەی تا ئێستا بتوانین لەم دەورانە بچینە دەرێ. لەم رووەوە، ئێمە لەو سەردەمەوە، سەردەمی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، هەتا ئێستا هەر لە سەردەمی رابووندا دەژین. دەرچوونیشمان بۆ نییە و لەم بوارەدا هیچ دەرگایەك نییە لەبەردەماندا بکرێتەوە تەنها بنیادنانی فکری رەخنەیی زانستی نەبێت. لەم بارەیەشەوە تارق زیادە لە کتێبی(عەرەب و

فکری رەخنەیی)دا دەڵێ: ئەگەر عەرەب ویستیان بە کردەوە لەم قەیرانە دەربچن ئەوە ئامرازێتریان لەبەردەمدا نییە فکری رەخنەیی نەبێت کە لە شیتاڵکردنی ستراکتۆری خۆیاندا و شیکردنەوەیدا کاری پێ بکەن و، لە ئاواخنەکەشیدا بەبێ ترس یان مەترسی خاڵەکانی لاوازی و فشەڵی و کەموکورتی بپشکنن، ئەگینا لەوەی تیایدا هەن هەر دەگەوزێنەوە و بگرە حاڵیان خراپتر دەبێت وەك ئەوەی شەکەتی و لەناوچوونی خۆیان بخوازن.

ئەمەش بەهەر حاڵ بە مانای ئەوە نییە لە سەردەمی رابووندا فکری رەخنەییمان نەبووە، ئەم فکرەمان هەبووە، بەڵام فکرێکی رواڵەتی بووە و، لە رووبەڕووبوونەوەی قوڵ و ئازادانەی ئاستەنگە مەعریفی و واقعییەکانیشدا کەمتەرخەم بووە، ئەوەش لە ئەنجامی ترس و چەپاندن ودەسەڵاتگەری و داپڵۆسین و کۆت و بەند.

ئێران، بە نرخێکی کەم حەماس دەکڕێ

هەروەك راگەیەنرا لە کاتی سەردانەکەی ئەم دواییانەی ئیسماعیل هەنییەدا بۆ تاران کە چوار رۆژی خایاند، لەم رۆژانەدا ئێران پرۆتۆکۆلێکی سیاسیی قەزانجکەری لەگەڵ گەلی فەلەستیندا گرێدا، بەوەی بزووتنەوەی حەماس ـ ی بە بڕێکی کەمی پارە کڕی کە بریتییە لە چارەکە ملیارێك دۆلار.

ئاژانسەکانیش دەڵێن ئێران، لەو بڕە پارەیە، بۆ ماوەی شەش مانگ موچەی وانەبێژانی (المدرسین) فەلەستین دەدات کە ژمارەیان دەگاتە سەد هەزار وانەبێژ. هەروەها بۆ ماوەی شەش مانگیش قەرەبووی سێ هەزار راوچیی فەلەستین دەکات و ئەودوای پارەکەش بەسەر هێزەکانی ئاسایشی گشتیی سەربە حەماس و، بەسەر لایەنگران و حزبییەکانی حەماس و خەڵکی تردا دابەشدەکرێت لەوانەی کە داویانەتە پاڵ ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێ: زەوی و خاك لە دەریاوە بۆ روبار و بە پێچەوانەوە رزگاربکرێت.

سەرگەورە تازەکانی سیاسەت

ئێران توانی بە پارەی، هەروەك حەسەن نەسروڵڵا وای ناو دەنێ، حەڵاڵ و زەڵاڵ و شەرەفمەندو پاکی خۆی، حەماس و، لەگەڵیشیدا، بە شێوەیەکی تایبەتی، شەقامی غەززەیانەی فەلەستین، بکڕێ. هەروەك چۆن پێشتریش باشووری لوبنان و بەشێك لە شەقامی مەسیحی و دورزی و سوننی و، ئەرمەنی لوبنانیی کە هاوپەیمانن لەگەڵ حزبوڵڵای لوبنانیدا، کڕی.

ئێرانییەکان سەرگەورەی چنینی فەرش-یشن لە جیهاندا. هەرئەوانیش عەرەبیان فێری سیاسەت و هونەر و گۆرانی و دانایی کرد. کەلەپورێکی گەورە و دێرینیشیان لە هەموو ئەو شتانەدا هەیە. زۆربەی زانا موسڵمانەکان و زمانەوانەکانیان و ئەو فەرمانڕەوا و فەیلەسوفە موسڵمانانەش کە دەرکەوتن هەر لە فارسەکان بوون. بۆیە ئێستا فارسەکان، بەو مێژووە دوورودرێژە و، بەو کەلەپورە دێرینەیە و، بەو پارە زۆر و زەوەندە و، بەو پێشکەوتنە زانستییەی کە بە پێشکەوتنی ئەتۆمییانەی حاڵی حازریان بەدەستیان هێناوە، وەها خۆیان دادەنێن کە لە خەڵکی دی زیاتر شایەنی ئەوەن ئەوەی لە جیهانی عەرەبی ماوەتەوە بە میراتی وەرگرن. لەم رووەوە، جیهانی عەرەبی، لەو دەمەوەی کە عوسمانییەکان لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا ١٩١٨ بۆ هاوپەیمانانیان بە جێهێشت و، لەو کاتەوەی کە فەرەنسا و پاشان بەریتانیا ١٩٧٠ لەو دەرچوونەی دوایی لە کەنداو، بەجێی هێشت، بە بێ میراتگر مایەوە. شای پێشووی ئێران هەوڵیدا کە ببێتە میراتگری، بەڵام لەو ئاستەدا نەبوو میراتگرێکی بەهێزبێت. بەوەش جیهانی عەرەبی بە هەتیوکەوتوویی مایەوە تا ئەو دەمەی ئەمریکا لە دەرگا عیراقییەکەوە ٢٠٠٣ لێوەی چووە ژوورێ، بەڵام دیارە ئێران لە بۆسەدا بوو

بۆی. ئێران لە جیهانی عەرەبیدا بە هۆی سوریا و حزبوڵڵا و ئەوانەی کە لەگەڵ حزبوڵڵادا هاوپەیمانن لە لوبنان، ڕەسید-یشی زۆر گەورەتر بوو لە ڕەسیدی سیاسیی ئەمریکا کە خاوەنی هیچ نییە جگە لەو دەستەبژێرە سیاسییە عیراقییەی کە بە درێژایی سێ ساڵی رابردوو لە مەمکە گەرم و گوڕەکانەوە شیر دەخۆن و وان لە ئامێزی شیربەخشی ئەمریکادا و، بە دزین و بە تاڵانبردنی موڵکی گشتی و گەندەڵیی سیاسی و کارگێڕی، دەحەسێنەوە.

میراتگری نوێی جیهانی عەرەبی

کەواتە، ئەوە ئێستا ئێرانییەکانن کە میراتگرانی جیهانی عەرەبین و شایستەن بەوەی کە لە جیهانی عەرەبی بەجێماوە، ئەو جیهانە هەتیوەی کە بە دوای یەکێکدا دەگەڕێت سەرکردایەیی بکا بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو لایەنەی سەرکردایەتیی دەکات. جیهانێکی لە ڕێدەرچوو و لە دەستدەرچوو. ئەو جیهانەی کە ئەمریکییەکان سێ ساڵە هەوڵدەدەن بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و ئازادی و لابردنی حوکمڕانە ستەمکارەکان سەرکردایەتیی بکەن. بەڵام دیارە جیهانی عەرەبی سەرکردایەتی ناکرێ تەنها بە پەتی ئاین و داری ئاین نەبێت، ئێرانیش ئێستا خاوەنی ئەم دارەیە. ئەم دارەش توانی بە شێوەیەکی زۆر زیرەکانە لە سەختترین قەڵای جیهانەدا کە لوبنانە سەرکەوتووبێت، لوبنانێک کە دیموکراسیی ڕۆژئاوایی تیادا زاڵە و، ١٨ تایەفەی ململانێکاری تێدایە و، لە دەوڵەتانی عەرەبیدا لە هەمووی زیاتر عەلمانیترە و خاوەن کولتورێکی ڕۆژئاواییە و دوورە لە دەوڵەتی ئاینییەوە.

ئەوەتا ئێران لەوەدا سەرکەوت کە میشێل عوّن-ی مەسیحی و تەلاڵ ئەرسەلان ـ ی دورزی و سلێمان فەرەنجیە-ی عەرەبگەرا و پارتی بەعسی لوبنانی و پارتی سوریای کۆمەڵایەتیی عەلمانی و ئەرمەنە مەسیحییەکان بکاتە هاوپەیمان و لایەنگری خۆی لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئاخوندیی ئاینی بە سەرکردایەتیی حەسەن نەسروڵلا هەروەك پێشتریش نەعیم قاسم-ی جێگری حەسەن نەسروڵلا لەکتێبەکەیدا رایگەیاندبوو، کتێبی (حزبوڵلا: ئەزموون و چارەنووس و پاشەڕۆژ).. (بۆمبی ئەتۆمیش کە ئێران زیاتر لە نیوەی رێگای لێبڕیوە، لە میسۆلۆژیای شیعەدا شتێکی دی نییە تەنها وەك ئەو مەهدی مونتەزیرە نەبێت کە سەرزەمین: سەرزەمینی موسڵمانان و لە ناویدا جیهانی عەرەبی، پڕ دەکا لە داد و چاکە و تێروپڕی و چەوری و هەنگوین) هەر ئەو بۆمبەشە کە وادەکات ئێران ببێتە میراتگری ئەو جیهانە عەرەبییەی کە، دوای ئەوەی میراتگرە دێرینەکانی لە عوسمانییەکان و رۆژئاواییەکان بەجێیان هێشت، بە درێژایی ٣٥ ساڵ بێ میراتگر، یان بێ بەرێخەر، یان بێ سەرکردایەتی. ماوەتەوە.

چۆن حەماس هەڵبژاردنی داهاتووی مسۆگەرکرد ؟

ئایا تۆزێ دوورکەوتوونەتەوە لە پرۆتۆکۆلی ئێران -حەماس کە بەر لە چەند رۆژێك کرا؟

بە دڵنیاییەوە نەخێر. چونکە قسەی پێشوومان لەسەر ناوەڕۆکی ئەو پرۆتۆکۆلەیە، ئەمە ئەگەر ئەوەمان زانیبێ کە قسەی پێشوومان دەیویست هێز و توانا و دەسەڵاتی کریار بەسەر فرۆشیاری گوێڕایەڵەوە دەربخات. دەشڵێین گوێڕایەڵ، چونکە حەماس بە گوتارە سیاسییەکەی و گوتارە ئاینییەکەی و گوتارە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکەی، هەرگیز لە پێدراو و

باوەڕپێهێنراوەکانی ئاخوندیی ئێرانی دەرناچێت، بەڵکو ئەو لە ناوەڕۆکی ئەو پێدراو و باوەڕپێهێنراوانەیە. حەماس، وەك لەم ڕۆژانەشدا ئەو پرۆتۆکۆڵە ڕاگەیەنرا، بە چارەکە ملیارێك دۆلار فەلەستین و گەلی فەلەستینی بە ئەحمەدی نەژاد نەفرۆشتووە، بەڵکو تەنها لای دادنووسێکی ئێرانی موسادەقەی لەسەر پرۆتۆکۆلێك کردووە کە خۆی لە مێژە هەبووە و پێدانی پارەکە دواکەوتبوو. بەمەش، حەماس، هەڵبژاردنی فەلەستین-ی بۆ ئەنجوومەنی یاسادانان یان سەرۆکایەتیی داهاتوو مسۆگەرکرد کاتێك کە دێت و بە پارەی ئێران نانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە برسی و ڕەش و ڕووت و پێ خاوسە ئەدات. واتە حەماس ئەمجارە لە میانەی گەدەی فەلەستینییەوە هەڵبژاردن ڕادەماڵێ نەك لە میانەی عەقڵی فەلەستینییەوە وەك لە ئایاری رابردووی ساڵی ٢٠٠٦دا ڕوویدا، چونکە برسییەکان هەر خۆیانن کە جارێکی دی حەماس بەرزدەکەنەوە بۆ گرتنەدەستی حوکمڕانی. ئەوان زۆرینەی گەلی فەلەستینیشن و ڕەشوڕووتەکانیانن، بە تایبەتی کاتێك کە سبەی ئێران گەدەی خاڵییان لە خواردن و گیرفانی بەتاڵیان لە دۆلار پڕ دەکات.

بەوەش هاوپەیمانی فلسان : (فەلەستین – سووریا – ئێران) توانی، تا ئێستا، بە شێوەیەکی ڕامێنەر بیباتەوە و حزبوڵڵا و حەماس و هەموو ئەو هێزانەی ناوچەکەشی لەگەڵدا بێت کە هەوڵی شکست هێنان ئەدەن بە(هێزەکانی خراپە) لە جیهاندا، ئەو هێزانەی کە خۆیان لە یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکادا دەنوێنێ، دەی پیرۆزیان بێت ! .

نەسکی چوارەم:

گفتوگۆیەکی فکری ـ سیاسی

عیراقی نویٚ و
جیهانی عەرەبی و نەتەوەی کورد

بیرمەندی و نوسەری گەورەی عەرەب

د. شاکر ئەلنابلوسی:

*** " فەتحکردنی مەککە" شکستی بە هەموو هێزەکانی سەرکەوتکردن و زۆرداریی لە دووڕکەی عەرەبیدا هێنا " فەتحکردنی بەغدا"ش پێشەکییەکە بۆ شکستی هەموو هێزەکانی سەرکوتکردن و زۆرداری لە جیهانی عەرەبیدا**

*** تەماشا بکەن کورد چ باجێکی گەورە و گرانیان دا لە شاڵاوەکانی ئەنفال و شاڵاوەکانی تری کوشتن و وێران کردن بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان !**

کەم خوێنەر هەیە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا ناوی د. شاکر ئەلنابلوسی نەبیستبێت. ئەو بەردەوام یەکێکە لەو قەڵەمە ڕەخنەیی و بیرمەندە لیبراڵە دیارانەی جیهانی عەرەبی کە وتار و لێکۆڵینەوە و کتێبەکانی تەرخانن بۆ دەربڕینی وشەکان بۆ دنیای شتەکان، بەڵام بە ئازادانەترین زمان، ئەمە تا ئەو رادەیەی مرۆڤ، هەندێ جار، بە پێچەوانەی تێزی هەندێ لە بیرمەندانی پۆست مۆدێرن، پێت وابێ زمان کۆیلەی فکری نابلوسی ـ یە، نا بەڵکو تەواو لەژێر ویستیدایە.

نابلوسی تا ئێستا پتر لە ٥٠ کتێبی بەنرخی لە بواری ئەدەب و سیاسەت و فکردا هەیە، گرنگترینیان لە جیهانی عەرەبیدا کە چەندین جار چاپکراونەتەوە، ئەمانەن: بۆچی؟ پرسیارەکانی عەرەب لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا (٢٠٠٦)، پارێزەری ئەهریمەن، لیکۆڵینەوەیەك لە بیری عەفیف ئەلئەخزەر (٢٠٠٥)، گۆشە رووگیرکەرەکان لە سیاسەت و رۆشنبیریدا (٢٠٠٤)،چوونە سەرەوەی کۆمەڵگای سەربازی عەرەبی لە وڵاتی میسر و وڵاتی شام (٢٠٠٣)، ئەگەر ئیسلام نەرنەکەوتایە، ئێستا حاڵی عەرەب چۆن دەبوو؟ (٢٠٠٣)، بیری عەرەبی لە سەدەی بیستدا (٢٠٠١)... جگە لەمانە، کتێبی تری گرنگی زۆرە، بەڵام پێوەر، لای ئەو، بەرهەمەکانی نین لە رووی چەندایەتییەوە، بەڵکو ئاستی چۆنایەتی نوسینە.

کوردستانی نوێ دوای گۆڕینەوەی چەند نامە گۆڕینەوەیەك لەگەڵ نابلوسیدا بیرۆکەی گفتوگۆیەکی لەگەڵدا هێنایە بەرهەم. تەوەرەکانی گفتوگۆکەش لە هێڵە گشتییەکەیاندا تایبەتن بە عیراقی نوێ و جیهانی عەرەبی و نەتەوەی کورد، بەڵام لە وردەکاریدا تەرخانن بۆ چەند تەوەرێك.

* هەزاران خوێنەری کورد هەن کە لە دۆزەکانی عیراقدا چاویان لەسەر بیروڕای تۆیە، ئەم چاودێرییەش وەك لە میانەی پرسیارکردنەوە لە

ئیلهام لە ئەزموونی کوردی عیراقەوە وەربگری. تەماشای ئەو جیاوازییە بکەن کە لە نێوان کەسایەتیی جەلال تاڵەبانی (حەفیدی سەلاحەدینی ئەیوبی) و سەدام حوسێن یان بەشار ئەلئەسەد یان معەمەر ئەلقەزافی یان عەلی عەبدوڵلا ئەلسالح یان ئەوانی تردا هەیە و ئیدی لەوێوە دەزانن کە بۆچی عەرەب هێشتا گرەو لەسەر کۆیلایەتی و ستەمکاری و دیکتاتۆری دەکات.

فیدراڵی

* بیرۆکەیەک، بەڵکو بانگەشەیەکی گەورە لە ناوەندە سیاسی و میللییەکاندا هەیە لە عیراق بۆ رێکخستنی وڵات لە ڕووی کارگێڕی و سیاسیەوە و لە میانەی جێ بە جێ کردنی بیرۆکەی فیدراڵی و سیستمی فیدراڵی لە وڵاتدا. با یەکەم جار ئەوەش بیر بخەینەوە کە کورد ئێستا نیمچە سەربەخۆییەکی خۆی هەیە و ناوچەی فیدراڵیی خۆی هەیە کە لە ڕووی ئاسایش و ئارامی و گەشەکردن و بوژاندنەوەوە لە هەموو ناوچەکانی تری عیراق باشترە. ئێستا شیعە-ش داوای دامەزراندنی هەرێمێکی فیدراڵی دەکات لە باشووردا کە ٨ پارێزگای عیراقی بگرێتە خۆی وەک چاولێکەرییەک لەوەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە. هەیە دەڵێ : ئەم بیرۆکەیە تاقە بیرۆکەیە بۆ مسۆگەرکردنی یەکبوونی عیراق و رێگایەکی راست و دروستیشە بۆ بەدی هێنانی هەر پرۆژەیەکی دیموکراتی کە رۆڵەکانی گەلی عیراق لێی رازی بن، بەڵام ئێستا کێشەکە لە هەڵوێستی چەند هێزێکی سیاسیی عیراقدایە کە هێز و جەماوەرییبوون و نفوزێکی سنوورداریان هەیە و وا لاف دەدەن کە نوێنەرایەتیی سوننەی عیراق دەکەن و هەموو بیرکردنەوەیەک لە بیرۆکەی فیدراڵی رەت دەکەنەوە. ئەو نوسینەشتم

خوێندۆتەوە کە لەبارەی ئەمەوە تیایدا دەڵێت: هەڵویستی سوننە لە فیدراڵی مایەی لێتێگەیشتن نییە و جێی سەرسوڕمانیشە کە تەواوی عیراق بە کوردەوە شیعەیەوە، بە عەرەب و جولەکەیەوە، بە مەسیحی و موسڵمانیەوە، لە چاوەڕوانیی بەرەکەتی عەرەبی سوننە، لەسەر یەك پێ ڕابوەستن تاوەکو عیراق بە جۆشەوە بە ڕێگایەکی نوێدا بڕوات. ئەوەشت وتبوو کە فیدراڵی لە تێگەیشتن و هۆشیاریی عەرەبە سوننە عیراقییەکاندا جێی نابێتەوە، باشە ئەگەر حاڵ ئاوهابێ، ئایا چۆن دەتوانین بڕوانینە دوارۆژی ئەم بابەتە، ئایا ڕێگاکانی قەناعەت کردن بە سوننە چییە؟ یان ئاقیبەتەکانی ڕەتکردنەوەی بەردەوامی بۆ ئەم بیرۆکەیە چییە و لە بنەڕەتدا لاری بوونی سوننە لەم پرسە چ ڕەوایەتییەکی هەیە و چۆن دەتوانرێ سەودای لەگەڵدا بکرێ؟

_ عەرەبی سوننە بە درێژایی مێژوو ڕانەهاتوون کە بژین تەنها لە ژێر سێبەری خەلافەتی ئیمپراتۆرییدا نەبێ. لەو گۆڕانکارییە سیاسییانەش بە ئاگا نین کە بەسەر نەتەوە و گەلاندا هاتووە. هەتا ئێستاش عەرەبی سوننە خەو بە گەڕانەوەی خەلافەتەوە دەبینین. ئەوان هێشتا بۆ ڕوخانی خەلافەتی عوسمانی-یش بە شمشێری ئەتاتورکی عەلمانیی ساڵی ١٩٢٤ دەگرین. لەبەر ئەوە، عەرەبی سوننە گرێیەکی سایکۆلۆژی و مێژوویی و کولتوورییان هەیە کە ((گرێی خەلافەتە)) ئەو خەلافەتەی کە توانیان لە میانەی فەرمانڕەوایی و قۆزتنەوە و داگیرکردنی گەلانی ترەوە بەدیی بهێنن کە دوایینیان لە باشووری ئیسپانیا (ئەندەلوس)دا بوو کە بۆ ماوەی حەوت سەدە داگیریان کرد و هەتا ئێستاش بۆ ئەو سەرزەمینە داگیرکراوانە دەگرین ئەمە لە کاتێکدا بریتانیای مەزن فرمێسکی خۆی ڕاگرت و چیدی بۆ شوێنە کۆلۆنیالکراوەکانی خۆی لە جیهانی عەرەبی و لە هیند و لە

ئەفریقیا ناگری. هەر لەبەر ئەوە، دەستبەرداربوون لە بیرۆکەی خەلافەتی ئیمپراتۆریانە و پەنا بردن بۆ فیدرالّی ئاسان نییە . فیدرالّی فۆرم و سیستمێکی سیاسیی مۆدێرن و شارستانییە و تائێستا عەرەبی سوننە لە ئاستیدا نین. هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاستی سیاسیی فیدرالّیی سویسرا، یان ئاستی سیاسیی فیدرالّیی ئەلّمانیا، یان ئاستی سیاسیی فیدرالّیی ئەمریکا، بەلّکو ئەوان تا ئێستاش دەیانەوێت دەولّەتی موعاویە بن سوفیان بێتەدی، یان ئەبو جەعفەر ئەلمەنسور ـ ی ئیمپراتۆر و، دەولّەتی جەمال عەبدولناسر ـ ی ناسیۆنالیستی و دەولّەتی حافزئەسەد ـ ی بەعسی. بۆیە تاقە رێگایەك بۆ ئەوەی قەناعەت بە عەرەب بکرێ بە فیدرالّی نموونەی پوختی ئێستای کوردە لە باکوری عیراق. رێگە ـ ش بدەن عەرەبی سوننە سەردانی باکوری عیراق بکەن بۆ ئەوەی ئێستا ببینن چۆن نموونەی فیدرالّیی کوردیی شارستان و پێشکەتنخواز دامەزراوە، بەلاّم پێم وایە عەرەبی سوننە هەر پێویستییان بە کاتێکی دووروودرێژ دەبێت بۆ ئەوەی لە دێوەزمەی خەلافەتی ئیمپراتۆرییەتی عەرەبیی ئیسلامی رزگاریان بێت ئەمە لە دەمێکدا کە چیدی مێژووی نوێ جێگایەکی نییە بۆ ئەم جۆرە ئیمپراتۆرییەتانە.

ئەنفال و هەلّەبجە

* جگە لە بیرمەندی عیراقی (هادی عەلەوی) و کۆمەلّناسی عیراقیی بەناوبانگ (د. فالح عەبدولجەبار) و توێژەری گەورە (کەنعان مەکییە) و ژمارەیەکی دی لە رۆشنبیرانی راستەقینەی عەرەب، هیچ بابەتێك یان وتارێك یان لێکۆلّینەوەیەك یان کتێبێکم نەخوێندۆتەوە کە رۆشنبیر-ی عەرەب تەرخانی کردبێت بۆ قسە کردن لەسەر ئەو کارەساتە مرۆیی و

مەرگەساتانەی کە گەلی کورد دوچاریان بوو وەك ئەوەی کە لەو وتارەی تۆدا خوێندمەوە کە ناونیشانەکەی (یادەوەریی کونبووی عەرەب) بوو. رۆشنبیری عەرەب بایەخی بە مەینەتی و چەوسانەوە و بێدادییەکانی کورد نەداوە کە لە عیراقدا چەشتوویەتی، بێباکیش مایەوە لەوەی کە گەلی کورد توشی بوو، ئەو گەلەی کە رایەڵی مێژوویی عەرەبی و ئیسلامی بە گەلی عەرەبەوەی گرێ دەدات، واتە رایەڵی کولتووری و شارستانی. چی وای لێکردی لەسەر هەڵەبجە و ئەنفال بنووسی، بۆ یەکەم جار چۆن لەبارەی ئەم کارەساتانەوە شتت بیست و چیت لەبارەیانەوە خوێندۆتەوە و چۆنت وەرگرت و هەست و سۆزت چی بوو کاتێك کە ئاشنابووی بە پرۆسەگەلێکی بەربەریی هەمەجی کە دەرهەق بە کورد ئەنجامدراون، ئەو گەلەی کە بە زۆرینە موسڵمانە بێ ئەوەی جیهانی ئیسلامی هیچ هەڵوێستێکی لە ئاستیدا و لە ئاست مەینەتی و کارەساتەکانی وەربگرێت؟

ـ وەك رۆشنبیرێکی ئۆرگانیی عەرەب کە دەبێ راستییەکان بزانێ و قسەی راستیی تەواو بکا، لەسەر هەڵەبجە و ئەنفالم نوسی. ئەمە بەبێ رەچاوکردنی خاوەنی ئەم راستییە و ئەوەیش کە سوود لەم راستییە دەبینێ ئیدی موسڵمان بێت یان نا موسڵمان، عەرەب بێت یان ناعەرەب. لەم رووەوە من کە دەنوسم لە پێوەندیی راستییەوەیە نەك لە پێوەندیی ئاینەکەم و عەرەبایەتیم و نیشتمانپەروەریم و شەرەفی میللەتەکەم و شکۆ و کەرامەتی نەتەوەکەم . هەر ئەمەشە جیاوازیی نێوان من و نێوان ئەوانەی کە لەگەڵمدان لە نوسەرە لیبراڵەکان و گروپەکانی دی. نوسەری لیبراڵ ئەو نوسەرەیە کە جگە لە راستی پەیوەندیی بە هیچ ئایدیۆلۆژیایەکەوە یان نەتەوەیەکەوە یان ئاینێکەوە نییە. نوسەری لیبراڵ نوسەری راستییە ئیدی ئەو راستییە هەرچییەك بێ ، لای عەرەب بێ یان لای عەجەم، لای رۆژهەلات بێ یان

ڕۆژئاوا، لای کورد بێ یان لای ئاشوورییان، لای جولەکە بێ یان لای یزیدییەکان، لای موسڵمان بێ یان لای مەسیحی، لای باوکی بێ یان لای دایکی. نوسەری لیبراڵ لە قسەکانی و وتەکانیدا سیاسی نییە و بێت و شتەکان هەڵسوڕێنێ و بەلایاندا بڕوا و بیانشارێتەوە. لاریبێتەوە لە راستی وەک چۆن سیاسییەکان لاردەبنەوە و، ئەملاوئەولا بکا وەک ئەملاوئەولاکردنی سیاسییەکان و، قسە دەمامک بکا و بە تونژاڵێک هەنگوینیی پیرۆز بیبارێنێ. نوسەری لیبراڵ لە جیهانی عەرەبیدا دژی تەوژمی گشتییە، دژی زۆرینەیە. لە وتنی قسەی هەقدا لەسەر هەر کەسێ بێ زمان درێژە، پارێزەری ئەمریمەنە، رەشکەری لەش و جەستەیە، بە پاداشت یان چاکە نانوسێ، لە دواجاریشدا ئەو، واتە نوسەری لیبراڵ، نەفرەت لێکراوە، نابوتە، رەتکراوەیە، لە خەڵک و لە دەسەڵاتیشەوە غەزەب لێگیراوە و لە بەلارێداچووانیش ئامێ*.

هەرچی هەڵوێستی موسڵمانانە لە کارەساتەکانی کورد، ئەوە موسڵمانان هەڵوێستیان نییە تەنها هەڵوێست وەرگرتنیان نەبێت لە وێنەیەکی کارکاتێری یان دەرهێنەرێکی هۆڵەندی یان قسەیەکی راگوزاریی پاپا. هەرچی هەڵوێستیانە لە کارەساتەکانی ئەوانەی لە ئاینەوە برایانن ئەوە هەڵوێستێکی ئابووبەرانە و هەڵوێستگەلێکی سیاسییانەشە زیاتر لەوەی ئاینییانە بێت چونکە موسڵمانان هیچ هەڵوێستێکی ئاینییانەیان نییە و هەموو هەڵوێستەکانیشیان هەڵوێستی سیاسین. عەرەب بەزەیی و دادپەروەری و بەها بەرزە ئەخلاقی و ئیسلامییەکانیش نازانن. عەرەب هیچ لە ئیسلام نازانن تەنها سوجدە بردن و چەمانەوە و ڕۆژووگرتن و

* مەبەستی نوسەر لێرەدا ئەوەیە کە نوسەرانی لیبراڵ لە جیهانی عەرەبیدا بەو شێوە ترسناکە تەماشا دەکرێن کە ئەو لای خۆیەوە بەوپەڕی بێزارییەوە باسی دەکات. (عەدالەت).

حەجکردنو لەبەرچاو ونکردنی ئاین و TNT ڕێژکردنی ئۆتۆمبێلەکان و کوشتنی بێگوناهان و هەوڵدان نەبێت بۆ گەیشتن بە حۆری ئەلعەینی بەهەشتی بەڵێن پێدراو نەبێت. ڕۆشنبیریی عەرەبی ١٤ سەدەیە و تا ئێستاش ڕۆشنبیریی وەڵامی ئامادەیە بێ پرسیارکردن. کۆمەڵە وەڵامێکی بەلاش و کۆن و حازربەدەست و ئامادە، بەڵام وەڵامدانەوە بۆ پرسیارەکانی سەردەم بوونی نییە. لێرەشەوە بوو کە ناونیشانی کتێبەکەم وا دانا: بۆچی؟ ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی وتەزایەکی نیتچەیە کە دەڵێ: ئەوەی کە دەیەوێ ئاسوودە بێت ئەوە با باوەڕ بکا، ئەوەیش کە دەیەوێ گفتوگۆکاری ڕاستی بێ ئەوە با پرسیاربکا) .

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

ساڵی (٢٠٠٨ ـ ٢٠٠٩)

ژ	ناوی بڵاوکراوە	ناوی نوسەر	ساڵی دەرچوون
٢٥١.	هەرێمی کوردستان و تورکیا	مامۆستا جەعفەر	٢٠٠٨
٢٥٢.	پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی	عوسمان حەمە رەشید گوردن	٢٠٠٨
٢٥٣.	جلال الطالباني رجل القرار	حوار مع الفضائية العراقية	٢٠٠٨
٢٥٤.	لەکیبە هاردییەوە بۆ گۆردن براون	سلێمان عەبدوڵڵا یونس	٢٠٠٨
٢٥٥.	دەسەڵاتی دادوەری	گۆران ئازاد حەمە گەلان	٢٠٠٨
٢٥٦.	جەنگی دەرونی	ئاراس فەریق زەینەل	٢٠٠٨
٢٥٧.	كركوك بموجب احصاء عام ١٩٥٧	قسم البحوث واستطلاعات الرأي	٢٠٠٨
٢٥٨.	مام جەلال جێگری سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ (ی. ن. ك) ئەندامی هەمیشەیی	مەکتەبی بیروهۆشیاری	٢٠٠٨
٢٥٩.	گۆڤاری نوێن ـ ١٣ ـ		٢٠٠٨
٢٦٠.	پرۆژەی ئاتۆمی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی	کارسێن بابەکر	٢٠٠٨
٢٦١.	دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان	د. ئەنوەر محەمەد فەرەج	٢٠٠٨
٢٦٢.	كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط	تأليف: فاضل رسول ترجمة: غسان نعسان	٢٠٠٨
٢٦٣.	ئاشنابوون بەسۆسیال دیموکراتی	کارزان کارسێن	٢٠٠٨
٢٦٤.	جیهانێکی دادپەروەر شیاوە	کارزان کارسێن	٢٠٠٨
٢٦٥.	لیبەرسالیزم و خۆشگوزەرانی هاربەش	کارزان کارسێن	٢٠٠٨
٢٦٦.	بێ بەهێی مێژوو بەوار بەهەشت	کارسێن بابەکر	٢٠٠٨
٢٦٧.	كردستان والحقوق القومية للتركمان	د. مكرم الطالباني	٢٠٠٨
٢٦٨.	تەیرانەکانی دیموکراسی	رالف دارن دۆرف و. لەئەڵمانییەوە: ئیسماعیل حەمەئەمین	٢٠٠٨
٢٦٩.	قضية إبادة الأرمن امام المحكمة أو قضية طلعت باشا	ترجمة: غسان نعسان مراجعة: ماموستا جعفر	٢٠٠٨
٢٧٠.	ئیرلەندای باکوور	سلێمان عەبدوڵڵا یونس	٢٠٠٨
٢٧١.	ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کوردو حکومەتەکانی عێراقدا	هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا تاریق رەئوف محەمەد	٢٠٠٨

٢٧٢.	نوروز عيد الأجداد ومفخرة الأحفاد	د. احمد عبدالعزيز محمود	٢٠٠٨
٢٧٣.	الكرد في تجارب الأمم وتعاقب الهمم	د. احمد عبدالعزيز محمود	٢٠٠٨
٢٧٤.	نیچەو مەسیحیەت	و: لەفارسییەوە: مەسعود بابایی	٢٠٠٨
٢٧٥.	مێژووی قەدەغەکردنی کتێب لەکتێبخانەی گشتیی کەرکوکدا	حەمەدیان	٢٠٠٨
٢٧٦.	هلميني يا كوكولك كيف ابكيك	محمد شوان	٢٠٠٨
٢٧٧.	چوار ڕۆژ لەکوردستانی ئازاددا	موکەڕەم تاڵەبانی	٢٠٠٨
٢٧٨.	مسألة إبادة الأرمن أمام المحكمة ـ الطبعة الثانية	ترجمة: غسان نعسان مراجعة: ماموستا جعفر	٢٠٠٨
٢٧٩.	پرۆژە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی	حەکۆ ئەسعەد ئەدهەم	٢٠٠٨
٢٨٠.	یەکگرتووی ئیسلامی لەنێوان ئیسلامیبوون و نەتەوەیبووندا	بەختیار عبدالرحمن	٢٠٠٨
٢٨١.	پیبوونی بینین و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی	هەوراز محەمەد	٢٠٠٨
٢٨٢.	شارەزووری لوڕستانی باکوور	د. حسام الدين نەقشبەندی	٢٠٠٨
٢٨٣.	خانی ـ شاعیر بیرمەند، فەیلەسوف سۆفی	پرۆفیسۆر. د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ	٢٠٠٨
٢٨٤.	زلراوەکانی کۆنفرانس	نەجاتی عەبدوڵڵا	٢٠٠٩
٢٨٥.	دەرکەوتنی ڕێکخراوی قاعیدە لەکوردستانی عێراقدا	یوسف گۆران	٢٠٠٩
٢٨٦.	سیاسەتی شیعەکان دەرهەق بەکەرکوک و فیدراڵی	ئارام ڕەفعەت	٢٠٠٩
٢٨٧.	مشكلة تقييد السلطة السياسية بالقانون	زانا رؤوف حەمەکریم	٢٠٠٩
٢٨٨.	یاسای پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا	و. خەلیل عەبدوڵڵا	٢٠٠٩
٢٨٩.	سجالات عربية كردية	د. هەڵکەوت حەکیم	٢٠٠٩
٢٩٠.	ئیدارەی کوردی ئاستەنگو ئاسۆی گەشەکردن	مامۆستا جەعفەر	٢٠٠٩
٢٩١.	سۆسیال دیموکراسی (مێژوو، تیۆری، ڕەخنە)	د. ئەکرەمی میهرداد	٢٠٠٩
٢٩٢.	بیر ـ ئاواز ـ زمان	فوئاد عەبدولڕەحمان	٢٠٠٩
٢٩٣.	مدينة إله القمر	تأليف: تمارا . إم. غرين ترجمة: عبدالرزاق محمود القيسي	٢٠٠٩
٢٩٤.	ئەستێرەی سوور ـ بەشی یەکەم	بوار نورەدین	٢٠٠٩
٢٩٥.	ئەستێرەی سوور ـ بەشی دووەم	بوار نورەدین	٢٠٠٩

ناوەندە ڕۆشنبیری و میدیاییە کوردی و عیراقییەکانەوە بە گشتی تێبینم کردووە لەوەوە نایەت کە تۆ تەنها نوسەر یان بیرمەندێکی ناسراوی و پێویستە خوێنەری جدی بۆت بگەڕێتەوە بۆ ئاشنا بوون بەو بیرو ڕاو گۆشەنیگایانەی کە لەبارەی مەسەلەی عیراق و کوردەوە یان ئەو دۆزانەی ترەوە هەتە کە لەسەریان دەنوسی، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ چاکیی بیرکردنەوەی رەخنەیی لیبراڵییانەت کە پێوەی دەناسرێیت و لە زۆر لەو ڕۆشنبیرانەی تری عەرەبت جیا دەکاتەوە کە لە زیاتر لە بۆنەیەکدا زۆربەیانت بە کوڕی نەوت (ئەوانەی سەدام لەپارەی نەوتی عیراق پارەی بۆ ڕێببوونەوە) یان هەڵوێست لاوازەکان لە ئاست دۆزە مرۆیی و عەرەبی و ئیسلامییەکاندا ناوبردووە ..هەروەها لەبەر ئەوەی تۆ ئێستا و لە میانەی ئەزموونی نووسینی خۆتەوە لەگەڵ دۆزی عیراقدا، لای خوێنەرانی خۆت، ئەم مۆرکە و ئەم وێنەیەت پێشکەش کردووە، ئەوە بە باشی ئەزانین لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبە تازەکەت پرسیارت لێ بکەین کە ناونیشانی (بومەلەرزە، پەرەگرافگەلێك لەسەر رەوشی عیراق) و کۆمەڵێك لەو وتارانەتی لە خۆ گرتوون کە تەرخانت کردوون بۆ قسە کردن لەسەر دۆخی عیراقی .ئایا لەم کتێبەدا دەتەوێ چی بڵێی و ئامانج و پەیامت چییە ؟ لایەنی بانگ کراو تیایدا کێیە و لەم کتێبەدا چی لە خوێنەر و وەرگرەکانت چاوەڕێ دەکەیت بە تایبەتی کە ئەم کتێبە هێشتا بە شێوەیەکی فراوان نەگەشتۆتە دەستی خوێنەری کوردی و عیراقی؟

. (بومەلەرزە، پەرەگرافێك لەسەر رەوشی عیراق) کەلە لەگەڵ ڕۆژنامەی (المدى) و (الإتحاد)دا بە چەندایەتییەکی زۆر لە عیراقدا دابەش کرا و بەڵکو بەم دواییانە بیستومە کە بە چەندایەتییەکی زۆر لە کتێبخانە

عیرقییەکاندا لەبەری دەگێڕێتەوە و دەفرۆشرێتەوە، کۆمەڵێك وتارە کە لە بەرە بەیانی ٩ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ەوە تا نزیکەی ساڵێك لەمەوبەر نوسیومن، بەڵام ئەم کتێبە ئەو وتارە (بۆمب)ەی نەگرتووەتە خۆی کە ڕۆژی کەوتنی سەدام حسێن (بتە گەورەکە) ٢٠٠٣/٤/٩ بڵاوکراوەتەوە و تیایدا وتوومە: ئایا چاوی هیچ یەکێ لە عەرەبە سەرکوتکراوەکان، ئاوارەکان، دوورخراوەکان، ڕاوەدونراوەکان و، زیندانیکراوەکان باوەڕی بەوە کرد کە بینی بتەکانی دیکتاتۆر لە بەغدا ، بەسرە ، نەجەف، کەربەلا، یەك لە دوای یەك دەڕمێن؟ ئایا بە عەقڵەوە ئەچێ یەکەمین دیکتاتۆری عەرەب لە مێژوودا بەو شێوەیە لەناو بدرێ وەك چۆن پێشتر دیکتاتۆرییەت لە ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤێت و ڕۆمانیا و کۆسۆڤۆ لەنێو درا؟ ئایا بە عەقڵیشەوە ئەچێت کە قەدەر چیدی چاوەڕوان نابێت مەرگی سروشتی، گیانی دیکتاتۆرەکانی عەرەب بکێشێت بۆ ئەوەی نەتەوە لەناویان بەرێت و وای لێ بێ زلهێزیان بۆ بنێرێ بۆ ئەوەی لەناویان ببات؟ ئایا دیمەنی ڕمانی بتەکانی یەکی تاقانە و، سەرکردەی خۆڕاگر و، سەرۆکی دەگمەن و، ڕابەری مەزن و، وێژەوانی پوختە و، شکۆبەخشی (مهیب) سەرسوڕمێن و فرعەونی ڕافیدەین دیمەنەکانی کەوتنی بتەکانی هیتلەر و مۆسۆلینی و لینین و چاوچیسکۆ و میلۆزۆڤیتچ-تان وەبیرناخاتەوە کە یەك دوای یەك لە ناوچەی جیاجیای ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و یەکێتی سۆڤێت و ڕۆمانیا و کۆسۆڤۆدا دادەڕمان و بەردەبوونەوە؟

بەڵێ ئا ئەوەیە کۆتایی حەتمیی دیکتاتۆریی زاڵم و بەدکار لە هەموو کات و شوێنێکدا چەند کاتیش درێژەبکێشێ! داڕمان و کەوتنی بتەکانی دیکتاتۆر لە عیراقدا دیاردەیەکی عەرەبیی ئەوتۆیە پێشتر شتی وا ڕووی نەداوە، نە لە ڕابردوو و نە لە ئێستاشدا. بە باشی-ش لەم دیارەیە ڕابمێنن

که مێژوویەکی نوێ لە ناوچەکە و لە تۆماری عەرەبدا دەنوسێت. ئێمە بە ئومێدی ئەوەوە بووین کە ئەم روخان و کەوتنە بەدەستی گەلی عیراق بێت نەك بە دەستی سەربازەکانی هاوپەیمانان، بەڵام گەلی عیراقی گۆشەگیرکراو ئەو کارەی پێ ناکرێ و لە دۆخێکی نا لەباردایە و خاوەنی هیچی خۆ نییە بە تایبەت لەسایەی سەرکوتگەرێکدا کەدڵرەقترین و هیچ وپوچترین و درندەترین سەرکوتگەرە و لە هەمووشی زیاتر پارێزەری خۆی و رژێمەکەیەتی لە میانەی ئەو دەزگا چەکدارانەی کە ئێمە لە رابردوودا هەر بە بیستن شتمان لە بارەوە بیستبوون و قەبارە و درندەییانمان لەسەر زەمینی واقعدا نەبینیبوو تەنها لە میانەی ((فەتحکردنی بەغدا))دا نەبێت.

بەڵێ گەلی عیراق لەبەردەم سەرکوتگەریی فرعەوندا فرت و فێڵی نەبوو، چ فرت و فێڵێکیشی هەیە لەبەرامبەر ئەم بەد–ی و دڵرەقی و وەحشەتگەرییە و ئەم میلیشیاتەی کە لە ژمارە نایەن لە سەربازی بەکرێگیراو کە دیکتاتۆر و دیکتاتۆریەتیان بە چەشنی نازی و نازییەت دەپاراست ؟ ویستی خواوەند ئەوەبوو کە، بە هەر یەکێ بیەوێ، بڵێت : برۆنە سەر فرعەون کە بۆتە سەرکوتکەر، هەر ئەویش نەتەوەکەی بەلارێدا بردووە و خۆیشی هیدایەتی وەرنەگرتووە، هەر ئەویش بەسەر زەویدا لوتبەرزی دەکا و خەڵکەکەی پارچە پارچە کردووە و، هەر ئەویش بانگی نەتەوەکەی کرد و وتی (ئەی نەتەوە ئەرێ موڵکی عیراق هی من نییە) ویستی خواوەندیش ئەوە بوو کە ئەبابیلی ئاسمان وگڕی زەوی بنێرێتە سەر فرعەون و سەربازەکانی تا لە ناویان ببات. کەوابوو دەبا باوەڕ بە دانایی و ویستی ئاسمان بکەین..!

دامەزراندنی بتەکانی دیکتاتۆری (مەبەستی لە پەیکەرەکانێتی : وەرگێڕ) لە عیراقدا سەدان هەزاری لە شەهیدانی جەنگی یەکەم و دووەمی کەنداو و لە هەڵەبجە و لە موسڵ و بەسرە و بەغدا و هەموو ناوچەکانی

عیراق تێچوو. دامەزراندنی بتەکانی دیکتاتۆری لە عیراقدا ملیارەها لەو دۆلارانەی تێچوو کە فرعەونی رافیدەین (مەبەستی سەدامە: وەرگێڕ) لە رێی شەیتاندا (نەك لە رێی خوا : وەرگێڕ) لە جەنگەکانیدا لەگەڵ عەرەب و موسڵماناندا کردە باجی دانانی بتەکانی دیکتاتۆری. دامەزراندنی بتەکانی دیکتاتۆری لە عیراقدا سەدان ملیۆنیشی بۆ بونیادنانی کۆشکەکانی فرعەون-ی شێتبووی مەزنایەتی تێچوو، ئەو کۆشکانەی کە لە شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە بینیمانن لە کاتێکدا گەلی عیراق بە تایبەتی لە باشووردا لە برسێتی و تینوێتیدا دەمرن وەك هەر لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بینیمان. دامەزراندنی بتەکانی دیکتاتۆری لە عیراقدا سەدان ملیۆنیشی بۆ دروستکردنی حەشارگەکانی ژێر زەوی تێچوو، ئەو حەشارگانەی کە بۆ پاراستنی فرعەون و خەڵکەکەی خۆی و هاوەڵەکانی دروستی کردبوون هەروەك ئەندازیاری ئەڵمانی کارل ئایزەر باسی کردبوو کە بەشداریی لە بونیادنانی ئەو حەشارگانەدا کردبوو و خۆی لە کۆمپانیای بەڵێندەرایەتیی ئەڵمانی Knauer & Boswau ئیش دەکات کە لە ساڵی ١٩٨٤دا بە تێچووی ٦٠ ملیۆن دۆلار ! هەستابوو بە جێبەجێکردنی دروستکردنی ئەو حەشارگانە. دەی ئایا پرۆسەی روخاندنی بتەکانی رژێم چەندی تێچوو ؟

دیمەنی جوان و خۆشیی کەوتنی بتەکانی دیکتاتۆر لە عیراقدا جوانی و گەورەیی و خۆشیی هیچ شتێك هاوشانی نییە تەنها کەوتنی بتەکانی سەردەمی نەزانیی عەرەب (الجاهلية) لە مەککە و " فەتحکردنی مەککە" نەبێت ! ئایا " فەتحکردنی بەغدا" " فەتحکردنی کردنی مەککە" تان بەبیر ناهێنێتەوە؟ ئایا کەوتنی بتەکانی دیکتاتۆری لە شەقامەکانی بەسرە و نەجەف و کەربەلا و بەغدا دا کەوتنی بتەکانی جاهلییەتتان لە کەعبە دوای " فەتحکردکردنی مەککە" بە روونی، بەبیر ناخاتەوە؟ ئایا هەست بەوە

ناكەن كە لە دوای " فەتحكردنی بەغدا" وە دەرئەنجامگەلێكی گەورە دێنە كایەوە كە لە گرنگییاندا لە سەرئەنجامەكانی " فەتحكردنی مەككە" كەمتر نین؟

" فەتحكردنی مەككە" لە دواییدا هەموو بتەكانی عەرەبی لە دوورگەی عەرەبیدا خست، " فەتحكردنی بەغدا"ش لە دواییدا هەموو ئەو بتانەی عەرەب كە لە جیهانی عەرەبیدا ماون، دەخات.

" فەتحكردنی مەككە" شكستی بە هەموو هێزەكانی سەركوتكردن و زۆرداریی دوورگەی عەرەبی هێنا، " فەتحكردنی بەغدا"ش پێشەكییەكە بۆ شكستی هەموو هێزەكانی سەركوتكردن و زۆرداری لە جیهانی عەرەبیدا. " فەتحكردنی مەككە" لەگەڵ خۆیدا رۆشنایی ئازادیی بۆ عەرەب و كۆی جیهان هێنا، " فەتحكردنی بەغدا"ش پێشەكییەكە بۆ ئازادیی هەموو جیهانی عەرەبی و دەبێتە نموونەیەكی تریش لە نموونەكانی ئازادی لە جیهاندا.

" فەتحكردنی مەككە" موژدەیەكی گەورەی هاتنی قۆناغێكی روناككەرەوە و جوان-ی لە پێشداهاتوو بوو لە ئاسمانەوە بۆ عەرەب و بۆ جیهان، قۆناغێك كە ئاشتی باڵی بەسەر مرۆڤدا دەكێشێ، " فەتحكردنی بەغدا"ش موژدەی دووەمە لە ئاسمانەوە. ئەگەر ویستی ئاسمان نەبووایە " فەتحكردنی مەككە" رووی نەدەدا. ئەگەر ویستی ئاسمان نەبووایە " فەتحكردنی بەغدا"ش نەدەبوو.

ئەگەر خواوەند-یش بیویستبایە هاوپەیمانان بەو رێگەیە و بەو خێراییەی كە روویدا فەتحی بەغدا نەكەن، ئەوە هەر خۆی هیدایەتی فرعەون و خەڵكەكەی فرعەونی بۆ سەر رێگای راست و هەق و دادپەروەری دەدا تاوەكو ماڵ و موڵكیان لەدەست نەچێ و بەو دەركردنە لەسەر خاكی عیراق

دەرنەكرێن. خواوەند لە كتێبی ئازیزی خۆیدا لە سورەتی ئەلروم دا دەڵێ (و من آیاته أن تقوم السماء و الأرض بأمره)، كەوابێ ئایا نەشێت سەرلەنوێ خاكی عیراق هەستێتەوە و " فەتحكردنی بەغدا " رووبدا تەنها بە فەرمانی پەروەردگارانەی خۆی نەبێ؟

ئەرێ ئایا " فەتحكردنی بەغدا" گێڕاندنەوەی ئەو گیانە (الروح) نییە بۆ عیراق كە دیكتاتۆر دزیبووی؟ ئەم گێڕانەوەیەش بە فەرمانی پەروەردگار خۆی نییە كە لە سوورەتی غافردا دەڵێت (ذو العرش یلقي الروح من أمره على من یشاء من عباده) ؟ ..

ئەگەر فرعەونی رافیدەین لە بەندە چاكەكار و بە وەفا و دڵسۆزەكانی خواوەند بووایە ئەوە خواوەند گیانی پێ نەدا وەك بەسەر بەندە چاكەكارەكانیدا دەیدا و هەر خواوەندیش فرعەونی رافیدەینی لە ناو نەدەبرد وەك پێش ئەو هەموو ستەمكارانی لەناو برد. (قل جاء الحق وزهق الباطل، إن الباطل كان زهوقاً).

ئەم وتارە هەرایەكی گەورەی لای پیاوە توندڕەووە ئاینییەكان و لای نەتەوەپەرستەكان و خەڵكی تر نایەوە لەوانەی كە دژی كەوتنی سەدامی سەركوتكەر (بتە گەورەكە) بوون.

ئەوەی كە دەمەوێ بیڵێم لەم كتێبەدا ئەوەیە كە : خەریكە زەنگەكانی ئازادی و دیموكراسی لەجیهانی عەرەبیدا لێدەدەن، عیراقیش، سەرەڕای ئەو هەموو خوێنەی كە رۆژانە دەچۆڕێ بە بۆنەی كاری دوژمنانی ئازادی و دیموكراسی لە سوری و ئێرانییەكان و خەڵكی تر لەو عەرەبە نامۆیانەی كە لە هەموو كون و قژبنێكی قوڵی خراپەوە هاتوون بۆ شەڕكردنی كاروانی ئازادی و دیموكراسی، هەر دەبێتە دەروازەی ئازادی و دیموكراسی بۆ جیهانی عەرەبی. ئەوەی كە ئێستاش لەعیراقدا هەیە بەرەنگاربوونەوە

(المقاومة)ی داگیرکەر نییە، بەڵکو بەرەنگارییەکە بریتییە لە دزیکردن و دەستدرێژی کردن و تالانکردنی کاروانی ئازادی و دیموکراسی. ئەوانەش کە لە عیراقدا کوژران و دروستکەری پاشەڕۆژی عیراقن مەبەستم لە (سوپا و پۆلیس و خوێندکار و مامۆستا و پزیشك و زانایان و سیاسییەکان و نوسەران و ڕۆشنبیران و هی تریشە) چەندین ئەوەندەی ئەو ئەمریکییانەن کە کوژراون.

لایەنی بانگەواز بۆکراویش لەم کتێبەمدا گەلی عیراق و لیبراڵەکانی عەرەب و نەوەکانی پاشەڕۆژە. ئەوەی لەم کتێبەش چاوەڕوانی دەکەم ئەوەیە ئەو هیوا بەرینەی کە ئەم کتێبە بانگەوازی بۆ دەکا بهێنێتە دی کە ئەویش هیوای ئازادی و دیموکراسییە کە عیراق تا ئێستا گێمێکی گەورەی لێ بریوە سەرباری ئەو هەموو خوێنە زۆرە ڕۆژانەیی و بێگوناهەی کە لێی دەچێت، بەڵام ئا ئەوە باجی ئازادییە. ئەورووپا زیاتر لە ١٠ ملیۆن قوربانی باجی ڕزگاربوونی بوو لە نازیزم و فاشیزم لە جەنگی جیهانیی دووەمدا. ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش سەدان هەزار باجی ڕزگاربوونی بوو لە دیکتاتۆرییەتی سۆڤێتی. ئەو باجەش کە تا ئێستا گەلی عیراق داویەتی لە تەرازووی عەرەبدا زۆرە و زۆر گرانە، چونکە عەرەب تەنها لەسەر کاغەز و لە ڕەوانبێژیی عەرەبی و ئەفسونی بەیانی عەرەبیدا نەبێت مانای ئازادییان نەزانیوە. هەرچی ئازادییە ئەوە لەسەر زەمینی واقع زیاتر لە پازدە سەدە دەبێ نەهاتۆتە دی، لەکاتێکدا ئەو باجەی کە تا ئێستا عیراق داویەتی لە تەرازووی ڕۆژئاواییدا زۆر نییە، ئەو ڕۆژئاوایەی کە ڕاهات لەسەر ئەوەی باجی زۆر و گران بدات بۆ ئازادی. تەماشایش بکەن کورد لە باکوری عیراقدا چ باجێکی گەورە و گرانیان دا لە شاڵاوەکانی ئەنفال و شاڵاوەکانی تری کوشتن و وێران کردن بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان. ئەگەریش

پێتان وابێ کتێبەکەم نەگەیشتبێتە خوێنەری عیراقی و کوردی ئەوە من مۆڵەتی ئەوەتان دەدەمێ کە لە رێی خوا و لە رێی ئازادی وەریبگێڕنە سەر زمانی کوردی وەك چۆن کتێبی (الحصافة Common Sense)ی هەڵگیرسێنەری شۆڕشی ئەمریکا تۆم پێن Pain دابەشکرا.

تیرۆریزم

* لە هەندێ وتارتدا کە قسەت لەسەر دیاردەی تیرۆر کردووە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، تێبینیم کردووە کە تۆ لە ئاسۆ و ماوەی نزیکدا هیچ ئاماژەیەك نابینی بۆ نەمانی ئەم دیاردەیە. جارێکیشیان وتت تیرۆریزم کۆتایی نایەت و نابڕێتەوە تەنها بەوە نەبێت کە رووی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی جیهانی عەرەبی بگۆڕێت.. ئەمە ڕاستە ، بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن ئەم گۆڕانە روودەدات و کەی ئەم گوتارە کە رۆشنبیرانی عەرەب و تەنانەت هەندێ لە سیاسییەکانیش دەیڵێنەوە لە دروشمەوە وەردەچەرخێ بۆ کار و ستراتیژێکی عەرەبیی ئیسلامیی پەیڕەوکراو لە تەواوی ئەو وڵاتانەی کە بەدەست ئەم ئافاتەوە دەناڵێنن؟ کێشەکە ئەوەیە گۆڕان بۆتە گوتارێکی سەرمەدیی بە بێ ئەوەی گۆڕانی بەسەردا بێت ! واتە بێ ئەوەی خۆی وەکو گوتار یان دروشم یان بانگەواز یان ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژیی کە راستگۆیی لەدەستداوە، تێبپەڕێنێت. بە ڕای تۆ رووی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی جیهانی عەرەبی چۆن دەگۆڕێت و لەم فەزا جیهانییەی ئێستادا مەرجەکانی ئەو گۆڕانە چین و کێ-یش بە دیی دەهێنێت بە تایبەت لە سایەی کۆمەڵە رژێمێکدا کە دەزانین زۆربەیان رژێمی نادیموکراتین ئەمە ئەگەر نەڵێین تۆتالیتاری و دیکتاتۆرین ؟!

_ گۆڕان پرۆسەیەکی زۆر دووورودرێژە. ئەورووپا پێویستیی بە دوو سەد ساڵ بوو بۆ ئەوەی بگۆڕێت، هێشتاش پێویستیی بە کات هەیە بۆ ئەوەی زیاتر بگۆڕێت. ئێمە لەجیهانی عەرەبیدا دەگۆڕێین، بەڵام زۆر بە هێواشی و وەك بەردی ئاوێك كە ڕێ دەكا، ئەمەش شتێكی سروشتییە. چونكە كەڵەكەبوونە ئاینی و كولتوورییەكان كە چەندین تەن كلسی كەڵەكەبووی بەسەر عەقڵی عەرەبییەوە دروست كردووە زۆر گرانە لە شەو و ڕۆژێكدا نەمێنێت، بە تایبەتی كە ئێمە تا ئێستا لە دەسەڵاتی دامەزراوەی ئاینی رزگارمان نەبووە و نەمانتوانیوە بە تەواوی ئاین لە دەوڵەت جیا بكەینەوە و ئاین بكەینە هی نەتەوە نەك هی دەوڵەت، بیكەینە هی خەڵك نەك هی پیاوانی سیاسەت بۆ ئەوەی پیاوانی سیاسەت ئاین لەبەرچاو ون نەكەن و نەیكەنە دامەیەك بۆ بەدیهێنانی مەرامەكانیان وەك ئێستا وای لێهاتووە.

سەبارەت بە تیرۆریزم-یش، تیرۆریزم كۆتایی نایەت تەنها بەوە نەبێت كە بونیاتی سیاسی و ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و ئابووریی عەرەبی بگۆڕێت. تیرۆریزمیش وەك بازرگانیكردنە بە ماددەی بێهۆشكەر و بازرگانیی بەسۆزانی و قومارکردن و ئافاتی تری كۆمەڵگا. لە ناوبردنی تیرۆر بە كوشتنی تیرۆریستێك یان هەزار تیرۆریست نییە، هەروەك چۆن لە ناوبردنی بازرگانیكردن بە ماددەی بێهۆشكەر بە كوشتنی بازرگانێك و قاچاخچییەك یان هەزار بازرگان و قاچاخچی ڕوونادا. لە ناوبردنی سۆزانیش بە كوشتنی سۆزانییەك یان هەزار سۆزانی نییە. ماوتسی تۆنگ دەیان هەزار كەسی سۆزانی لە چین و بە تایبەتیش لە شەنگهایدا كوشت. خومەینی-یش لە ئیران هەمان شتی كرد بەڵام سۆزانی هێشتا لە چین و ئیراندا هەر بڵاوە، چونكە كۆمەڵگا زۆر نەگۆڕاوە. گۆڕانی كۆمەڵگاش ڕوونادا تەنها بە گۆڕانی بەهاكان نەبێت. تیرۆریزم-یش تەنها بە كوشتنی تیرۆریستان لە ناونابرێ بە

ڵکو بە لەناوبردنی چاوگەکانی تیرۆریزم لەناودەبرێ کە بریتین لە فێرکردنی ئاینی و ئابووریی ئاینی و کۆمەڵگای ئاینییی توندڕەو و ئەو پیاوە ئاینییانەی کە فتوا سیاسییەکانیان ئاین لەبەر چاو وون دەکەن، ئەو فتوا سیاسییانەی کە پێشتر پارەکەیان دراوە.

ڕێگا بۆ گۆڕان لە جیهانی عەرەبیدا لە سووربووندایە لەسەر ڕۆیشتن بە ڕێگای ئازادی و دیموکراسی و بەخشینی مافی تەواو بە کەمینەکان و داننان بەویتردا.

داگیرکەر

* لە چوارچێوەی ڕوانینی خۆتدا بۆ دیمەنی عیراق و ئەوەی لەبارەیەوە دەوترێ، ڕەخنەت لە دەستەواژەی داگیرکەر گرتووە، بێگومان دەزانین تۆ لەگەڵ هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی داگیرکردندا نیت و ئەوەشت لە وتارێکتدا وتووە کە چاکم لە بیرە، بەڵام لەگەڵ حاڵەتی عیراقدا بە شێوەیەکی جیاواز و بە چەمکێکی تەواو جیاکار سەیری مەسەلەکە دەکەیت. تۆ وای دەبینی کە عەرەب جیاوازی ناکەن لە نێوان ئەو کۆلۆنیالیستەی کە بەبێ بانگ کردن و ئەو سوپایەی کە لە سەر بنەمای بانگێشتی خەڵکی وڵاتەکە هاتوون بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات لە حوکمێکی سیاسیی - وەك خۆت دەڵێ - ئەوتۆ کە مەحاڵە بە هێزە خۆییە سیاسییە ناوخۆییەکان لابرێت. ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ئەو ڕژێمە عەرەبییانەی کە گۆڕانیان ناوێت و داواکاریی گەلان و کۆمەڵگا عەرەبییەکان و ویست و خواستیان لە کرانەوە و دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤ دابین ناکەن، ئەوانیش مەحکومن بەوەی بکەونە نێو هەمان ئەو تەڵەیەوە کە ڕژێمی بەعس لە عیراقدا تێی کەوت، واتە داگیرکردنی وڵاتەکانیان لەسەر بانگەشەی گەلە

داپڵۆسێنراوەکانیان وەك ئەوەی لەگەڵ حاڵەتی عیراقدا روویدا؟ پاشان ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە داگیرکەر کە ئێستا لە وێنەیەکی زۆر خراپدا پێشکەش دەکرێت ئیدی بە بێ چوونە ناو وورودەکاری و بە بێ هیچ دەستنیشانکردنێکی هۆکارەکانی و ئەوانەی بەرپرسی راستەقینەن لێی، رووداوێکی ئیجابییە هەروەك بیرمەندی عەرەب هیشام جەعیت وای بۆ چووبیوو بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی خوازراو لە جیهانی عەرەبیدا روویدات؟

_ وەك لە وتارێکی رابردوودا وتوومە، بەڵێ دەبێ لە نێوان داگیرکردن Colonization و چوونەجێ Supplantation دا جیاوازی بکرێت. داگیرکردن دابەزینی هێزگەلێکی بیانییە بۆ سەر وڵاتێك بەبێ ویستی ئەو وڵاتە و هاووڵاتییەکانی، ئەوەش لە پێناوی کۆڵۆنیکردنی ئەم وڵاتە و دەستگرتن بەسەر سامان و تواناکانیدا. ئەوەی لە عیراقدا روویدا تەواو پێچەوانەی ئەوەیە. ئەو هێزانەی کە دابەزینە سەر خاکی عیراق عیراقیان لە فەرمانڕەواییەکی سەرکوتکەر و رژێمێکی فەرمانڕەوایی داپڵۆسێنەر رزگار کرد. گەلی عەرەب و گەلی کوردیان رزگار کرد و ئێستاش دادگایی ئەوانە دەکات کە گەورەترین تاوانیان دەرهەق بە عەرەب لە دوجێل و سەختترین تاوانیان دەرهەق بە کورد لە هەڵەبجە و ناوچە کوردییەکانی تردا کرد. ئەو کردەوە تیرۆریستییانەش کە ئێستا رۆژانە لە عیراقدا روودەدەن بۆ هێشتنی ئەم داگیرکردنە نییە، بەڵکو بۆ نەهێشتنی هەموو سیماکانی ئازادی و دیموکراسی و دەستگرتنە بەسەر کاروانی ئازادی و دیموکراسیی عیراقدا وەك چۆن عەرەبە کۆچەرییەکان دەستیان بەسەر کاروانەکانی بازرگانیدا دەگرت. لەبەر ئەوە دەبینی ئەو سیاسییە عیراقییانە تیرۆر دەکرێن کە تا ئێستا بەشدارییان لە بونیادنانی دیموکراسیی عیراقدا کردووە. داگیرکەر بە عیراقییەکان نالێت : ئەگەر دەتانەوێ هەر سبەینێ

پاشەکشە بکەم ئەوە من ئامادەم بۆ ئەو کارە، لە مێژوودا هیچ داگیرکەرێك شتی وای بە گەلانی داگیرکراو نەوتووە، هەرگیز شتی واشمان نەخوێندۆتەوە، بە تایبەتی کە مێژووی ئەمریکا مێژووی داگیرکردن نییە بەڵکو وەك دەزانین مێژووی ئازادییە، بۆش-یش ناتوانێت - تەنانەت ئەگەر وەکو تاکەکەس شتێکی واشی بوێت - کە ببێتە ناپلیۆنی نوێ، یان شا جۆرجی پێنجەم و ئیمپراتۆری عیراق وەك چۆن جۆرج-ی پێنجەم شای بەریتانیا ئیمپراتۆری هیند (١٩١٠-١٩٣٦)بوو، ئەمە نەك لەبەر ئەوەی لە توانایدا نییە ئەو کارە بکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی رۆشنبیریی سیاسیی ئەمریکی و مێژووی سیاسیی ئەمریکا رێی ئەوەی پێنادەن. لەم رووەوە هیچ کەلەپورێکی کۆلۆنیالیستیی ئەمریکی نییە کە بۆش یان ئەوەی کە لە دوای بۆشەوە دێت چاوی بخاتە سەر تاوەکو عیراق وەربچەرخێنێ بۆ گەوهەرێك لە تاجی ئەمریکا وەك چۆن هیند گەوهەرێکی تاجی بریتانیای خاوەن مێژووی کۆلۆنیالیستیی دوورودرێژو سەردەمدار بوو .

رژێمە عەرەبییەکان هەر هەموویان دژی ئەوەن کە لە عیراقدا روویدا و روودەدات، دژی ئازادیی عەرەب و ئازادیی کوردن. بەرژەوەندیی فەرمانڕەواکانیان دژە بەوەی لە عیراقدا روودەدا لە رووی بنیادنانی سیستمێکی سیاسیی دیموکراسیی ئازاد. سوریا ئێستا هەموو قورسایی خۆی دەخاتە سەر عیراق، هەروەها لیبیا ـ ش و رژێمی تریش لەرژێمە عەرەبییە دیکتاتۆرییەکان. ئازادی و دیموکراسیی عیراق ئەو سووتێنگەیەیە (المحرقة) کە دیکتاتۆرییەکانی عەرەب دەسوتێنێت ئەگەر هاتوو دیموکراسی لە عیراقدا بونیاد نرا.

رۆشنبیر ـــ ی عەرەبی

* لەسەر هەڵوێستی لاوازیان یان خەجاڵەتکەریان لە ئاست ئەوەی کەبەسەر عیراقییەکاندا هات لەسەر دەستی رژێمی سەدام لەو کارەساتە مرۆییانە و تاوانە گەورانەی کە بەعس کردوونی، هەندێ جار دەتبینین ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی رۆشنبیرانی عەرەب دەکەیت و، زۆریشیانت بە ستایشکەری سەرکوتگەر ناوبردووە. ئەم هەڵوێستەت بیر دەخەمەوە بۆ ئەوەی لەسەر ئەم کێشە راستەقینەیە کە لەگەڵ رۆشنبیر-ی عەرەبیدا یان بابڵێین زۆربەیان - بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو زمانی گشتاندنەوە- رووبەڕوومان دەبێتەوە پرسیارت لێ بکەم. ئەپرسم: ئایا هۆکاری ئەوەی زۆرێک لە رۆشنبیرانی عەرەب دەچنە پاڵ رژێمە عەرەبییەکان چییە و، گریانی میدیایی و گوتاری و تیۆریزەکاریی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بۆ نەمانی هەندێ نموونەی ئەو رژێمانە چییە کە رژێمی ئێجگار خوێناوی و نامرۆیی بوون و نموونەی تریان - هەر وەک د. بورهان غەلیون ی بیرمەند دەڵێت - کە رژێمی دیکتاتۆری و ستەمکارن و زۆر لە مێژە ڕەوایەتیی خۆیانیان لە دەست داوە و هیچ هۆکارێک نەماوە بۆ مانەوەیان؟ ئایا رۆشنبیر-ی عەرەبی بۆچی لە ئاست ئەوەی بەسەر کورد و شیعە و زۆرێک لە سوننە پێشکەوتنخواز و عەلمانییەکاندا هات بە درێژایی حوکمی داپلۆسێنەری سەدام، بێدەنگ بوو؟ بۆچی خاوەن ویژدان و پەیامە ئەخلاقی و رەخنەییەکانی ناو رۆشنبیرانی عەرەب وایان لێهاتووە بوونەتە تونێڵگەلێکی ئائامادە و پەراوێزخراو و راگەیاندنی عەرەبی بایەخیان پێ نادا و تیشکیان ناخاتە سەر لە کاتێکدا زۆربەی کەناڵە عەرەبییە میدیاییەکان لاف ئەوە دەدەن کە سەکۆگەلێکن بۆ گوزارشت کردن لە ڕا و

ڕای ئەویتر؟ کوا ڕای ئەویتر لە بەرامبەر ڕای ئەو ئایدیۆلۆژیستانەی کە خۆیان بە ڕۆشنبیرانی جیهانی عەرەبی لەقەڵەم دەدەن؟ تۆ چۆن دەڕوانیتە ئەم مەسەلانە؟

_ ڕۆشنبیرانی عەرەب، ڕۆشنبیریی عەرەبین. ڕۆشنبیریی عەرەبییش ڕۆشنبیریی وەڵامدانەوەیە نەك ڕۆشنبیریی پرسیارکردن. بەو مانایەی ڕۆشنبیریی عەرەبیی لە چواردە سەدەی ڕابردووەوە ڕاهاتووە کە وەڵام بداتەوە نەك پرسیاری لێ بکرێ یان پرسیار بکات. پرسیار لە ڕۆشنبیریی عەرەبیدا قەدەغە و حەرامکراوە. ئیبن ئەلموقەففەع و حەلاج و مهیار ئەلدیمەشقی و جەعد بن درهەم و ئەبو زەر ئەلغەفاری و هی تریش کوژران و ئازاردران و لە خاچدران و زیندانی کران تەنها لەبەر ئەوەی پرسیاریان کرد و، وتیان (بۆ ؟). من لە دوا کتێبی خۆمدا بە ناونیشانی (بۆچی ؟ پرسیارەکانی عەرەب لە سپێدەی هەزارەی سێیەمدا) (لماذا؟ اسئلة العرب في مطلع الألفية الثالثة) لە پێشەکییەکەیدا وتوومە: بۆچی؟ بۆچی-یش نیشانەی پرسیارکردنمان وەك ناونیشان بۆ ئەم کتێبە هەڵبژارد ؟ وەڵامی ئەمە ڕوونە. ڕۆشنبیریی عەرەبی زۆر لە مێژە بەوە ناسراوە کە ڕۆشنبیریی وەڵامدانەوەیە نەك ڕۆشنبیریی پرسیارکردن. زۆربەی جاریش پرسیارکردن بە تەنها قەدەغە نییە، بەڵکو حەرامکراویشە. هیچ نەتەوەیەکیش سزای پرسیارکەرەکانی نەداوە وەك ئەوەی کە نەتەوەی عەرەب سزای پرسیارکەرەکانی داوە. ئەو ڕۆشنبیر و فەیلەسوف و فەقیە و دانایانەش کە بە درێژایی ١٤ سەدەی ڕابردوو زیندانی کران و ئازاردران و هەڵواسران، هەر هەموویان قوربانی پرسیارکردنیان بوون.

دیموکراسی

* بە پێچەوانەی زۆربەی چاودێرانی سیاسیی گۆڕەپانی عیراق و پاشەرۆژی ئەم وڵاتەوە کە ئێستا لە بارودۆخێکی سیاسی و ئارامی و ئابووریی ئێجگار نامەمواردا دەژی، دەتبینین لە ئاست ئەو هەڕەشانەی کە کۆمەڵگای عیراقی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و ئەو هیوا و ئاواتانەی کە پەیوەستن بە دیموکراتیزەکردنی عیراقەوە، دیموکراتیزەکردن وەك پرۆژەیەکی جێگرەوە و دەمێڵەری کەلەپوری بەعسیی دیکتاتۆریی، تۆ ڕەشبین نیت. لە وتارێکیشدا ئاماژەت بۆ وتەیەکی ئەریك دیڤیز-ی بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵات ناوەڕاستییەکانی زانکۆی ڕۆتگێرز-ی ئەمریکی کردووە کە لەبارەی کۆمەڵگای عیراقییەوە وتویەتی و وای دەبینێ - وەك لە وتارەکەتدا باست کردووە- کە ڕەگ و ڕیشەی دیموکراسی لە عیراق لەکۆمەڵگا مەدەنییەکەیدا لە هەر وڵاتێکی عەرەبی دی زیاتر ڕۆچووە و کۆمەڵگای دیموکراسیش لەعیراقدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەیەکی تەواو ئەو کاتەی کە لە ساڵی ١٩٠٨دا لە بەغدا کۆلێژی یاسا دامەزرا کە دێرینترین دامەزراوەی فێرکاریی پێشکەوتووبوو لە جیهانی عەرەبیدا. لە ساڵانی دوای ئەوەش مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆکان و پیشەوەران توانیان کۆمەڵە و یەکێتی و یانە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان پێك بهێنن. یەکەمین بنکەی ڕۆشنبیرییش لە ساڵی ١٩٢٦ دا دابمەزرێت و سیمای تری مەدەنییانە کە تۆ و هەروەها دیڤیز-یش بە پێداویستیی بنەڕەتیتان لەقەڵەم داون بۆ بونیادنانی دیموکراسی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەت بۆ کۆمەڵێ مەرجی بنەڕەتی کردووە کە پێویستە بە ئامانجی بەدیهێنانی دیموکراسی لە عیراقدا ئیشیان لەسەر بکرێت، یەکەمینیان:

نەگەڕانەوە بەیەکجاری بۆ فەرمانڕەوایی سەراپاگیر (شمولی)، پاشان پاراستنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و، پشت بەستن بە سیاسەتی بازاڕی ئازاد و دروستبوونی دادگەرییەکی سەربەست و خاوێن، پرسیاریش ئەوەیە: چۆن دەتوانرێ دیموکراسی بەدی بهێنرێ لە کاتێکدا ئێستا عیراق لە ژێر هەلومەرجێکی سەخت و دڵڕەقی ئەوتۆدایە بواری چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و کێشە سیاسییەکان و چارەکردنی کێشەی نائارامی و خراپتربوونی توندوتیژی و تیرۆر نادات تاوەکو بەشێوەیەکی پرۆگرامکراو و عەقڵانی بچێتەسەر بەدی هێنان و فەراهەمکردنی ئەو ڕەگەزانەی کە باست کردوون و بە کۆمەڵە مەرجێکت داناون بۆ دیموکراتیزەکردنی عیراق؟!

_ وەك پێشتریش وتمان، پێویستە گەلی عیراق وای دانەنێ بەدیهاتنی ئازادی و دیموکراسی هەروا کارێکی ئاسانە و قوربانی ناوێت. تەماشای ئەورووپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بکەن چییان کرد و چییان لە قوربانی پێشکەش کرد لە پێناوی بەدیهێنانی ئازادییاندا. خۆ ئەگەر گەلی عەرەبیش ئازادی نانرخێنێ ئەوە گەلی کورد ڕێز لە ئازادی دەنێت زیاتر لە گەلی عەرەب کە لە چواردە سەدەوە گرەو لەسەر کۆیلایەتی دەکا. تەماشاکەن گەلی کورد لە نیسانی ۲۰۰۳دا چۆن بە گوڵ و گۆرانی و سەما و بونیادنانەوە پێشوازیی لە ڕزگاربوون کرد، تەماشاش بکەن گەلی عەرەب لە عیراقدا چۆن بە ئۆتۆمبێلی TNTڕێژکراو و بە خوێنڕشتنی ڕۆژانە و بە کوشتن و وێرانکردن پێشوازیی لە ڕزگاربوون کرد. لەم ڕووەوە گەلی کورد زۆر لە عەرەب شارستانیترە، ئەو سەقامگیری و بونیادنانەش کە لە ناوچە کوردییەکاندا دەیبینین بەڵگەی شارستانییەتی ئەم گەلەیە. ئەو ئاژاوەیەش کە لە ناوچە عەرەبییەکاندا هەیە بەڵگەی هەمەجییەتی عەرەبە لەو ناوچانەدا. بەدی هێنانی ئازادی و دیموکراسی لە جیهانی عەرەبیدا دەبێ

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

کەلەپووری نووسینەکانی نابولسی لەسەر ڕژێمی بەعس لەعێراقدا (١٩٦٨- ٢٠٠٣)و، لەپێناوی گەلانی عێراقو داکۆکی کردنی لەگەلی کوردو پشتگیریی کردنیشی لەپرۆسەی ئازادی، کەلەپوورێکی ڕۆژنامە- نووسی‌و ڕۆشنبیریی دەوڵەمەندە. بەدرێژایی چوار ساڵی ڕابردوو، واتە لەگەرمەی دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە ٢٠٠٣/٤/٩ هەمیشەو بەپێی بڕوارو توانای کات چاوێکمان لەسەر ئەو ئەدەبیاتە میدیایی‌و ڕۆشنبیرییەی جیهانی عەرەب بووە کە تایبەت بوون بەم ڕووداوە گرنگە. لەو ئاستەدا جگە لەچەند ناوێك هیچ نووسەرێکی تری دیاری عەرەبمان نەدیوە وەك د. شاکر نابولسی ڕەخنەی لەستەمکاریی بەعس گرتبێ‌و خاوەن تێگەیشتنێکی جیاواز بێت بۆ ڕووخانی ئەو ڕژێمە.

نابولسی لەگەڵ ئەم ڕووداوە مێژووییەدا دەست بەنووسینی دەیان و سەدان وتار لەکەناڵو ڕۆژنامەو سەکۆو ماڵپەڕە جیاوازەکاندا دەکات بۆ ئەوەی لەم پرۆسەیەدا ئازادبوونی گەلانی عێراق بەڕووداوێکی گرنگ بنرخێنێ، بۆ ئەوەی لەناو هەڵای ترسیش لەداگیرکاریی ئەمریکا، ئەو دەسکەوتە مێژووییە بەکەم نەگیرێت کەرزگاربوونی عێراقییەکانە لە دیکتاتۆرترین ڕژێم لەدنیادا. ئاستێکی تری فکری نابولسی بەرخستنەوەی کێشەی کوردە لەعێراقو داکۆکیکردنێکی ویژدانییانەو ئاکارییانەیە لەم کێشەیە، دواتر هەڵوێستوەرگرتنی ڕەخنەگرانەش لەزۆر بڕگەی مێژوویی کە لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە دێنەگۆڕێ.

عەدالەت عەبدوڵڵا

(٢٥٠٠) دینار

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری ی. ن. ک

٢٠٠٩

٦٠٠٠